# نۆڤین

وەرزانەیەکی فیکری روناکبیرییە

# 14


**خاوەنی ئیمتیاز:**

عیماد ئەحمەد

**سەرنوسەر:**

مامۆستا جەعفەر

**جێگری سەرنووسەر**

تەحسین نامق

**دەستەی نوسەران**

ئەندامانی مەکتەب



**ناونیشان:**

**هەرێمی کوردستان ــ سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١**

**کۆڵانی ـ ٤٤ ـ خانوی ژمارە ـ ١**

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**تەلەفون : ٣١٩٣٦١٧**

E_mail: govarynovin@yahoo.com

www.hoshyary.org

mbh@puknet.org



**نۆڤین**

*** ژمارە ( ١٤ )**

*** سلێمانی، ٢٠٠٩**

*** نەخشەسازو دیزاینی بەرگ: ئەمیرە عومەر**

*** پیتچنین: نیاز ، کوردستان ، شاناز ، هەرێم**

*** تیراژ: ١٥٠٠ دانە**

## لەم ژمارەیەدا


| بابەت | نوسەر / وەرگێڕ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ڕێبازی نۆڤین | سەرنووسەر | ٥ |
| پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین | و: سامی قادر | ٩ |
| سیاسەتی ئەمریکا لەعیراق سەرەتایەکی بزرکاو داهاتوویەکی لێڵ | مامۆستا جەعفەر | ٥٤ |
| قەیرانی دارایی ئەمریکا | فەیسەڵ عەلی | ٦٦ |
| قوباد تاڵەبانی : نوێنەری حکومەتی هەرێم لەئەمریکا ـ ئیدارەی ئۆباما بۆیان روونە کە هێشتا کێشەی سیاسی لەعیراقدا ماوە | گفتوگۆ: شیروان ئەحمەد | ٧٧ |
| دیالۆگی مەکتەبی بیروهۆشیاری لەگەڵ بەڕێز د. هۆمەر شێخموس | | ٨٦ |
| مارکس و تیۆری فاشیزم | ئاوات دەوڵەت | ١٠١ |
| فردیناند لاسال. دامەزرێنەری بزوتنەوەی کرێکاری لەئەڵمانیا | و. عوسمان حەمەرەشید گورون | ١١٩ |
| سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ١٢٨ |
| چەند لاپەڕەیەك دەربارەی ناسیۆنالیزمی ئێرلەندی | سلێمان عەبدوڵلا یونس | ١٤٧ |
| خوێندنەوەی زنجیرەکانی سۆسیال دیموکراتی ( ٦ – ٨ ) | نۆڤین | ٢٠١ |
| چالاکییەکانی مەکتەب | | ٢٠٩ |

# ڕێبازی نۆڤین

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٩/١/٣١ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای دیالاو نەینەوا توانی سەرکەوتنی باش وەدەست بهێنێت. ئەم هەڵبژاردنە سەلماندی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانێت دەوری خۆی لەداکۆکیکردن لەناسنامەو مافی هاوولاتیان بگێڕێت. بەلام سەرکەوتن ناکرێت تەنیا دیوی کاتیو جوانو گەشی ببینیتو پێمانوابێت، ئەم سەرکەوتنە هەتا هەتاییەو ئیدی هیچ زریانی سیاسیو گەردەلوولی تاریك هەڵناکەنو دەتوانین پشتی لێ بکەینەوە. نابێ هەندێ لایەنی مەترسیدار نەبینین، کە ئەمڕۆ لەناوەڕاستو خوارووی عیراق روودەدەن. هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێك راستیی تاڵو مەترسیی نەبینراوو ئەگەری شاراوەو پرسیاری نەوروژێنراوی، لەبن ئاوەوە بۆ سەر ئاو بەرز کردەوە. لێڵیو تەمو مژ شەقامی کوردییان داپۆشیوەو میدیای کوردی جارێ دوورە لەو پرسیارانەی شەش مانگی تر، یان ساڵێکی تر ژانیان پێوە دەگرێت.

راستە بەشێك لەئۆپۆزسیۆنی عیراقی، بڕوای بەوە نەبوو، لەعیراقدا سیستمی فیدراڵی بێتە دیو خەونی بەوەوە دەبینی، بەکودەتایەکی ((سپی))، یان جوڵانەوەیەکی سەربازی، دەسەلات ئەم دەست بۆ ئەو دەستی پێ بکرێتو هەمووی لەجێگەی خۆیدا بمێنێتەوە. بەلام سەرجەمی هێزە کوردستانییەکانو بەشێکی زۆر کۆمەلانی خەڵكو ئۆپۆزسیۆنی عیراقی خەباتی لەپێناوی بەدیهێنانی فیدرالیزمو پارێزگاریی مافی مرۆڤو دەوڵەتی قانوون دەکرد.





هەر هێزێك، راشکاوانە دروشمی گۆڕاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەڕژێمێکی دیکتاتۆریی تر، رژێمی ناوەندی، بەڕژێمی مەرکەزیی نادیموکراتی، بەرز بکردایەتەوە، هیچ کەس دوای نەدەکەوت.

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقی پاش ٢٠٠٣ دەیانەوێ خۆیان لەچەند خاڵێکی بنچینەییو گرنگ بدزنەوەو کات بۆ خۆ بەهێزکردن ببیننەوە:

١. جێبەجێنەکردنی پرۆسەی دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لەعیراقدا.

٢. جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠.

٣. رێگەنەدان بەدامەزراندنی دامەزراوەی دیموکراسیو گەشەپێدانی کۆمەڵی مەدەنیو بەدیموکراتیکردنی سیستمی پەروەردە..

٤. رێگەدان بەمانەوەی بەشێك لەبەڕێوەبەرایەتیو فەرمانگەکانی رژێمی پێشوو، لەبن بەڕێوەبەرایەتی هەمان دەستەو تاقمی رژێمی پێشوو، بەردەوام بێت، بەڕەنگو شێوەی ترەوە.

لەم هەڵبژاردنەدا، ئەو هێزانەی بڕوایان بەدیموکراتی نییەو بۆیان هەڵکەوێت میکانیزمی هەڵبژاردن هەڵدەوەشێننەوەو بەڕاشکاوانە دڵسۆزی خۆیان بۆ پرنسیپە رەگەزپەرستەکانی رژێمی پێشوو دەردەبڕن، ئەمانە داشیان سوار بوو، ژمارەیەك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کە نەدەبا، هێزە دیموکراتو نیشتمان پەروەرەکان ئاوا دەستەوەستان بەرامبەر بەو هێزانە بوەستن.

ئەم هێزانە دەیانەوێ بە ((دیموکراسی)) هەوڵبدەن دیموکراسی لەناوبەرن. نازییەکان ساڵی ١٩٣٣ بەهەڵبژاردنو بەدەستهێنانی زۆرایەتی دەسەلاتیان رادەست کرا! پاش هەڵبژاردنی ١٩٣٣ ئیدی گەلی ئەڵەمان هەڵبژاردنی تری بەخۆیەوە نەبینی تا نازییەکان ساڵی ١٩٤٥ رووخێنران.

ئێستا ئەو هێزانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، دەیانەوێ لەعیراقدا ((کودەتا)) بەسەر دەستووردا بکەنو هەندێ بنەمای سەرەکیی دەستوور پێشێل بکەن:

هەندێ بڕگەی دەستووری هەن وەکو "مافی مرۆڤ"و "سیستمی فیدراڵی"و "دیموکراسی" هیچ هێزێك نابێ بتوانێ دەستکارییان بکاتو ناوەڕۆکەکەیان بشێوێنێت!

لەئەمریکا هەر هێزێك هەڵبژاردن بەرێتەوە، ناتوانێت بڕیاری ئەوە بەکۆنگریس بدات، کە دیموکراسی نەمێنێتو سیستمی فیدراڵی هەڵبوەشێتەوە. ئەم دوو پرنسیپە

کۆڵەکەی سیستمی سیاسیی ئەمریکانو بەزۆرایەتیو کەمایەتی ناگۆڕدرێت.
لەسویسراش بەهەمان شێوەیە: زۆرایەتیو کەمایەتی بۆ ئەوە نییە دیموکراسی نەمێنێتو فیدرالیزم لەناوبچێت، یان مافی یەکێك لەکەمایەتیەکان خەتی چەپو راستی بەسەردا بهێنرێت.

لەسویسرا چوار نەتەوە دەژین: ئەڵەمانەکان زۆرایەتی پێکدەهێننو رێژەیان ٦٣,٧٪ کۆی دانیشتوانی ئەوێیە. فەرەنسیەکان لەرۆژاوا دەژینو رێژەیان ٢٠,٤٪ کۆی دانیشتوانە. ئیتالییەکان لەباشوور دەژینو رێژەیان ٦,٤٪ کۆی دانیشتوانە. رێتۆرۆمێنیش تەنیا ٠,٥٪ کۆی گشتی دانیشتوان پێك دەهێنن رێژەی ٩٪ی دانیشتوانیش بریتییە لەو بیانیانەی لەو وڵاتەدا نیشتەجێبوون. ئەگەر بەگوێرەی پرنسیپی کەمایەتیو زۆرایەتی بێت، دەبێت ئەڵەمانە سویسرییەکان سەرجەمی دەسەڵاتەکان مۆنۆپۆل بکەنو سادەترین ماف بە رێتۆرۆمێنیش ـ Rätoromänsch رەوا نەبینرێت، کە رێژەیان لە ١٪ کەمترە.

ئەگەر تێگەیشتنی ناسیۆنالیستو ئیسلامیە توندڕەوەکان بۆ چەمکی دیموکراسی تەنیا کەمایەتیو زۆرایەتی بێت، ئەوە دەبێت، کوردو تورکمانو کلدو ئاشووریو مەندائییەکان بیر لەئەلتەرناتیڤی سیاسی لەدەرەوەی عیراق بکەنەوە. هەر گەلێك سوور بزانێت، بەهەڵبژاردنو سندوقی دەنگدان، مافە رەواکانی رەوانەی دۆزەخ دەکرێت، ئیدی گرەودانان لەسەر چەمکی دیموکراسی چ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی بۆ ئەو گەلانە دەبێت، کە ناتوانن لەپەرلەماندا زۆرایەتی وەدەست بهێنن؟ ئەی ئەگەر نەخشەی سیاسیو دیموگرافیی عیراق بەشێوەیەکی تر بوایە، نەتەوەی عەرەب کەمینە بوایە، بەوە رازی دەبوون، زۆرایەتی سیاسەتی مۆنۆپۆلو تاکڕەویو دەست بەسەرداگرتن پەیڕەوی بکات؟

**سەرنووسەر**

# پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسین

نوسینی: پ.ی. پشتیوان علی عبدالقادر
سامی قادر کردویەتی بە کوردی

## پێشەکی:

لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا (یەکەمو دووەم)، لەلایەن سەرکردە سیاسیو توێژەرەکانی بواری یاساو سیاسەتەوە، پرسەکانی پەیوەست بە مافی چارەی خۆنووسین بایەخێکی بەرفراوانی بەدەستهێنا. دوای جەنگی یەکەمی جیهان، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، بەتایبەت بەریتانیاو فەرەنسا، توانیان دەست بەسەر خاکی زۆرێك لەگەلاندا بگرن، بەتایبەتیش لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریکاو شوێنانی تر لە جیهاندا، دەستبەسەراگرتنەکەش بەشێوەیەکی یاسایی لە کۆمەڵەی گەلان لەچوارچێوەی سیستمی ئینتدابدا چەسپاندیان، ئەمەش بووە تەگەرەی بەردەم سەربەخۆیی گەلانو گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسینیان. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا لەساڵی ١٩١٧ و کۆتایهاتنی ئیمپراتۆریەتی قەیسەریو برەودانی سەرکردەکانیان لە زۆر لە نوسینەکانیاندا بە مافی چارەی خۆنووسینو رەخنەگرتنی توند لە سیستمی ئینتداب، هەندێ گەل توانیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەنو سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، وەك گەلی فینلەندا. پاش کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهان، زۆرێك لە گەلان توانییان مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بهێننو دەوڵەتی





سەربەخۆیی خۆیان دابمەزرێنن. خەباتو تێکۆشانی ئەم گەلانەو بەرهەڵستیکردنیان لە دژی سیستەمی ئینتدابی کۆلۆنیالیستی، فاکتەرێکی بنەڕەتی بوو بۆئەوەی بەم مافە بگەن، ئەمەش شانبەشانی فاکتەرێکی گرنگتر، کە دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە کاری کردوە بۆ تۆمارکردنی مافی چارەی خۆنووسینو دەرخستنی لە بەڵگەنامەکانیدا، هەروەها جەختکردنی لەسەر ژمارەیەکی زۆری بڕیارەکانی، کە رەنگە گرنگترینیان بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ١٥١٤ ی ساڵی ١٩٦٠ بێت، کە زەمینەیەکی گرنگی یاسایی بۆ سەربەخۆیی گەلان، بەتایبەتی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو فەراهەم کرد.

بەهۆی توندبوونی جەنگی سارد لە نێوان بلۆکی سەرمایەداریو سۆسیالیستی، لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینو شیانی پیادەکردنی ئەم مافە لەلایەن گەلە ئازاد نەبووەکان، کزبونێکی بەرچاوی لە سەرجەم ئاستەکانی سیاسەتو یاساو ئابوریو کولتووریەوە بەخۆوە بینی. ئەم ململانێیە بووە بەربەستی بەردەم گەلان لە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسیندا سەرباری خەباتو قوربانیدانیان چونکە هەندێ لە دەوڵەتانی سەر بە بلۆکی سۆسیالیزم پشتیوانیان لە مافی چارەی خۆنووسینی ئەو گەلانە نەدەکرد، ئەمەش بەهۆی بوونی پەیوندی باش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە زاڵ بوون بەسەر ئەم گەلانەدا. پێچەوانەش هەروابوو سەبارەت بەو دەوڵەتانەی سەر بەبلۆکی سەرمایەداری بوون.

ئەم کزبوونە بووەمایەی تەشەنەکردنو توندبوونی چەوسانەوەی نەتەوایەتیو باڵادەستبوونی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، بەتایبەت لەدەوڵەتە سەرتاپاگیرو شۆڤینییەکان، کە قەوارەکانیان لە کەمینەی نەتەوایەتیو ئەتنی جۆراوجۆر پێکدێتو بە پێی سیستمی تاك حیزبی حوکمرانی دەکرێت.

ئەم کزبوونە تا کۆتایهاتنی جەنگی سارد لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو درێژەی کێشا، تا بلۆکی سۆسیالیزم هەرەسی هێنا، کە بەهۆی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانو ململانێی لەگەڵ بلۆکی سەرمایەداری ئەم ماوە دوورودرێژە، پشتیوانی لە زۆربەی سیستەمە سەرتاپاگیرو شۆڤینییەکان دەکرد.

بێگومان کۆتایهاتنی جەنگی ساردو ئاوابوونی سیستمی دوو جەمسەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە بەرژەوەندی ئەو گەلانەدابوو کە نەگەیشتبوون بە مافی چارەی خۆنووسین، ئەو کزییەش لەگەڵیدا کۆتایی پێهات کە دووچاری پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین هاتبوو, بەمەش جیهان رووداوی مێژوویی‌و دراماتیکی بەخۆوە بینی‌و دەرفەتگەلێکی راستەقینە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی بیانی، یان باڵادەستی دەستەوتاقمە نەتەوەییە زۆرینەکان لەناو یەك دەوڵەتدا بەسەر نەتەوەکانی تردا، بۆ زۆرێك لە گەلانی ئازاد نەبوو فەراهەم بوو، ئیتر ئەم گەلانە توانیان مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بێنن‌و جاڕی دەوڵەتی سەربەخۆییان بدەن.

لە گرنگترین ئەو رووداوانەش، هەڵوەشانەوەی یەکێتی شورەوی‌و راگەیاندنی سەربەخۆیی تەواو لەلایەن گەلانی کۆمارەکانیەوە بوو، هەروەك ئەمە راستە سەبارەت بە پارچەپارچەبوونی یەکێتی یۆگسلافیا بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ شانبەشانی رووداوی تری مێژوویی وەك: هەرەسی دیواری بەرلین، یەکگرتنی هەردوو ئەڵمانیای (رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا)، هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی کەنداوو سەرکەوتنی هاوپەیمانان تیایدا.

هەموو ئەم پەرەسەندنانە بوونەمایەی ئەوەی لە ئەوروپاو شوێنانی تری جیهان چەندین گەل سەربەخۆیان بەدەست بێنن، وەك: سەربەخۆیی "ئەریتریا، تەیموری رۆژهەڵات، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە عێراقدا لە رێی هەڵبژاردنی سیستەمی فیدراڵی‌و لەسەر ئەم بنەمایەش مانەوەی لەناو دەوڵەتی عێراقدا).

هەموو ئەو گۆڕانکاری‌و پەرەسەندنانە بوونەمایەی هەموارکردنێکی بەرچاو لە هەندێ لە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان، وەك هەردوو پرەنسیپی (سەروەری دەوڵەتان‌و رێزگرتنی خاکەکەی) و (دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی نێودەوڵەتان). هەروەها ئەم گۆڕانکاریە بەشێوەیەکی گەورە کاری کردە سەر پەرەسەندنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین‌و پەرەسەندنی میکانیزمەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی. هەرلە بەرهەمی ئەم هەموارکردنەشدا چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی دەرچوون، کە زەمینەی یاساییان بۆ دەستێوەردانی مرۆییانەو پاراستنی





گەلان لە زۆر لە دەوڵەتان لەجیهاندا فەراهەم کرد،. وەك (دەوڵەتانی ناوچەی باڵکان‌و عێراق‌و رواندا). دەبێ ئاماژە بۆئەوە بکەین کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٦٨٨) کە لە نیسانی ١٩٩١ دەربارەی عێراق دەرچوو، زەمینەیەکی یاسایی سازاند، بۆئەوەی گەلی کورد پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ مافی چارەی خۆنووسین‌و شیانکردنی لە خۆ بەڕێوەبەریەتی لەڕێی هەڵبژاردن‌و دامەزراندنی دامەزراوە یاساییەکانەوە بەدەست بێنێت.

بەڕوخانی رژێمی بەعس لە ٩/٤/٢٠٠٣ دا، توانرا سیستمی فیدڕاڵی، وەك سیستمی حوکمڕانی لە عێراق دابمەزرێت‌و لە دەستوردا دان بە کوردستانی عێراقدا بنرێت، وەك هەرێمێك لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا.

بێگومان ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕان‌و رووداوی گەورە بەخۆوە دەبینێ، کە زەمینەی بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت‌و کۆتایهاتنی سیستمە سەرتاپاگیرو شۆڤینیەکان لە ناوچەکەدا خۆش دەکا. نەتەوەی کورد لە سەرجەم کوردستانی دابەشکراودا بەشێوەیەکی گشتی (گەلی کوردستانی عێراقیش بەتاییەتی) لەم گۆڕانکارییانە بەدەر نین، کە دەرفەتگەلێکی نوێ بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین دەڕەخسێنن، تا دواجار بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆیی رابگەیەنێ:

**١ - تێڕوانینێکی هەمەلایەنە بۆ مافی چارەی خۆنووسین:**

**١-١ لایەنی مێژوویی مافی چارەی خۆنووسین:**

یەکەمجار دەبێ بگەڕێینەوە بۆ رۆژگاری شۆڕشی فەرەنسا، کە زۆر لێدوان‌و وتاری فەلسەفییانە دەربارەی یەکسانی‌و مافە سروشتییەکانی مرۆڤ تیایدا تەشەنەیان کرد. لە جاڕنامەی راگەیاندراوی ئایاری ١٧٩٠ ی کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە شاری پاریسدا هاتووە، کە مرۆڤایەتی یەك یەکە پێکدەهێنێ، کە دەوڵەت‌و گەلان لە یەککاتدا هەندێ مافی سروشتی پیادە دەکەن . گرنگترینی ئەم مافانەش بریتین لە مافی مرۆڤ لە ژیان بە سەربەستی لە کۆمەڵگایەکدا، کە یەکسانی باڵی بەسەردا کێشابێ، ئەگەرچی بیرمەندو فەیلەسوفانی شۆڕشی فەرەنسا بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەنجەیان بۆ پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین رانەکێشاوە، بەڵام دەکرێ ئەم مافە لەبیرۆکەو رای

پەیوەست بە ماف‌و ئازادییەکانی ئادەمیزاد لەو بەڵگەنامانە دەربهێنین، کە دوای شۆڕشی فەرەنسا بڵاوکراونەتەوە.

بەر لە شۆڕشی فەرەنسا، بەڵگەنامەی شۆڕشی ئەمەریکی کە دوای شۆڕشی ئەمەریکا لە ١٧٧٦ دا راگەیێنراوە، چەمکی جیاوازی دەربارەی ئازادی مرۆڤ و گەلان گرتۆتەخۆ.

بابەتی مافی گەلان لە سەربەستیدا بۆتە برگەیەك لەبرگەکانی کارنامەی کۆنگرەکان، کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم لەئەوروپادا بەستران.[١]

بەڵام دوای کۆنگرەی ڤیەننا، دەوڵەتە مەزنەکانی ئەوروپا لە چەسپاندن‌و پێدانی ئەم مافە بە گەلانی تری ئەوروپا دوورکەوتنەوە، لێرەدا لەم بارەیەوە یەك هەڵاوێردن هەیە، کەوا کۆنگرەی لەندەن لە ١٨٣٠ دا بڕیاریدا یۆنان ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری. ئەوشۆڕشانەی ساڵی ١٨٤٨ لە ئەوروپا روویاندا، بوونەمایەی گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لای ئەڵمان، ئیتاڵیەکان، هەنگاریاو هۆڵەندیەکان، کە ئەمەش ئاڵۆزکانی نێوان پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین‌و راگەیاندراوە پەیوەستەکانی بە یەکێتی دەوڵەتی نەتەوەیی لێکەوتەوە.

لە میانەی کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ١٨٥٦ دا بنچینەی دەوڵەتی رۆمانیای ئێستا دانرا، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە کۆنگرەی بەرلین، بە فەرمی دان بە سەربەخۆیی رۆمانیا نرا. پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لەساڵی ١٨١٦ دا بەشدارییەکی کارای لە پرۆژەی سیاسیدا کرد بۆ یەکێتی ئیتالیا، دە ساڵ دوای ئەم مێژووەش دەوڵەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو پێکهێنرا، هەروەها لەساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠ دا ئەو پرەنسیپە رۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی چارەنوسی دورگەی ئۆلاندا بینی.[٢]

---

[١]Jan Brownlie, An Essay in the history of the Principle of self Determination , Grotion Society Papers 1968 , the Hague 1970 ,S.92.

[٢]Johannes Eriksson & Wilhelm Virgin , Ålands frågan 1917-□□□□,□□□□□□□□m □□□□“ □.□□□□□.□





بورژوا نەتەوەییەکان بە تەنیا نەبوون لە دانانی بنچینەی یەکەمی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، لە ساڵی ١٩٢٢ دا (جۆزیف ستالین) وتارێکی بەناوی (مارکسیزم‌و کێشەی نەتەوەیی) بڵاوکردەوە، ستالین لە وتارەکەیدا چەمکی (نەتەوە)ی وەك دیاردەیەکی کولتووری‌و سیاسی خستۆتەڕوو، جەختیشی کردۆتەوە کە مافی چارەی خۆنووسین، واتە مافی نەتەوەکان لەدیاریکردنی چارەنووسدا لە رێی ئۆتۆنۆمی یان جیابوونەوە (secession) لە دەوڵەتی دایك.

ساڵێك دوای ئەم وتارە، (فلادیمیر لینین) وتارێکی بەناونیشانی (مافی نەتەوەکان لە چارەی خۆنووسین)دا بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩١٧ لە یەکەم بەیاننامەدا کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بڵاوکرایەوەو بە(جاڕنامەیەك دەربارەی مافی گەلان لە روسیا) ناوزەد کرابوو، هەمان بیرۆکەی گرتبووە خۆ، کە لینین لە وتاری سەرەوەیدا خستبوویەڕوو، ئەم بیرۆکانەش لەمەڕ مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا ساڵی ١٩١٨ لە یەکەم دەستوری شۆرەویدا جێگیر کران.[٣] لە روسیای ئەوسادا چەندین شۆڕشی نەتەوەیی لە بەشە ناڕوسییەکان هەڵگیرسان. فینلەندا ساڵی ١٩١٧ دا جاڕی سەربەخۆبوونی لە روسیا راگەیاند، گەلانی(ئەستۆنیا، لاتیڤیا، لیتوانیا، ڕوسیای سپی، ئۆکرانیا، جۆرجیا، پۆلۆنیا، ئەرمینیاو ئازەربایجان)ی بەدوادا هات. ئەو بیرو بۆچونانەی پێشەنگانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ١٩١٧ دا بەرجەستەیان کرد، بیروبۆچونی سیاسی بوون لەسەر بنەمای بیروبۆچونی مارکسیزم، کە لەڕووی تیۆریەوە دژی چەوسانەوەی چینایەتی بوو، لەسەرەتای شۆڕشدا، ئەم بیروبۆچونانە دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانیان لە جیهاندا بەجێهێشت. هەندێ گەل بەپشتگیری ئەو سەرەتایانەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێنایە ئاراو بەهۆیەوە مافی چارەی خۆنووسین چەسپی، سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە درێژەی نەکێشا، دوای مردنی (فلادیمیر لینین)ی رێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر، سەرکردایەتی نوێ لە یەکێتی شۆرەوی لە سەرەتاکانی شۆڕش لایانداو شۆرەوی بووە دەوڵەتێکی تۆتالیتار، کە سیستمی تاك

---

[٣]Eyassn Gayim, the United nations Law on Self- Determination and Indigenous Peoples,51Nordisk Tidskrift for Internationell Ratt 1982,s.53.

حزبیو یەك ئایدۆلۆژیایی حوكمڕانیان دەكرد، گەلانی ناو كەوشەنی یەكێتی شۆڕەوی لەڕووی پراكتیكییەوە مافی چارەی خۆنووسینیان لە دەستداو ملكەچی سیستمی تاك حیزبی كران. لە سەروبەندی جەنگی یەكەمی جیهان، دەوڵەتانی هاوپەیمان لە پڕوپاگەندە جەنگییەكانیاندا مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیان بەكار دەهێنا، ئەم پڕوپاگەندانەش بونەمایەی راپەڕینی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

لەكانونی دووەمی ١٩١٨ دا (رۆدۆلف ویڵسۆن)ی سەرۆكی ئەمریكا جارنامەناودارەكەی، ناوزەد بە(چواردە خاڵەكە) خستەڕوو، ئەم راگەیاندنانەش وەك بانگهێشتێك بۆ كۆنگریسی ئەمریكی لەمەڕ ئامانجەكانی شەڕو ئاشتی (war aims and peace terms) بڵاوكردەوە. سەرۆك ویڵسۆن لەم بانگهێشتەیدا بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش ئاماژەی بەوەدا كە پێویستە گوێ لەئارەزووی گەلان بگیرێت. لەمەڕ كۆتاییپێهێنانی سیستمی كۆلۆنیالیو بەدەستهێنانی سەروەری بۆ گەلان،[٤] ویڵسۆن داوەتنامەكەی بەمە كوتایی پێهێنا:

**The program of the world's peace ….. as we see it's this V.A .free, open-minded, and absolutely impartial adjustment of all colonial claims, based upon a strict observance of the principle that indetermining all such questions of sovereignty the interests of the populations concerned must have equal weight with the equitable elemis of government whose title isto be determined,,**

بەرنامەی ئاشتی جیهان ... وەك دەبینین، ئەمەیە: ئازاد، مێشك كراوەو بەتەواوی بێلایەنی بانگەشەكان هەموو كۆلۆنییەكان لەسەر بنچینەی چاودێرییەكی توندی هەمواركردنی ئەو بنەمایەی كە لەچارەنوسی هەمواندا ئەم جۆرە پرسیارانەی سەرەوەی بەرژەوەندییەكانی ئەو دانیشتوانانەی پەیوەندیدارن پێویستە سەنگی یەكسانییان

---

[٤]The Fourteen Point , Wilson's Address to congress January 8,1918, Point V, Henry Steele Commager ( Ed), Documents of American History ,New York 1940 , S.318.





هەبێت لەگەڵ ئەو رەگەزە دادپەروەرییانەی ئەو حكومەتەی كەوا پێویستە ناونیشانەكەی دیاری بكرێت.

دوای بەزینو خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیاو هاوپەیمانەكانی، لەپێشەوەیاندا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها دانانی مەرجەكانی ئاشتی لەگەڵیاندا لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ ـ ١٩٢٠)، ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئەڵمانیا هەرەسیان هێنا، ئەمەش لە بەرژەوەندی رزگاری گەلان بوو لە سیستمی كۆلۆنیالی، وەك بەرەنجامێكی سەركەوتنی هاوپەیمانانو هەرەسهێنانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئەڵمانی، بە پشتیوانی دەوڵەتە كۆلۆنیالەكان بە سەرپەرشتی كۆمەڵەی گەلان، سیستمی ماندەیت (mandate) (ئینتداب) سەری هەڵدا. زۆر لە كۆلۆنیالكراوەكان خرانە ژێر ماندەیتی بەریتانیاو فەرەنسا، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتیو كولتووریو ئابوریو سیاسییەكانی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتە كۆلۆنیكراوانەو ئەو ناوچە ماندەیتكراوانەی كە كەوتبونە كەوشەنی ئیمڕاتۆریەتی هەرەسهێناوی عوسمانی، لەنێوان بەریتانیاو فەرەنسا دابەشكران. ناوچەی كوردستان بەپێی رێكەوتننامەی (سایكس ـ بیكۆ) لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا دابەشكرا، هەرچی كۆلۆنیكراوەكانی ئەفریكاش بوو، بوە پشكی بەلژیكو یەكێتی ئەفریكای باشور، بەڵام كۆلۆنیكراوە ئەڵمانیەكان لە ئۆقیانوسی ئارام لەنێوان بەریتانیاو ئوستورالیاو نیوزلەنداو یاباندا دابەشكران، سیستەمی ماندەیت لە سەردەمی كۆمەڵەی گەلان بەسەر سێ پۆلی A.B.C پۆلێن كرا.

سەبارەت بە پۆلێنی یەكەم( A ) لە رووی تیۆریەوە دەوڵەتانی سەربەخۆ دەگرێتەوە: وەك عێراق، سوریا، لوبنانو ئەردەن، كە دواتر ئەم دەوڵەتانە توانیان سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بەدەستبێنن، بەڵام ماندەیتی بەریتانیا بۆ فەلەستین تا ساڵی ١٩٤٨ درێژەی كێشا، كۆتایهێنانی ماندەیت لە فەلەستین، نەبووەمایەی ئەوەی گەلی فەلەستین مافی چارەی خۆنووسین بەدەستبێنێ، سەبارەت بە هەردوو پۆلێنی B.C، هەڵوێستی كۆمەڵەی گەلان لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی ئەم كۆلۆنیكراوانەدا

نەبوو، شایەنی باسە ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو دوو پۆلێنەدابوو، کۆلۆنیکراوەکانی ئەڵمانیای پێشوو لە ئەفریکاو ئۆقیانووسی ئارام بوون.

دەوڵەتە ماندەیتەکان، بە توندی دەستیان بە کۆلۆنیکراوەکانەوە گرتبوو هەتا کاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشو بزوتنەوەی رزگاریخوازی، کە زۆربەیان توانیان مافی چارەی خۆنووسین لە رێی سەربەخۆیی تەواوەوە بەدەستبێنن.[٥]

پاش کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیو دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، کە ئەم مافە برێکی زۆری لە گرنگیپێدانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەدەست هێنا. ئەم مافەش لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جێگیرکراو لە پرەنسیپێکی سیاسییەوە وەرچەرخێنرا بۆ پرنسیپێکی یاسایی نێودەوڵەتیو دانانی بە یەکێك لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی کە هێزێکی تەوزیمی(juscogens) هەیە.

## ١-٢ ناوەڕۆکی مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا:

لەبواری یاسای نێودەوڵەتیو زانستی سیاسەتدا، مشتومڕی جۆراوجۆر دەربارەی دەستنیشانکردنی ماناو ناوەڕۆکی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینو پەیوەندی بە چەمكو دەستەواژەی تری وەك سەربەخۆییو سەروەری دەرکەوت. ناکۆکی لەنێوان لێکۆڵیارو یاساناسان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەمەڕ سروشتی یاساییانەی مافی چارەی خۆنووسیندا دەخولێتەوە، بەشێکی بەرفراوانی یاساناسە رۆژئاواییەکان، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بە پرەنسیپێکی یاسایی دانانێنو نکۆڵی دەکەن کە ئەم پرنسیپە هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای نێودەوڵەتییەوە هەبێت.[٦] هەر بۆ نمونە مامۆستا (فیشەر) دەڵێ: (مافی چارەی خۆنووسین بەم سروشتەی ئێستایەوە، بە هیچ بارێك بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی پرەنسیپێکی یاسایی)، هەرچی مامۆستا (ئەیتلتون)ی

[٥]Ove Bring , FN-stadgan och Varldspolitiken , Goteborg 2002 ,S.189.

[٦] د٠پشتیوان علی عبدالقادر ، لایەنە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی مافی گەلی کورد لە دیاری کردنی چارەنووس ، تێزی دکتورا(زانکوی کیف ) ئوکرانیا ، ١٩٨٩ ، ل ٢٧ . ( بە زمانی ڕوسی )





ئامریکاییە، وای داناوە کە مافی چارەی خۆنووسین ئاکارێکی سیاسییەو لە مانا یاساییەکەی داماڵراوە، ئەو مافەشی بە(هزری ئایدیالی) ناوبردووە.[٧]

ئەم راو دەربڕینانە، دوای توندبوونی خەباتی گەلان لەپێناو سەربەخۆییو ئازادی لە سیستمی کۆلۆنیالی باو بوون. ئامانجیش لەم دەربڕینانە، پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتە کۆلۆنیکراوەکان بوو.

گومانی تێدانییە ئەم بیرۆکانە لەبارەی واقعی پەیوەندییە هاوچەرخە نێودەوڵەتیەکاندا بوو، چونکە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، زۆرێك لە گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان بەدەست نەهێناوەو بەهەموو شێوازێك خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە کردووەو دەکەن.

دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە ژێر فشاری بزوتنەوە رزگاریخوازەکاندا ناچار بوون لەڕووی تیۆریەوە دان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندا بنێن، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە تەگەرەی گەورەیان دەخستە بەردەم خواستی گەلان لە سەربەخۆییدا. دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان هەوڵیان دەدا ماناو ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان هەڵقرچێنن، بەولێکدانەوەیەی گوایە مافی گەلان تەنیا مافێکە لە خۆبەڕێوەبردن پێکهاتووە بۆ کاروباری رۆژانەیان، بەبێ مافی سەربەخۆیی سیاسیو ئابووری. لە دوای ئەم هەوڵانەش، مشتومڕێکی چڕو توند لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانو دەوڵەتانی تردا بەرپابوو، لە کۆبونەوەکانی لێژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەکاتی مشتومڕی بابەتی مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندا، گروپی یەکەم وایان دادەنا کە ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسین لە بازنەی بەڕێوەبردندا دەخولێتەوە، هەرچی گروپی دووەمە، ماناو ناوەڕۆکی ئەم مافەیان فراوان کردووە، بەشێوەیەك، کە هەموو گەلێك مافی ئەوەی هەبێت چارەنووسی سیاسی خۆی

[٧]Eagleton C.Self-Determination in the United Nations ( AJIL) .V.47,1953.p91-
[illegible]

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە ڕێی جیابوونەوە یان یەکگرتن لەگەڵ گەلانی تردا دیاری بکات.[٨]

لەناو یاساناسە ڕۆژئاواییەکاندا هی وا دەرکەوتن، کە داکۆکی لە هێزی یاسایی پرەنسیپی مافی گەلان لە چارەنووسدا دەکەن، وەك (کیمنس)ی یاساناس، کە پێی وابوو مافی گەلان لەچارەنووسدا پرەنسیپێکی یاساییە،[٩] کەچی یاساناسە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەتایبەت یاساناسە شۆڕەوییەکان، لەڕووی تیوریەوە دیارترین داکۆکیکارن لە فراوانکردنی ماناو ناوەڕۆکی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینو پێدانی هێزی یاسایی تەوزیمی.

(ستاروشینکا) ی یاساناسی شورەویو شارەزا لە پرسی بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، پێی وایە مافی چارەی خۆنووسین دوو لایەنی هەیە. لایەنی ناوخۆو لایەنی نێودەوڵەتی. لایەنی ناوخۆ مافی گەلان لە دیاریکردنی سیستمی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، لایەنی نێودەوڵەتیش واتا مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی سیاسیو ئابوری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەربەتەنیا یەکێتی ئەم دوو لایەنە، زامنی تەواوی ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسینە.[١٠] (تۆنکین)ی گەورە یاساناسی روس ماناو ناوەڕۆکی مافی گەلانی لە چارەی خۆنووسیندا وردتر دەست نیشان کردووە، کە دەڵێ:

;A. All Peoples has the right freely to determine without extern at interference their political status and pursue their economic social and cultural development.

B . Every state has the duty to respect this right.

(٨) دی ئەریجاکا یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ ، مۆسکۆ ، ١٩٨٣ ، ل ٢٦٤. (بە زمانی ڕوسی)

(٩) پشتیوان علی عبدالقادر ، مافی چارەنووس و یاسای نێودەوڵەتی ، تێزی دبلۆمی باڵا پاش دکتورا ، کۆلیژی یاسا ( زانکۆی ستۆکهۆڵم ) سوید ، ١٩٩٣ . ل ٥ ( بە زمانی سویدی ) .

(١٠) ستاروشینکا ، شۆڕشەکانی جیهانو یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٨٥-٨٦ . ( بە زمانی ڕوسی )





C.Every state has the duty to promote through joint and separate action, the realization of the principle of equal rights and self determination of peoples.

D.Every state has the duty to refrain from any forcible action which deprives peoples of their right to self-Determination, freedom and independence .

E .in steuggling for independence colonial people may use all necessary means .

The subjection of people for alien domination ploitation is prohibited "[١١]

هەموو گەلان بە ئازادی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە بەبێ ئەوەی لەدەرەوە ڕا دەست بخرێتە پێگەی سیاسییانو ڕێگە لە پەرەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووریان بگیرێ.

هەموو دەوڵەتێك ئەرکی ئەوەی لەسەرە ڕێز لەم مافە بگرێ.

❖ هەموو دەوڵەتێك ئەرکی ئەوەی هەیە لە دووتۆیی کرداری پەیوەستبوونو جیابوونەوە بە واقیعی کردنی پرەنسیپی مافە یەکسانەکانو مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بەرز بکەنەوە.

هەمووگەلێك ئەرکی ئەوەی هەیە هەرجۆرە کارێکی توندوتیژی قەدەغەبکات، کە گەلان لە مافی ئازادیو سەربەخۆییو مافی چارەی خۆنووسین بێبەش دەکات.

دەکرێت گەلی بە کۆڵۆنی کراو لە خەباتکردنیدا بۆ سەربەخۆیی، هەموو جۆرە هۆیەکی پێویست بگرێتەبەر. ملکەچپێکردنی گەل بۆ دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بیانی، لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەی پێنەدراوە.

(کریستیسکۆ) ی لێکۆڵیاریش وای دەبینێ کە مافی چارەی خۆنووسین، چوار مافی سەرەکی لەخۆ دەگرێ، کە بریتین لە:

[١١] Tun kin G, International Law , Moscow , 1986 , S.143.

مافی گەلان لە دیاریکردنی پلەوپایەی سیاسیو یاسایی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو ناوخۆدا، مافی دیاریکردنی سیستمی ئابووری، مافی دیاریکردنی سیستمی کۆمەڵایەتیو دواترینیشیان مافی دیاریکردنی سیستمی کولتووری.[١٢]

(مارتیس کۆبۆ)، دەمڕاستی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری کەمینەکان، وای دەبینێ کە مافی چارەی خۆنووسین بە زەرورەت مانای جیابوونەوە ناگەیەنێ، بەڵکو دەشێ بەشێوەی تر پیادەی ئەم مافە بکرێت، وەك ئۆتۆنۆمی لە نێو دەوڵەتێکی یەکگرتوودا.[١٣]

نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی سەرەکی بینی لە پێدانی هێزی یاسایی تەوژمی بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، کە ئەم مافەی خستە نێو پەیماننامەی خۆیەوەو چەندین بڕیاری لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیاند، کە جەخت لەسەر ئەم مافەو پیادەکردنی دەکەنەوە. لە گرنگترینی ئەم بڕیارانە، بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی کۆمەڵەی گشتیە لەمەڕ پێویستی کۆتایی پێهێنانی سیستمی کۆلۆنیالیو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن گەلانی کۆلۆنیکراوەوە. هەروەها کۆمەڵە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) ی لە ٢٤/١٠/١٩٧٠ دەرکرد لەمەڕ پڕەنسیپە بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە تیایدا پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، شانبەشانی پرەنسیپە بنچینەییەکانی تری یاسای گشتی نێودەولەتی، بە پرەنسیپێکی بنچینەیی داناوە، لەتەك ئەم دوو بڕیارە گرنگەشدا پرەنسیپی مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا لە هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٦٦ جێگیرکرا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مافی چارەی خۆنووسین پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە پرەنسیپی یەکسانییەوە هەیە، چونکە یەکسانی مانای یەکسانی

---

[١٢] Cristescu A. The Right t Self- Determination E\CN41 Sub 21, 4041 Revl , UN, 1981 , p.71 .

[١٣] Martinez Cobu J, Study of the Problem of discrimination against indigenous populations, Vol.5 E\CN 41 Sub 2, 1986,P.31.





سەرجەم دەوڵەتەکان لە سەروەریدا لەکاتی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسیندا دەگەیەنێ، چارەی خۆنووسینیش واتا هەموو گەلان یەکسانن‌و مافی ئەوەیان هەیە کە خاوەنی سەربەخۆییو سەروەری بن، ناکرێ بەوە رازیین کە هیچ گەلێك دەسەڵات بەسەر مافی چارەی خۆنووسین دابگرێت، بە واتای شیانی ئەم گەلەیە لە پیادەکردنی سەروەری خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی، بەبێ دەستێوەردانی بیانی لە کاروباریدا.[١٤]

دوای خستنەڕووی ئەم راوبۆچونانەی کە ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسینی گرتبووە خۆیان، بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆرێك لە لێکۆڵەرەوەکان هەوڵیانداوە ناوەڕۆکێکی وا بدەن بە مافی چارەی خۆنووسین، کە لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان، یان لەگەڵ هزری سۆسیالیزمدا بگونجێ. بەڵام بەشێکی تری لێکۆڵیارەکان ناچار بوون مانایەکی وردتر بە واتاو ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنووسین بدەن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم:** سەرکەوتنی زۆرێك لە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان لەجیهانی سێداو رزگاربوونی گەلەکانیان لە سیستمە کۆلۆنیالەکان‌و راگەیاندنی سەربەخۆییان.

**دووەم:** بایەخدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین‌و چەسپاندنی لەو پەیماننامەو بڕیارو رێکەوتننامانەی، کە لەژێر سەرپەرشتی ئەودا بەستراون. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین، کە مافی چارەی خۆنووسین تا کۆتایی جەنگی سارد تەنیا بەند نەبوو بە گەلانی کۆلۆنیکراو، بەڵکو زۆرێك لەو گەلانەش، کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئاوێتە یان یەکگرتوو رێکخرابوون، مافی پیادەکردنی ئەم مافەیان نەبوو، سەرباری بزوتنەوەی رزگاریخوازیو بەرپاکردنی شۆڕش بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە، ئەمەش بەهۆی جەنگی ساردو ململانێی نێوان بلۆکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، کە دەوڵەتانی ئۆردوگای رۆژهەڵاتی ناودارترین داکۆکیکاربوون لە پرەنسیپی سەروەریو دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان، کە وای کردبوو مەسەلەی دابەشکردنی دەوڵەتان‌و جیابوونەوەی هەرێمەکان لەدەوڵەتانی سەربەخۆ، مەسەلەیەکی نیمچە

---

[١٤] Cristescu A.P.65.

ئەستەم بێت. گەلی کوردو ئەریتیریو تەیموری رۆژهەڵاتو چیكو گەلانی باڵكان لەریزی ئەم گەلانەدان.

پێشتر باسمان لەوە کرد دوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردو ئەو رووداوانەی بە دوایدا هاتن، مافی چارەی خۆنووسینو پیادەکردنی، چۆتە قۆناغێکی تازەوە کە وا دەرفەتی سەربەخۆیی بۆ هەموو گەلانی ملکەچ بۆ حوکمی زۆرینە لە هەموو کاتێك زیاترە، بەڵگەش بۆ ئەمە، لێدوانی (جۆرج بۆش)ی کوڕە کە سەرۆکی ئەمریکایەو لەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەی کە لەکۆبوونەوەی لوتکەی ئەورووپیدا لە ڤیەننا لە ١٢/٦/٢٠٠٦ ئەنجامیداو تیایدا گوتی "مافی دامەزراندنی دەوڵەت بدرێتە هەموو گەلێك، کە خاوەنی ئەم مافە بێت"،[١٥] کەواتە مافی چارەی خۆنووسین پرەنسیپێکی یاسایی بنچینەیی دانپیانراوە لە یاسای نێودەوڵەتیو بە بنەمایەکی تەوزیمی دادەنرێت وەك رێساکانی تر لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەوڵەتو گروپەکانی تر ناتوانن پێشێلی ئەم بنەمایە بکەنو هەرکارێك یان رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم پرەنسیپە ناکۆك بێت، بەپوچەڵ دەژمێردرێ.

بە پێچەوانەش پێویستە دەوڵەتانی جیهان لەپێناو رێزگرتنو دەستەبەرکردنی ئەم پرەنسیپە، کار بۆ هەموو گەلانی جیهان بکەن. هەرچی مافی چارەی خۆنووسینە، دوولایەن دەگرێتەخۆ: لایەنی نێودەوڵەتیو لایەنی نێوخۆیی لایەنی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سەروەریەوە هەیە، بە واتای مافی گەلان لە دیاریکردنی ئایندەی خۆیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە رێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریو سەربەخۆو تایبەت بەخۆی. لایەنی نێوخۆیی ئەم مافەش بە واتای سەربەستی ئەو گەلانەی مافی چارەی خۆنووسینیان بەدەست نەهێناوە، دەستنیشانکردنی سیستمی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کولتووری، بەبێ دەستێوەردانی بیانی، هەروەها ئەم لایەنە مانای ئازادی گەلان لە وەبەرهێنانی سامانە

---

[١٥] رۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٣ / ٦ / ٢٠٠٦ . ل . ٢ .





سروشتییەکانو چۆنێتی سود لێبینینی دەگەیەنێ، هەروەها دەشێ مافی چارەی خۆنووسین بەشێوازی تری جیاواز لە سەربەخۆیی یان جیابوونەوە پیادەبکرێت، وەك: شێوازی دەوڵەتی فیدراڵ یان ئۆتۆنۆمی. بەڵام ئەزموونی گەلان سەلماندویەتی کە بەیەکەوەژیانی نێوان گەلان لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، جا ئەم دەوڵەتە فیدراڵ بێت یان دەوڵەتی سادە، مەسەلەیەکی گرانەو تا سەر بەردەوام نابێ. هەموو گەلێك خەون بە دەوڵەتی سەربەخۆوە دەبینێ، بۆئەوەی بتوانێ بچێتە ریزی خانەوادەی نێودەوڵەتییەوەو خۆشگوزەرانیو رەفا بەدەستبهێنێو پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر لەسەر بنەمای پرەنسیپی یەکسانی لە سەروەریدا دابمەزرێنێ.

### ١-٣ کەسانی(subjects) پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین

دەستنیشانکردنی کەسانی مافی چارەی خۆنووسین، یا بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو کۆمەڵەو دانیشتوانانەی ئەم مافەیان هەیە، چەندین پرسیار لە یاساناسیدا دەوروژێنن، هۆی سەرەکی ئەم پرسیارکردنەش نەبوونی پێناسەیەکی (گشتیو بنبڕ) ە بۆ دەستەواژەی گەل. ئەم دەستەواژەیە سنورو ماناکەی لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیەکاندا بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا دیاری نەکراوە.[١٦]

لە شوێنانی جوگرافی دیاریکراودا، گروپە دانیشتوەکان بەشێوەی جۆراوجۆر ناویان دەهێنرێ، وەك (گەل، نەتەوە، میللەتو دواهەمینیشیان کەمینەکان). هیچ پێوەرێکی ئاشکرا بۆ دەستنیشانکردنی ناکۆکی نێوان ئەم گروپانەی دانیشتوان نییە، دەشێ کەسانی مافی چارەی خۆنووسین لە هەندێ بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتیدا بدۆزینەوە، بەتایبەت لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٠ی مافەکانی مرۆڤ، لە بڕگەی دووەم، لە ماددەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان دەکا، لەدەقەکەدا هاتووە: (پەرە پێدانی پەیوەندی نێودەوڵەتی لەنێوان نەتەوەکان، لەسەر

---

[١٦] Självbestämmanderätt , Utrikespolitiska Journal , Utrikes Department , Stockholm , Juni 1990 , S.5.

بنەمای ڕێزگرتن لە پرەنسیپی یەکسانیو مافی چارەی خۆنووسین)، لێرەدا مەبەست تەنیا ئەو نەتەوەو گەلانە نییە، کە ئەندامن لەنەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو مەبەست لە هەموو ئەو نەتەوەو گەلانەیە کە هێشتا چارەنووسی خۆیانو فۆرمی چارەنووسی دەوڵەتەکەی خۆیان دیاری نەکردووە. کاتێ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرا، هەندێ لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی کۆڵۆنیکراویان لە دەرەوەی سنورەکانی خۆیان هەبوو، هەوڵیاندا کەسانی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بەرتەسك بکەنەوە، بۆئەوەی تەنیا ئەو گەلانە بگرێتەوە، کە خاوەنی سەروەرینو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام سوربوونی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات کە خۆیان بە هاوپەیمانی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان دادەنا، کە داوای سەربەستیو بڕیاری چارەی خۆنووسینیان دەکرد، ئەم هەوڵانە پوچەڵ کرانەوە، ئەم دەوڵەتانەش لە تۆمارکردنی مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین لە مادەی یەکەمی پەیماننامەدا، تا ئاستێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.[١٧]

ماددەی یەکەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، مانایەکی روونو دیاریکراو بە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین نابەخشێ، بۆیە دەتوانرێ ئەم ماددەیە راڤەی جۆراو جۆری بۆ بکرێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بڕگەی شەشەم لە ماددەی حەفتاوسێ، مانایەکی روونترو فراوانتر بەم کەسانە دەبەخشێ لەو بەیاننامە تایبەتەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر راسپاردەی نێودەوڵەتییەوە.

لە بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەمو ماددەی (٥٥) دا ناوی دەستەواژەی (گەل) دەبرێ، ماددەی (حەفتاو سێ) باس لە(ئەو گەلانەی سەرپەرشتی تەواویان بەدەست نەهێناوە) دەکات، هەروەها لە دەقی ئەم مادەیەشدا هاتووە، کە یارمەتیدانی ئەم

[١٧] سیاسەتی دەرەکی یەکێتی شۆرەوی لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا، وەزارەتی دەرەوەی شۆرەوی، بەشی سێیەم، ١٩٤٩، ل ٢٥٥ (بە زمانی روسی).





گەلانە بە ئەرك دەزانرێ بۆ جێگیرکردنی ئوتۆنۆمی بە لەبەرچاو گرتنی ڕێبازی سیاسی ئەم گەلانە.

پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دانیشتوانی ئەم ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر راسپاردەی نێودەوڵەتیو گەلانی تر، لێك جیادەکاتەوەو تەنیا گەلانی ئەم ناوچانە بەکەسانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنێ.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەردوو ماددەی یەکەمو پەنجاو پێنجدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان کەسانی بڕیاری چارەی خۆنووسین دەستنیشان دەکا، بەتایبەت لەکاتێکدا کە ئەم مادانە باس لەوە دەکەن کە وا پرەنسیپی بڕیاری چارەی خۆنووسین سروشتێکی هەمەلایەنەی هەیە.

زۆرینەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە کۆکن کە وشەی (گەل) واتە دانیشتوان لە هەموو دەوڵەتانو ناوچەکان لەجیهاندا، بەمجۆرەش درك بە وشەی(گەلان) بە مانا فراوانەکەی، نەك بە مانا تەسکەکەی، دەکرێت. بەڵام دەبێ بەجیا بڕوانرێتە کێشە پەیوەستەکان بە بڕیاری چارەی خۆنووسینو چۆنێی چارەسەرکردنی.[١٨] لە شیکردنەوەی ماددەکانی پەیوەست بە بڕیاری چارەی خۆنووسین کە لەپەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بۆمان روون دەبێتەوە کە وا کەسانی بڕیاری چارەی خۆنووسین بریتین لە:

ئەونەتەوەو گەلانەی سەروەری دەوڵەتییان بە دەست هێناوە.

ئەو گەلانەی کەوتوونەتە ژێر راسپاردەی نێودەوڵەتی.

ئەو گەلانەی کەوتوونەتە ژێر سیستمی کۆلۆنیالی بە هەردوو شێوەی دەرەکیو ناوخۆ، بەواتایەکی تر ئەو گەلانەی راستەوخۆ دەکەونە ژێر کۆلۆنی دەوڵەتانی ترو ئەو گەلانەی ملکەچی حوکمی زۆرینەی گەلانی ترن لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٢) بڕیارێکی گرنگی پەیوەست بە مافی چارەی خۆنووسین دەرکرد، لە دەقەکەدا هاتووە:

[١٨] بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٩٢٩)، ل ٥٠. (بە زمانی ڕوسی).

**أ ـ مافی گەلو نەتەوەکان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا، زەمینەی بنچینەییە لە بەدیهێنانو زامنکردنی مافەکانی مرۆڤدا.**

**ب ـ پێویستە لەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێز لەم مافانە بگرن لە دەوڵەتانی تردا.**[19]

لە کۆمەڵەی گشتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیار دەرکراون، بڕیارەکان بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا بەشداریان لە دەستنیشانکردنی کەسانی مافی چارەی خۆنووسیندا کردووە، گرنگترینی ئەم بڕیارانەش بڕیاری ژمارە (١٥١٤) لە (١٤/١٢/١٩٦٠)، هەروەها بڕیاری (٢٦٢٥) لە (٢٤/١٠/١٩٧٠).

هەرچی بڕیاری (١٥١٤) یە، بە راشکاوی داوای کۆتاپێهێنانی سیستمی کۆلۆنیالیو بەخشینی سەربەخۆیی بە گەلان دەکات، لە بڕگەی دووەمی ئەم بڕیارەدا دەستەواژەیەکی روون هەیە کە وا(هەموو گەلێك خاوەنی مافی چارەی خۆنووسین) ە.[20]

دەستەواژەی (هەموو گەلان) سروشتێکی هەمەلایەنەی هەیە، بەم هۆیەوەش بەگوێرەی بڕیاری (١٥١٤)، هەموو گەلێك بەبێ هەڵاوێردن مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی هەیە، کەواتە بە کەسێك لە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێت. بڕیاری (٢٦٢٥) پەیوەست بە پرەنسیپە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پەیوەندی دۆستایەتیو هاوکاری نێوان دەوڵەتان، بەگوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەساڵی(١٩٧٠) راگەیەنراوەو لەدەقەکەیدا هاتووە "لەسەر بنچینەی پرەنسیپی یەکسانیو بڕیاری چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەو گەلان، کە لەپەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کراوە، هەموو گەلێك بە ئازادیو بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی مافی دەستنیشانکردنی دۆخی سیاسی خۆی هەیە".[21]

(19) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٦٣٧) لە ١٦/١٢/١٩٥٢.

(20) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە( ١٥١٤ ) لە ١٤/١٢/١٩٦٠.

(21) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ( ٢٦٢٥ ) لە ٢٤/١٢/١٩٧٠ .





مافی چارەی خۆنووسینو کەسەکان لە ماددەی یەکەمی پەیماننامەی ساڵی (١٩٦٦)ی مافەکانی مرۆڤ لە سێ بڕگەدا بە دۆکیومێنت کراوە، لە دەقی بڕگەی یەکەمدا هاتووە (هەموو گەلێك مافی بڕیاری چارەی خۆنووسینی هەیە. پاڵپشت بەم مافە، ئەم گەلانە بۆیان هەیە بە ئازادی دەستنیشانی دۆخی سیاسی خۆیان بکەن، هەروەها بە ئازادیش زامنی پێشکەوتنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کولتووریان بکەن.[22]

بەڵام ئەوەی بە یاسازانی دەستوری نێودەوڵەتییەوە پەیوەستە، ئەوە دەستنیشانکردنی کەسانی مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین کارێکی هێندە سادەو ساکار نییە، چونکە پێناسەی جۆراوجۆرو دەستەواژەی جیاجیا بۆ کۆمەڵی دانیشتوان لە دەوڵەتانی جۆراوجۆری جیهان هەیە. دەستەواژەی (گەل) دەستەواژەیەکە، مانایەکی فراوان دەگرێتە خۆیو بەبێ هەڵاوێردن هەموو گەلان دەگرێتەوە، بەڵام کاتێ هەوڵدەدرێ پێناسەیەکی وردی ئەم دەستەواژەیەو دیاریکردنی جیاوازییەکانی نێوانی لەگەڵ دەستەواژەکانی تری وەك نەتەوەو میللەتو کەمینەکان بکرێت، ئەوە مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبێ. تاقە شتی دیارو زانراو کە لەوانەیە دەرگای مشتومڕو جیاوازی بخاتە سەرپشت، ئەوەیە کە هەمیشە یەك گەلو یەك دەوڵەت پێکناهێنێ، بەڵکو یەك گەل یا چەند گەلێك پێکدەهێنێ.[23]

زۆرێك کۆمەڵگا هەن، بەهۆی بوونی راستیو رووداوی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووریەوە پێکهاتەکەیان ئاڵۆزو ئاوێتەیە. لەم کۆمەڵگایانەدا دوو گەل یان زیاتر لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دەژین، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی سیستمێکی فیدراڵین، هەروەها ئەم حاڵەتە لە دەوڵەتانی سادەشدا هەیە. دانانی ئەو گەلانەی کە کەوتوونەتە چوارچێوەی یەك دەوڵەت بە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەوە چەندین گرفت دەوروژێنێ، کە پێویست دەکا چارەسەری یاساییانەو رەوایان بۆ

(22) هەردوو رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ سالی ١٩٦٦ بەپێ ی بڕیاری ( ٢٢٠٠) لە ١٦/١٢/١٩٦٦ .

(23) Crawford J.," peoples ’ or " Governments ’ ’ Oxford-1[illegible]

دابنرێ، گرنگترین ئەم چارەسەرانەش پێدانی مافی چارەی خۆنووسینە بە هەموو ئەو گەلانە، تا خۆیان بڕیار بدەن کە ئاخۆ بەردەوام دەبن لە ژیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا یاخود نا.

لەکاتی ئێستادا چەندین کۆمەڵگای ئاوێتە هەن، وەك روسیای یەکگرتوو، چینی میللی، تورکیا، ئێران، عێراقو هیتریش. لە عێراقدا دوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەب هەن، شانبەشانی ئەوانیش کەمینەی تر دەژین، کە هەموویان بە یەکەوە دەوڵەتی عێراق پێکدەهێننو هەرنەتەوەیەکیش یان کەمینەیەك دەستەواژەی گەل بۆخۆی بەکار دەهێنێ، وەك: گەلی کورد، گەلی عەرەب، گەلی تورکمانو هیتر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەشێت دەستەواژەی گەل مانای سیاسیو هەروەها جوگرافیش ببەخشێ، بە نموونە لە دەوڵەتی عێراقدا ئاستەنگێکی گەورە لە دەستنیشانکردنی کەسانی مافی چارەی خۆنووسین هەیە، پرسیار دەکرێ ئایا گەلی عێراق بە کەسێك لە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێ ؟ یان هەرگەلێك لەو گەلانەی لە عێراق دەژین، بە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبینین گەلی عێراق بە کەسێك لە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێ، ئەگەر رێکەوتنێکی ئارەزومەندانە لەنێوان پێکهاتەکانی ئەم گەلانەدا هەبێت بۆئەوەی بەیەکەوە بژین، بەڵام ئەگەر گەلێك لەم گەلانە داوای مافی چارەی خۆنووسینو سەربەخۆیی تەواوی کرد، ئەوکاتە دەتوانین هەرگەلێك لەو گەلانە بەکەسێك لە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین بدەینە قەڵەم. بەم پێیە، پێوەرەکە داواکردنی گەلێکی دیاریکراوە بە بڕیاری چارەی خۆنووسین، بەڵام دەبێ پێوەری تر، هەبێ تا گروپێکی دیاریکراوی دانیشتوان بە گەلێکی سەربەخۆ دابنرێ ، دواتر بە کەسێکی مافی چارەی خۆنووسین بناسرێ. ئەم پێوەرانەش (کریستۆڤەر) ی شارەزای یاسا بەم شێوەیە دیاریان دەکا:

"A.The term people denotes a social entity possessing a clear identity and it is own characteristics.





B.it implies a realation with a territory,even if the people in question has been wrongfully expelled from it and artifieicially replaced from it and artificially replaced by another population.

C.A people should not be confused with ethnic religious or linguistic minorities, whose existence and rights are recognized in article 27 of the international covenant or civil and political rights. ( 24 ) [٢٤]

ا – زاراوەی گەل ئەو قەوارە کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێ، کە ناسنامەیەکی دیاریان هەیەو خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی .

ب – پەیوەندی لەگەڵ ناوچەدا دەگەیەنێ تەنانەت، گەر ئەو گەلەی بابەتی باسە، بەشێوەی هەڵە لێی دەرکرابێتو بەشێوەی دەستکرد گەلێکی تری خرابێتە شوێنەکەی .

ج – نابێ گەل تێکەڵوپێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئەتن، ئایین یاخود کەمینە زمانییەکان، کە هەبوونو مافەکانیان لە بەندی ژمارە (٢٧) ی پەیمانی نێونەتەوەیی یاخۆ مافە سیڤیلیو سیاسیەکاندا ناسراوە.

بەڵام (کراوفۆرد)ی لێکۆڵیار کەسانی مافی چارەی خۆنووسین بەم شێوەیە دەستنیشان دەکا:

ئەو ناوچانەی دان بە مافی چارەی خۆنووسینی نراوە، بەگوێرەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، وەك ئەو ناوچانەی خاوەن ئۆتۆنۆمینو هەروەها ئەو ناوچانەی لەژێر راسپادەیین بەگوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دەوڵەتانی سەربەخۆ، جگە لەو دەوڵەتانەی ئەو ناوچانەی گرتۆتەخۆ کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتوە، لێرەدا وا دەردەکەوێ کە هەرگەلێك لە هەردەوڵەتێکدا مافی چارەی خۆنووسینی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆدا.

ئەو کەمینانەی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا هەن، کە بەشێوەیەك رەفتاریان لەگەڵداکراوە، کە لەرووی کردارەکیەوە ناوچەکانیان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نین.

---

[٢٤] Cristescu A.P.41 .

دەشێ هەموو ناوچەکانی تر مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین ببێتە چارەسەر بۆ گرفتەکانیان.[٢٥]

مامۆستای روس (ستاروشینکا)، بەبێ کەلاخستن، هەموو گەلو نەتەوەکان بە کەسان بۆ مافی چارەی خۆنووسین دادەنێ.[٢٦]

(باراتاشڤیلی)ی روسو شارەزای یاسای نێودەوڵەتی، کەسانی مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەیەکی روون دەستنیشان دەکا، کاتێ دەڵێ: هەموو گروپێکی دانیشتوان کە خاوەنی رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوبن، خەسڵەتی مێژوویی هاوبەشو خەسڵەتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووری هاوبەشیان هەبێ، مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە.[٢٧]

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئاسایی کەمینە نەتەوەییەکان شوێنێکی جوگرافی دیاریکراویان نیە، کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەسەری بژین. ئەم حاڵەتەش دەبێتەمایەی ئەوەی ئەم کەمینانە لەسەر ئاستی دەرەکیدا بەکەسان دانەنرێن بۆ مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام گومانی تێدا نییە کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ بەکەسان دادەنرێن بۆ مافی چارەی خۆنووسین، بۆیە دەتوانن لەسەر ئاستی ناوخۆ داوای مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانیان بکەن.

پاش خستنەڕووو شیکردنەوەی بەڵگەنامە یاساییو نێودەوڵەتییەکانو رای یاساناسو لێکۆڵیاران، دەتوانین بڵێین پێوەری بنچینەیی بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی مافی چارەی خۆنووسین بریتیە لە:

**أ ـ نیشتیمانی جوگرافی هاوبەش.**

**ب ـ زمانی هاوبەش.**

---

[٢٥] Crawford J.The aeration of states in international Law . Oxford - [illegible]

[٢٦] ستاروشینکا، شۆرشەکانی جیهانو یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠. (بە زمانی ڕوسی)

[٢٧] براتا شیفلی، لەپێناو ئازادیو سەربەستیدا، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل ٧٣-٧٤. (بە زمانی ڕوسی)





**ج ـ مێژووو کولتووری هاوبەش.**

هەر گروپێکی دانیشتووان ئەم پێوەرانەی تیا بێت، دەتوانرێ بە کەسێك لە کەسانی مافی چارەی خۆنووسین دابنرێ لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتیو ناوخۆ، بەڵام پێویست ناکا پێوەری ئابووری هاوبەش بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی مافی چارەی خۆنووسین بەپێوەر دابنرێ، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو گەلانەی داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، گەلانێکن راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ملکەچی سیستەمی کۆلۆنیالین، کەواتە پەیوەندییە ئابوورییەکان بەشێوەیەکی لاواز پەیوەست دەبن بەسیستمی ئابووری ئەو دەوڵەتەی کۆلۆنی کردووە.

**٢ـ پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای هاوچەرخی نێودەوڵەتیدا.**

**٢ـ ١ ـ پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیەکاندا.**

تا دەرکەوتنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو داننان بە پەیماننامەکەیدا، مافی چارەی خۆنووسین پرەنسیپێکی سیاسیو ئاکاری بوو، کە پێشەنگانی شۆڕشی سۆسیالیزم لە روسیاو هەندێ لە سەرکردە رۆژئاواییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرەنسیپە دووربوو لە چوارچێوەی یاسایی.

کاتێ قسە لە وەرچەرخانی مافی چارەی خۆنووسین لە پرەنسیپێکی سیاسییەوە بۆ پرەنسیپێکی یاسایی نیودەوڵەتی دەکرێت، پێویستە دەربارەی ئەم مافە. لەو بڕگانەوە دەست پێبکرێ کە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە، بەو پێیەی یەکەم بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەم مافەی خستۆتەڕوو.

لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی پەیماننامەدا، لەو شوێنەدا باس لە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین کراوە، کە قسە لەسەر ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا، هەروەها ئەم پرەنسیپە لە مادەی[٥٥] ی پەیماننامەدا، کە دێتەسەر مەرامی کارە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی لێوەکراوە. هەروەها

پەیماننامە لە مادەپەیوەستەکان بە سیستمی راسپاردەیی نێودەوڵەتیو ئەو ناوچانەی خاوەنی ئۆتۆنۆمی نین، ئاماژە بەمافی بڕیاری چارەی خۆنووسین دەکات. بڕگەی دووەم لەماددەی یەکەمی پەیماننامە، باس لەوە دەکا کە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتیە لە پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستایەتیو هاوکاری لەنێوان گەلاندا لەسەر بنچینەی (پرەنسیپی یەکسانیو مافی گەلان لەچارەی خۆنووسیندا). لە کارە ئامادەکارییەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مەبەست لە دەستەواژەی (گەل)، یان پەیوەندی ئەم دەستەواژەیە بە (نەتەوەکان) یان (دەوڵەت) روون نەکراوەتەوە، لە پراکتیزەکردنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، برگەی دووەم لە ماددەی یەکەمدا بەوە راڤە دەکرێ کە مافی چارەی خۆنووسین مافێکە تەنیا، یان بە پلەی یەکەم سەبارەت بەدانیشتوانی ئەم ناوچانەی کە لەرووی جوگرافیەوە پەیوەندیان نییە بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە، وە دانیشتوانی ئەم ناوچانەش کە گەلانێك تیادا دەژین، خاوەن کولتوورێکی جیان لە کولتووری دەوڵەتی دایك، قسەی لەسەر دەکرێ، ئەمەش بەو مانایەیە کە مافی جیابوونەوە تەنیا بۆ کۆلۆنیەکانە، بە مانا نەریتیەکەی وشە (ناوچەکانی ئەودیوو ئۆقیانووس). ئەم دەستنیشانکردنە جوگرافیە لە شەستەکاندا رەخنەی زۆری لێگیراوە، لەبەرئەوەی دەستنیشانکردنەکە بەو مانایە دەهات کە دانیشتوانی کۆلۆنییە دوورەدەستەکان دەتوانن داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن، بەڵام ئەو گەلانەی کە کەوتبوونە چوارچێوەی یەك دەوڵەت، وەك (کورد لە تورکیاو عێراقو ئێران) بۆیان نەبوو داوای ئەم مافە بکەن.[٢٨] ئەمەش بەو مانایەیە کە کۆلۆنیکراوانی سەربە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە ئاسیاو ئەفریکاو شوێنانی تر لە پشتی دەریاکانەوە، مەسەلەی داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین مەسەلەیەك بوو، دەشیا تێی بگەیشتبان، کەچی (کۆلۆنیکراوە ناوخۆییەکان) کاتێ گەلەکانیان داوای مافی چارەی خۆنووسینیان دەکرد، خۆیان لێ گێل دەکرد. ئەم راڤەکردنەش بۆ مافی چارەی خۆنووسین، راڤەیەکی پێوەر دوولایەنەیەو بە توندیش رەخنە کراوە.

---

[٢٨] OveBring .S.190 .





ئەم راڤەکردنەی بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی یەکەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ مافی چارەی خۆنووسین هاتووە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەرباری دەرچواندنی زۆرێك لە بڕیاری نێودەوڵەتی، کە بەبێ هەڵاواردن جەخت لە مافی هەموو گەلێك لە بڕیاری چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا قسە لە مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین دەکرێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ بەبێ ئاستی نێودەوڵەتی. بەواتایەکی تر، مافی چارەی خۆنووسین، نەك جیابوونەوە.

کاتێ ماددەی (٥٥) لە پەیماننامەدا دێتەسەر هاوکاری ئابووریو کۆمەڵایەتی، ئاماژە بە مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین دەکا، بەو پێیەی رۆڵێکی گرنگ لە بەدیهێنانی ئەم هاوکاریەدا دەگێڕێ. ماددەی (٧٣) دەڵێت (ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەیان لە ئەستۆدایە، کە ئۆتۆنۆمی تەواویان نییە، یان لە داهاتوودا دەکەوێتە ئەستۆیان، بڕیار دەدەن رەچاوی ئەو پرەنسیپە بکەن کە دەڵێت دەبێ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەو هەرێمانە بە پلەی یەکەمین بێت، هەروەها بە ئەمانەتێکی پیرۆزی لە ئەستۆ بگرنو تا ئەوپەڕی توانا پابەندبن بەو کارانەی کە دەبنە ماکی گەشەسەندنی ئاسودەیی لە چوارچێوەی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەو شێوەیەی لە پەیماننامەدا دارێژراوە. بۆ ئەم مەبەستەش:

**أ – پێشکەوتنی ئەم گەلانە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو خوێندنو بە دادپەروەری هەڵسوکەوتکردنو پاراستنیان لە شێوازەکانی خراپ رەفتارکردن لەگەڵیان لە ئەستۆ دەگرن، هەموو ئەمانەو هەروەها رەچاوکردنی رێزلێنانی پێویست لە کولتووری تایبەتی ئەم گەلانە.**

**ب – بەپێی بارودۆخی تایبەتمەندی هەرهەرێمێكو گەلەکەیو قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیان، ئۆتۆنۆمیان بۆ بەدیبهێنرێتو رێز لە هیوا سیاسییەکانیان بگیرێتو هاوکاریان بکرێت سیستمی سیاسی سەربەخۆ بنیات بنێن.**

**ج- ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی پتەو بکەن.**

**د – هەنگاوی دروستو مرۆیی بۆ گەشەسەندنو پێشکەوتن بنێنو هانی توێژینەوە بدرێت، هاوکاری یەکتر بکەن لە پێناوی ئامانجە کۆمەڵایەتیو ئابووریو زانستیەکانی**

**لەم ماددەیەدا هاتووە، تا بە کردەوە بەدەست بهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری دەستە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان بکەن‌و بەو شێوەیەی بەگونجاوی دەزانن.**

**هـ- بە ڕێکوپێکی زانیاری دەدرێتە سکرتێری گشتی لە روونکردنەوەی ئامارو ئەو روونکردنەوانەی، کە پەیوەستن بەبوارەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و خوێندن لەو هەرێمانەی لێی بەرپرسیارن، جگە لەو هەرێمانەی ئەحکامی هەردوو بەشی دوازدەهەمین‌و سیازدەهەمینی ئەم پەیماننامەیەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، بە رەچاوکردنی ئەو ئاستەنگانەی بۆ بوارەکانی ئاسایش‌و دەستوور پێویستن.**

ماددەی (٧٣) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەو شوێنەی قسە لەسەر ئەو ناوچانە دەکات، کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی نین‌و پێویستی ڕێزگرتنی خواستە سیاسییەکانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە، باسی لە مافی چارەی خۆنووسین کردووە، ئەگەرچی لەم مادەیەدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ باس لەم مافە نەکراوە، بەڵام دەشێ ئەم مافە لە میانەی خوێندنەوەی سەرلەبەری ماددەی دووەم لە پەیماننامەدا هەڵبهێنجرێ، بەوپێیەی ئەم ناوچانە لە رووی جوگرافییەوە پەیوەندیدار نابن بەو دەوڵەتانەی حوکمرانیان دەکەن‌و دانیشتوانەکەشی لە رووی نەتەوەییەوە جیاوازن لە دانیشتوانی دەوڵەتی فەرمانڕەوادا، هەروەها دەشێ پرەنسیپی مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا لە کاتی قسەکردن لەو هەرێمانەی خراونەتە ژێر چاودێریەوەو سیستمی چاودێری باسکراو لە ماددەی (٧٦) لە پەیماننامەدا هەلبهێنجرێ. لەم ماددەیەدا میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ئەو ناوچانەی کە خراونەتە ژێر چاودێری راسپاردەییەوە، دیاری کراوە لەو شوێنەی قسە لەسەر (أـ پەرەپێدانی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ب ـ کارکردن لەسەر پێشکەوتنی دانیشتوان لەلایەنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، ئابووری، خوێندەواری‌و ئامادەکردنیان بۆ ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی) کراوە. لە ماددەی (٧٦) دا تێدەگەین کە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەو هەرێمانەی دەکەونە ژێر چاودێری راسپاردەییەوە دەشێ بە دوو رێگا بە دیبهێنرێ، ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی تەواو. سەرباری جەختکردنەوە لەسەر ئەم دوو رێگایە،





ڕێگریەك نییە لە بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بەشێوازی تری وەك فیدرالیزم‌و کۆنفیدراڵی.[٢٩]

بڕگەی حەوتەم لە ماددەی دووەم لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێگرە لە دەستێوەردانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان، بەڵام لە پڕاکتیزەدا ئەم بڕگەیە رێ لە نەتەوە یەکگرتووەکان ناگرێ بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکان لە دەوڵەتانی کۆڵۆنیکراودا، لەکاتێکدا دەوڵەتانی تر کە کەمینە نەتەوەییەکان لەناو سنوری خۆیاندا دەچەوسێننەوە، هەمیشە جەخت لەسەر بڕگەی حەوتەم لە ماددەی دووەمدا دەکەنەوە بۆ پاراستنی سنوری جوگرافی سیاسی خۆیان. دیسان لێرەدا دەکەوینە بەردەم پێوەری دوولایەنییەوە کە پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی لێ هەڵگرێ. (ئەنتۆنیو کیسس) تانە لەم مەسەلەیە دەداو وای دەبینێ کە دانەرانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە(سان فرانسیسکو)، بیریان لە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین کردۆتەوە، کە لەخۆوە نابێتە سەربەخۆیی سیاسی، یان هەڕەشە لە سەروەری دەوڵەتانی سەربەخۆ.[٣٠]

دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی یەکێتی شۆرەوی، دۆخەکە گۆڕانی بەسەرداهات. هەندێ لە گەلانی ژێر سیستمی کۆلۆنیالی (ناوخۆ)، سەرباری بوونی پەیوەندی جوگرافی لەگەڵ هەرێمی دەوڵەتی سەربەخۆ، وەك گەلی ئەریتریا لە ئەسیوبیاو گەلی سلۆڤاکی لە چیکۆسلۆڤاکیا، هەروەها سەبارەت بەو دەوڵەتانەی لە یەکێتی شۆرەوی پێشوو و یوگسلاڤیای پێشوو هەڵتۆقیون. بەم پێیە راڤەکردنی تەقلیدییانەی بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی هات. ئیتر بەبێ هەڵاواردن، مافی چارەی خۆنووسین هەموو گەلێك دەگرێتەوە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی گرنگی مێژوویی بە ژمارە (١٥١٤) لە ساڵی ١٩٦٠ دا دەرکرد، کە بە بڕیاری کۆتاییپێهێنانی کۆلۆنیالیزم‌و

---

[٢٩] OveBring .S.191 .

[٣٠] OveBring .S.191 .

رزگاری گەلان ناوزەد کرا، ئەم بڕیارە بەتەواوکەری بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم لە پەیماننامە دادەنرێو دەبێتە رونکەرەوەی لێڵیو شاراوەیی ماددەکە کە لەخۆی گرتبوو، بڕیارەکە لە بڕگەی دووەمیدا نوسراوە(هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. لەسەر بنەمای ئەم مافەش دەتوانن بەئازادی بڕیاری دۆخی سیاسی خۆیانو هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو کولتووریان بدەن)، ئەم بڕیارە لەرووی تیۆرییەوە کۆتایی بەو راڤە کۆنەی بڕگەی دوو لە ماددەی یەکەم لە پەیماننامەدا هێنا، چونکە ئەم بڕیارە بە راشکاوی تێیدا هاتووە کە گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، بەڵام هەردوو ماددەی (١) و (٥٥) لە پەیماننامە بەشێویەکی گشتی تەنها باس لە پرەنسیپی مافی گەلان لەبڕیاری چارەی خۆنووسین دەکات.

بڕیاری کۆتاپهێنانی سیستمی کۆلۆنیالی، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکۆی دەنگ دەریچواند، بە بڕیارێکی تەوژمی یاسایی دادەنرێ، بەڵام لە رووی یاساییەوە بەبڕیارێکی گرنگ دادەنرێ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی تێگەیشتنی تازەی لەمەڕ ئازادیو سەربەرستی گەلان خولقاندو لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تری ژیانی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە کراوەتەوە. بەم پێیە لەسەروبەندی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، دەتوانین بڵێین مافی چارەی خۆنووسین کە پرەنسیپێکی سیاسی بوو، لەرۆژگاری سەرۆك (ویلسۆن)دا بە فەزڵی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو بڕیارەکانی تری ئەم رێکخراوە، وەرچەرخا بۆ پرەنسیپێکی یاسایی نێودەوڵەتی.[٣١]

سەرباری ئەوەی بڕیاری (١٥١٤) جەختی لەسەر مافی سەرجەم گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسین کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕگەی شەشەمی بڕیارەکە جەخت لەسەر پرنسیپی دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دەکاتەوە. کەواتە بڕگەی شەشەم بەئامرازێك دادەنرێ بەدەست دەوڵەتانەوە، بۆ دژایەتیکردنی جیابونەوەی بەشێك لە خاکی وڵاتەکەیان بەپێی مافی دەستوەرنەدانی دەوڵەتان لە کاروباری ناوخۆی یەکتریانو

---

[٣١]OveBring .S.192 .





ئەنجامنەدانی کارێك، کە ببێتەمایەی پارچە پارچەکردنی یەکێتی نیشتمانی دەوڵەتانی سەربەخۆ.

لەسەر ئەم بنەمایە، کاتێ ساڵی (١٩٦٣) یەکێتی ئەفریکا دامەزرا، لە بڕگەی سێیەمی ماددەی سێیەمی پەیماننامەکەی دا، پرەنسیپی رێزگرتنی سەروەریو یەکێتی دەوڵەتانی ئەندامی لە رێکخراوەکەدا دەربڕیوە.[٣٢]

ساڵی (١٩٦٦) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ، دانی بە دوو رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیدا نا، یەکەمیان دەربارەی مافە سیڤیلیو سیاسییەکانەو دووەمیشیان دەربارەی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووریەکانە. ئەم دوو رێکەوتننامەیە بە دوو رێکەوتننامەی تەوژمی نێودەوڵەتی دادەنرێن لەبواری مافەکانی مرۆڤدا، کە لەساڵی (١٩٧٦) کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم دوو رێکەوتننامەیە کە تا ئێستا نزیکەی (٩٥) دەوڵەت چوونەتە ریزیەوە، لە ماددەی یەکەمیدا جەخت لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ سەرجەم گەلان دەکاتەوە، وەك لە بڕیاری ١٥١٤ دا هاتووە کە لەماددەی یەکەمی هەردوو رێکەوتننامەکەدا مافی بڕیاری چارەی خۆنووسینو هەڵسوکەوتی ئازادانە بە سامانە سروشتیەکانەوە بۆ هەموو گەلان دەربڕاوە. دانانی ئەم ماددەیە لە رێکەوتننامە پەیوەستەکان بە مافی مرۆڤ، مەسەلەیەکی جێی تێڕامانو سەرنجە، چونکە ئەم مافانە هەمیشە پەیوەستن بە حکومەت یان دەسەڵاتی ناوەندییەوە، جا ئەم دەسەڵاتە سروشتێکی کۆلۆنیالی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەبێ.

ئەم دوو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییە دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، وەك لە پێشەوە باسمان کردن، لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بە تەوژمی دادەنرێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رێکەوتننامەکان لەمیانەی ماددەی یەکەمیدا سروشتێکی یاسایی تەوژمیان داوەتە مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام لەلایەکی ترەوە کارە ئامادەکارییەکانی ئەم دوو رێکەوتننامەیە ئەوە دەگەیەنن کە زۆرینەی ئەندامانی نێردەی بەشدار بوو

---

[٣٢]OveBring .S.192 .

وایان دەدایە قەڵەم، کە مافی چارەی خۆنووسین، مافی جیابوونەوە ناگرێتەخۆ.[٣٣] بەڵام دەبینین بەلانی کەمەوە لەیەك حاڵەتدا نێردەی شۆڕەوی بەڕاشکاوی پێچەوانەی ئەمەی ڕاگەیاندووە.

کاتێ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) ی لە ٢٤/١٠/١٩٧٠ دەرکرد، بڕیارەکە بە(FRD) ناوبراوە، واتە ڕاگەیاندنی پەیوەندی دۆستانە( Friendly Relation – Declaration) ئەم بڕیارە سەرەتا بنچینەییەکانی دانپێنراو لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی دەستنیشان ئەکا، کە پرنسیپی مافی گەلان لەبڕیاری چارەی خۆنووسین دەچێتەناو ئەم سەرەتایانەوە.

بەپێی ئەم بڕیارە، هەموو گەلێك بەئازادیو بەبێ دەستێوەردان، بڕیاری دۆخی سیاسی خۆی هەیەو دەبێ هەموو دەوڵەتێکیش بەپێی سەرەتاکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێز لەم مافە بگرێ. هەروەها لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە، پێویستە دەوڵەتان، لەو کاتەی گەلەکانیان داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، لە توندوتیژی دوور بکەونەوە، کاتێ گەلان پەنادەبەنەبەر بەرهەڵستی لە بەرامبەر توندوتیژی، دەتوانن لەبەر ڕۆشنایی ئامانجو بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کۆمەکی نێودەوڵەتی بکەن.

مافی چارەی خۆنووسینو مافی داواکردنی کۆمەك، کە لە بەڵگەنامەی (FRD) دا هاتووە، بەوە لێك نادرێتەوە کە دەرفەت دەدا، یاخود هاندەری هەمەکی یان هەندەکی ئەو کردەوانەیە، کە دەبنە مایەی هەڵوەشاندنەوە یا پێشێلکردنی یەکێتی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری، کە پرەنسیپەکانی یەکسانیو مافی چارەی خۆنووسین لەبەرچاو دەگرن.

ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی (FRD) ئەوە دەگەیەنێ، کە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی دەوڵەتان لەسەریانە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە ژیانی ناوخۆیاندا ڕەچاو بکەنو ڕێزی لێبگرن. کاتێ هەندێ دەوڵەت هەرگیز ڕێز لەم مافە ناگرن لە سیاسەتی

(٣٣)OveBring .S.193 .





ناوخۆییانداو بەشێوەیەکی ڕەها ڕاڤەی مەسەلەی سەروەریو یەکێتی جوگرافیا دەکەن، ئەوە مەسەلەکە ئاڵۆز دەبێ. لەم بارەشدا ناتوانرێ دەستوەردان لەکاروباری ئەم دەوڵەتانەو کۆمەککردنی گەلەکانیان، کە خوازیاری مافی چارەی خۆنووسینن، بە دەستێوەردانی ناڕەوا وەسف بکرێت. بەڵگەنامەی (FRD) وەك ماددەی (٧٦) لە پەیماننامەدا گریمانەی ئەوە دەکا کە دانیشتوانی هەرناوچەیەك دەتوانن لە چارەسەری تر، نەك سەربەخۆیی سیاسی تەواو، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسەنگاندنی هەرحاڵەتێك بە جیا ڕەزامەندی بنوێنن.

مەسەلەی مافی گەلان لە مافی چارەنووسداو دانانی لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە یاساییەکانی تر، بە مەسەلەیەکی ئاڵۆزو دژوار دەمێنێتەوە، بەهۆی بوونی ڕکابەریو ناکۆکی، کە لەنێوان پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسو پرەنسیپی سەروەری دەوڵەتانو یەکێتی خاکەکەیاندا هەیە. هەمیشە ئەو گەلانەی لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین خەبات دەکەن، لە خەباتو داواکانیاندا پاڵپشت بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، وەك یەکێك لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی یاسای نێودەڵەتی، پشت بە کۆمەکی نێودەوڵەتی دەبەستن، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە گەلانی خوازیاری مافی چارەی خۆنووسین کەوتونەتە چوارچێوەکەیەوە، لە ڕەتکردنەوەو بەرگرتن لە داخوازی مافی چارەی خۆنووسین، پشت بە پرەنسیپی سەروەریو یەکێتی خاك دەبەستن. بەو پێیەی ئەویش یەکێکە لە پرنسیپە بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو پرەنسیپە، بەڵگەنامەی (FRD) تارادەیەك ڕێگا دەدا دەوڵەتان پشت بە پرەنسیپی سەروەریو یەکێتی خاك ببەستن، بەمەرجێ ئەگەر ئەم دەوڵەتانە ڕێز لە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بگرنو ئەو گەلانە نەچەوسێننەوە، کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن. بە دەربڕینێکی تر، دەوڵەتان پێویستە لەسەریان ڕێز لە مافی چارەی خۆنووسین بگرن لەڕێی زامنکردنی مافە سیاسیو ئابووریو کولتووریەکانەوە لەمیانەی سیستمی یاسای نێوخۆی دەوڵەتەکەوە، بە نموونە لە ڕێگای ئۆتۆنۆمیەوە.

لەکاتی پشکنینی بەڵگەنامەی (FRD)، دەبینین دەقێکی سەرنجڕاکێش دەگرێتەخۆ کە دەڵێ:"هەموو دەوڵەتێك پێویستە لەو کردارانە دوور کەوێتەوە، کە بەشێوەیەکی هەمەکی یان هەندەکی دەبنەمایەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نەتەوەیی دەوڵەتێکی دیارکراو، یان حورمەتی یەکێتی خاکەکەی" ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەڵگەنامەی (FRD)، تەنیا داوا لە دەوڵەتان دەکات کە ئەم کردەوانە ئەنجام نەدەنو داوا لە کەسانی تری یاسای نێودەوڵەتی وەك ڕێکخراوەکانو بزوتنەوە رزگاریخوازەکان کە کەسایەتیەکی یاسایی نێودەوڵەتیان بەدەستهێناوە، ناکات. ئەم مەسەلەیە لە سەرەتادا بە نائاسایی دەرنەکەوت، چونکە بەڵگەنامەی (FRD) لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان، بەڵام چۆنیەتی دارشتنی دەقەکە، ئەوە دەگەینێ کە بەڵگەنامەی (FRD) دەرگاکان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ جیابوونەوەی گەلو کەمینە نەتەوەییەکان، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی مافی گەلان لە بڕیاری چارەنوسدا.

ئەم دەقە بەو مانایە دێ، کە گەلان لە خەباتیاندا لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین ئازادنو خەباتەکەیان بە رەوا دادەنرێ، ئەگەر لەگەڵ ئامانجو پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ناکۆك نەبێ.

**٢-٢ سروشتی یاساییانەی پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا.**

پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسدا ماوەیەکی دوورودرێژ، یان راستر بڵێین، تا کاتی دەرکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکانو چەسپاندنی پەیماننامەکەی، بە پرەنسیپێکی سیاسیو ئاکاری دوور لە چوارچێوەی یاسایی مایەوە. بە گرنگییەوە پرەنسیپەکە هاندەری سەرکردە ساسییەکان بوو لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا. هۆی سەرەکیش لەمەدا، بوونی گەلانێکی زۆر بوو کە لەپێناو سەربەستبوون لە سیستمە ئیمپریالیەکان خەباتیان دەکرد.

خەباتی ئەم گەلانەو چۆنیەتی کۆمەککردنیان، تەوەرەی ئەو ململانێیە بوو کە سەرەتاکانی لەنێوان دەوڵەتی تازەی شۆرەویو دەوڵەتانی رۆژئاوای کۆلۆنیالی، بەتایبەت لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان هاتبووە ئارا. سەرباری لە رادەبەدەری ئەم





گرنگی پێدانەش، کەچی پرەنسیپی چارەی خۆنووسین پرەنسیپێکی **یاسایی** نەبوو، هەروەها لە رووی یاسای نێودەوڵەتیشەوە مەسەلەیەکی تەوزیمی نەبوو. بەڵام ئەم مافە بووە بنەمای پێکهێنانی دەوڵەتی تازەی شۆرەوی، ئیتر زۆرێك لە گەلان وەك فینلەندیو پۆلۆنی، مافی چارەی خۆنووسینیان بە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان بە دەستکەوتو مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین بووە بابەتێك کە لە پەیماننامەکانی دەوڵەتی تازەی شۆرەویدا هاتبوو، کە لەگەڵ زۆر دەوڵەتی تردا واژۆی کردبوو.[٣٤]

مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین ئەوسا شانسی پاڵپشتی پێویستی نەبوو لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیەکان. وایان دادەنا ئەم مافە ناوەرۆکێکی سیاسییانەی نا تەوزیمی هەیە لە رووی یاساییەوە، بەڵام بەهۆی بەهێزبوونی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان، ئەم دەوڵەتانە ناچار کران دان بەم مافە دابنێن بە مەرجەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان. کە کەوتنە برەودان بە سیستمی ماندەیت لەجیاتی بەخشینی سەربەخۆیی بەو گەلانەی داوای مافی چارەی خۆنووسینیان دەکرد. دەتوانین ئەمە لە لێدوانی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی (لوید جۆرج) لە ٥/ك٢/١٩١٨ دا هەروەها بەیاننامەی (ویلسۆن) ی سەرۆکی ئەمریکا هەست پێبکەین.

ئەم بەیاننامەو لێدوانانە هیچ ئاماژەیەکی لەسەر داننانی یاساییو سروشتی تەوزیمیانەی مافی چارەی خۆنووسین نەگرتۆتەخۆ، بەڵکو چەند خاڵێکی گرتۆتەخۆ، کە مەرجی داناوە لەبارەی چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم مافە، هەروەها ئەم مافە بۆ هەندێ گەل دیاری کرابوو، بۆ هەندێکی تریش نا.[٣٥]

ئەم هەڵوێستەی رۆژئاوا، لەلایەن (فلادیمیر لینین) ی سەرکردەی دەوڵەتی تازەی شۆرەوی رەخنەی لێگیراو گوتی (سیستمی ماندەیت) ئەو سیستەمەیە کە سەرپۆشێکی یاسایی دەبەخشێت بە زوڵمو کۆیلەییو پاشکۆیەتیو برسێتی....هتد.[٣٦]

---

[٣٤] شەش فەسڵ لە یاسای نێودەوڵەتی، مۆسکۆ، ١٩٦٧، ل ٢١٠، (بەزمانی ڕوسی).

[٣٥] سیاسەتی نێو دەوڵەتی لە چەرخی نوێ دا، مۆسکۆ، بەشی دووەم، ١٩٢٦، ل ١٠٨، (بە زمانی ڕوسی).

[٣٦] فلادیمیر لینین، تەواوی دانراوەکان، بەشی (٤١)، ١٩٢٠، ل ٢٢٤. (بەزمانی ڕوسی).

دوای جەنگی دووەمی جیهان، دەوڵەتانی مەزنی ڕۆژئاوا ناچاربوون دان بە مافی چارەی خۆنووسیندا بنێن، بەڵام ئەم دەوڵەتانە بە دژکاری گۆڕینی مافی چارەی خۆنووسین بۆ پرەنسیپێکی یاسایی تەوزیم لە یاسایی نێودەوڵەتیو پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان مانەوە، پاش مشتومڕێکی دووروودرێژ لە نێوان دەوڵەتانی بەشدار لە کاری ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین خرایە ماددەی یەکەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو پێیەی بنەمایەکە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان گەلان، هەروەها ماددەی (٥٥) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی تەنها بە ڕێزگرتن لە پرەنسیپی یەکسانیو مافی گەلان لە چارەی خۆنووسین دا دێتەدی، بەڵام ماددەکانی (٧٣) و (٧٦) ی پەیماننامە سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو گەلانەی خاوەنی ئۆتۆنۆمی نینو کەوتوونەتە ژێر سیستمی سەرپەرشتیەوە، میکانیزمی دیاریکراویان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دیاری کردووە. گومانی تیا نییە ئەم دوو ماددەیە بنەما یاساییە نێودەوڵەتییەکانی خەباتی گەلان لە پێناو سەربەخۆیدا لاواز دەکەن.[٣٧]

دانانی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بووەمایەی ئەوەی بۆ یەکەم جار پرەنسپی مافی چارەی خۆنووسین بخرێتە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەوە. هەروەها ئەو پرەنسیپە لەلایەن زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر ڕێزگرتنو پێشکەشکردنی هەموو دەستاوێژێك ڕێکەوتبوون، بۆ بەدیهێنانی دانی پیانرا.[٣٨]

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەموو ئەو ماددانەی لە خۆی گرتووە، بە بەڵگەنامەیەکی یاسایی تەوزیمیانەی نێودەوڵەتی دادەنرێ بۆ هەموو دەوڵەتەکان، لەبەرئەم هۆکارەش، پرەنسیپی مافی گەلان لە چارەنووسدا سروشتێکی یاسایی

(٣٧) شەش فەسڵ لە یاسای نێودەوڵەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩-٢١٠. (بەزمانی ڕوسی).
(٣٨) تونکین، بنەماکانی یاسای نێودەڵەتی. مۆسکۆ، ١٩٧٠، ل ٧٣. (بەزمانی ڕوسی).





نێودەوڵەتی تەوزیمیانەی بەدەست هێناوە بەو هۆیانەی خراوەتە ناو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو چەسپاندنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینو تۆمارکردنی بە شێوەیەکی وردترو ڕوونتر لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی دەریکرد، بەردەوام لە کۆششدا بوو.

گرنگترین ڕووداوێك کە بووەمایەی گەشەسەندنی پرەنسیپی یەکسانیو مافی چارەی خۆنووسینو دانانی بە یەکێك لە سەرەتا بنچینەییەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، دەرچونی بڕیاری ژمارە (١٥١٤) لە (١٤/١٠/١٩٦٠) ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

دەربارەی پێدانی سەربەخۆیی بەو دەوڵەتانەی کە کەوتبوونە ژێر سیستمی کۆلۆنیالیەوە، لە بڕگەی یەکی دەقی بڕیارەکەدا هاتووە (هەموو گەلان مافی بڕیاری چارەی خۆنووسینیان هەیە. لەسەر بنەمای ئەم مافەش، دەتوانرێ دۆخی سیاسیو بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووری خۆی بە ئازادی دیاری بکات).[٣٩]

ئەم بڕیارە بەشداری لەپێدانی سروشتێکی یاسایانەی تەوزیمی نێودەوڵەتی بە مافی چارەی خۆنووسین کرد، ئەگەرچی لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە دەرچوو بوو.

سروشتی یاساییانەی تەوزیم بە مافی چارەی خۆنووسین لەو کاتەی هەردوو ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ ساڵی (١٩٦٦) دا ماددەیەکی هاوبەشیان دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینو دانانی بە مافێکی بنەڕەتی بە مافەکانی مرۆڤ گرتەخۆ وردترو ڕوونتر دەرکەوت. ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە سروشتێکی یاساییانەی تەوزیمیان بەخشیە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، بەوپێیەی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە لە نێوان دەوڵەتەکاندا. بایەخپێدانو داننانی

(٣٩) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە(١٥١٤) لە١٩٦٠ .

نێودەوڵەتی بەردەوام بە مافی چارەی خۆنووسین، لە دالآنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان درێژەی کێشا. کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی گرنگیان بە ژمارە (٢٦٢٥) لە (٢٤/١٠/١٩٧٠) دەربارەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بە پەیوەندیەکانی دۆستایەتیو هاوکاری نێوان دەوڵەتان بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرد، ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بڕیارەدا دانیان بە پرەنسیپی یەکسانیو مافی چارەی خۆنووسین ناوە، بەوپێیەی پرەنسیپێکی بنچینەیی گشتییە لە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی. بڕیارەکە تیایدا هاتووە (کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆکە لەسەر ئەوەی پرەنسیپی یەکسانیو مافی چارەی خۆنووسین بە تەوەرێکی بنچینەیی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ دادەنرێو بەدیهێنانو کارکردن لەپێناویدا گوزارشتێکی بناخەیی بۆ بەدیهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی نێوان دەوڵەتەکان پەیدا دەکا.[٤٠]

بڕیاری (٢٦٢٥) لە جێی بەڵگەنامەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی گرنگ دادەنرێ لە تۆمارکردنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، چونکە ئەم بڕیارە مانای مافی چارەی خۆنووسینو خەسڵەتە تەوژمیو گشتگیرییەکەی دەستنیشان دەکات. بەوپێیەی کە پرەنسیپێکی بنچینەییە بۆ یاسای نێودەوڵەتی.

شانبەشانی ئەمەش، بڕیارەکە سەرجەم دەوڵەتەکان ناچار دەکا کە بە شێوەی تەنیاییو دەستەجەمعی لەپێناو بەدیهێنانی پرەنسیپی یەکسانیو مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا کاربکەن لەبەر ڕۆشنایی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەرچوونی ئەم بڕیارانەی پەیوەندی بە مافی گەلی فەلەستین لە بڕیاری چارەنووسدا هەیە، لە بڕیارە تایبەتەکانە کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە لەمەڕ مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسینو جەختیش لەسەر خەسڵەتی تەوژمیانەی ئەم مافە دەکاتەوە.[٤١]

---

[٤٠] بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٢٦٢٥) ساڵی ١٩٧٠.

[٤١] بڕیارەکانی لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون (٢٥٣٥) ساڵی ١٩٦٩، بڕیاری ژمارە (٢٦٢٧) ساڵی ١٩٧٠، بڕیاری ژمارە (٣٢٣٦) ساڵی ١٩٧٤.





پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لەتەك نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگیپێدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو ناوچەییەکانی دەست کەوت، کاتێ ئەم ڕێکخراوانە چەندین بڕیاریان دەرکردو جەخت لەسەر مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسین دەکەنەوە، وەك ڕێکخراوی دەوڵەتانی بێ لایەن.[٤٢] دادگای دادی نێودەوڵەتیش لەسەر بنەمای پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین چەندین بڕیاری دەرکرد، لەمانە بڕیارەکانی پەیوەست بە کێشەی (نامیبیا) ساڵی (١٩٧١) و کێشەی (بیابانی خۆرئاوا) ساڵی (١٩٧٥).

یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ ڕێسای یاسای تەوژمیانەی فەرمانیو ڕێسای نێودەوڵەتی تەوژمیانەی نافەرمانی دەگرێتەخۆ. گروپی یەکەم کە ڕێسا تەوژمیە فەرمانیەکەیە، بریتیە لە ڕێسای تەوژمیانە، کە ناکرێ بە پێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو ڕێسای یاسایی تر سەرپێچی تیادا بکرێ یان بگۆڕدرێ. هەرچی گروپی دووەمە، ئەوە ڕێسایەکی تەوژمیانەی نافەرمانیە دەکرێ بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی گۆڕانی تیادا بکرێت.

ڕێسا تەوژمیە فەرمانییەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتان، یەکەمجار لە ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان لە ساڵی (١٩٦٩) دا لە ماددەکانی (٥٣) و (٦٤) دا تۆمارکراوە. لە دەقی ماددەی (٥٣) دا هاتووە (ئەگەر پەیماننامە لە ساتی بەستنیدا، لەگەڵ ڕێسای تەوژمیانەی گشتی یاسای نێودەوڵەتی پێچەوانە بوو، بە پوچەڵ دادەنرێ) و دەقی ماددەی (٦٤) دەڵێت: ئەگەر ڕێسایەکی تازەی تەوژمیانەی  نێودەوڵەتی، دەرکەوت هەموو ئەو ڕێکەوتنامانەی هەن کە پێچەوانەی یاسای تەوژمیە تازەکە بن، بەبێ بایەخ دادەنرێن.[٤٣]

گومانی تێدا نییە کە پرەنسیپی مافی گەلان لە چارەی خۆنووسین، بە پرەنسیپێکی بنەڕەتی لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ، ئەمەش بەڵگەنامە یاساییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر جەختیان لەسەر کردۆتەوەو

---

[٤٢] بزوتنەوەی بێلایەنی لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکاندا، مۆسکۆ، ١٩٧٥، ل ٦٥. (بە زمانی ڕوسی).

[٤٣] ڕێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩.

پرەنسیپە بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بە ڕێسای تەوزیم دەژمێردرێ. بەم هۆیەوە، ناتوانرێ سەرپێچی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بکرێتو ناوەڕۆکەکەی بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نێوان دەوڵەتان بگۆڕدرێت. ئەمەش زۆرینەی یاساناسانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر دەکەنەوە.

یاسازانی شۆرەوی (بلیشنکۆ) وای دەبینێ (پەرەسەندنی پرەنسیپی سیستمی کۆلۆنیالی بە هەموو شێوەکانییەوە، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین دەخاتە دووتوێی گروپی یاسای تەوزیمەوە).[٤٤]

هەروەك زۆرینەی یاساناسانی یاسای نێودەوڵەتی، ئاماژە بۆئەوە دەکەن. کەوا ڕێسای تەوزیم، بریتییە لەو ڕێسایانەی بە شێوەیەکی دەستەجەمعیو گشتگیری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پیادا دادەنرێ. تەنانەت زۆرینەی یاساناسانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا جەختیان لەسەر ئەم هەڵوێستە کردۆتەوە. (دیاکۆنی) نووسەری ڕۆژئاوایی وای دەبینێ کە (ڕێسای تەوزیم دەبێ ڕێسای گشتی بن لە یاسای نێودەوڵەتی، کە گشتگیری بەدەست هێناوە)[٤٥]

بەڵام دکتۆر (احسان هندی) لێکۆڵەری یاسای نێودەوڵەتی، دەڵێت (پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بە گرنگترین ڕێسای تەوزیم لە یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت)،[٤٦] هەروەها دادگای دادی نێودەوڵەتی لە چەندین بڕیاردا، بەتایبەت لە بڕیاری پەیوەست بە (نامیبیا) جەخت لەسەر سروشتی تەوزیمیانەی پرەینسیپی مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، لەوکاتەی بوونی بەڕێوەبردنی باشووری ئەفریکای لە (نامیبیا) بە ناڕەواو پێچەوانەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی نامیبی داوەتە قەڵەم. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان پێمان وایە مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا، بەوپێیەی کە یەکێکە لە پرەنسیپە بنچینەییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانی پیانراوە، بە ڕێسایەکی تەوزیم دادەنرێ، دواتر پێویستە هەموو دەوڵەتو لایەنەکانی تر ڕێز لەم ڕێسا تەوزیمە

---

[٤٤] بلیشینکو، هاوشێوەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، موسکو، ١٩٧٧، ل٤٣. (بە زمانی روسی).

[٤٥] Diaconi I.Normele imperative in droit international , Jus Cogens . P.89 .

[٤٦] د.احسان هندي ، مبادىء القانون الدولي العام ، دمشق ، ١٩٨٤ ، ص ١٢٤ .





بگرنو بە هەموو دەستاوێژێك کار بۆ پراکتیزەکردنی بکەن هەر سەرپێچییەکی ئەم ڕێسا تەوزیمیە، دەوڵەت یان لایەنی سەرپێچیکار دووچاری بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەکاتەوە بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو ماددەی (٥٣) ی ڕێکەوتننامەی ڤیەننا لە یاسای پەیماننامەکانی ساڵی (١٩٦٩).

خەباتی گەلان لە پێناو سەربەخۆییو تاوسەندنی ئەم خەباتەو هەروەها کۆمەکی دەوڵەتانو هێزە ئاشتیخوازەکان بۆ ئەم خەباتە، لەمیانەی کۆمەککردنیان بۆ تۆمارکردنی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لەو بەڵگەنامە یاساییانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون، ڕۆڵی بنچینەییان بینیوە، لە بەخشینی هێزی یاسایی تەوزیمیانە بە پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسینو دانانی بە ڕێسایەکی تەوزیمی.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە سەرباری ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین ڕێسایەکی تەوزیمیە لە یاسای نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەشدا بە کاریگەری جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە، جۆرێك لە کزبوونی بەخۆوە بینیوە.

ململانێی ئایدۆلۆژیو پێشبرکێی خۆپڕچەککردن لە نێوان ئەم دوو بلۆکەدا نێگەتیڤانە، کاری کردۆتە سەر خەباتو داخوازی هەندێ گەل لە پێناو بڕیاری چارەنووسدا. دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، مافی چارەی خۆنووسین پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، کەوا گەلانی تر توانیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن بە شێوەی سەربەخۆیی بەپێی سروشتی یاساییانەی تەوزیمی بۆ مافی چارەی خۆنووسین. ئێستاش مافی چارەی خۆنووسین بۆتە گرنگترین ڕێسای تەوزیمی لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین گەلی ترکە هێشتا بەهۆی بوونی هەندێك بەربەست نەیانتوانیوە مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بهێنن، کە گرنگترینیان پرەنسیپی ڕێزگرتنی سنووری دەوڵەتانو سەروەریانە، کە دەبێتەمایەی دواخستنی هەندێ گەل لە بەدیهێنانی مافی چارەنووسی خۆی. لەمانەش گەلی کورد لە عێراق کە دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی کەنداو، قۆناغی زۆری بڕیوە لە ڕێڕەوی بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسیندا.

## سەرەنجام

مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسدا تا دەرکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕاگەیاندنی پەیماننامەکەی، لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بە پرەنسیپێکی سیاسیو ئاکاری نا تەوزیم مایەوە.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە کاتی بەڵگەنامەکردنیدا لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی تری لەم ڕێکخراوە دەرچوون، بۆتە پرەنسیپێکی یاسایی نێودەوڵەتی.

مافی چارەی خۆنووسین دوو لایەن دەگرێتە خۆ: لایەنی ناوخۆییو لایەنی دەرەکی. لایەنە ناوخۆییەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو گەلێك مافی خۆیەتی بە ئازادی سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتیو، ئابووریو کولتووری دیاری بکاو هەڵسوکەوت لەگەڵ سامانی سروشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ بکات. لایەنە دەرەکییەکەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو گەلێك مافی خۆیەتی چارەنووسو ئایندەی سیاسی، لەمیانەی سەربەخۆییدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیاری بکا.

مافی چارەی خۆنووسین دەکرێ بە شێوازی تر، نەك جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەدی بێت، وەك ئۆتۆنۆمیو فیدرالیزم. بەڵام سەربەخۆیی یان پێکهێنانی دەوڵەت، بە گرنگترین شێوەکانی مافی چارەی خۆنووسین دادەنرێ. هەموو گەلانیش لەسەرەنجامدا هەوڵ بۆ ئەم چارەسەرە دەدەن، تەنانەت لە دۆخی بڕیاری چارەنووسدا بە شێوەی تر لە قۆناغی دیاریکراوی خەباتیدا.

هەموو گەلو نەتەوەیەك، بەبێ جیاوازی مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، ئەمەش بەمەرجی بوونی هەندێ خەسڵەتی هاوبەش کە گەلێك کۆ دەکاتەوە بە شێوەیەك، کە بتوانێ بە گەلێکی سەربەخۆ دابنرێ، گرنگترینی ئەم خەسڵەتە هاوبەشانەش، بوونی ناوچەیەکی جوگرافی هاوبەشی ئەم گەلەو هەروەها زمانو کولتووری هاوبەشیش دەگرێتەوە.





مافی چارەی خۆنووسین بۆتە ڕێسایەکی تەوزیمی لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ بە کرداری بە بەڵگەنامەکردنی پرەنسیپەکە لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیەکاندا.

پرەنسیپی مافی گەلان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا چۆتە قۆناغێکی تازەوە، جارێکی تر دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد بۆتەمایەی بایەخپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی زۆربەی زۆری گەلان.

## کۆتایی

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین گرنگییەکی گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، بەوپێیەی بنەمای پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤو بەدیهێنانی ئاسایشو هاوکاری نێودەوڵەتی نێوان گەلانە. لە ڕوانگەی ئەم ڕاستیەوە، پرەنسیپەکە لەو کاتەوەی خراوەتە ناو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانو لە بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی تردا جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەرچەرخاوە بۆ پرنسیپی یاسایی لە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ.

بەهۆی ئەم گرنگیپێدانو زیندوویەتییەی بابەتی مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسدا، پرەنسیپەکە بۆتە ڕێسایەکی یاسایی تەوزیمی، کە ناتوانرێ دەستکاری بکرێت یان بە ڕێکەوتنی نێوان دەوڵەتان ڕەتکرێتەوە.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کەوا پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، لەوانەیە لەگەڵ پرەنسیپی ڕێزگرتنی سنوورو سەروەری دەوڵەتان ناکۆك بێت، بەڵام ئەم ناکۆکبوونە بەهۆی خەباتی بەردەوامی گەلان لە پێناو سەربەستیو قەبوڵنەکردنی سیستمی هەژمون بە هەموو شێوەکانیەوە، لەلایەن گەلانەوە پاشەکشەی کردووەو ئێستا لە کەمترین ئاستدایە.

دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، زۆرێك لە گەلان مافی خۆیان لە بڕیاری چارەنووس بە دەست هێناوە، وەك گەلی ئەریتریا لە ئەسیوبیاو گەلانی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات. گەلانی تریش هەن کە تا ئێستا لە خەبات دانو داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن،

وەك گەلی كورد لە توركیاو ئێرانو سوریا. خەباتی گەلی كورد لە عێراق، تا ئێستاش لەپێناو پەرەپێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەردەوامە.

بە دیهاتنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ سەرجەم گەلان، توخمێكی بنەڕەتییە بۆ بەدیهاتنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا. بۆیە ئەم بابەتە بە بابەتێكی زیندوو دەمێنێتەوەو پێویستە لێكۆڵەران لەم بوارەدا لێكۆڵینەوەی بەردەوام بۆ ئەم بابەتە بكەنو گرنگی زۆری پێبدەن .

## سەرچاوەكان


### یەكەم: بە زمانی عەرەبی :

د.احسان هندي، مبادیء القانون الدولي العام، دمشق، ١٩٨٤.

د.فخري رشید مهند، د.صلاح یاسین داود، المنظمات الدولیة، جامعة الموصل.

د.محمد سعید مجذوب، الحریات وحقوق الانسان، بیروت، ١٩٦٦.

### دووەم بە زمانی ئینگلیزی :

١- Jan Brownlie , An Essay in the history of the principle of self-Determination, Jrotion society papers 1968,the Hague 1970 .

2- Cristtescu A the right of self – detminatin E\cn41 sub 21 4041 revl UN- 1981 .

3- Crawford j, "peoples"or'governments " Oxford- 1988.s.6

4- Crawford j, The aeration of states in intenational law, oxford – 1979 .

5- Eagleton C. self determination in the United Nations (AGIL). V.47 , 1953 .

6- Tukin G, international Law , Moscow ,1986 .

7- The fourteen points, wilson's address to Congress January 8, 1918 ,point VHenry steel commager ( Ed ) , documents of american History , newYork 1949 .







8- Eyassn Gayim , the united nations Law on self determination and indigenous poples,51 nordisk pidsktift for intemationemm Ratt 1982.

9- Martinez cobu j, study of the problem of discrimination against indigenous populations, vol .5 , E\cn41sub2,1986 .

### سێیەم ⁄ بە زمانی رووسی :

١-براتاشیڤلی،لە پێناوئازادی وسەربەستیدا،مۆسكۆ،١٩٦٠.

٢-بلیچینكۆ، هاوشێوەكان لەیاسای نێودەوڵەتی دا، مۆسكۆ،١٩٧٧.

٣-تۆن كین، بنەماكانی تیۆری یاسای نێودەوڵەتی، مۆسكۆ،١٩٧٠.

٤-د.پشتیوان علی عبدالقادر، لایەنە یاساییە نێودەوڵەتیەكانی مافی گەلی كورد لەدیاری كردنی چارەنووس، تێزی دكتورا، زانكوی كیف، ئوكرانیا ١٩٨٩.

٥- بزوتنەوەی بێلایەنی لەبەڵگەنامە وبلاوكراوەكاندا، مۆسكۆ،١٩٧٥.

٦- ستاروشینكا، شۆڕشەكانی جیهان و یاسایnێودەوڵەتی هاوچەرخ، مۆسكۆ،١٩٧٨

٧- سیاسەتی دەرەكی یەكێتی شۆرەوی لەكاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، وەزارەتی دەرەوەی شۆرەوی، بەشی سێ یەم، ١٩٨٩.

٨- سیاسەتی نێودەوڵەتی لە چەرخی نوێ دا، بەشی دووەم، ١٩٢٦ .

٩- شەش فەسل لە یاسای نێودەوڵەتی دا، مۆسكۆ، ١٩٦٧.

١٠- فلادیمیر لینین، تەواوی دانراوەكان، بەشی(٤١)، مۆسكۆ، ١٩٢٠.

### ضوارةم/ بة زماني سويدي:

1- Ove Bring, FN – stadgan och världspolitiken , Göteborg 2002

2- Johannes Eriksson & Wilhelm Virgin Ålands frågan1917 – 1921 stockholm 1961

3- Utriks politiska Jornal , Utriks department , Stockholm , juni1990

4-Pshtiwan Ali Abdulkadir självbestämmande och folksrätt, stockholms university , 1993 .

**پێنجەم/ بە زمانی کوردی:**


**د. مارف عمر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩،**

**رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٣ /٦/٢٠٠٦**


**شەشەم / بەڵگەنامەو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان ( بە زمانی عەرەبی )**


١ - پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. (دەقی عەرەبی).

٢ - رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە سیڤیلیو سیاسییەکانی مرۆڤ، ١٩٦٦.

٣ - رێکەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو کولتووریەکانی مرۆڤ ١٩٦٦.

٤ - رێکەوتننامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان. ١٩٦٩.

٥-بڕیاڕی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٦٣٧) لە١٦/١٢/١٩٥٢.

٦ بڕیاڕی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (١٥١٤) لە ١٤/١٢/١٩٦٠.

٧-بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٦٢٥) لە ٢٤/١٢/١٩٧٠.

٨-بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٥٣٥) لە ١٩٦٩.

٩-بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٣٢٣٦) لە ١٩٧٤.

١٠-بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٦٨٨). ١٩٩١.






# سیاسەتی ئەمریکا لەعیراق سەرەتایەکی بزڕکاو و داهاتوویەکی لێڵ

مامۆستا جەعفەر

**پرسیارەکەی من، هاوتەریبی دووری پرسیارەکەی بێرنارد لویسە، کە پاش رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ کردوویەتی:**

**(چ هەڵەیەك رووی داوە؟ What went wrong?) هەرچەند پرسیارەکەی ئەو، حەوت ساڵ پێش پرسیارەکەی من کراوە، بەڵام لەبڕگەیەکدا یەکتربڕین بەدی دەکرێت: سیاسەتی ئەمریکا بە چ ئاڕاستەیەکی پێچاوپێچدا تێدەپەڕێتو ئەم هەڵەو کەمو کووڕییە، چەند زیان بە بەرژەوەندی ئەمریکاو گەلانی تریش دەگەیەنێت؟**

**ئەو باسی کارتێکردنی رۆژاوای کردووەو چۆن لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دەنگی داوەتەوە؟ پرسیارەکەی من تەنیا لەڕووی کاتەوە جیاوازی نییە، بەڵکو لەناخی دڵەوە ویستوومە دوای سێبەرو تارمایی هەڵەی ئیدارەی ئەمریکی لەعیراقدا بکەوم، کە ئەو زنجیرە هەڵەیەی لەعیراق کردوونی، چەند بەقازانجی هێزو گروپە دژ بەئەمریکییەکان بووە.**

گرێدانی ئەم نووسینە بەکتێبەکەی بێرنارد لویسەوە، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ کێشەی ڕەخنەگرتن لەئەمریکا، کە لای زۆر کەس، هەر ڕەخنەگرتنێك، دردۆنگییەك دروست دەکات، کە بۆنی بەرەی دژایەتی ئەمریکای لێوە دێت!

## نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەمریکا خۆی بەگەورەترین هێزی ئابووریو سیاسیو عەسکەریو تەکنۆلۆجی جیهان دادەنێت. ئەم دەوڵەتە، خۆی بەخاوەن پەیامێکی دیموکراسیو مۆدێرنو مرۆڤانە تێدەگات، نەك دەوڵەتێك، تەنیا هێزێکی عەسکەریو ئابووریو تەکنۆلۆجی مەزنی هەبێتو هیچ پەیامێکی سیاسیو ئەخلاقیو مرۆڤانەی نەبێت.

بڕیاری ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی بەغدا ساڵی ٢٠٠٣، لەلایەن ئەمریکاوە، تەنیا لەسۆنگەی پێویستی گۆڕینی ڕژێمێك بوو، کە لەناوەوەو دەرەوە، بیانووی سەروەریو شەرعیەتو مانەوەی لەدەست دابوو. خەڵکی عێراق، بەخەباتی سیاسی نهێنیو جەماوەریو چەکدارو ڕاپەڕینو کودەتا، لەماوەی (٣٥) ساڵدا، بەهێزی زاتی خۆی، نەیتوانی بەردی مۆتەکەی ڕەشی فاشیزم، لەسەر سنگی خۆی لابەرێت. ئەم حاڵەتە لەمێژوودا وێنەی زۆرە: گەلانی ئەڵمانیو ئیتالیو یابانی، بەهێزی خۆیی خۆیان نەیان دەتوانی درز، لەمەکینەی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی خۆیان دروست بکەن، نەیاندەتوانی دەستپێشخەریو جوڵانەوە بکەنو وڵاتەکەیان لەچنگ ڕژێمی فاشیو نازی ڕزگار بکەن: کاریگەرێتی ئایدۆلۆجیاو سڕکردنی هۆشی سیاسیو مرۆڤانە، وێڕای وردیی چنینی تۆڕو دەزگای چاودێریو هەواڵگریو سەرکوتکردنو ئاسانی لەناوبردن، لەسێبەری هەڵپەساردنی دەوڵەتانی قانوونو سڕینەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.. لەناوچوونی ئەم جۆرە سیستمە لەدیوی ناوەوە، جۆرێکە لەخەونو ئەفسانەو خەیاڵ، تەنیا ڕێگەی پەلاماری دەرەکی بەکراوەیی دەمێنێتەوە. نازییەکان، دووەم جەنگی جیهانییان هەڵگیرساندو بەلەشکرکێشی هاوپەیمانەکان بۆ ناو بەرلینو ڕۆماو تۆکیۆو بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کۆتایی پێهات.





داگیرکردنی ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یابان، لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، بووژاندنەوەیەکی ئابووریو سیاسیو کولتووری گەورەی بەدوادا هات. ئەڵمانیا بەگەڕانەوە بۆ یادەوەرییە زێڕینەکانی کۆماری ڤایمار (١٩١٩ـ١٩٣٣)، توانی ببێتە یەکێك لەپێشەنگەکانی دیموکراتی. ئەمریکییەکان، سیستمی ناوەندێتییان بە "ڕەگی گولی" دروستبوونو سەرهەڵدانی ڕژێمی تۆتالیتێریو فاشی تێدەگەیشتنو ڕێگەیان نەدەدا، ڕژێمی ناوەندی سەرلەنوێ پێکبهێنرێتەوە. بۆیە سیستمی فیدراڵی دروستکراو ڕێگە نەدرا، جارێکی تر، هەموو دەسەڵاتەکان، لەناوەند کۆببێتەوەو تەنیا سەرۆك کۆمار، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (کانسلەر) هەموو دەسەڵاتەکانی لەناو دەستدا، چڕ بکرێتەوەو دیکتاتۆرێکی تر سەرهەڵبداتەوە.

سەرکردەکانی ئەمریکا، بڕوای تەواویان بەتیۆری (دۆمینۆ) هەبوو: یەك پارچە بکەوێت، هەموو پارچەکانی تر، یەك بەدوای یەکدا دەڕووخێن. ئەوان دەیانویست نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن! شێوەیەکی دیموکراسی مۆدێرن، کراوە، گەشەکردوو، جێگە بەڕژێمە نادیموکراسییە کلاسیکییە داخراوەکان لێژ بکات. ڕووخاندنی عیراق، دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕژێمێکی دیموکراسی، کراوە، مۆدێرنو گەشەکردوو. ئەم (مۆدێل)ە، تیشکدەداتەوە، ڕەنگدەداتەوەو کاریگەری بۆ سەر سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. ئەم خەونە یەکێك لەپاڵنەرو مۆتیڤەکانی بڕیار بەرپاکردنی شەڕبوو دژ بەڕژێمی پێشوو. بێگومان باجدەری ئەمریکی ئامادە نییە بەرنامەیەك پەسەند بکات، بەشەڕ هەڵگیرساندن دژی ڕژێمێك، دیمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت.

پڕۆسەی دیموکراسی، یەك کارو یەك هەنگاوو یەك بڕیارو یەك گۆڕانکاری ڕووکەشو سادە نییە، بەڵکو خەباتێکی چڕو پڕو دوورو درێژو بێوچانی دەوێت. هەرەسهێنانی حکومەتی چاوچیسکۆ لەبوخاریست، ڕاپەڕینی پراگو بودابستو بەرلینی ڕۆژهەڵاتو مۆسکۆی بەدوادا هات. مەرج نییە هەڵکردنی شنەی شەماڵی دیموکراسی، لەیەکێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویدا، ئیدی سەرتاپای

نەخشەکە بگۆڕێت، مەگەر تەنیا لەیەك حاڵەتدا، گۆڕانەکە، لەناوەوە روویدابێت و هاوشێوەیی، لەپێکهاتەی سیاسی و سترکتووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەبێت.

راستییەك هەبوو، کە گەورە داڕێژەرانی ستراتیجی ئەمریکی رەچاویان نەکردبوو، ئەویش ئەوەیە گەشەکردنی چیکسلۆڤاکیای جاران و هەنگاریاو ئەڵەمانیای رۆژهەڵات، لەڕووی سیاسی و کولتووری و گەشەکردنی ئابوورییەوە هەر زۆر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازن. راستە سیستمی سیاسی عیراقی پێش ٢٠٠٣ و رۆمانیای پێش ١٩٨٩ دەتوانرێت بەرژێمی تۆتالیتێر دابنرێن، بەڵام مەرج نییە ((هەرکەس سمێڵی سوور بوو، ئیتر ئەوە هەمزە ئاغا بێت!)). رەنگە ئەم بەراوردە رووکەشە، سەرکردە بڕیار دروستکەرەکانی پنتاگۆنی بەهەڵەدا بردبێت.

دەبێ ئەوەشمان بیرنەچێتەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی ساڵی ١٩٨٩ لەئەورووپای رۆژهەڵات روویاندا، لەدەرەوە نەسەپێنرابوون، لەناوەوە، ئەو وڵاتانە پێگەیشتبوون و رژێمەکانیان گەیاندبووە بنبەست. لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەندو مەڵبەندی سەرهەڵدانی سێ ئاینی مەزن، هێشتا زۆر خەڵك پێیانوایە لەسەرەتای بازنەی یەکەمی مێژوودا دەژین. بەشەکەی تر، بەلەش لێرەیە و بە بیرو هۆش لەدیترۆیت و نیوجەرسی و ئۆهایۆ دەژین. خەڵك لێرە بڕوایان بەوە نییە، خۆیان دەتوانن واقیع، بەشێنەیی بگۆڕن، بەڵکو بڕوایان بەوە هەیە سەرکردەیەك دەتوانێت، بە چاوترووکاندنێك رەوتی مێژوو بگۆڕێت.

پلاندانەرانی ستراتیجی، لەئاسۆی بینینی داهاتوودا، دروستبوونی کۆسپ و هەڵەمووت و بەردی رێگایان نەدەبینی: توانای دەوڵەت و هێزو رێکخراوە نهێنی و ئاشکراکانی ناوچەکە، لەبەرچاویاندا بەرجەستە نەدەبوو. چاوەڕوانی کاریگەرێتی (دۆمینۆ) بوون. بەردێك بخەنە گۆمێکی مەنگەوە، سەرەتا بازنەیەکی بچووك، پاشان بازنەیەکی گەورەترو گەورەتر دروست دەبێت.. تاد. چاوەڕوان نەبوون، ئەو بەردەی دەیهاوێژن، بەر بەردێکی رەق بکەوێت و هەزاران پریشکی لێ بێتەوەو بەرەو دواوە هەڵبەزێتەوەو بەر دەم و چاوی خۆیان بکەوێت. پارچەکانی (دۆمینۆ) بەسەریەکتردا نەڕووخان. لەهەر چوارلاوە زەنگی مەترسی بەقایمی لێدرا، هەرهەموو کەوتنە خۆ





قایمکردن و خەریکی ئامادەکاری بوون. لەبری ئەوەی چاوەڕوان بن، پریشکی راپەڕین و هەڵسانەوەی دیموکراسی، بکەوێتە پووش و پاوەنیانەوە، ئەوان دەستپێشخەرییان کرد و کۆنترۆڵی سەر سنوورەکان شل و خاو کرایەوە بۆ تەراتێنکردنی گروپە توندڕەوو ئیسلامییە چەکدارەکان. چاوپۆشی لەدامەزراندنی بنکەی رەش و تیرۆریستی نهێنی کرا، لەناو خاکی ئەواندا، یارمەتی لۆجستی رەوانە بکەن و دەیان شێوەی تری پشتیوانی بۆ بەردەوامبوونی پەرەپێدانی شەپۆلی کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەو وێرانکردن. ئەم ئاهەنگ گێڕان و میوانداری و پشتیوانییە، تەنیا بۆ یەك مەبەست بوو، ((پرۆسەی ئازادی)) لەناو خوێنی خۆیدا بگەوزێتەوەو عیراق نەبێتە (مۆدێل)ی دیموکراسی و فیدراڵی و بووژاندنەوەو پێکەوە ژیان و پێشکەوتن. بەپێچەوانەوە بۆ دۆخی پێش ٢٠٠٣ بگەڕێتەوەو رێگە نەدرێت خەڵك خەون بەنان و ئازادییەوە ببینن.

## گۆڕینی دیکتاتۆرێك بەدیکتاتۆرێکی تر

ئایا ئیدارەی ئەمریکا، هەر لەسەرتاوە، دەیەویست رژێمی دیکتاتۆری، بە رژێمێکی دیموکراسی بگۆڕێت، یان نەیدەویست هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر سترکتووری بەڕێوەبەرایەتی و سوپاو دەزگای هەواڵگری و پەروەردەو دادو تەندروستی و فەرهەنگیدا بهێنێت؟

ئایا ئەمریکییەکان دەیانویست کودەتایەکی ((سپی)) لەناو ((کۆشکی کۆماری))دا بکرێت و تەنیا لووتکەی هەرەمی دەسەڵات بە ((لووتکە))یەکی نوێ ئاڵوگۆڕ بکرێت؟

ئایا ئیدارەی ئەمریکی دەیتوانی لەگەڵ سەرانی سوپا، یان دەزگاکانی هەواڵگریدا، گرێبەستی نهێنی ئیمزا بکات؟ جوڵانەوەیەکی کودەتایی بکرێت و تەنیا (٥٥) کەس، بەمقاش دەربکرێن و دەسەڵات رادەستی جەنەڕاڵێکی مەزن، یان ئەفسەرێکی بچووك بکرێت؟

هێزی چەکدارو دەزگاکانی چاودێری و هەواڵگری نهێنی، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کۆنترۆڵ کرابوون، سادەترین مەترسی هەڵگەڕانەوەو گواستنەوە بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن و پڕۆژەی

کودەتا، لاوازترین گریمانە بوو. بێگومان ئەمریکاو دەزگای هەواڵگری CIA ئەو راستییەیان چاك دەزانی هێزی دەزگا هەواڵگرییەکانو چەکدار، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، سەدان جار پاکتاو کرابوونو بێژرابوونو تەکێنرابوون، سەرە دەرزی گومان بۆ کاری رێکەوت جێنەهێڵرابوو. دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی رژێمی پێشوو، هاوشێوەی دامەزراوەی ((گستاپۆ))و ((SS)) بوون. بەئایدیۆلۆجیای رەگەزپەرستانە تێراو کرابوونو لەسەر مردن بەبێدەنگیو ملکەچێتیو چاونووقاندنو ویژدانسڕبوون راهێنرابوون.

ئەفسەرەکان تەنیا لەسەر سەردانەواندنو بەرژەوەندی پاراستنو دڵسۆزی بۆ ((سەرکردەی مەزن)) راهێنرابوون. زۆربەی ئەو ئەفسەرانە لەسەر بێبڕواییو گومانو ترس راهێنرابوون. بەم شێوەیە تارمایی مێردەزمەی کودەتا دوورخرابووەوە: دەستی راست نەیدەتوانی بڕوا بەدەستی چەپ بکات!

ئیدی ئەمریکا بەتەماش نەبوویێت، دەستکاری ((لووتکە))ی دەسەڵات بکاتو تەنیا لەدیوی دەرەوە، بەبۆیاخو کاغەزی زەردو سوور، دەمو چاوی دزێوی رژێمی پێشوو، بشارێتەوەو هەندێ جێگۆڕکێی رووکەشو لاوەکی بکات بۆ دەربازکردنی دەوڵەتو رێگە نەدان بەدروستبوونی بۆشایی سیاسیو لەدەستدانی ئاسایش، نەیتوانی بڕوا بەتیۆری کودەتای سەربازی بهێنێت. ئەو ئەگەرە لەگەڵ ئەگەرەکانی تر لەبیر برایەوە، چونکە لەناوەوە نەدەتوانرا، ژمارەیەك ئەفسەرو جەنراڵ بۆ کودەتا بەرپاکردن هان بدرێن..

ئیدارەی ئەمریکی سوور دەیزانی دەسەڵاتی سەدام، بەش بەشو فرە پۆل نییە: حزبی بەعس، سوپا، موخابەرات، ئەمن، فیداییەکانی سەدام، سوپای کۆماری...هتد، هەر هەموو لەبنەوە، بەشێوەیەکی ئاڵۆز بەیەکەوە گرێدراو بوونو چاودێری یەکتر دەکەنو کێبڕکێ لەسەر راپۆرت نووسینو پیلانگێڕان دژی یەکتر دەکەن. هەر یەکە دەیەوێت، بەدزێوترین شێوە، دڵسۆزی خۆی بۆ سەرۆك بسەلمێنێت. ئەو ((هەرەم))ە سەروبنی پێکەوە گرێدراو بوون. ناتوانرێت تەنیا ((لووتکە)) بگۆڕدرێت، یان چەند بەردێکی





دیوارەکەی بەخشکەیی دەربکرێتو سەرجەمی ((هەرەم))ەکە هەرەس نەهێنێتو ژێرو ژوور نەبێت.

کێشەی بڕیار بەدەستە گەورەکان ئەوەبوو، نەیاندەزانی چۆن ((رژێمی پێشوو))و ((حیزبی بەعس)) ریشەکێش بکەن؟ پاش یەك دوو هەفتە لەداکۆکیکردنی سوپای عیراقو خۆڕاگرتنی بەرەکانی شەڕ، بەشی زۆری سەربازەکان هەڵاتن. بەڵام کێشەی پاش رووخاندنی رژێم، هەڵوەشانەوەی سوپای یەك ملیۆنی نەبوو، بەڵکو کادری سیاسیو دەزگای ئەمنو موخابەراتو ئەفسەرو جەنەڕاڵەکانی پاسەوانی کۆماری بوو. گورزە کوشندەکان بەر بڕبڕەی پشتی ئەوان نەکەوتن. تەپو تۆزی شەڕ یارمەتی دان، لەشانۆی کاری ئاشکرای دەوڵەتییەوە بۆ کەناڵو تونێلە نهێنییەکانی ژێر زەوی، خۆیان بشارنەوە. واتە: لێکدانەکە دوا ((شانە))و ((هێڵ))و ((کلیل))ی کاری تیرۆریستی ئەوانی وردوخاش نەکرد. ئەم دامەزراوانە توانای ئەوەیان هەبوو، سەرلەنوێ چەك هەڵبگرنو بکەونە جموجوڵو پیلانگێڕانو پەلامارو هێرش. بەناوی دامەزراوە کۆنەکانی خۆیانەوە کاریان نەدەکرد، دروشمی ((نەتەوەیی))و ((عەرەبچێتی))یان بەرز نەکردەوە، ئالای دینو ئیسلامو ((جیهاد)) بەرز کرایەوەو رێکخراوی ئیسلامی چەکدار هاتە پێشەوە، بەڵام بەتەکنیکی کوشتنو بڕینی جارانو مەزهەبگەریو تەقاندنەوەو هەڵڕشتنی دواکەوتووترین رقو ژەهراوی تایفەگەری.

کەناڵە ئاسمانییەکان تەواوکەری کاری میدیاو پڕوپاگەندەی ئەوان بوون. لەدەرەوەی سنوورەوە، لەهەر چوارلاوە، باشترین پشتگیری لۆجستیان بۆ دەستەبەر کرا.

## لاوازکردنی ئێران

رەنگە بڕیار داڕێژەرەکانی ئەمریکا، کە عیراقو ئێرانو کۆریای باکووریان بەسێ کوچکەی شەڕ ناودەبرد، پێیانوابوویێت، بەلێدانی عیراقو داخستنی سنووری رۆژهەڵاتی عیراق، ئیدی ئێران دەکەوێتە نێو دوو بەرداشی (ئەفغانستانو عیراق)ەوە، کە لەهەردووکیاندا دوو حکومەتی نوێی ((دۆستی))ی ئەمریکا لەسەر کارن.

ڕووداوەکان، سەرەتای ٢٠٠٩ واتە: هەشت ساڵ پاش رزگارکردنی ئەفغانستانو پێنج ساڵ دوای ئازادی عیراق دەریانخست، هەرچی ئەمریکا کردوویەتی، بەشێکی گرنگی نە بەقازانجی سیاسەتو بەرژەوەندی خۆی بووە، نە ئێرانی پێ لاواز بووە..

حکومەتی کەرەزایی، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی چاودێرو پسپۆرە سیاسییەکان، نزیکەی ٣٠٪ خاکی ئەفغانستانی بەدەستەوە ماوە. لەپاکستان گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەناوچەکانی رۆژئاوا دەسەڵاتی خۆیان دەنوێنن. شەپۆلی توندوتیژی رۆژ بەڕۆژ پتر پەرەدەسێنێت.

راستە لەعیراق توانراوە، بەرە لەبن پێی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەربهێنرێت، بەڵام ئەم ((سەرکەوتن))ە، سەرکەوتنی حکومەتێکە، کە دەیەوێت سیستمی مەرکەزی بەهێز بکاتو بەخشکەیی خۆی لەدەستووری عیراقی فیدراڵی بدزێتەوە. کەواتە: ئەمە سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی نییە بەسەر تیرۆرو دواکەوتنو نادیموکراتیو نافیدرالی! هێزە دیموکراتو ئاشتیخوازو میانڕەوو مۆدێرنەکان، بەگەرمی پشتگیریان لەلێدانو خەفەکردنی رێکخراوە تیرۆریستیەکان کرد. ئەم هێزانە پێیانباشبوو، ئاسایشو هێمنیو ئاشتی بۆ ناوەڕاستو خوارووی عیراق بگەڕێتەوە.

گەڕانەوەی ئاسایش، شایانی دەستخۆشیو یارمەتیو پشتگیرییە، بەڵام نابێ فیدراڵییەتو دیموکراسیو داهاتووی گەلەکەمانی بەقوربان بکرێت. ئەمریکا ئەگەر پێیوابێت، بە لەناوبردنی گروپە تیرۆریستییەکان، سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەستهێناوە، ئەوە ((وەهم))ەو خەونێکی نەزۆك! ئەمریکا نەهاتووە بۆ ئەم وڵاتە تەنیا بۆ رووبەڕووبوونەوەو پێکدادان لەگەڵ رێکخراوە تیرۆریستییەکان. ئەمە دەرهاویشتەی پرۆسەی ئازادیو سیاسەتی دەستێوەردانی دەرو دراوسێیە، کە نایانەوێ لەسەر ئەم خاکەدا گوڵی دیموکراسیو ئازادیو فیدرالیزم بپشکوێ!

رەنگە هەندێ ستراتیجی گەورەی ئەمریکی پێشبینی ئەوەیان کردبێت، پرۆسەی ئازادیو رووخاندنی رژێمی پێشوو، دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان. ئەمە گریمانەیەك بووە لەگریمانەکانو ئامانجی سەرەکی پرۆسەکە نەبووە. شیکەرەوە رۆژئاواییەکان، کە ناسراوترینیان یۆشکا فیشەرە (وەزیری دەرەوەی پێشووی





ئەڵەمانیا)، بەڕاشکاوی دەنووسێت: هاتنی ئەمریکا بەمەبەستی لاوازکردنی رژێمی ئێران بوو. کەچی ئێستا دەبینین هێزە شیعەکان لەعیراقدا باڵادەستن.

ئەمانە لەمەودای دوورو نزیکدا ناچنە سەنگەری دوژمنایەتی ئێرانەوە، ئەگەر نەبنە دۆستو هاوپەیمانی دڵسۆزی ئەو، کەواتە: سیاسەتی ئەمریکا کورتی هێناوەو بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خۆی کاری کردووە..

پرۆسەی ئازادی عیراق، کە یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی، گەمارۆدانو لاوازکردنی رژێمی ئێران بوو، نیشانەکەی نەپێکا، بەپێچەوانەوە هەڵەکانی ئەمریکاو نەتوانینی دانانی بەرنامەیەکی بووژانەوەو هەڵسانەوەی ئابووری، رەوتی ئیسلامی سیاسیو بازنەی دەسەڵاتی مەعنەویو سیاسی ئێرانی فراوانتر کرد.

## بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆر

یەکێکی تر لەتێزەکانی ئیدارەی ئەمریکی لەعیراقدا ئەوە بوو، گوایە دەیەوێت: گروپە تیرۆریستیەکان بەرەو عیراق رابکێشنو لەیەك شەڕگەدا کۆیان بکەنەوەو یەك گورزیان ئاراستە بکەن.

ئەم مەنتیقە، سەروبەری هەڵەیە! تیرۆرو ئیسلامی سیاسی توندڕەو، هەلو مەرجی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی خۆیان هەیە. لەژینگەو کولتووری مەسیحی، بوودی، تاوی دیاردەی ئیسلامی مۆدێرنو پێشکەوتوودا، زەحمەتە دیاردەی تیرۆر سەرهەڵبداتو لایەنگرو پشتیوانی پەیدابکات. بەڵام لەژینگەیەکی فەرهەنگی دواکەوتوو، لەبن کەپەنەکی هەژاریو بەلەنگازیدا، هاندەر بۆ توندوتیژیو زەبروزەنگو تیرۆر زۆرن. بێگومان نزمی ئاستی ڕووناکبیریو هۆشو ئاگاییو کاریگەرێتی ئایدیۆلۆجیا، دەوری خۆیان دەگێڕن.

پاش رووداوی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ و لێدانی رژێمی تالیبان، قەوارەی ئیسلامی توندڕەوو بزاڤە تیرۆریستییەکان هاتەوەیەك. پرۆسەی ئازادی عیراق لەبری ئەوە، ئیسلامی سیاسی توندڕەوی بەهێزتر کرد. راستە (القاعدە) تووشی ژمارەیەك

نسكۆو ژێركەوتنو زیان هات، بەڵام لەهەمان كاتدا ئیسلامی سیاسی توندڕەو ژمارەیەك بووژانەوەو دەستكەوتو قازانجی مادیو مەعنەویی بەخۆیەوەبینی.

بێگومان ئەگەر ئیدارەی ئەمریكی سیاسەتێكی دووربینانەی وردو خوێندنەوەیەكی واقیعیانەی بۆ باری سیاسی عیراق هەبوایە، ئەو بۆشاییە سیاسیە بەو شێوەیە دروست نەدەبوو! گرۆپە تیرۆریستییەكانیش بەو شێوەیە گەشەیان نەدەكرد. گەلێك، دەموچاوی دزێوی وەكو زەرقاوی بكاتە سمبۆلی خۆشەویستی، ئەوە دیارە تێكشكانی رۆحی كاریگەرێتی خۆی بینیوە. بەڵام ئەمریكا ئەو هەموو هەڵەیەی نەكردایەو بەرنامەیەكی وەكو (مارشال پلان) پاش دووەم جەنگی جیهانی هەبوایە، رووداوەكانی بەئاراستەیەكی جیاوازدا تێدەپەڕین.. من لایەنگری مانەوەی رژێمی پێشوو نەبوومو نیم. ئەم كارەی ئەمریكا جێگەی سوپاسو ستایشەو تا سەد ساڵی تریش ئەمریكا ئەو مافەی هەیە، شانازی بەراماڵینی رژێمی پێشووەوە بكات. رووخاندن پێویستییەك بوو لەپێویستیەكانی مێژوو. ئەمە قۆناخێكەو ئەمریكا بەجوانی بەئەركی مرۆڤانەو سیاسییانەی خۆی هەستا. قۆناخی پاش رووخاندن قۆناخێكی جیاوازە!

ئیدارەی ئەمریكا كاتێكی زۆری بە هەدەردا. لەنێوان نیسانی ٢٠٠٣ ـ كانونی یەكەمی ٢٠٠٥ نزیكەی ٣٢ مانگ ئیدارەی ئەمریكی نەدەسەڵاتی تەواوی رادەستی عیراقییەكان كرد، نەخۆی دەیتوانی ئیدارەی عیراق بەڕێوەبەرێت. ماوەیەك (ج. گارنەر) بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانكردنەوەی پێسپێردرا. یەك ساڵ پۆل برێمەر ئیدارەی عیراقی كردو ماوەیەك ئەنجوومەنی سەرۆكایەتیو ئیدارەی كاتیو... تاد. ئەگەر هێزێكی سیاسی مەزنی وەكو ئەمریكا، نەخۆی بیەوێت ئیدارەی بكاتو نەرێگەی عیراقییەكان بدات خۆیان ئیدارەی خۆیان بكەن، دەرگا دەخرێتە سەر پشت بۆ ماڵئاوایی دەسەڵاتو ئیفلیجبوونی! دەرگا دەخرێتە سەر پشت بۆ تەراتێنی گروپە تیرۆریستییەكانو دەستێوەردانی دەوڵەتانی دەرو دراوسێ..

زۆربەی هێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق، دەیانویست لەتاراوگەدا، حكومەتی رزگاری نیشتمانی پێكەوە بنێن. لەوەدەچێت ئەمریكا، بچووكترین بڕوایی و دڵنیابوونو متمانەی بە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی نەبووبێتو نەیویستبێت لەدەسەڵاتو ئیدارەو





راوێژكارییدا بەشداریان پێبكاتو سوودیان لێ وەربگرێت. رەنگە زۆربەی هێزەكانی ئۆپۆزسیۆن پێیان باش بووبێت، تەواوی دەسەڵات، بەبێ هیچ دەستێوەردانێكی ئەمریكا، رادەستی ئەوان بكرێت. برێمەر، دەیەویست خۆی راستەوخۆ ئیدارەیەك دروست بكاتو هەموو شتێك لەبن چاودێری خۆی بێت.

هەر لەیەكەمین رۆژی ئازادكردنی بەغداوە، ئەمریكییەكان تەنیا وەزارەتی نەوتیان پاراستو سەرجەمی بینای وەزارەتو دامەزراوە حكومەتییەكان تەسلیمی دەستی تاڵانو سوتاندنو وێرانكردن كرد. مۆزەخانەی نیشتمانی بەڕۆژی نیوەڕۆ گسكی لێدرا...

بێگومان حكومەتی تاراوگە، لەدەرەوەی وڵات دروست بكرایە، هەر زۆر چاكتر دەبوو، لەوەی چاوپۆشی لەشەپۆلی تاڵانو راووڕووت بكرێت. راستە نەتەوە یەكگرتووەكان بە بڕیارێك دەستی ئەمریكایان بۆ داگیركردن واڵا كرد. بەڵام رێگەدان بەپێكهێنانی حكومەتی تاراوگە، لەبەردڵان ئەوەندە قورس نییە وەكو حكومەتی راستەوخۆی داگیركەر. یەكەم، شەرعیەتی زۆرترە لەدووەمو شارەزایی سروشتی كۆمەڵی هەیەو رێگەی نەدەدا، ئەمریكا ببێتە (كەوا سووری بەر لەشكر)و خۆی تێكەڵاوی ئەو سەرئێشەیە بكات، كە لەماوەی پێنج ساڵی رابوردوودا تووشی خۆی كردووە.

## داهاتووی سیاسەتی ئەمریكی لەعیراقدا

گریمان سبەی ئەمریكا سوپاكەی لەعیراق دەستبەجێ، دەكێشێتەوە، چی روودەدات؟

**رژێمی پێشوو لەناو برا:** ئەگەر تەنیا سەرجەمی پڕۆسەی ئازادی بۆ یەك خاڵ چڕكرایەوە، كەواتە: ئیدارەی ئەمریكی لەمەودای كورتدا: كارێكی باشی كردووەو ئازادی پێشكەش بەگەلانی عیراق كردووە. بەڵام ئەگەر لەعیراقدا، سیستمی فیدراڵی نەیەتەدی، ئەوە سیستمی ناوەندی دەتوانێت خۆی بەهێز بكاتەوەو ئەم دەستكەوتە بەچاوترووكاندنێك بسڕێتەوەو دەستوور بەشێوەیەكی تر هەموار بكاتەوە، كە ناوی فیدراڵیو دیموكراسی تێدا نەبێت.

**<u>پەراوێزخستنی رژێمی ئێران</u>:** رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق، رەنگدانەوەی دیموکراسیو ئازادی بۆ ئەودیوی سنوور نەبوو. رژێمی جمهوری ئیسلامی لاواز نەکردو تووشی قەیرانو تەنگژەی ئابووریو سیاسی سەختی نەکرد. بەپێچەوانەوە، لەجاران بەهێزتری کرد.

**<u>دیموکراسیو ئازادی لەعیراقو رۆژهەلاتی ناوەڕاست</u>:** ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی بەم شێوەیە گەشە بکاتو لەبری دامەزراوەی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی، میلیشیای چەکداری مەزهەبی توندڕەو، وەکو کوارگ سەرهەڵبداتو چەكو پارە بەلێشاو، بەسەر هێزی چەکداری عەشایەری ((إسناد)) دابەش بکرێت. حکومەت نەتوانێو نەیەوێ سیاسەتی علمانی بگرێتەبەرو هەموو قورسایی لەسەر زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی گروپە مەزهەبییە ـ سیاسییە توندڕەوەکان بێت، کەواتە: ئێمە وەکو هاوڵاتی مافی ئەوەمان هەیە پرسیارێك لەخۆمان بکەین: ئەمریکا چی دەکاتو دەیەوێ بەلەمی چارەنووس بەکام ئاڕاستەی دیارو نادیاردا سەوڵ لێبدات؟

**<u>سەرچاوە:</u>**


1. Bernard Lewis: What Went Wrong? Western Impact and Middle Eastern Response, New York 2002 P. 18

٢. السفير بول بريمر: عام قضيته في العراق، دار الكتاب العربي. بيروت، لبنان، ٢٠٠٦ ص ١٣٦.

٣. السفير بول بريمر: المصدر السابق، ص ١٤٠.

4. Joschka Fischer: Die Rückkehr der Geschichte, Knaur. T. verlag, Müchen, 2006 S. 14.

٥. بيتر و. غالبريث: نهاية العراق، ترجمة أياد أحمد، الدار العربية للعلوم. بيروت ٢٠٠٧ ص١٧.






# قەیرانی دارایی ئەمریکا

فەیسەڵ عەلی

قەیرانی بازاڕە داراییەکان لە دەرئەنجامی ئەدائی خراپی بانکە عەقارییەکانی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەبێ بەرنامەو بەبێ بوونی چاودێرییەکی ورد سلفەی بەچەند ملیۆن کەس داوە، بەبێ لێپرسینەوەی لە توانای ئەو کەسانەی، کە قەرزەکانیان وەرگرتووە لەدانەوەی بەسوود وەرگرتن لەئاستی نزمی نرخی سوود، بەرزبوونەوەی نرخی سوودو دابەزینی بەهای ئەو عەقاراتانە بوونە هۆی ئەوەی ئەوانەی سودیان لەو قەرزانە وەرگرتبوو نەتوانن قەرزەکانی سەرخۆیان بدەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر عەقارەکانیشیان بفرۆشنەوە، چونکە نەیاندەتوانی بەو پارەیەش قەرزەکانیان بدەنەوە، هەرچەندە ئەو بانکی عەقارانە پەیوەستی چەندین دامەزراوەی داراییو دڵنیایی تری ئەمریکی بوون، بەنەمانی سیولە لەو بانکانە کێشەکەی گەیاندە ئەو دامەزراوە داراییانەو سەرەتاکەی بە ئیفلاسبوونی هەردوو بانکی (فانی مایو فریدریك) راگەیاندراو حکومەت هەردووکیانی خستە ژێر وەسایەی خۆیەوە دوای ئەوەی بەبڕی (٢٠٠) ملیار دۆلار هاوکاری کردن، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی دارایی بازاڕەکانی ئەمریکا بە

ئیفلاسکردنی یەك لە گەورەترین دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا (لیمان برازەر) لەڕۆژی ١٥ی ئەیلولی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد، حکومەتی ئەمریکای ناچارکرد پەلە بکات لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگرتن لە دارِمانی دامەزراوە دارایی‌و بانکییەکانی تری وڵاتەکەیان، لەهەمانکاتدا دەوڵەتی تری ئەوروپی‌و ئاسیایی بەپەلە کەوتنە خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووری وڵاتەکانیان دەبێت.

لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئەم قەیرانە گەورەترین ئابوری جیهانە، زۆربەی بانکە ناوەندییەکانی جیهان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاسیاو ئەوروپا بەسەدان ملیار دۆلاریان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە خستە بازاڕەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمی سیولەی نەختییەی کە دەرئەنجامی زیانەکانی ئەو دامەزراوە داراییانە هاتبووە ئاراوە، ئەمە جگە لە دەستوەردانی ئەنجومەنی یەدەکی فیدراڵی ئەمریکی بە کەمکردنەوەی نرخی داشکانی بنەڕەتی بانك‌و دامەزراوە داراییەکان.

لەساڵی ١٩٢٩ کە قەیرانی گەورەی ئابووری سەرمایەداری رویدا، فکری ئابووری کلاسیکی باوبوو، کە جەختی لەسەر (دەستی شاراوە) میکانیزمەکانی بازاڕ دەکردەوە، کە دەتوانێ هاوسەنگی لەنێوان خواست‌و خستنەڕوو بگەڕێنێتەوە بەشێوەیەکی میکانیکی بەبێ دەستوەردانی دەوڵەت، کاتێك کە قەیرانی ئابوری لە بازاڕە داراییەکانی ئەمریکاوە سەریهەڵدا کە ئەوکاتیش هەر لە کەرتی خانوبەرەوە بوو، ئابورناسانی ئەو سەردەمەی کلاسیك لەو باوەڕەدابوون کە ئەو دەستی شاراوەیە لەماوەیەکی کورتدا دەتوانێ بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بێ‌و ڕەوشی ئابوری بۆ دۆخی سروشتی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو دەستی شاراوەی ئابووری بازاڕ نەیتوانی بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بێ، تا دەهات ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەبوو، مەسەلەکەش لەتوانای هزری کلاسیك دەرچوو، بەتایبەتی کە ئەوان لەو بڕوایەدابوون کە دەستوەردانی حکومەت لەئابووریدا بازاڕ زیاتر ئاڵۆزتر دەکاو کۆسپ‌و تەگەرە لەبەردەم میکانیزمەکانی بازاڕدا دروست دەکات بۆیە باشتر وایە خۆی بەدور بگرێت. قەیرانی ١٩٢٩، بێبازاڕییەکی گەورەی لەگەڵ خۆی هێناو پرۆسەی بەرهەمهێنان ڕاگیرا بەهۆی نەبوونی





خواست لەسەر بەرهەمی ئابوری، کارگەکان کەوتنە دەرکردنی کرێکارەکان‌و ئەوەش بووە هۆی هەڵکشانی ئاستی بێکاری بەشێوەیەکی زۆر بەرزو داهاتی بەشکراو بەشێوەیەکی زۆر نزم بوەوەو نەیدەتوانی خواست لەسەر خستنەڕووی کاڵاو شمەك دروست بکات.

ئەو هەلومەرجە نوێیە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو، لەکاتێکدا تیۆری کلاسیکی دەستەوەستان بوو لەچارەسەرکردنی ئەو قەیرانە گەورەیە، (جۆن ماینارد کینز) ئابورناسی بریتانی لەڕێگەی تیۆری گشتی سودو نەختەوە داوا لە حکومەت بکات دەستوەرداتە ئابوری لە ڕێگەی زیادکردنی خواستەوە بەهۆی زیادکردنی خەرجی گشتی حکومی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نەبوونی خەرجی لای خەڵکیی‌و داهاتیان بۆ بجولقێنێ بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو داهاتانەیانەوە خواستی گشتی بەرزبکەنەوەو بتوانن ئەو کاڵاو شمەکەی لە بازاڕەکاندا خراونەتە ڕوو بکرن‌و جارێکی دی کارگەکان بخرێنەوە گەڕو ئەو کرێکارانەی لەسەر کار لابرابوون بگەڕێنەوە بۆ کارەکانی خۆیان‌و هاوسەنگی لەنێوان خواست‌و خستنە ڕوو بگەڕێتەوەو ئابووریش لەو بێبازاڕییەی تێی کەوتبوو قوتاری بێت.

لەناوەڕاستی سییەکانەوە، خەرجی گشتی بەیەکێ لەو سیاسەتە ئابوورییە دیارانە دادەنرێ، کە دەتوانرێ لێوەی ئامانجە دیاریکراوەکان بپێکێت، بەمەش سوڕە ئابوورییەکان (الدورات الاقتصادية) درێژترو کەمتر کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئابووری دەبوو بەمەش قەیرانە ئابوورییەکانی سەرمایەداری ناگاتە ئاستی (بێبازاڕی گەورە) بەڵکو دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی ئاستی گەشەی ئابووری، کە دەرئەنجامی پاشەکشێی خواست‌و بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری دێتە ئاراوە. سیاسەتە ئابوورییە گشتییەکان دەیانتوانی کاریگەریان لەسەر هەردوو لایەنی خواست‌و خستنەڕوو هەبێ‌و بتوانن ڕێگری لە ڕوودانی قەیران بکەن.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، تەرازووی پێدانی ئەمریکی دوچاری کورتهێنان (العجز) بوو، بەهۆی هەڵکشانی ئاستی وەبەرهێنانی ئەمریکا لە دەرەوە (پڕۆژەی مارشال لەئەوروپا)، زیادبوونی ژمارەی گەشتیارانی ئەمریکی بەرەو دەرەوەو پاشانیش

له خەرجییە سەربازییەکانی ئەمریکا بەهۆی جەنگی ڤێتنامەوە. هەموو ئەوانە بوونە هۆی ناجێگیری بازاڕی گۆڕینەوەی دراو لەجیهان، لەساڵی ١٩٦٨ بەهای پاوەنی ئسترلینی بەرێژەی ١٤,٤٢٪ و لەساڵی ١٩٧١ دۆلار بەرێژەی ٨٪ و دواتریش لەساڵی ١٩٧٣ جارێکی تر بەرێژەی ١٠٪ داشکێندرا. بەمەش دنیا دەستبەرداری نرخی جێگیری گۆڕینەوە بوو، لەساڵی ١٩٧١ ئەمریکا دەستبەرداری گۆڕینەوەی زێڕ بە دۆلار بوو، دوای ئەو هەنگاوە لەساڵی ١٩٧٣ وە دنیا چووە قۆناغێکی ترەوە، کەپێی دەگوترا ئازادکردنی نرخەکانی گۆڕینەوە (تعويم اسعار الصرف)، دەردەکەوێ کە داشکانی بەهای دۆلار بەهۆی کورتهێنانی تەرازووی پێدانی ئەمریکییەوە بوو، واتە بەهۆی نغرۆکردنی جیهانی ئازاد بوو بە دۆلاری ئەمریکایی. لەدوای ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ئابوری دەوڵەتانی سەرمایەداری چوونە قۆناغی ئەوەی پێی دەگوترێ بێبازاڕیی هەڵئاوساو (Stagflation)، وەلێ ئەم قۆناغە زۆر درێژەی نەکێشاو ئابووری ئەمریکی توانی لەگەڵیدا رابێو روو لەگەشە بکا، بەڵام هەڵئاوسانەوە، هۆکاری ئەو هەڵئاوسانەیشیان بۆ زیادبوونی خستنەڕووی نەخت گێڕایەوە. لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، نرخی سود لەسەر سپاردەی دۆلار گەیشتە نزیکەی (٢٥٪) و دەستهاتی (العائد) سەنداتی خەزینەی ماوە (٣٠) ساڵ (١٨٪) بەرز بووەوە، ئەم هەڵکشانە زۆرە نرخی سودی ئەمریکی وایکرد بەهای دۆلار بەشێوەیەکی پێوانەیی بەرزبێتەوە تا لە شوباتی ١٩٨٥ یەك دۆلار گەیشتە (٣,٤٥) مارکی ئەڵمانی، لەدوای ئەو بەروارەوە بەهای گۆڕینەوەی دۆلاری ئەمریکی هاتە خوارەوە، بەهەمان شێوە نرخی سودیش داشکا. ئەم داشکانە درێژەی کێشا تاوەکو لەساڵی ١٩٨٧ بازاڕی دارایی ئەمریکی دابەزی. ئەوەی ناونرا بە دووشەممەی رەش، ئەو قەیرانە بەئەندازەی ئەم قەیرانەی ئێستا نەیتوانی کاریگەریی لەسەر بازارەکانی دنیا بەجێبهێڵێت، لەبەر چەندین هۆکار، هێشتا جەنگی سارد کۆتایی پێ نەهاتبوو بەجیهانیبوونی ئابووری دەستی پێنەکردبوو، شۆڕشی پەیوەندیو زانیاری بەم شێوەیەی ئێستا پەرەی نەسەندبوو، سنورەکان بەم شێوەی ئێستا نەکرابوونەوەو هێشتا ئاڵوگۆڕی سەرمایەو پرۆسەی بازرگانی بەم شێوەیەی ئێستا ئازاد





نەبوو، ئەدەواتە داراییەکانی پێشوو ئەمەی ئێستاش هەر هەمان چارەسەر بەکاردەهێنن، کە بانکە ناوەندییەکان پێی هەڵدەستن، کە ئەویش سیولە خستنە بازاڕو داشکانی نرخەکانی سودە، بەم چارەسەرکردنە، ئابووری سەرمایەداری توانی لەهەردوو قەیرانی ١٩٢٩ و ١٩٨٧ دەربازبێتو تا ساڵی ١٩٩٢ سوڕی بوژانەوە (الانتعاش) دەستپێبکاتەوەو، دوای ئەویش ئاستی گەشەی ئابووری ئەمریکی بۆ ماوەیەکی کورت لەپاشەکشێدا بوو، پاشان دەستی بە بوژانەوە کردەوە تاوەکو سالآنی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٢.

## قەیرانی ئێستای بازاڕی دارایی ئەمریکی:

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ وە بەهای عەقاراتو پشکی کۆمپانیاکانی خانوبەرەی تۆمارکراو لە بۆرسەکانی زۆربەی دەوڵەتانی دنیاو بەتایبەتی لەئەمریکا، بەشێوەیەکی بەردەوام روو لەهەڵکشان بوون، تا ئەو رادەیەی کڕینی خانوبەرە بووە باشترین جۆری وەبەرهێنان. ئەم هەڵکشانی بەهای خانوبەرە وای کرد کە کەسانو کۆمپانیاکانی ئەمریکا خەریکی کڕینی عەقارات بن، چ بۆ نیشتەجێبوون بێ، یاخود بۆ وەبەرهێنانی دوورمەودا، یاخود بۆ سەوداکاری بێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا بانکە عەقارییەکان ئاسانکاری زۆریان بۆ داواکارانی قەرز دەکرد.

١ـ ئەو گەشەسەندنەی بازارەکانی خانوبەرەی ئەمریکی لەسالآنی نێوان ٢٠٠١ـ ٢٠٠٦ بەخۆیەوە بینی، زەمینەیەکی لەباری بۆ پەنابردنە بەر قەرزی خانوبەرە خولقاند، کە ئەم جۆرە قەرزانە مەترسی زۆری هەیە، قەرزێکی زۆر درا کەسو کۆمپانیاکان تەنانەت بەوانەی کە تۆماری ئیئتمانییان لاوازە، یان ئەوانەی کە هەر نییانە.

٢ـ دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکی بەشێوەیەکی بەربڵاو قەرزیان دایە دامەزراوە عەقارییەکانو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی، کە زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلار دەبوو نزیکەی حەوت ملیۆن کەس لەو قەرزانە سود مەندبوون.

٣ـ بەرزبوونەوەی ناوەنجی سود بەشێوەیەکی گشتی بووە هۆی گۆڕینی سروشتی بازاڕی ئەمریکیو داشکانی نرخەکانی خانوبەرە، ئەمەش بووە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی ئیئتمانی عەقاری ئەمریکی، سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە دەیخواست کە قەرز وەرگرەکان قەرزەکانیان بدەنەوە، بەڵام زۆربەیان نەیانتوانی ئەو قەرزانەیان بدەنەوە، لەبەرئەوە دەبوو دامەزراوە داراییەکانو دامەزراوەکانی عەقاراتو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی تەحەمولی ئەو قورساییە گەورەیە بکەن، کە کەوتۆتە سەریان.

٤ــ پەیوەست بوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان (بەتایبەتی ئەوروپیو ئاسیاوییەکان) بەبازاڕی دارایی ئەمریکاوە، وایکرد ئەو قەیرانە بگاتە دامەزراوە داراییو عەقارییەکانی ئەو دەوڵەتانە.

٥ـ قەبارەی ئەو قەرزانەی لای تاکەکانی کۆمەڵ بوون، نزیکەی (١٠٠) ملیار دۆلار بوون، ئەمەش بووە هۆی هاتنە خوارەوەی پشکی دامەزراوە داراییەکانو عەقارییەکانو دواتر هاتنەخوارەوەی پشکی تەواوی دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکاو ئاسیاو ئەوروپا.

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی:

١ــ دەرئەنجامی پاشەکشەی نێوەنجی گەشەی ئابوری ئەمریکیو پاشەکشێی کارپێدانو وەبەرهێنانو داهاتی دابەشکراوی هۆکانی بەرهەمهێنان، قەبارەی خواست بەشێوەیەکی زۆر داشکا، دەستوەردانەکانی حکومەت بەهۆی فراوانکردنی خەرجییەکانی بۆ پڕکردنەوەی گاپی خەرجییە تایبەتییەکان، وایکرد لەتوندی ئاسەوارەکانی کەمبکاتەوەو ئەو پاشەکشێو داشکانە دوابخات لەوەی ببێتە قەیران.

٢ـ دامەزراوەی دارایی بەشێوەیەکی فراوان قەرزو وەبەرهێنانی ئاست بەرزی مەترسی لە پێناو بەدەستهێنانی قەرزی زیاتر بەبێ گوێدانە ئاستی زامنکردنی گەڕاندنەوەی ئەم قەرزانە، بووە هۆی کەڵەکە بوونی قەرزێکی زۆر، کە گومان لە وەرگرتنەوەی دەکرا، ئەم دیاردەیە لەگەڵ فراوانبوونی خەرجییەکانی حکومەتدا ئاڵۆز بوو لە کۆنترۆڵ دەرچوو. لەگەڵ دەرکەوتنی قەیرانەکەدا زیاتر لەیەك ملیۆن ئەمریکی





خانوە بەبارمتەکانیان لەدەستچوو، بەڵام ئەو پلانی رزگارکردنە سەدان هەزار کەس لەخاوەن خانوەکان کە نەیان دەتوانی قیستی مانگانەی قەرزەکانیان بدەنەوە لەسایەی داشکانی بەهای خانوبەرە، توانیان دوبارە تەمویلی قەرزەکانیان بکەنەوە لەڕێگەی ئەو قەرزە ئاسانکارو پاڵپشتکراوەی حکومەتەوە.

٣ـ پاشەکشێی ئاستی گەشە لەگەڵ هەڵکشانی تێچونی مەدخەلاتی بەرهەمهێنان دەرەنجامی هەڵکشانی نرخەکانی سوتەمەنیو بەرزبوونەوەی تێچونی گواستنەوەو چەندین هۆکاری تری پەیوەندیدار، بونە هۆی هاتنەخوارەوەی رادەی قازانج لەپرۆسەکانی وەبەرهێنان لەکەرتی راستەقینە (کەرتی بەرهەمداری) بووە هۆی سستبوونی ئابووریو پاشەکشێی گەشەکردنی ئابورییو هاتنە خوارەوەی کارکردن (التشغيل)و داهاتو بێبازاڕی.

٤ـ ئەوانەی سەرەوە سەرمایەیان لەکەرتی بەرهەمدارییەوە بۆ کەرتی دارایی دەرپەڕاند، ئەم دیاردەیە بوە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە وەبەرهێنەران لەپشکەکاندا چاوەڕێی قازانج بوون، ببنە (مضارب) سەوداکار لەماوە کورتداو چاوەڕێی دەرفەتی کڕینو فرۆشتنی پشکەکانیان بکەن، کاتێك وەبەرهێنەرەکان دەبنە سەوداکار، نرخەکانی پشكو سەنەداتەکان لەبازاڕە داراییەکاندا (بۆرسە) راستەقینە نابنو ناتوانن تەعبیر لە ئسولی ئەو سەرمایانەو ناوەندە داراییو بەرهەمهێنانو قازانجی ئەو کۆمپانیایانە بکەن، کە ئاڵوێر بەپشکەکانیان دەکەن لەبازاڕەکانی داراییدا، بەڵکو ئەو نرخانە لەهەلومەرجی سەوداکاریو پێشبینیکردنی دڵخۆشکەری زیاد لەپێویست لەڕادەی خۆی زیاتر بەرزدەبنەوە تا ئەوکاتەی سەوداکاران لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجی زۆردا دەست بەفرۆشتنی ئەو پشکانە دەکەن، هەرهێندە ئەو نەخۆشی فرۆشتنی پشکانە بەنێو سەوداکارانی پشکەکاندا تەشەنە دەکات بەشێوەیەکی خێرا خواست لەسەر کڕینی پشك دائەشکێو دیاردەی سەرلەنوێ راستکردنەوەی نرخەکان دەست پێدەکات، کە هاوکاتی داڕمانی بازاڕەکانی پشکەکانە تا ئەو رادەی دەگەڕێتەوە دۆخی جاران، لەولاشەوە پێشبینی دەکرێ کە ئسوڵی راستەقینەی کۆمپانیانو ئاستی ئەدائی راستەقینەیو مەرکەزە داراییەکەی گونجاو بێ کاتێك وەبەرهێنەرەکان تەنیا

ئەوانەی گرەو لەسەر قازانجی مەودا دوور ئەو کۆمپانیایانە دەکەن، بە ئاقاری قازانجی مەودا کورتدا نارۆن، کە ئەو زەمینەیەیە کە نرخەکان دائەشکێنێو سەوداکاران زیانی زۆری تێدا دەکەن، کاتێك سەوداکاران هەست بەداشکانی زیاد لەڕادەی نرخەکان دەکەن ئەوکات جارێکی تر دەست بەکڕینی پشکە هەرزانەکان دەکەنەوەو تەوژمێکی دیکەی خواست دەخولقێنن، بەمەش ڕێگە لە دارمانی ئاستی نرخەکان دەکەن.

[5]ـ سیاسەتی فراوانخوازی دارایی ئەو دەوڵەتانەی ئابورییەکانیان بەدەست سستییەوە (الركود) دەناڵێنێ، قەبارەی کورتهێنانی بوجەی گشتیان گەورەتر دەبێت، ئەو کورتهێنانە یان لەڕێگەی قەرزکردن لەسستمی بانکی وڵات، یان لە هاووڵاتیان لەڕێگەی فرۆشتنی سەنەداتی حکومی، یان (أذونات الخزينة) تەمویل دەکرێت، بەم شێوەیە پاراستنی ئەو سەنەداتانە لای بانکەکانو لای سەوداکاران، پێدەچێ ببێتە هۆی گواستنەوەی دارمانی نرخەکان لەبۆرسەکانەوە بۆ بانکەکان، کە ئیفلاسبوونی خۆیان رادەگەیەنن ئەگەر هاتوو حکومەت هەنگاوی خێرا بۆ رزگارکردنیان نەنێت.

[6]ـ شۆڕشی پەیوەندیو زانیاری وای کردوە کە بەزوترین کات هەست بە دەرهاویشتنەکانی هەڵبەزو دابەزی نرخەکان بکرێو بەزوترین کات لەتەواوی بازاڕە داراییەکانی دنیادا بڵاوبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەحوکمی بەجیهانیبوونی ئابوریو ئازادی گواستنەوەی سەرمایە لەنێوان دەوڵەتانداو خێرا ئاڵوێرکردنی پشكو سەنەدات لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە لەبۆرسەکاندا وای کرد ئەم قەیرانە داراییە بەخێرایی بڵاوبێتەوە، لەم سەردەمەدا قەیرانی ئابوری کە رودەدا، لەسنوری یەك دەوڵەتدا قەتیس نابێ، بەتایبەتی لەدەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا، بەڵکو بەخێرا دەبێتە قەیرانێکی جیهانیو ئاسەواری راستەوخۆ لەسەر تەواوی دەوڵەتان بەجێ دەهێڵێت، ئەم بڵاوبوونەوە خێرایە قەیرانە داراییە تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی ناکۆکی سیاسیشیان لەنێواندا هەیە ناچار دەکا، کە هاوکاری یەکدی بکەن بۆ کپکردنەوەی ئاگری ئەو قەیرانە ئابورییەی کە لەکۆتاییدا زیان بەهەموان دەگەیەنێت.





**هەنگاوەکانی دەربازبوون لەو قەیرانە:**

سستبوونی گەشەی ئابووری بەشێوەیەك کە خەریکە بەرەو بێبازاڕی دەڕواو رواڵەتەکانی لەزۆربەی دەوڵەتەکاندا بەدیار کەوتوە، ئەگەری روودانی قەیرانێکی ئابوری گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێ، هەروەکو بەڕێوەبەری سندوقی نەختی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات، ئابووری زۆربەی دەوڵەتانی دنیا بخاتە حاڵەتی بێبازاڕییەکی گەورەوە، ئەمەش وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، کاریگەریی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی دەوڵەتانی جیهان بەپلەی جیاواز دەبێت.

**دەبێ دەوڵەتانی جیهان بەتایبەتی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا چاو بەم مەسەلانەدا بخشێننەوە:**

[1]ـ ئەو سیاسەتە ئابورییانەی کە ئێستا کاریان پێدەکرێت، بەجۆرێك زامنی دەستوەردانی حکومەت بکا لەکاتو شوێنو ئەو کەرتو ناوەندەی کە پێویستی بەیارمەتی هەیە، بەتایبەتی ئەو ناوەندە داراییانەی کە قەیرانەکەی تێدا رویداوەو، ئەوانەی کە بەدوای ئەویشدا پریشکی قەیران دەیانگرێتەوە، ئەمەش وایکرد کە جۆرج بوش دەستوەربداتە ئابوری وڵاتەکەیو یارمەتییەکی دارایی ئێجگار زۆری ئەو بانكو بازاڕە داراییانەی دا بۆ ڕێگرتن لەتەشەنەکردنی قەیرانەکە.

[2]ـ چاوخشاندنەوە بەسستمی بانکیو داراییەکاندا، کە هێندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جیاوازی لەنێوان چالاکی دامەزراوە داراییە بانکیو غەیرە بانکییەکاندا نەماوە. بەجۆرێك، دەخوازێ ئەدواتی سیاسەتی نەختی تازە بدۆزێتەوە، کە بتوانێ رێگری لەپاراستنی هاوسەنگی نێوان هەردوولایەنی نەختییو داراییو لایەنی راستەقینەدا بکات.

[3]ـ چاوخشاندنەوە بە سستمی چاودێریکردنی ئەداتی بۆرسەو بانکەکان، بەجۆرێ، نەهێڵدرێت سنوورەکانی خۆیان لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجی بێ شوماردا ببەزێنن.

**ئاسەواری قەیرانەکە لەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان:**

هەروەك ئاماژەی پێکرا، ئەم قەیرانە داراییە گەورەترین ئـابوری دنیـای گرتۆتـەوە، ئەمەش وا دەکات زۆربەی دەوڵەتانی دنیا هەریەکەو بەپلەی جیاواز لـەژێر کاریگـەری ئەو قەیرانە بن، بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسـەریان بـەجێ بهێڵێـت، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی بازاڕە داراییەکانیان پەیوەندییەکی پتەو تۆکمەی لەگـەڵ بازاڕە داراییەکانی ئەمریکادا هەیە، یان ئەوانەی کـە سـەرمایەکانیان لـە دامـەزراوە دارایی و بانکەکانی ئەمریکادا وەبەرهێناوە، کەمتر کاریگەریی لەسەر ئـەو دەوڵەتانـە هەیە، کە کـراوەن و بـازاڕە داراییـەکانیان ئاسـتی ئـاڵۆزیر و رۆڵـی دیـاری لـەئابووری وڵاتەکانیاندا نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بەناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسـەریان نابێت. ئابوری عیراق لەقۆناغی پەرینەوەدایەو پڕاوپڕە لە خەلـەلی هەیکـەلی و هێشـتا مەرجەکانی کارکردنی میکانیزمەکانی بازاڕی تێدا بەباشی نەخەملێوە، ئابووریەکـە زیاتر پشـت بـەداهاتی فرۆشـتنی نەوتەکـەی دەبەسـتێ و زۆربـەی پێداویسـتییەکانی ئابوورییەکەی لەدەرەوە هاوردە دەکات، ئابورییەکی لەوجۆرە زیاتر لەئابوری دەوڵـەتانی تر دەکەوێتە ژێـر کاریگـەری ئاسـەوارەکانی قەیرانـە دەرەکییەکانـەوە، لەوانـەش ئـەم قەیرانەی ئەم دواییەی ئەمریکا.

١ـ سیاسەتی دارایی لـەعیراق بەشـێوەیەکی فـراوان سیاسـەتێکی فراوانخوازییـەو خەرجییە حکومییەکان ئێجگار زۆرەو بەشی هەرە زۆری بودجە بۆ کارپێکردن دەچێ و رێژەیەکی کەمی بەرەو وەبەرهێنان دەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوە ئەو رێژە کەمـە بـەهۆی بوونی گەندەڵی ئیداریی و دارایی و ئەدائی خراپـی دامـەزراوەکانی حکومەتـەوە، ئـەو بەرنامانەی دادەنرێن جێبەجێ ناکرێت، کوردستان ئەگەر لەعیراق خراپتر نەبێت، ئـەوا بێگومـان باشـتر نییـە. تەرخانکردنـەکانی بودجـەی هـەرێم باشـترین بەڵگـەی ئـەو راستییەن.

٢ـ بەپێچەوانەی سیاسەتی فراوانخوازی دارایی، بانکی ناوەندی عیراق بەپشتبەسـتن بەرێنماییەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵـەتی، سیاسـەتێکی ئینکماشـی گرتۆتەبـەر، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئابووری عیراق بەدەست رێژەیەکی بەرزی بێکارییـەوە دەناڵێنـێ





(کە زیاترە لە ١٨٪)، ئەمە جگە لەوەی کە بانکی ناوەندی سەقفی نرخی سـودی بـۆ لە ٢٠٪ بەرزکردۆتەوە، ئەمـەش بۆخـۆی گـورزێکی تونـدە لەپرۆسـەی وەبـەرهێنان لەبواری بەرهەمداریدا و ناچاری وادەکات سەرمایەدارانو خاوەن پارەکان پارەکانیان لە بانکەکاندا سپاردە بکەن لەبری ئەوەی سەرمایەگوزاری راستەقینەی پـێ بکـەن. ئـەم سیاسەتە پەیڕەوکراوەی بانکی ناوەندی بەشێکی رێـژەی ئـەو سیاسـەتەی بێبازاڕییـەی جیهان دەخاتە سەر ئابووری عـیراق و هـەرێمی کوردسـتان، ئـەم سیاسـەتە وایکـردوە بەشێکی زۆری سەرمایەی عیراق بەرەو دەرەوەی عیراق رەوبکات.

٣ـ نەبوونی سیاسەتی بازرگانیی و نغرۆکردنی بازاڕەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان بەدەیان جۆرو برو سەرچاوەی جیاواز، بازاڕەکـانی کردۆتـە سەرچـاوەی سـاغکردنەوەی کەلوپـەلی خراپـی دەوڵـەتانی ناوچـەکە. جگەلـەوەی وەزارەتـی بازرگـانی وەك کوتـاڵ فرۆشێکی لێهاتووە، جگە لە دابەشکردنی خۆراکی مانگانەی هاوولاتیان، کـە ئـەویش خراپترین جۆرە لەهەموو دنیادا، کە بەسەر هاوولاتیاندا ساغ دەکرێتەوە، بـەبێ ئـەوەی خۆی بەخاوەنی بزانێ بەرگرییەك لەهاولاتیان بکات، کە ئەو مادە خۆراکییانە بونەتـە سەرچاوەی دەیان نەخۆشی بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان. گرتنەبەری سیاسەتێکی لەم جۆرە، عیراق و هەرێم زیاتر لەبەردەم قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوەو ئاسانکاری بۆ زیاترکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری وڵات دەکات.

٤ـ عیراق وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، وڵاتێکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەداهاتی فرۆشتنی نەوتەکەی بەستوە، ئێستا بەهۆی ئەم قەیرانەوە نرخی فرۆشتنی نەوت هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش کاریگەریی دیاری لەسـەر کەمکردنـەوەی داهـاتی ئـابووری عـیراق دەبێ و حکومەتیش ناچار دەکات بەبودجەی خەملێندراوی ٢٠٠٩ ی خۆیـدا بچـێتەوە ئەگەر بزانین کە نرخی یەك بەرمیل نەوتی بە (٨٠) دۆلار خەملاندوە، ئێستاش نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا لەخوار ئەو نرخەوەیە.

### قوباد تالەبانی
### نوێنەری حکومەتی هەرێم لەئەمریکا:
# ئیدارەی ئۆباما بۆیان روونە کەهێشتا کێشەی سیاسی لەعیراقدا ماوە

گفتوگۆ: شیروان حامد

دەرچونی باراك حسێن ئۆباما لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکاداو بوون بەسەرۆکی بەهێزترین وڵاتی جیهان، دەنگ و سەدایەکی زۆری لێکەوتەوەو تەفسیری جۆراو جۆری بۆ کرا، رەشپێستییەکەی و لەبنەرەتدا رەگەز ئەفریقایی و باوو باپیران موسوڵمان و کۆچکردوو لەکینیاوەو پشت بەستن بەتواناکانی خۆی لە رەورەوەی ژیانیدا، زیاتر لەفیلمەکانی هۆڵیود دەچێت تا ئەوەی بوونێکی راستەقینەی هەبێت.

شارەزایانی سیاسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەبێ ئەمریکا مەحاڵە هیچ هەنگاوێك بنرێت، هەموو وڵاتێك چاوی لەئەمریکایە بۆ ئەوەی کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات، واشنتۆن ئەمرۆ پایتەختی هەموو جیهانەو بڕیارە چارەنووسسازەکان لەوێوە دەردەچن،



نۆڤین

زۆر نەتەوەی بێ دەوڵەت بەهۆی ئەمریکاوە بوون بەخاوەنی دەوڵەت و زۆر نەتەوەی خاوەن دەوڵەتیش بەهۆی ئەمریکاوە هەڵوەشێنرانەوە.

کوردستانی نوێ دۆسیەیەکی تایبەتی لەبارەی سەردەمی باراك ئۆباماوە کردۆتەوەو بریتی دەبێت لە چاوپێکەوتن و وتارو شیکاری سیاسی و بەدواداچوون.

***لەم چوار ساڵەی حوکمڕانی ئیدارەی باراك ئۆباما، پێشبینی دەکەیت گرنگترین ئەو ئاستەنگ و کێشانەی رووبەرووی ئەم ئیدارەیە دەبنەوە چین؟**

-چەند کێشەیەك کەوتوونەتە هۆشی ئەم ئیدارە نوێیەی ئەمریکا، یەکێك لەوانەش بارودۆخی ئابوورییە، هەم لەئەمریکا و هەم لەجیهانیشدا، بەپێی لێدوان و رێکخستنی ئیدارەکەی خۆی، ئۆباما تەرکیزی زۆری کردووەتە سەر چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری لەئەمریکا، روون و ئاشکراشە بۆ ئیدارەکەی و بۆ خۆشی وەك سەرۆکی ئەمریکا کە دوو جەنگ هەن هێشتا کۆتاییان پێ نەهاتووە ئەوانیش جەنگەکانی عیراق و ئەفغانستانن.

ئیدارەکەی ئۆباماش چ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا و چ ئێستاش کە حوکمرانن باسی ئەوەیانکردووە کە دەبێت کۆتایی بەم دوو جەنگە بهێنن بەشێوەیەکی بەرپرسانە.

کێشەی ئابووری لەلایەك و جەنگەکانی عیراق و ئەفغانستان لەلایەکی دیکەوە واتە ئەم کێشانە زۆرترین کاتی ئۆباما دەبەن لەم چوار ساڵەدا.

***بەڕای بەڕێزت ئەو فاکتەرانە چین وایان لەخەڵکی کردووە بەشێوەیەکی گشتی زۆر گەشبین بن بەدەرچوونی ئۆباما و هیوای زۆریان لەسەر هەڵچنییوە، بەمانایەکی دیکە ئەم گەشبینییەی خەڵك بەرامبەر ئۆباما بۆچی دەگەڕێتەوە و بۆ ئەوەندە هیوایان پێیەتی؟**

-هەمیشە گۆرانکاری پێشبینییەك درەستدەکات، هەمیشە گۆڕانکاری فرسەتێك دەدات بەخەڵك بۆ ئەوەی هەر بارودۆخێك بێت گۆرانکاری لێبکەوێتەوە، هەنگاوێکی

زۆر مەزنە بۆ ئەمریکا کە کەسێکیان هەڵبژاردووە وەك سەرۆکی ئەمریکا کە باوکی ئەفریقی بوو، ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ئەمریکا، ئەم هەنگاوەش کاریگەری هەبووە لەسەر رای گشتی هەموو جیهان، لەبەر ئەوەی ئۆباما خۆشی کەسێکە گەنجە شێوەی قسەکردنیشی بەجۆرێکە کە مەعنەویاتی خەڵك بەرز دەکاتەوە، ئەو گۆرانکارییە بووە بەهۆی ئەوەی کە پێشبینییەکانی خەڵك بەرزبکاتەوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئیجابیاتی هەیەو مەترسیشی هەیە لەلایەکی دیکەوە، چونکە ئەو پێشبینیانە کە بەرز بووەوە وا دەکات زۆر بەزەحمەت ئامانجەکانت بهێنیتەدی.

***بابەتێك ئەگەر سەرنجت دابێت ئەوەیە کە ئۆباما بەبەردەوامی باسی ئەفغانستان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە لەبەر پێگەی ستراتیژی ئەفغانستانە لەناوچەکەدا، یان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەفغانستان دراوسێی چەند وڵاتێکەو ئەو وڵاتانەش ململانێیان هەیە لەگەڵ ئەمریکادا؟**

-لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا زۆر جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەفغانستان، دەیان وت کە ئێمە جارێ شەڕی ئەفغانستانمان تەواو نەکردووە ئینجا شەری عیراق-مان دەستپێکرد، پێیان وابوو کە دەبێت جارێ کۆتایی بەشەڕی یەکەم بهێنن، بۆیە وا تەرکیزیان خستبووە سەر ئەو وڵاتە.

ئوسامە بن لادن لەئەفغانستانەوە ئەو پلانەی دانا بۆ لێدانی ئەمریکا لە ٢٠٠١، رێکخراوی قاعیدە بنکەی سەرەکیان لەئەفغانستان بوو، تالیبان لەئەفغانستان بوو، بۆیە دەیانەوێت سەرکەوتنێك بهێننە دی لەئەفغانستان کەبەقسەی خۆیان ئیدارەی بوش نەیتوانیوە کۆتایی بەوە بهێنێت و ئەمان دەیانەوێت کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنن.

***بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی ئاگادار بیت بەرنامەی ئۆباما چۆن و چییە بەرامبەر بە عیراق، ئایا سیاسەتێکی دیاریکراو هەیە لەمبارەیەوە؟**



نۆڤین

-عیراق وڵاتێکی گرنگە بۆ ئیدارەی ئۆباما، پێموایە گرنگییەکی زۆری پێدەدەن نایانەوێت کە دەستکەوتەکانی ئەم شەش مانگەی رابردوو شکست بهێنێت بەرامبەر ئەو سەقامگیریەی ئێستا لەعیراقدا هەیە، بۆیان روونە کە هێشتا کێشەی سیاسی ماوە لەعیراقدا، تا ئەو کێشە سیاسیانەش چارەسەر نەکرێن مەترسی دەمێنێتەوە لەسەر بارودۆخە ئەمنییەکە، هاتنی جۆ بایدن-یش بۆ عیراق وەك سیناتۆر نەك وەك جێگری سەرۆکی ئەمریکا چونکە هێشتا سوێندی نەخواردبوو، روونکردنەوەیەك بوو بۆ هەموولایەك کەئەو شتانەی لای ئەوان گرنگە سیستمی حوکمرانییە لەعیراق ئایا بە چ جۆرێك حوکم دەکرێت. عیراق ئایا فیدرالی دەبێت؟ مەرکەزی دەبێت؟ هەرێمەکان دەسەڵاتیان دەبێت؟ سیستمەکە چۆن دەبێت؟ هەروەها پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی عیراق چ کوردو عەرەب چ شیعەو سوننە چ مەسیحی و موسڵمان، ئایا چۆن سیستمێکی حوکمرانی دابین دەکرێت لەعیراقدا کە بگونجێت لەگەڵ بیروبۆچوونی پێکهاتە جیاجیاکانی عیراق؟ هەروەك سەردانەکەشی بۆ کەرکوك نیشانەیەك بوو بۆ ئەوەی کە مەسەلەی کەرکوك و چارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکان کێشەیەکە بواری ئەوەی هەیە بارودۆخەکە لەعیراق تێکبدات، ئەم سێ خاڵەش هەریەکێکیان بەتەنیا دەتوانێت بارودۆخەکە لەعیراقدا تێکبدات بۆیە پێموایە کە لەسیاسەتیاندا زیاتر تەرکیز دەکەنە سەر ئەو سێ خاڵە، چاوەڕوان دەکرێت وەك هەمان ئیدارەی پێشوو بێنە ناو مەسەلەکانەوە، زیاتر لەرێگەی خۆیانەوە بەئامۆژگاری و رێنماییەوە هەوڵ دەدەن بێنە ناو مەسەلەکانەوە نەك بەشێوەیەك خۆیان بسەپێنن بەسەر عیراق و سیاسەتمەدارەکانی عیراقدا .

***با پرسیارەکە سنووردار بکەمەوە، ئەم ئیدارەیەی ئۆباما بەرامبەر بە کورد سیاسەتی چۆن دەبێت؟؟ ئایا کورد چاوەڕوانی چی لەم ئیدارەیە بکات؟**

-ئێمەش وەك خەڵکی تر نابێت پێشبینییەکانی خۆمان وا بەرز بکەینەوە بەشێوەیەك بێت کە داواکاریەکانمان نەیەنە دی، پێش هەموو شتێك دەبێت ئێمەش پێشبینییەکانی خۆمان ئارام بکەینەوە، ئیدارەیەکی نوێ هاتۆتە سەر حوکم

لەئەمریکا، هەروەك ئەمریکا وڵاتێکە بە موئەسەسە دەبرێت بەڕێوە، ئەمریکا وڵاتێك نییە تەنیا کەسێك یان تەنیا ئیدارەیەك ئاراستەی ئەو وڵاتە بگۆڕێت، چەندین موئەسەسەی گرنگی هەیە، چ ئیدارە یان کۆنگرێس یان سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە یان کەرتی تایبەت بێت، ئەمانە پێکەوە سیاسەتی وڵات دادەنێن و پێکەوە ئەو سیاسەتە جێبەجێدەکەن.

ئەوەی دڵخۆشکەرە بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە چەند کەسێك لەم ئیدارەیەدان کە باش و لەنزیکەوە ئاگایان لەمەسەلەکانی کوردستان و کورد هەیە، بەڵام دووبارە نابێ پێشبینییەکانی خۆمان زۆر بەرز بکەینەوە چونکە ئەم کەسانە ئەمریکین و بۆ حکومەتی ئەمریکا ئیشدەکەن بۆ ئێمە ئیش ناکەن بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆیان ئیشدەکەن.

ئێمە لەجیاتی ئەوەی بیربکەینەوە ئەم ئیدارەیە چی هەیە بۆ ئێمەو چی بۆ ئێمە دەکات، ئێمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن خۆمان وەك هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییەکانی خۆمان نزیکبکەینەوە لەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ، ئەو کاتە ئەو بەرژەوەندیانە چەند نزیکتربن لەیەکتری، لەبەرژەوەندی میللەتەکەی خۆماندا و لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا دەبێت، کار ئاسانی دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش و بەهێزو ستراتیژی هەبێت لەنێوان ئەمریکاو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

***بەڵام دەنگێك هەیە کە دەڵێت یەکەم کێشە کە ئۆباما دەیەوێت چارەسەری بکات مەسەلەی کەرکوك دەبێت ئەمە تاچەند راستە؟؟ هیچ شتێکت لەمبارەیەوە بیستووە وەك نوێنەری حکومەتی هەرێم لەئەمریکا؟**

-کێشەی یەکەمی ئۆباما کێشەی چارەسەرکردنی ئابووری وڵاتەکەی خۆی و جیهان دەبێت، کە تۆ دێیتە سەر کێشەکانی عێراق کێشەی کەرکوك یەکێك لەکێشە سەرەکییەکانە، هاتنی جۆ بایدن بۆ کەرکوك نیشانەیەکە کە گرنگییەکی زۆر دەدرێت بەدۆزینەوەی چارەیەك بۆ کێشەکانی کەرکوك، بۆچی دەیانەوێت چارەسەر بدۆزنەوە زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەوان دەزانن کەرکوك و ئەو ناوچە دابڕاوانە کە هێشتا





ڕێکنەکەوتووین لەسەریان بواری ئەوەیان هەیە بارودۆخەکە بەتەواوی لەعێراق تێکبدەن، ئیدارەی ئۆباما عێراقێکی ئارامی دەستکەوتووە نایانەوێت لەمیانی حوکمرانی ئەواندا تێکبچێت لەرووی ئەمنییەوە، بۆیە یەکێك لەو کێشانەی دەتوانێت بارودۆخەکە تێکبدات کێشەی کەرکوکە، سیستمی حوکمرانییە لەعێراق، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی عێراقە، بۆیە پێم وایە ئیدارەی ئەمریکا تەرکیز دەخاتە سەر ئەو خاڵانەی کە نایەڵێت بارودۆخی ئەمنی عێراق تێکبدات.

***وەك نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەئەمریکا چ رۆڵێکتان دەبێت لەوەدا کە ئۆباما گرنگی بدات بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك؟**

-کە لەگەڵ ئیدارە قسەدەکەین چ ئیدارەی پێشوو بووبێت یان ئیدارەی نوێ بێت، تەرکیزمان هەر لەسەر کەرکوك نییە، دەمانەوێت ئەمریکا رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لەبەهێزکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان ، لەچەسپاندنی سیستمی حوکمرانی دادپەروەرانە لەعێراق و لەکوردستان، کەرکوك بەشێکە لەو گفتوگۆیانەی کە ئێمە هەمانە وەك نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، خۆشبەختانە لەوەتەی نوێنەرایەتی هەبووە لەئەمریکا ، نوێنەرایەتییەکی بێلایەن بووین ، نەسەر بە دیموکرات بووین و نە سەر بە کۆمارییەکان بووین ، نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە هەوڵمانداوەو لەگەڵ هەردوو حزبەکەدا پەیوەندی باشمان هەبووە ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کەئەمرۆ دۆستی باشمان هەیە لەناو ئیدارەی نوێ ناشبێت بێ وەفا بین دەبێت لەگەڵ کۆمارییەکانیش پەیوەندی بهێڵرێتەوەو لەرێگەی ئەو پەیوەندییە جیاجیانەی کە هەمانە لەگەڵ حکومەت و کۆنگرێس و سەنتەرە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوە بتوانین پەیامی گەلی کوردستان بگەیەنینە ئەم ئیدارە نوێیە، هەوڵ بدەین کە ئەو پەیامە کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و رۆڵێکی زۆر ببینێت لە دارشتنی سیاسەتێکی نوێ لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان کە هەم لەبەرژەوەندی خۆیان بێت وەك ئەمریکاو هەم لەبەرژەوەندی کوردستانیش بێت.

***لەبارەی کێشەکانی عەرەب-ئیسرائیلەوە باس لە دیالۆگی نێوان سوریاو ئیسرائیل دەکرێت،چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئەمە بۆ ئەوەیە سوریا لەم ڕێگەیەوە ئەمریکا لەخۆی رازیبکات، ئەوەندەی ئاگادار بیت وەك سیاسییەكی كورد، ئۆباما چۆن سەیری ئەو دیالۆگە دەکات لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا؟**

-ناتوانم بڵێم ئۆباما چۆن بیردەكاتەوە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام وەك خۆی باسیكردووە كێشەكانی خۆرهەڵاتی ناوەراست دەبێت یەكەمجار لەرێگەی دیالۆگەوە هەوڵی بۆ بدرێت، هاتنە سەر حوكمی ئیدارەی ئۆباما كەشی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گۆڕیوە، هەموو لایەكیش دەیەوێت رووە جوانەكەی خۆی پیشانی ئۆباما و ئیدارەكەی بدات، بۆیە پێم وایە هەمووان دەیانەوێت خۆی بەباش پیشانبدات لەم كاتەدا بەڵام لەداهاتوودا بۆمان دەردەكەوێت ئەمانە هیچ ئەنجامێكی دەبێت یان نا.

***لەبارەی كێشەی عەرەب و ئیسرائیلەوە، پێشبینی ئەوە دەكەیت لەسەردەمی ئۆبامادا دەوڵەتی فەڵەستین دروستببێت؟**

-ئەمە كێشەیەكە كەوتۆتە بەردەم هەر ئیدارەیەكی ئەمریكا،بۆ دەیان ساڵ ئەم كێشەیە هەر ماوە، باوەڕناكەم بە ئاسانی چارەسەر ببێت و باوەڕیش ناكەم ئۆباما خەیاڵی ئەوەندە خاو بێت كە ئەم كێشەیە وا بە ئاسانی چارەسەر ببێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت كەسێكی بەناوبانگی وەك سیناتۆر میتشێڵ-ی وەك نوێنەری خۆی داناوە بۆ كاروباری فەڵەستین و ئیسرائیل، پێموایە هەردوولا دەستدەكەنەوە بەگفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی رێگایەك بۆ ئاشتی و لەداهاتووشدا بۆ دۆزینەوەی رێگایەك بۆ سەربەخۆیی فەڵەستین، وەك وتم ئەمە كێشەیەكە دەیان سەرۆكی ئەمریكا هاتوون و رۆیشتوون ، كێشەكە ماوەو توندوتیژییەكە ماوەو ئارام نەبۆتەوە ، كەس لەو باوەرەدا نییە وا زوو ئۆباما وەك خۆی و ئیدارەكەی بتوانن بەئاسانی چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە بدۆزنەوە، دەبێت خەڵكی فەڵەستین و ئیسرائیل خۆیان ئاشتییان بوێت، ئەگەر خۆیان ئاشتییان بوێت ئەمریكا دەتوانێت هاوكارییان بكات، ئەمریكا لەوان زیاتر ناتوانێت ئاشتی و سەقامگیری بوێت.





*** بەنسبەت ئێرانەوە، ئەوەی لەمیدیاكاندا باس دەكرێت ساڵێكی دیكە دەبێتە خاوەنی چەكی ئەتۆمی، بەڵام لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا بینیمان ئۆباما داوای دیالۆگی دەكرد لەگەڵ تاران، ئەمە تاكتیكی هەڵبژاردن بوو لەلایەن ئۆباماوە یان ئەمە چۆن دەبینیت؟**

- پێم وایە ئیدارەی نوێی ئەمریكا هەوڵی جیددی دەدات بۆ ئەوەی دیالۆگێكی بەهێز دروستبكات لەگەڵ ئێران، هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی لەرێگەی دیالۆگەوە لەنێوان ئەمریكا و ئێران كێشەكانی نێوانیان چارەسەر بكەن، روونیشیانكردۆتەوە راستە هەنگاوی یەكەمیان دیالۆگ دەبێت بەڵام ئەگەر سەری نەگرت دەبێت بەدوای هەنگاوی تردا بگەڕێن ئەمە شتێكە چەندین جار هەم ئیدارەكەی و هەم خودی ئۆباماش ئەمەیان باسكردووە، ئێمەش كە بەپێی جیۆگرافیای خۆمان لەنێوان هەردوولادایین دەبێت بەوردی سەیری مەسەلەكان بكەین بەبێ ئەوەی دەستبخەینە ناوكێشەكانی ئێران و ئەمریكا.

***سەبارەت بە قەیرانی دارایی ئەمریكا و جیهان، چارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە لە ئەجێندای ئۆبامادا چۆن نەخشەی بۆ دارێژراوە ، سیاسەتی ئابووری ئیدارە نوێیەكە چییە بەرامبەر ئەمە؟**

-هەنگاوی یەكەمیان ئەوەبووە كە داوای پارەیەكی زۆریان كردووە لەكۆنگرێسی وڵاتەكەیان بۆ ئەوەی بارودۆخی ئابووری ئەمریكا ببوژێننەوە، بۆ ئەوەی كار دروستبكەن و رێژەی بێئیشی كەمببێتەوە لەئەمریكا و بۆ ئەوەی دەستبكەنەوە بە پرۆژەی گەورەی دامەزراندنی ژێرخانێكی نوێ بۆ ئەمریكا، تەركیزێكی زۆر دەخەنە سەر توانای نوێ و بەكارهێنانی ماددەی نوێ بۆ دروستكردنی توانای نوێ لەئەمریكا كە ئەو بوارە جیاجیایانە هەموو كاری زۆر دروستدەكەن، ئەگەر كار زۆرتر دروستبكەن خەڵك بارودۆخی باشتر دەبێت و پارە باشتر دابەشدەبێت بەسەر خەڵكی ئەمریكادا، كە بارودۆخی ئابووری ئەمریكا بەهێزبوو ئەو كاتە كاریگەرییەكی باشی دەبێت لەسەر بارودۆخی ئابووری جیهان ، بەڵام دووبارە ئەمە كێشەیەكە كە بەساڵێك

و دووان چارەسەر ناکرێت ، بارودۆخەکە باش نییە لە ئـەمریکا و لەوڵاتـە گـەورەکانی ئەوروپا، بارودۆخی بانکی ئـەم وڵاتانـە ئێسـتا زۆر خراپـە ، بۆیـە دەبێـت سـیقەیەك دروستببێتەوە لەنێوان ئەو موئەسەساتە داراییانەو گەلی ئەمریکا، ئێستا تەرکیزێکی زۆریان کردووەتە سەر دروستکردنەوەی ئەو سـیقەیە و ئـەو پارەیەشـی داوایـانرکردووە لەکۆنگرێس پارەیەکی زۆرەو زیاتر لە ٨٠٠ سەد ملیار دۆلارە کە بەسەرفکردنی ئەو پارەیە بەشێوەیەکی ستراتیژیانەو بەپێی لێدوانی وتەبێژەکانی ئۆباما دەبێتە هۆی ڕێگا دۆزینەوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی ئەمریکا. لەجیاتی ئەوەی بیربکەینـەوە ئەم ئیدارەیە چی هەیە بۆ ئێمەو چیمان بۆ دەکات، دەبێـت بـیر لـەوە بکەینـەوە چـۆن خۆمـان وەك هەرێمی کوردستان بەرژەوەندییەکانمان نزیکبکەینەوە لەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا .





# دیالۆگی مەکتەبی بیرو هۆشیاری لەگەڵ بەڕێز د. هۆمەر شێخموس،

## ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**د. هۆمەر شێخموس:**

پاش سلاو، سەرەتای قسەکانم بەوە دەست پـێ دەکەم، کە لە بـەرلین بـۆ سـەردانی د.کەمال فوئادو خێزانەکەی چووم، چونکە لە ماوەیەکی کورتدا هەردووکیان نـەخۆش کەوتن. سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی ئێوە بەڕێزیان زۆر رازی بوون‌و نزیکەی هەشـت کتێبی پێدام، دووانیان لە چاپکراوەکانی ئێوە بوون، بەو بۆنەیەوە زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو هەموو کتێبانەی پێتاندام، ئەو هەشت زنجیرەیەی کە لەسەر سۆسیال دیمـوکرات نوسراون، زۆر بەدڵم بوون، هەرچەندە کاتم نەبوو هەموویان بخوێنمەوە، بـەڵام زنجیرەکـەم بینـی ئـەوە کـارێکی زۆر بـاش بـوو. گـرنگ ئەوەیـە بـەرای مـن لـەناو هـەموو رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبێت وەکو لێکۆڵینـەوەو لێکچـەر بخوێندرێنەوەو گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێـت‌و لەدوایـدا ئەگـەر بـوار رەخسـا، بکرێنـە میتۆدو لە پەیمانگای کادیراندا بخوێندرێن..

بەشێوەیەکی گشتی پێم باشە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە قسە بکرێتو وا بکرێت وەك بەشێك لەپەروەردەی نیشتمانی بخوێندرێنو خوێندکارانو نەوەی داهاتوو سودیان لێوەربگرن.

من پێم وایە دەبێت لە زانکۆدا لە بەشی سیاسییو فەلسەفە، وەکو چۆن فەلسەفەی مارکسیزمو لیبرالیزم ئەخوێندرێت، ئەوا دەبێت سۆسیال دیموکراتیش بخوێندرێت.

لە ئێستادا لە یەکێتی ئەوروپادا لە کۆی (سی) وڵات، (چواردە) وڵاتیان لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە بەڕێوەدەچێت، لەو وڵاتانەی تریش کەحوکم ناکەن حیزبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنن.

بۆیە من ئەو کارەی ئێوەم بەلاوە گرنگە، تاوەکو خوێندکارانو روناکبیرانی کوردستان تێگەیشتنێکی تەواویان لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبێت.

وەك ئاشکرایە سۆسیال دیموکرات خۆیان بە بەشێك لە میراتی مارکسیزم دەزانن، بەڵام بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانیو مەسەلەی پشتیوانی لە حکومەتەکانی خۆیان لەو شەڕەدا، جیاوازی کەوتە نێوانیان...

جیاوازی سۆسیالست دیموکراتی، دیموکراتیەتی کۆمەڵایەتیەو وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە پێشتر کۆمۆنیست بوون، زیاتر جەختیان لەسەر وشەی سۆسیالست دەکرد نەك لەسەر دیموکراسی سۆسیالست، بەڵام سۆسیال دیموکرات زیاتر جەخت لەسەر دیموکراتی کۆمەڵایەتیو سیستەمو بەڕێوەبردنو رێکخستنی دیموکراتی دەکەن. ژیانی کۆمەڵایەتی رەگێکی دیموکراتی هەبێت.

ئێمە لەسەرەتاوە لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەیارێکی بەهێزی مارکسی ـ لینینیو بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لەبەر مەسەلەی نەتەوایەتی پێڕانەگەیشتین جەخت بکەینە سەر ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکەی لەناو جوتیارانو کرێکارانو رێکخراوە دیموکراتیەکاندا، کە ئەمەش کەموکوڕیەکی گەورەیە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵام لەئێستادا لەسۆسیال ئینتەرناسیۆنال وەکو حیزبێکی سۆسیال دیموکرات وەرگێراوە پێویستە لەسەر سیستەمی دیموکراتیو ناوەڕۆكو رەنگە





کۆمەڵایەتیەکەی بۆ سەندیکاکانو مەسەلەی مافی کرێکارانو فەلسەفەی خوێندنو بەڕێوەبردنی دەوڵەت جەخت بکاتەوە.

مامۆستا جەعفەر لە ئەوروپا ژیاوە، دەزانێت سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیاو سوید.. هتد. چۆن کار دەکەن، دیموکراتیەتی ئەوان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، نەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بەمانای ئەوەی کە لە سەرجەم ناوەندو دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا رێکخستنیان هەیەو هەڵبژاردن دەکەن.

ساڵانە لەناو زانکۆو ناوەندەکانی تردا هەڵبژاردن دەکەنو نوێنەر هەڵدەبژێرن، نوێنەری خوێندکارانو کارمەندانو بەڕێوەبەرانی زانکۆو نوێنەری کرێکاران، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنی کار، پێکەوە ئەنجومەن دروست دەکەنو بڕیار لەسەر زۆر شت دەدەنو ساڵانە بەلای کەمەوە دووجار کۆدەبنەوە.. لەمەسەلەی بزوتنەوەی جوتیاریدا، بەداخەوە لە ئەوروپادا بەشی زۆریان لەگەڵ پارتی سەنتەرو پارتە کۆنزەڤاتیڤەکانن، چونکە جوتیاران ئۆپۆزسیۆن نینو بەشی هەرە زۆریان خاوەنی کارن، بۆیە بە سروشتی خۆیان لەگەڵ پارتی سۆسیال دیموکراتدا یەکناگرنەوە. لەسوید هەندێك لەوان چوونە ناو پارتی چەپو بۆ ئاگاداریشتان پارتی کۆمۆنیستی سوید، یەکەمین پارت بوو کە قبوڵی کرد رەنگێکی دیموکراتی بەخۆیەوە ببینێو بوونە پشتیوانی ریفۆرم.

**تەحسین نامیق:**

**رای سۆسیال دیموکراتەکان سەبارەت بە گەشەکردنی کشتوکاڵ، بۆ وڵاتی ئێمە زۆر گرنگە، لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا کەرتی کشتوکاڵ فەرامۆش کراوە. ئایا رای سۆسیال دیموکرات سەبارەت بە گەشەی کشتوکاڵ چۆنە؟**

**د. هۆمەر شێخموس:**

ئەگەر سەرنج لە مێژووی ئابووری ئەوروپا بدەیت.، کە بۆچی شۆڕشی کارداری لە ئەوروپا دەستی پێکرد، ئەو پێشکەوتنە ئابووریە دوو فاکتەری سەرەکی هەبوو: یەکەم: کۆککردنی سەرمایە، بەرزکردنەوەی کۆککردنی سەرمایەو دابەشکردنی زەوی دەوڵەت

بەسەر هاووڵاتیاندا. ئەمەش وایکرد لە زەوی‌و کێڵگەی گـەورە نـەماو بـوو بـە هـۆی پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری، لەگەڵ شۆڕشی کارداری کە لەبەریتانیا دەستی پێکردو دواتر بزوتنەوەی کرێکاری هاتە گۆڕێ. ئەمەش هۆکارێکی تـری گەشـەکردنی ئـابوری بوو. سۆسیال دیموکراتەکان وەکو سۆسیال ئینتەرناسـیۆنال دیموکراسـی، سیاسـەتێکی تایبەتی نییە بۆ کشتوکاڵ لە ئەوروپادا.

لە ئێستادا کشتوکاڵ رۆڵێکی بچوکی لە بەشـی زۆری ئـابوری وڵاتـانی ئـەوروپادا هەیە، هەندێك وڵاتی وەك فەرەنساو پۆڵۆنیا نەبێت. ئەو گرنگیەی ئەوانیش پێی دەدەن تەنها لە رووی کۆمەڵایەتی‌و ئایدیۆلۆژیەوە نییە. بەڵکو لە رووی ستراتیژیشەوەیە.

من دەربارەی مەترسییەکانی ئایندە بۆ سەر هـەرێمی کوردسـتان، لـە کوردسـتانی نوێ بابەتێکم بڵاوکردەوەو تیایدا باسی ئەوەم کرد کە یەکێك لە مەترسییە گەورەکان، قەیرانی خواردەمەنیە.

هەرچەندە ئەمە پێشتریش هەبوو، بەڵام لە ئێستادا گەورەتر بووە.

بەشی زۆری وڵاتان لەسەروەختی شەڕی یەکەم‌و دووەمی جیهانیـەوە، پشـتیوانی لـە کەرتی کشتوکاڵ دەکەن هەرچەندە لە رووی ئابوریـەوە دەوڵـەتان قـازانجی لێناکـەن‌و زۆرجاریش زیانی لێدەکەن‌و بەرهەمی جوتیارەکان بەنرخێکی زیاترو گـرانتر لـە بـازاڕ دەکڕنەوە بۆئەوەی کەرتی کشتوکاڵ بمێنـی‌و گەشە بکـات.. چـونکە هێشـتا ئەگـەری جەنگ ئەگەرێکی کراوەیەو بۆئەوەی بتوانن لەو کاتانەدا میللەتەکانیان بژیەنن.

ئێستا ئێمە لەو بوارەوە لە قەیراندابن‌و کشتوکاڵمان فـەرامۆش کـردوەو (٩٠٪)ی خورادەمەنیمان لە تورکیاو سوریاو ئێران‌و وڵاتانی خلـیج‌و.. هتـد، بـۆ دێـت، ئەگـەر رۆژێك حکومەتی هەرێم تووشی گرفت ببێت لەگـەڵ ئـەم وڵاتانـەدا، تووشـی قـەیران دەبین‌و دەمانخنکێنن.. بۆیە دەبێت پلانی ژیرانە بۆ پاراستنی کەرتی کشتوکاڵی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابنرێت.





**تەحسین نامیق:**

**ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، بۆ سەرەتای گەشەکردنی مەسەلەیەکی سروشتیە، ئێستاش کۆمەڵگای ئێمـە جیـاوازی زۆرە لەگـەڵ سـەرەتای سـەرهەڵدان‌و گەشـەی سەرمایەداری.. من ماوەیەك جێگری وەزیری کشتوکاڵ بووم‌و زۆر بیرمان لەم مەسەلانە ئەکردوە ئەوە.. لە ئێستادا تۆڕی تەکنەلۆژیاو بەرهەمی تەکنەلۆژیا لە زەوی بچوکدا سودی لێوەرناگیرێت. بۆیە دەبێت زەوییەکی گەورە هەبێت، بۆیە دەبێت بچینە سەر ئەو پرۆسەیەی کە دەبێت کێڵگەی کۆمەڵایەتی دروست بکرێت. مەبەستم ئەوەیە ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوە بین یەکێك بتوانێت هەموو زەویەکان بکڕێت‌و ببێتە خاوەن موڵـك، یـان کێڵگەی هەرەوەزی هەبێت لەسەر شێوازی سۆسیالیزمی رابردوو؟.**

**د. هۆمەر شێخموس:**

سۆسیال دیموکراتەکان لە سوید بەشێکی زۆری بۆچوونەکانیان دەربـارەی کشـتوکاڵ تەنها پشت نابەستن بە کێڵگە، بەڵکو گرنگی بە دوکانیش دەدەن.

ئێستا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە سەرجەم شارەکانی سویددا دوکانی تایبـەت بە کڕین‌و فرۆشتنی ئامڕازەکانی کێڵگەو کشتوکاڵ هەیە.

**تەحسین نامیق:**

**من دەمەێت باس لە تێڕوانینی سۆسیال دیموکرات بـۆ ئـەو مەسـەلەیە بکـەین، چونکە لەئێستادا زۆرجار باس لە مەسەلەی ئاسایش دەکرێت ئەمـەش یـەکێك لـە مەسەلە هەرە گرنگەکانە، کە هەنگاوی زۆر جدی بـۆ دەنرێـت، ئـەویش مەسـەلەی ئاسایشی خۆراکە.**

**د. هۆمەر شێخموس:**

ئەمە بەشێکی کۆنی سۆسیال ئەنتەرناسـیۆنالەو لـە ئێسـتادا لاواز بـووە، چـونکە ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپا بازرگانی گەشەی کردووەو ناتوانرێت کێبڕکـێ لەگەڵ کەرتی تایبەت بکرێت.

لەبەرئەوەی ئێمە بەشێکین لە جیهانی سێهەمو ئابوریمان ئابورییەکی دواکەوتووەو هێشتا کۆمەڵگەکەمان لە قۆناغی کشتوکاڵیدایە، بۆیە زۆر گرنگە بەنیسبەت ئێمەوە کە بەرنامەی وردمان هەبێت بۆ کەرتی کشتوکاڵ. هەرئەوە بەس نیە کە زەوییان بەسەردا دابەش بکرێت، بەڵکو دەبێت یارمەتی جوتیاران بدرێتو بانکی کشتوکاڵی دامەزراوو کارا هەبێت، تاوەکو قەرز بداتە جوتیارانو مەکینەیان بۆ دابینکرێت وەك کاك تەحسین ئاماژەی پێدا کە گوندی گەورە دروست بکرێت. تاوەکو لەرووی ئابوورییەوە سودی لێوەربگیرێت، بۆیە تەنها بەخشینی زەوی بچووك وەکو ئەوەی عەبدولکەریم قاسمو ئەوەی دواتریش لە سوریا کرایەوە، کە تەنها زەوییان دەبەخشیو هیچ جۆرە یارمەتیەکی تر بە جوتیارەکان نەدەدرا، بۆیە بە ناچاری دەستکرا بە قەرزوەرگرتنو زەویەکانیان لە جیانی قەرزەکانیان دەدا، ئەمەش هیچ سوودێکی نەبوو. بۆچوونی وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتو سۆڤیەتو چین کە جەخت لەسەر دەستتێوەردانی حکومەتی ناوەند دەکەن بۆ سەرجەم بوارەکان. ئەمە ئەگەرچی بۆ جووتیاران باش بوو، بەڵام پانتایی ئازادی تەسك کردبووەوەو ئێستا یەکێك لەناکۆکیە هەرەگەورەکانی جیهان ئەمەیە کە قەیرانی ئابوری تێدا دروستبووە. جاران هەموویان لە دژی ئەوە بوون دەوڵەت موڵکدار بێت. (سەرجەم کەرتەکانی کشتوکاڵو بازرگانیو گواستنەوەو بانقەکانو کارەبا موڵکی دەوڵەت بوون). ئەو پێشنیازە هاتە پێشەوە کە کەرتی تایبەت دروست ببێت، مونتت فریدمان پرۆفیسۆری ئابوری لە زانکۆی شیکاگۆ، کە بە ناهەق خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت لە ئیکۆنۆمیدا، سیستمی تیۆری ئەوەی دانا بۆ تایبەتکردنی بەشی زۆری کەرتی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، بەڵام ئێستا کە قەیرانی ئابوری لە جیهاندا روویداوە، هەر سەرمایەدارەکان خۆیان پەنایان بۆ دەوڵەت هێناوە کە کۆمپانیاکانیان بکڕێتەوە، یان یارمەتیو قەزریان بداتێ، چونکە بەتەنها نەیانتوانی چارەسەری ئەو قەیرانە ئابوورییە بکەن. ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئەوەیە کە سیستمی سۆسیال دیموکرات ریفۆرمخوازەو دەتوانێت لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت، توانی سوود لە ئەزموونی سیستمی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی وەربگرێت، کە لە شوێنی خۆیان چەقی بوونو دواتر بەرەو





رووخان رۆشتن، ئێستاش سیستمی سەرمایەداری تووشی قەیران هاتووە. کارل مارکس لەم بارەیەوە بینی وایە سەرمایەداری هەر دەساڵ جارێك تووشی قەیران دەبێت. ئەگەر ئەم وتەیە تەواو وردیش نەبێت، بەڵام بەشێك لە راستی تێدایەو قەیران هەر سەرمایەداری لە ساڵی ١٩٢٩وە هەتا ئێستا تووشی چەندین قەیرانی گەورە هاتووە.

بەداخەوە ئێمە هێشتا سەرەتامانەو ئەوەی زۆر خراپیشە بۆ ئێمە، بەکارهێنانو جێبەجێکردنی سیستمی وڵاتە کۆمۆنیستەکانی وەك چینو سۆڤیەتو کوباو ... هتد کە شکستیان هێناوە، پەیڕەو دەکەینو دواکەوتوویی کادری سیاسیو فکریو کادری بەڕێوەبردنمان گرفتێکی گەورەیە. بۆیە پێویستە لەسەر ئێوە وەك ناوەندێکی رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی بیری سۆسیال دیموکرات، بەرهەمەکانتان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبکەنەوەو کاریگەریتان لەسەر هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا هەبێت، چونکە یەکێك لەلایەنە باشەکانی سۆسیال دیموکرات، قبوڵکردنی دیموکراسیو هەڵبژاردنو لایەنە جیاوازەکانە بۆ نموونە ئەگەر هاتوو لە هەڵبژاردندا خەڵك لە دژی تۆ دەنگی داو سیاسەتەکەت شکستی هێنا، دەبێت دەسەڵات لەدەست بدەیتو ئەو بارودۆخە قبوڵ بکەیتو ببیتە ئۆپۆزسیۆن بە واتای ئەوەی بوار بۆ گۆڕانکاری دەسەڵات بڕەخسێنیت گرنگی دیموکراسی، لە قبوڵکردنی لایەنە جیاوازەکانی تردایە.

یەکێك لە شتە خراپەکانی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، دەستتێوەردانە لە کاروبارە ئیدارییەکان، لە پەروەردەوە هەتا زانکۆکانو دەزگا رۆشنبیرییەکانو... هتد.

حیزب بۆی هەیە کاری رێکخستن بکاتو خەڵکی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام نابێت دەست لە کاروباری حکومەت وەربدات.

راستە هەر حیزبێك رێکخراوی ژنانو خوێندکارانو کرێکارانی هەیە، بەڵام نابێت دەست لە کاری دامەزراوەیی ئەو چینو توێژانە وەربدرێت. وەك ئەوەی لای ئێمە هەیە کە خوێندکار بە تەزکیەی حیزب وەردەگیرێت، ئەمە سیستەمێکی خراپو هەڵەیە.. ئەگەر حیزب دەستی لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگا وەردا، ئەوا ئەو حیزبە تووشی نەخۆشی دەسەڵات بووە. هەر حیزبێکیش تووشی نەخۆشی دەسەڵات بوو، جیاوازی قبوڵ

ناکاتو ئەوانی دی رەت دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی چەقبەستوویی‌و راوەستانی کۆمەڵگا.

بەهۆی ئەو بارودۆخەوە زۆرجار خەڵکانی باشمان لەدەست داوە، بۆ نمونە زۆر کادری پێشکەوتوومان لە ئەوروپا هەیە. بەڵام کاتێك دێنەوە کوردستان، تووشی کێشە دەبن، من برادەرێکم لە سوید بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەك بوو، کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو، هاتەوە بۆ کوردستان. ماوەیەك جێگری وەزیری تەندروستی بوو. دواتر چووە زانکۆ، بەڵام لە ترسی ئەوەی جێگەیان لیژنەکات دەریانپەراند. بۆیە دەبێت خۆمان لەو کێشانە رزگار بکەین.

خاڵێکی تری لایەنە باشەکانی سۆسیال دیمکراتەکان، لەو وڵاتانەدا کە لە دەسەڵاتدان، بوونی بیمەی تەندروستییە، لە وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمریکادا چەندین ملیۆن مرۆڤ هەیە کە بیمەی تەندروستیان نیە، کارو شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە..
لە سویدو وڵاتانی ئەوروپا تاوەکو بەر لەم قەیرانە ئابوریانە کرێی نەخۆشخانە خۆڕایی بوو، ئەگەر کەسێك بەهۆی لەدەستدانی کارەکەیەوە بێکار ببێت، حکومەت بیمەی بێکاری بۆ دابین دەکات. دەوڵەت هانی هاوسەرگیری‌و منداڵبوونو خوێندن دەدات، لە زۆرینەی شوێنەکان خوێندن بێ بەرامبەرە. بۆ مەسەلەی منداڵبوون، جاران هەشت مانگ موچەیان بۆ دایکەکە دەبڕیەوەو لە ئێستاشدا هەژدە مانگ بۆ دایكو باوکی دابین دەکرێت. مووچەی تەواو بۆ منداڵەکان دەبڕنەوە تاوەکو ببێتە سەرمایە بۆیانو خوێندنو کاروباری خۆیانی پێ بەڕێوەبەرن. بەشێك لە رێکخراوەکان پێیان وایە کە منداڵ ئینتیمای بۆ دایكو باوکی نییە، چونکە حکومەت هەموو شتێکیی بۆ دابین دەکات..

ئەگەر کەسێك بێکار بێت، یان تووشی کەمئەندامبوون ببێت، دوای ماوەیەك دەینێرن بۆ ئەوەی فێری پیشەیەك ببێتو لە کارو کۆمەڵگا دانەبڕێت...

جیلی یەکەمی پەنابەرانی کورد لە ئەوروپا، وەك پێویست سودیان لەو خزمەتگوزاریانە وەرنەگرتووە، بەڵام جیلی دووەم باشترنو لەگەڵ کۆمەڵگادا گونجاونو خەڵکانی باشیان لێهەڵکەوتوەو توانیویانە بەشداری سیاسییان هەبێت.





گەر بێینەوە سەر باسی بارودۆخی سیاسی لەو وڵاتانەدا، نەك تەنها سۆسیال دیموکراتەکان، بەڵکو لیبراڵەکانیش زۆر بەڕێكو پێکی کارەکانیان دەکەن. لە سەرجەم رێکخراوەکاندا رێکخستنەکانیان زۆر چالاکانە کاردەکەن. سەرجەم حیزبە سیاسیەکان بەر لە بەستنی کۆنگرەکانیان، بەچەند مانگێك ئامادەکاری بۆ دەکەنو چەندین کۆنفرانس دەگێڕنو پێشنیازو بڕیارەکان تاوتوێ دەکەنو لە کۆنگرەدا بەکەمترین ماوە کارەکانیان جێبەجێدەکەن، چونکە پێشتر ئامادەکارییان بۆ کراوە. لەکۆنگرەدا هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای کاروچالاکی دەبنو بابەتە شەخسییەکان تێکەڵ بە کەسایەتی ئەو کەسانە ناکرێت، کە خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەمە بەو مانایەی، کە جیاکاری دەکرێت لە کەسێتی‌و بەرنامەی کەسەکەداو تێکەڵاو بە یەکتر ناکرێن.

**شلێرخان:**

**بڕوای فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات بۆ بەشداری سیاسی ژن چۆنە؟**

**د. هۆمەر شێخموس:**

دە ساڵ لەمەوبەر لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتی سویددا بڕیار لە یەکسانی ژنو پیاو لەسەرجەم ئۆرگانەکانی حیزبدا دراو رێژەی (٥٠٪) بۆ ژنو رێژەی (٥٠٪) بۆ پیاو دیاری کرا، لەناو گروپی پەرلەمانی سویددا رێژەی (٥٠٪) یان ژنە، بەبێ ئەوەی هیچ جیاکارییەکی رەگەزی بکرێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا خەڵکانێکی کۆنزەرڤاتیڤ هەن، کە نایانەوێت ژن پێشکەوێت، بەڵام ئەوانە رێژەیان کەمترە لە سۆسیال دیموکراتەکانو چەپەکان، ئێستا ئەو وڵاتانەی کە پێشتریش کۆنزەرڤاتیڤ بوون، گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو زیاتر گرنگی بە مەسەلەکانی ژنان دەدەن، بۆ نموونە لە بەریتانیاداو لە سەردەمی تۆنی بلێردا گۆڕانی باش روویداوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی سۆسیال دیموکراتەکان چەند گرنگەو تەنانەت ئەوان گرنگی تایبەت بە مافی منداڵان دەدەنو بەچاوی مرۆڤ سەیری منداڵ دەکەن، نەك بە چاوی

منداڵ، تەواوی مافەکانیان بۆ دەستەبەر دەکەن، بۆ ئەوەی هەر لە منداڵیەوە کەسایەتیەکی تەواوو تەندروستیان لەکۆمەڵگەدا بۆ دروستبکەن.

گەر بەوردی سەرنج بدەین، دەبینین زۆرینەی ئەوانەی لە رێکخراوەکانی منداڵانی وەك یونسێفو منداڵ پارێزو... هتد. کاردەکەن، لە ئەندامانی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانن.

**شلێر خان:**

**پێشنیاری بەڕێزتان بۆ کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی سەبارەت بە ئامادەبوونی زۆرترین ژمارەی ژن چییە؟**

**د. هۆمەر شێخموس:**

لە زۆرێك لە سیستمە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی جیهاندا، ژنانو منداڵانو خەڵکانی پەنابەرو بێگانە بوونەتە قوربانیو چەسێنراونەتەوە. بەڵام لە ئێستادا لە ستراکتۆری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەم بارودۆخە کەوتۆتە بەر رەخنەگرتنو رەوشەکە باشتربووەو کار بۆ نەهێشتنی جیاکاری رەگەزیی کراوە.

لەوڵاتانی ئەوروپادا شێوازی هێنانەپێشەوەی ژنانو بەشدارییپێکردنی سیاسیانە بە تەنیا هەر لەسەر بنەمای ئەوە نییە، کە دەبێت ژن لە پۆستە گرنگەکاندا بوونی هەبێت بەڵکو دەبێت، ژن بێتو لێوەشاوەش بێت.

من لە کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیدا پێشنیاری هێنانەپێشەوەی ژنانم کردووە، راستە لەو کاتەدا ژنان خۆیان کاندید نەدەکرد، بەڵام من داوام کرد بهێنرێنە پێشەوە، لەو کاتەدا ژمارەیەك ژن خۆیان هەڵبژارد، بەڵام لەلایەن پیاوانەوە دەنگیان بۆ نەدرا. من بۆ ئەم کۆنگرەیە پێشنیازی ئەوەم کردووە کە گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆو ناوەڕۆكو بەرنامەی یەکێتیدا بکرێت.

بەڕای من، دەبێت سەرکردایەتی یەکێتی، یەك لەسەر چواری ژن بێت، یەك لەسەر چواری گەنج بێت، یەك لەسەر چواری تەمەنی مامناوەندی بێت، یەك لەسەر چواری





کۆتایی لە نەوەی رابردوو بێت، واتە ئەوانەی کە خاوەنی ئەزموونن. هەروەها پێشنیازی ئەوەم کردووە، تا وەکو سوود لە ئەزمونەکانیان وەربگیرێتو ببن بە رێنماییکەری نەوەی نوێی سەرکردە لە ژنانو گەنجان، بەو شێوەیە دەکرێت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیندوو بکرێتەوەو ببوژێنرێتەوە. حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەم میتۆدە کار دەکەن. بەڕێز مام جەلالیش گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەم میتۆدە کار بکرێت.

**کاوسێن بابەکر:**

**لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، هەرچەند رێژەیەکی زۆریان هێنا، بەڵام پاشی ئەوە دەنگیان نەهێنا، کە بە تەنیا حکومەت دابمەزرێنن.**

**پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەو فاکتەرانە چی بوون کە بوونەهۆی ئەوەی ئەو دەنگە پێویستە نەهێنن، لە کاتێکا ئەوان چەند ساڵ حکومەت بوونو خزمەتی زۆریشیان پێشکەش کرد؟**

**د. هۆمەر شێخموس:**

سۆسیال دیموکراتی سوید چەندین جار، بە تەنیا بووبێت یان بە هاوپەیمانێتی حکومەتی پێکهێناوە لەساڵی ١٩٣٣ هەتا ١٩٧٦. بەڵام ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمجار لەسەر مەسەلەی وزەی ئەتۆمی حکومەتیان لەدەستداو حیزبی سەنتەر جێگەی گرتنەوە. ساڵی ١٩٨٢ دیسان دۆڕانو پاشان ساڵی ١٩٩٣ جارێکی دیکەش دۆڕان. گرفتی سۆسیال دیموکراتی سوید، بەپێی ئەوەی لە ساڵانی حەفتاوە تیایدا ئەندامو رێژەیەك لە گەنجەکانیان، ئەوانەی لە دواتردا بوون بە ئەندامی پەرلەمانو تەنانەت وەزیریش هاوڕێم بوون. زۆرجار گفتوگۆمان دەکرد، ئەوان پێیان وابوو سەرجەم حزبەکان کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی سویدییەکان دەکەن، ئەندامانی سۆسیال دیموکراتەکانیش زیاتر لە چینی کرێکارانن. بەڵام کاتێك ئەمانە گوزەرانیان باشتر دەبێت، دەبنە چینی ناوەندو زۆر لە بیروڕاکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمەش دەبێتە

هۆی ئەوەی کە سۆسیال دیموکراتەکان ژمارەیەك لە ئەندامانیان لەدەست بدەن، بەهۆی ئەوەی کە بیرڕاکانیان گۆڕاوە. ئەمە هۆکاری شکستهێنانیانە لە هەڵبژاردندا. هەروەها زۆرجار روودەدات وەزیر یان کاربەدەستی باڵا لەحکومەتدا کە سەربە پارتی سۆسیال دیموکراتن، گەندەڵیەك دەکەن، یان درۆیەك لەگەڵ راگەیاندنەکان دەکەن، پاشان ئاشکرا دەبن‌و بەناچاری دەبێت دەست لەکاربکێشینەوە. جارێکیان وەزیری داد شوقەیەکی بۆ کوڕەکەی خۆی لە کۆمپانیایەکی ئەهلی وەرگرتبوو ئەوەش بەپێشخستنی سەرەی کوڕەکەی لە وەرگرتنی شوقەکەدا، دواتر کە ئاشکرابوو، ناچاریان کرد دەست لەکار بکێشێتەوە.

**مامۆستا جەعفەر:**

**بوونی هەندێك لە سەنتەرو رێکخراوەکان لە شارەکاندا، وەك ئەوەی کە لە سوید هەن، کارکردنێکی سەرکەوتووانەیە؟**

**د. هۆمەر شێخموس:**

کاری سەندیکایی لە ئەڵمانیاو سوید لاواز بووە. لە ئێستا زیاتر ئەندامی چەپەکان‌و پارتە لیبراڵەکانن. دەنگۆی ئەوە هەیە کە نابێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەندامانی سەندیکاکان، سەربە هیچ حیزبێکی تایبەت بن. بۆ نموونە سەندیکای کرێکاران کە زیاتر لایەنگری سۆسیال دیموکراتەکان بوون، بەڵام لە ئێستادا دەڵێن نابێت ئەندامان سەربە حیزب بن‌و دەبێت سەربەخۆ بن، چونکە ئەو سەندیکایانە سەندیکای پیشەیین هەر حیزبێك سەندیکای تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە ئاستی نیشتمانییدا پێویستە سەندیکاکان سەربەخۆ بن، هەر وەك پێمباشە کە لە کوردستانیشدا سەندیکاکان سەربەخۆبن، بۆ ئەوەی حیزبەکان دەست وەرنەدەنە کاروبارە حکومیەکان لە کاتێکدا سەندیکاکانی وەك (خوێندکاران، پارێزەران، ئەندازیاران، ژنان،... هتد) پەیوەندی راستەوخۆیان بەحکومەتەوە هەیە.





**مامۆستا جەعفەر:**

یەکێك لەکێشەکانی تر کە لە داهاتوودا کۆمەڵی کوردی زیاتر پێوەی دەناڵێنێت نەمانی هێزی کارو بەرهەمهێنانە، چونکە لە ئێستادا نزیکەی یەك ملیۆن‌و هەشت سەد هەزار فەرمانبەرو مووچەخۆر هەن لە کاتێکدا وڵاتێکی وەك سویسرا تەنها سی‌و شەش هەزار موچەخۆری هەیە، واتە وڵاتێکی چەند ملیۆنی بەسی‌و شەش هەزار فەرمانبەر دەڕوات بەڕێوە، بەڵام ئێمە (٧٢٪)ی ئەو بودجەیەی کە هەمانە، بۆ مووچە دەڕوات، لە کاتێکدا ئەگەر وانەبوایە، دەمانتوانی لە کەرتەکانی کشتوڵی‌و بازرگانی‌و پیشەسازیدا بەکارمان بهێنایەو ئاستی بەرهەمهێنانمان پی زیاد بکردایە، پێتوایە چۆن دەتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟

**د. هۆمەر شێخموس:**

من لەچەند بۆنەی دیکەو لەو نوسینەمدا کە لە کوردستانی نوێدا بڵاوم کردەوە، ئاماژەم بۆ ئەوە کردبوو کە زیاتر لە (٧٠٪)ی میزانییەی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عیراقەوە وەردەگیرێت‌و لە (٣٠٪)کەی دیکە داهاتی کوردستانە، لەو رێژەیە (٦٠٪)ی بۆ مووچە دەڕوات، رێژەی (٤٠٪)کەی دیکەی بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ‌و ئابوری‌و پەروەردەو تەندروستی‌و.. هتد دەڕوات کە ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە. ئەمە زیانێکی گەورەمان لێدەدات، بەوەی لە دە ساڵی داهاتوودا حکومەتەکەمان ئیفلاس دەکات‌و ناتوانێت خۆی بەخێو بکات. ئەمەش رەنگە بۆ مەبەستی سیاسی بقۆزرێتەوەو لە کاتی پچڕانی پەیوەندیدا بە مەبەستی سیاسی بەکاربهێنرێت لەلایەن حکومەتی مەرکەزو وڵاتانی دراوسێوە. راستە ئێمە وڵاتێکی تازەین‌و تاڕادەیەك دەوڵەمەندین، بەڵام دەوڵەتانی خلیج کە لەئێمە رێژەیان کەمترەو دەوڵەمەندتریشن، کاری لەو شێوەیە ناکەن. گرفتەکە لەوەدایە لە حەوت رۆژی هەفتە، ئێمە تەنها چوار رۆژو نیو کاردەکەین. لەو چوار رۆژو نیوەشدا رۆژی شەش سەعات دەوام هەیە، گەر لەو شەش سەعاتی کارکردنەش وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت تەنها سێ سەعات کارکردنی راستەقینەیە، واتە تەنها سێ سەعاتی کاریگەر لە رۆژێکدا،

که ئەمەش ماڵوێرانییە! وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو باشوری ئاسیا کە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێن لەهەفتەیەکدا شەش ڕۆژ کاردەکەنو لەهەر ڕۆژێکیشدا دە سەعات. پێویستە لێرە فەرهەنگی کار گۆڕانی بەسەردا بێت، لای ئێمە خەڵك دەکرێتە مووچەخۆر بۆ ئەوەی لایەنگری حزبی پێدروست بکرێت، یاخود بۆ زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەران، کە ئەمەش سیاسەتێکی کورتبینانەیەو کار لەسەر داروخانی کۆمەڵگە دەکاتو وڵات بەرەو مەترسی دەبات. لە هەمانکاتدا هەندێك لە بەرپرسان کە قسە دەکەن. بیر لە بارودۆخی کۆمەڵگەو بابەتی بوونی قسەکانیان ناکەنەوە، بۆ نموونە لەقسەکانیاندا بەگژ تورکیاو ئێراندا دەچن، یان هەڕەشە لە حکومەتی ناوەند دەکەن، لە کاتێکدا ئەم قسانە مەنتقی نین، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان بە چ شێوەیەکە، گەر ئەو دەوڵەتانە پەیوەندیمان لەگەڵ ببڕن، تووشی قەیرانی ئابووریو سیاسی گەورە دەبینەوە.

**مامۆستا جەعفەر:**

**تەنانەت ئەگەر بارودۆخە بابەتیەکە بۆت بلوێتو دەوڵەتێکی بەهێزیش بیت، دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەدا نەرمو نیان بیت. ئەمریکا سەرەڕای بەهێزی لە ڕووی سیاسیو سەربازیو ئابورییەوە، هێشتا ناتوانێت لەسیاسەتی دەرەوەیدا توندو تیژانە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بکات.**

**د. هۆمەر شێخموس:**

هەندێك لە کاربەدەستو وەزیرەکانی حکومەتی ئێمە قسەکانیان نەدیبلۆماسیەتو نە سیاسەتی تێدایە، تەنها وەك پاڵەوانێك قسە دەکەن. با ئێمە وا نەزانین کە ئەمریکا لە پشتمانە، بە کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق، لە ئایندەدا ئێمە دەکەوینە مەترسییەکی گەورەوە. ڕاستە هەتا ساڵی ٢٠١١ ناکشێنەوە یان تا پانزە ساڵی تریش ناتوانن دەستبەرداری عیراق بن، بەڵام ناکرێت ئێمە پشتیان پێببەستین. گەر ئێمە





سیاسەتمان نامەعقولو نامەنتیقو توندو تیژ بێت، ئەمریکاش پارێزگاریمان لێناکات، چونکە ئاشکرایە ئەمریکا تەنها دوای بەرژەوەندی خۆی دەکەوێت.

**مامۆستا جەعفەر:**

**سیاسەتی دەوڵەتیش ڕێگە بەوە نادات، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق، دەبێت لەو چوارچێوەیەدا سەیری خۆی بکاتو دەبێت هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتدا زۆر بەهێزبێت، دەبێت جیاوازبێت لە زەمەنی مەفرەزە سەرەتاییەکانو حیزبێکی بچووکدا، نابێت دروشمەکانی وەك دروشمی سەردەمی شاخ بێت، دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەماندا زۆر وریا بین.**

**د. هۆمەر شێخموس:**

ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بەقوربانیدانی زۆرو بە خوێنی چەندین شەهید هاتۆتە بەرهەم، نابێت بەهۆی سادەییو نەزانینی سیاسەتەوە ئەزموونەکە لەدەست بدەین، یان بەهۆی ویستی چەند بەرپرسێکەوە بۆ خۆشەویستکردن لای کۆمەڵانی خەڵك، مەترسی بخەینە سەر هەرێمەکەمان، دەبێت زۆر ژیرانە لە سیاسەتماندا لەگەڵ دەرەوەو دراوسێکاندا مامەڵە بکەین، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەم ئەزموونە بکەینو پێشی بخەین.

تێبینی:

ئەم دیالۆگە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠/١١/٢٠٠٨ لەبارەگای مەکتەبی بیروهۆشیاری لەسلێمانی ئەنجامدراوە.

# مارکس و تیۆری فاشیزم

**(ئەو گۆڕانەی ساڵانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣٠ بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان چینەکاندا هاتووەو سەرجەم کۆمەڵگای گرتبووەوە)**

ن: ریچارد زاگە
ئاوات دەوڵەت
لەئەڵەمانییەوە وەریگێڕاوە

هەرچەندە لێکدانەوەی ئەو نووسەرانە جیاوازبوو، کە سەرقاڵی شیکردنەوەی پرۆسەی بەرەو فاشیەت چوونی کۆمەڵگای ئەڵمانی لەسەردەمی پێش هاتنە ئارای "رایخی سێیەم" بوونو هەوڵیانداوە وەڵامی ئەو پرسیاری بدەنەوە، کە لەکۆتایی ساڵانی بیستو سەرەتای سییەکان سەری هەڵدابوو. پرسیارەکەش ئەوە بوو ئایا ئەو توێژە مامناوەندەی بەرەو رادیکاڵبوونو ناسیۆنال سۆشیالیزم دەڕۆیشتو وەك سێیەم چین لەچوارچێوەی گشتگیری پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵی ئەڵمانیا بوو، چ کاریگەرییەکی بەسەر گەڵاڵە بوونی هەلومەرج هەبووە بۆ هاتنی سیستەمی دەسەڵاتی فاشی. دەڵێم سەرەڕای جیاوازی لێکدانەوەیان، یەك شت کۆی دەکردنەوە، ئەویش هەموویان پشتیان بەشیکاریی پۆناپارتیزمی مارکسی دەبەست. بۆئەوەی یەکبینە لەمۆدێلی مارکسی تێبگەین، کە وەك پێشینەیەکی تیۆری لەلێکدانەوەکانی تالهایمەرو ترۆتسکیو باوەردا رەنگی داوەتەوە، بەپێویستی دەزانم، لانی کەم، خەسڵەتە سەرەکییەکانی شیکاریی مارکسی بخەمە روو. وەك دەزانین، مارکس دەیویست





لەنووسینەکەیدا "١٨ی برومێر" راپسکاندنی دەسەڵات، کە لویس پۆناپارت لە ٢/١٢/١٨٥١دا ئەنجامیدا، لەچوارچێوەی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵی فەڕەنسا جێبکاتەوە. بە گوێرەی مارکس، ئەوەش لەلایەکەوە لەوەدا دەردەکەوێت، کە پرۆلیتاریای پاریس لەمیانەی سەرهەڵدانە بەناوبانگەکەی مانگی حوزەیران، کە بەراپەڕینی حوزەیران ناوی دەرکردووە، لەسەر دەستی ئەرستۆکراتێتی دارایی و بۆرجوازیی پیشەسازیو سەرمایەداری مامناوەندو نیمچە بۆرجوازو سوپاو پرۆلیتارە رەشوڕووتە بێکارەکان (Lumpenproletariat)، کە وەك پاسەوانی گەڕۆك رێکخرابوونو هێزە ئایینییەکانو پیاوانی ئایینیو خەڵکی ئاوایی شکستێکی چارەنووسسازی خوارد. چونکە هەموو ئەمانەی ناومانبردن، بەناوی کۆماری گەلەوە دژی داواکارییەکانی پرۆلیتاریا وەستان. بەقسەکانی مارکس، دژوارییەکە لەوەدایە کە ئەو شکستە وایکرد، کە پرۆلیتاریا لەمەیدانی شۆڕشگێڕێتیدا بکەوێتە ریزی دواوەو دوابکەوێت. هەرجارێکیش بزووتنەوەکە جوڵەی تێدەکەوت، پرۆلیتاریا هەوڵیداوە لەریزی پێشەوەی بزووتنەوەکەدا جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەموو جارێکیش بەهێزو کاریگەرییەکی لاوازەوە بەشداری دەکرد، ئەمەش وایکرد کە بەری رەنجیشیان هەمیشە کەمبایەخ بێت. هەروا سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکەوتە دەست کەسانی خاوەن کەسایەتی لەرزۆكو رارا، چونکە سەرکردەکانی پێشووی بەهۆی دادگاییکردنیانەوە لێی دووردەخرانەوە.

بۆیە پرۆلیتاریا لەبارێکی ئاوا لاوازدا هێشتا نەیدەتوانی دەسەڵات بگرێتە دەستو کۆماری سۆشیالیستی دامەزرێنێت. لەلایەکی دیکەوە بۆرجوازیش نەیدەتوانی باڵادەستیی خۆی لەدەسەڵاتدا بسەپێنێت. بە بۆچوونی مارکسیش، هۆی سەرەکی ئەم بێتواناییەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبونی راگرتنی هاوسەنگیی نێوان دوو فراکسیۆن بە بەردەوامی، واتە نێوان شەرعییەکانو ئۆرلیانیستەکان، کە بۆرجوازی فەرەنسایان پێکدەهێنا. واتە لەنێوان خاوەنداریێتی مەزنی زەویو پیشەسازیدا. هۆی ئەو ئەستەمبوونەش لەوەدایە کە تا خاوەنداریێتی زەوی نەچێتە بواری پیشەسازییەوەو نەبێتە پیشەساز، ناکرێت ئەو دووانە بگەنە لێکگەیشتنێك. ئەو دووبەرەکیو

رکابەرییەی کەوتبووە نێوان خاوەندارانی زەوی، کە سەر بە سیستەمی پاشایەتی بوون‌و ئەو سەرمایەدارە مۆدێرنانەی لایەنگری سیستەمی کۆماری بوون، وایکرد کە بۆرجوازی ببێتە دوو بەش‌و بکەوێتە سەر دووڕیانێك، کە بەیەکگەیشتنەوەی تێدا بەدی ناکرێت. کەچی دەبوایە بەرامبەر مەترسیی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی، کە لەسەروبەندی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکەدا دێتە ئاراوە، کە مەترسییەکی واقیعی بوو، یاخود وا تێگەیەندرابوو کە مەترسییەکی واقیعییە، بۆرجوازییەش ئامادەگی تێدا بێت هەڵوەستەیەك بکات‌و نەهێڵێت چیتر بەرژەوەندییە سیاسییەکانی لەلایەن نوێنەرانی خۆی لەپەرلەماندا نوێنەرایەتی بکرێت. بۆرجوازی بەگوێی گوتەیەکی بەناوبانگی مارکسی دەکات، کە دەڵێت: "بەرژەوەندی بۆرجوازی وا پێویست دەکات، کە لەمەترسیی خود حوکمڕانیی رزگاربکرێت، بۆ ئەوەی ئارامی لەوڵاتدا بپارێزرێت، دەبێ پێش هەرشتێك، پەرلەمانە بۆرجوازییەکەی بێدەنگ بکرێت. هەروا گەر مەبەستی بێت دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگەدا لەدەست نەچێت، دەبێ دەسەڵاتە سیاسییەکەی تێکبشکێنرێت. بۆرجوازی تایبەتی (Privatbourgeois) دەتوانێت تەنها بە یەك جۆر بەردەوامبوونی هەبێت، ئەویش بە چەوساندنەوەی چینەکانی تر. ئەوساش بێخەم دەتوانێت دەست بەسەر موڵکیەت‌و خێزان‌و ئایین‌و پێڕۆو یاسادا بگرێت. هەڵبەتە بە مەرجێك، چینەکەی ئەویش لەتەك چینەکانی تردا هیچ سەنگێکی سیاسی نەبێت. بۆئەوەی بۆرجوازی ئاگای لەگیرفانی خۆی بێت‌و پارەکانی بەهەدر نەچن، دەبێ لەتاجی پاشایەتی دووربکەوێتەوەو ئەو شمشێرەی بەنیازە بیپارێزێت، وەك شمشێری دامۆکلیس دەبێتە مایەی نەهامەتی بۆ ئەو و هەردەم بەسەر ملییەوە دەبێت. بە بۆچوونی مارکس، ئەم جۆرە دەستبەردانەی بۆرجوازی لەدەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆی، لەوەدا بەرجەستەبوو، کاتێك لویس بۆناپارت دەسەڵاتی راپسکاند. ئەو بۆشاییەی لەدەسەڵاتدا، لەئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان پرۆلیتاریای دۆڕاو بۆرجوازیی دەست لەسیاسەت هەڵگرتوو دروستببوو، زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم راپسکاندنی دەسەڵاتە خۆشکرد. لەهەلومەرجێکی ئاوادا، دەرفەتێك بۆ لویس بۆناپارت، کە ئەو کاتە سەرۆکی ١٠ی دیسەمبەر بوو، هاتە پێشەوە. بۆناپارت توانی





لەگەڵ پرۆلیتارە رەشوڕووتە بێکارەکانی خۆی دەست بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بگرێت‌و دەسەڵاتێکی توقێنەر بەسەر هەموو چینەکاندا بسەپێنێت. لەهەمان کاتدا بۆ مارکس دەرکەوت، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن تا دەهات، بەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنی (بۆرجوازی) خۆی جیادەکردەوەو سەربەخۆ دەبوو. هەرچەندە بەم کارە شتێکی تەواو نوێی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکار لەسەردەمی رمانی دەربەگایەتیشدا لەهەناوی سیستەمی رەهای پاشایەتیداو لەکۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا هاتۆتە کایەوە، کە پەرلەمانی هەبوو. لەو دەمەشدا دەسەڵاتی جێبەجێکار توانی خۆی جیابکاتەوەو "سەربەخۆ بێت"و لەژێر چەتری بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا، ئەو دەسەڵاتە توانی خۆی لەکۆمەڵگا جیابکاتەوەو بەناوی بەرژەوەندی باڵاو گشتییەوە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی قوتبۆتەوەو لە دەستی ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەرهات‌و کرا لە بەشێك لەکارو پیشەی حوکمڕانی. بە بۆچوونی مارکس، ئەم پرۆسەیە لەسەردەستی لویس بۆناپارت پێی نایە قۆناغێکی نوێ، چونکە لەو سەردەمەدا وا دیار بوو کە دەوڵەت بە تەواوی سەربەخۆ بووە. "دەزگای دەوڵەت بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی (بۆرجوازی) خۆی بە جۆرێك قایم کردووە، کە تەنانەت سەرۆکی ١٠ی دیسەمبەری بەس بێت، بۆئەوەی سوارچاکێکی بێگانەی وەك ئەو بە رێکەوت بەختە باشەکەی وای بهێنێت، کە لەرێی سەربازگەلێکی بەدمەستەوە بەرزبکرێتەوەو بێتە سەرکار". دیارە مارکسیش هیچ گومانێکی لەوەدا نییە، ئەم رژێمە کە جۆرێکە لەخۆجیاکردنەوەی (خۆسەربەخۆکردنی) دەسەڵاتی دەوڵەت، لەخۆڕا نەهاتووە. چونکە بۆناپارت نوێنەرایەتی چینێکی دەکرد، کە لەرووی ژمارەوە گەورەترین چینی لەکۆمەڵگای ئەوسای فەرەنسا پێکدەهێنا، ئەویش چینی وەرزێرر بوو، واتە جوتیارە خاوەن زەوییە بچوکەکان. بە بۆچوونی مارکس، ئەم چینە بە حوکمی ئەو رەوشتەی کە لەشێوەی بەرهەمهێنانییەوە بەدەستی هێنابوو، توانی ببێتە بنکەیەکی جەماوەریی بۆ رژێمی بۆناپارتی. چونکە شێوەی بەرهەمهێنانەکەی شێوەیەکی کۆنی پێش سەرمایەداری‌و تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی بوو و پیشەکەیان وای دەخواست، کە پەیوەندی نێوان ناوچەکاندا هەبێت. ئامرازی بەرهەمهێنانی ئەم

چینەش، کە لە پارچە زەوییەکی بچووك پێکدەهات، بواری ئەوەی نەئەدا کە "دابەشکردنی کار ببێتە ئاراوەو شێوازی زانستی پیادەبکرێت، واتە گەشەسەندنێکی هەمەڕەنگ نەبوو، بەهرەی هەمەجۆریش بوونی نەبوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەسادەیی مابوونەوە". هەڵبەتە خراپبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی لەکۆمەڵگای فەرەنسیدا، ئەم حاڵەتەی هێندەی تر چەسپاندبوو. کەواتە وەرزێڕەکان، وەك مارکس دەڵێت، لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران، بێتوانان، ئەوان ناتوانن خۆیان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی چینەکەیان بکەن، ئیتر لەرێی پەرلەمانەوە بێت یان لەرێی رێکەوتنێکەوە بووبێت. "ئەوان ناتوانن نوێنەری خۆیان بن، بەڵکو دەبێ خەڵکانی تر نوێنەرایەتییان بکات. ئەو کەسەی نوێنەرایەتیشیان دەکات، دەبێ لەهەمان کاتدا وەك سەردانێکی ئەوان خۆی بنوێنێت‌و وەك کەسایەتییەکی بەهێزی سەرووی ئەوان بێتە بەرچاو، وەك دەسەڵاتێکی بێسنووری حکومڕانی کە لەچینەکانی تر بیانپارێزێت‌و لەسەرەوە خێرو بەرەکەت بەسەریاندا ببارێنێت". کەواتە کاریگەری سیاسی ئەو جوتیارانە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە دەسەڵاتی جێبەجێکار ملکەچی بۆ کۆمەڵگا بکات. بۆیە دەتوانین بڵێین ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی رژێمی بۆناپارتی، بریتییە لەبەرژەوەندی چینایەتی وەرزێڕان. پێشبینیی مارکس بۆ سیستەمی بۆناپارتی لەفەرەنسا، ئەوەبوو کە ئەم سیستەمە ناکۆکە لەگەڵ ئەو بەشانەی کۆمەڵگا، کە سەرمایەداری تێیاندا تەشەنەی کردووە، لەبەر ئەوەی گەشەسەندنی سەرمایەداری تازە بە کەس رانەدەگیرا، ئیتر ئەم سیستەمە شانسێکی ئەوتۆی نەبوو بۆئەوەی لەسەر ئاستی دەوڵەتدا بە بەردەوامی پیادەبکرێت.

گومانی تێدا نییە کە ئاوگوست تالهایمەر لەشیکردنەوەکانیدا، لەناو هەموو ئەو نووسەرانەی سەرقاڵی شیکردنەوەی پرۆسەی بەرەو فاشی چوونی کۆمەڵگای ئەڵمانیا بوون، کە لەکۆتایی ساڵانی بیست‌و سەرەتای سییەکان سەریهەڵداوەو سەرنجیان بۆ ئەو جێگۆڕکێیە چووە، کە لەنێوان چینەکاندا لەسەردەمی کۆماری ڤایماردا روویداوە، پتر پشتی بەو شێوازەی شیکردنەوەیە بەستووە، کە لەسەرەوە بە درشتی باسمان کرد، ئەویش شێوازی شیکاری بۆناپارتیزمی مارکسییە. کە تالهەیمەر لەفاشیزمی ئیتاڵی





دەکۆڵییەوە، بینی کە ئەو شێوەیەی دەسەڵاتی جێبەجێکار لەئیتاڵیا سەربەخۆ بوو و خۆی لەوانیتر جیاکردەوە، دەمانباتە سەر ئەو بڕوایەی کە لیچکچوونێکی جەوهەری لەنێوان ئەو بۆناپارتیزمەی مارکس شیکردۆتەوەو فاشیزمدا هەیە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دەکەوێتە سەر پێی خۆی‌و سەربەخۆیانە کاردەکات، هەموو خەڵك دەخاتە ژێر رکێفی سیاسیی خۆی، تەنانەت بۆرجوازیش. گەورە بۆرجوازو خاوەندارانی مەزنی زەوی، کە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییان لەدەستایە، دەکەونە ژێر رەحمەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی فاشی. لەهەمان کاتدا فاشیزم، وەك بۆناپارتیزم گەرەکێتی ببێتە تاکە خێرەومەندی تێکڕای چینەکان‌و چاکەی بەسەر هەموویاندا هەبێت. بۆیە بەردەوام چینەکان دەدات بە گژی یەکترو دژی یەکتر هانیان ئەدات، هەربۆیە بەردەوام لەناو خۆیدا بزاوتەکانی دژبەیەك‌و ناکۆکن. ئەوەی دەزگای دەسەڵاتیشی بەدەستەوەیە، واتە پارتی فاشی، هەر لەو توێژە کۆمەڵایەتییانەوە خەڵك بۆ لای خۆی رادەکێشێت‌و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا دەکات. ئەو پارتە لەبەرئەوەی لەهەمان جۆرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوەیە، دەبێ لەگەڵ تاقمەکەی دیسەمبەری سەر بە ناپلیۆن، وەك دیوەکەی تری یەك میدالیا چاوی لێبکرێت. ئەو لە بەهای هەموو چینەکانی کەم کردەوەو هیچ چینێکیش، لەخانەدانەکانەوە بگرە تا دەگاتە بۆرجوازی‌و نیمچە بۆرجوازی شارەکان‌و جوتیاران‌و کرێکاران، لەدەستی شێواندنەکانی ئەو دەرباز نەبوو. دیسانەوە دەبینین میلیشیای فاشییەکان‌و سوپای بۆناپارتیش لەیەك دەچن، "چونکە هەردووکیان، بۆ ئەوانەی لەچینەکانیان دەرپەڕێنراون، سەرچاوەیەك بوون بۆ پەیداکردنی بژێوی". ئەو گۆڕانەی بەسەر پەیوەندی نێوان چینەکاندا روویدابوو، کۆمەکی لویس بۆناپارتی کرد، کە کورسی دەسەڵات بگرێە دەست. تالهایمەریش لەلێکۆڵینەوەیەدا لەبارەی فاشیزمەوە، بەدوای حاڵەتێکی هاوشێوەی هاتنی بۆناپارت بۆ سەر حوکم دەگەڕاو لەمەسەلەی خەباتی چینایەتیدا دۆزییەوە، کە شێوە فاشیی دەسەڵاتی دەوڵەتی لێکەوتەوە. لەحاڵەتی فاشیزمی ئیتاڵیدا، وەك لەحاڵەتی بۆناپارتیزمدا، ئەو تەوژم‌و گوڕە نەهاتە دی، کە لەپرۆلیتاریا چاوەڕوان دەکرا. ئەمەش بووە مایەی بێئومێدیی چینی کرێکار. هەروا بۆرجوازیش شەکەت ببوو و وزەی

لێبڕابوو، بۆیە بەدوای فریادرەسێك دەگەڕا، کە بەهانایەوە بێت‌و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکەی بچەسپێنێت. لەرووی ئایدیۆلۆجیشەوە لێکچوونێك لەنێوان فاشیزم‌و بۆناپارتیزمدا هەبوو. بۆ نموونە، ئامرازی سەرەکی ئەوان بۆ سەرگرتنی مەرامەکانیان بیرۆکەی "نەتەوە" بوو، هەروا گوایە ئەوان خەبات دژی گەندەڵی پەرلەمانی‌و گەندەڵیی بیرۆکراتی دەکەن، یان بەرپاکردنی هەڵمەتی پروپاگەندەی قەبەو زۆر گەورەو گران دژی سەرمایە.. هتد. خەسڵەتی هاوچەشنی لەنێوان قارەمانانی (ئەنجامدەرانی) راپسکاندنی دەسەڵاتیشدا دەبینین. بە بۆچوونی تالهەیمەر، سیمای ئەو هاوسەنگییەی لەنێوان توانای چینەکاندا هەبووە، کە سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکاری لێکەوتەوە، لەوەدا دیاربوو کە لەلایەکەوە بزووتنەوەی رێکخراوی کرێکاری هیچ دەستپێشخەرییەکی لەدەستدا نەمابوو و لەپەلوپۆکەوتبوو، چونکە لەسایەی سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیەدا، هیچ وەرچەخانێکی شۆڕشگێڕانە لەسەردەستی کۆمەڵی کرێکاراندا روونەدا. لەلایەکی دیکەوە بۆرجوازیش زۆر لاواز ببوو. لەو ساتەوەختەدا بۆرجوازی ئیتر پێی نەدەکرا هەندێ لەبەرژەوەندییەکانی خۆی لەرێی دیموکراتیی پەرلەمانییەوە بگەیەنێتە ئەو رادەیەی کە ببنە بەرژەوەندی گشت کۆمەڵگا. دەرئەنجامی ریزبەندی چینایەتی لەم جۆرە، ئەوەیە کە دەوڵەت فاشی وەك ناوبژیوانی نێوان چینی کرێکارو بۆرجوازی دێتە پێشەوە. "ناوبژێوانێك کە بەردەوام ناچاربێت کاری دژبەیەك ئەنجام بدات". لەکۆتاییدا دەبێ باس لەرەهەندیکی سێیەمیش بکەین، کە پێدەچێت هاوچەشنی شیکاری بۆناپارتیزمی مارکسی بێت. پرۆسەی بنکۆڵبوونی رژێمی بۆرجوازی پەرلەمانتاری هەنگاو بە هەنگاو دەبێت. هۆی سەرەکیی ئەو بنکۆڵبوونەش، بۆرجوازی خۆیەتی. مارکس لە "١٨ برومێر"دا، رێك باسی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەم بنکۆڵبوونە دەکات. بێگومان دیکتاتۆری لەرێی پرۆسەیەکەوە نایەتە سەرکار، بەڵکو هاتنەکەی پتر کتوپڕ دەبێ، ئیتر لەرێی کودەتا یان راپسکاندنی دەسەڵاتەوە بێت، بۆرجوازیش لێرەدا رۆڵێکی ئەوتۆی نییە، چونکە خولیای بۆرجوازی، تەنها ئەوەیە کە زەمینە خۆش بکات بۆئەوەی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە رزگاربکرێت‌و لەرووی سیاسییەوە سەرکوت بکرێت. ئەوەی





سەرکوتیشی دەکات، ئەو کەسەیە (قارەمانەیە)، کە کودەتاکە ئەنجام ئەدات، یان دەسەڵاتەکە رادەپسکێنێت.

ئەگەر پێویستمان بەکارێکی لەم جۆرە بوو، کەسێك یان رێکخراوێك هەرپەیدا دەبێت، کە بەم کارە هەستێت. ئەو رێکخراوانەی بۆ ئەم کارە شیاون، خودی بۆرجوازی پەیدایان دەکات، ئیتر بەشێوەیەکی بەرچاو و چالاکانە بێت، یان پشت پەردەو کەنارگیرانە بێت. گومانی تێدا نییە کە خاڵی بەهێزی مۆدێلی بۆناپارتیزمی تالهایمەر لەوەدایە، کە نە هەوڵی داوە پەیدابوونی فاشیزم راستەوخۆو ئامرازگەرانە بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە ببەستێتەوەو نە رۆڵی فاشیزمیش لەوەدا کورت بکاتەوە، کە چینی بۆرجواز بێگاریی پێدەکات. تالهایمەر لەجیاتی خۆبەستنەوە بەوانەکانی قوتابخانەی مارکسی، کە پێماندەڵێن فاشیزم لەئەنجامی پووکانەوەو لەناوچوونی بێگەڕانەوەی سەرمایەداریدا دروست دەبێت‌و لەئاکامدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەك زەرورەتێك دێتە مەیدان، وای بۆ دەچوو کە شێوەی دەرکەوتنی دیکتاتۆریی بۆرجوازی، لەکرۆکدا دەرکەوتەیەکی یەکتا نییە، بەڵکو دەرکەوتنی ئەو شێوەیە، پتر بەندە بە رەوشی گشتیی چینەکانەوە، چەند ئەو جۆرە ریزیەندییەی چینەکان دووبارە ببێتەوە، ئەو شێوەیەش وەك سوڕێك دەردەکەوێتەوە. تا هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوەیە یان ئەو شێوانەی دیکتاتۆریی سەرمایەداری نەبێتە هۆی هاتنە سەرکارو مانەوەی دەسەڵاتی چینی کرێکار، ئەو سوڕە (دووبارەبوونەوەی ئەو دەرکەوتەیە)، لانی کەم لەو وڵاتەدا هەر دەمێنێت. ئەو ئەنجامگیرییەی لەروانگەی مارکسیزمی سۆڤێتییەوە سەرچاوەی گرتووەو بە سادەیی سیماو خەسڵەتی سوخرەکێشێك دەخاتە پاڵ فاشیزمەوە. تالهایمەر بەوە خۆی لەو کێشەیە دەربازکردووە، کە لەسەر رۆشنایی شیکاریی بۆناپارتیزمی مارکسی جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی‌و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی خاوەن سەرمایەکان دادەنێت. تالهایمەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لەکاتی سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکار، بۆرجوازیش لەرووی سیاسییەوە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە دەبێت. دەبێ ئەوەش بڵێین کە خاڵە لاوازەکانی بەراوردکردنی تالهایمەر لەنێوان بۆناپارتیزم‌و فاشیزمدا زۆر زەقن‌و ناکرێ پشتگوێ

بخرێن. لەو سۆنگەیەوە رەخنە لەشیکارییەکەی تالهایمەر دەگێرا، کە ئەو تێگەیشتنێکی نوێ ئەدات "هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان"، کە کاتی خۆی مارکس لەبەر رۆشنایی رەوش‌و بارودۆخی ئەوسای سەدەی نۆزدەیەم کاری لەسەر کردووە. هەروا دەیەوێت ئەو هاوپەیوەندییە لەسەر پرۆسەی بەفاشیبوونی کۆمەڵگای بۆرجوازی درەنگوەخت پیادە بکات، ئەویش لەرێی گەڕان بە دوای هاوشێوەداو لەرێی ئەو ئەنجامگیرییانەی لەم کارەوە دێنە دەست. ئەم کارەش لەگەڵ بنەماکانی تیۆری کۆمەڵایەتی مارکسیدا یەك نایەتەوە. هەڵبەتە تالهایمەر فاشیزم‌و بۆناپارتیزم بێ چەندو چۆن چونیەك نابینێت، بەڵکو جیاوازی نێوان ئەو دوو شێوەی دەسەڵاتە لەوەدا دەبینێت، کە بۆناپارتیزم گوزارشت لەبنەمایەکی شۆڕشگێڕانە ناکات‌و هەروا بەپێچەوانەی فاشیزم‌و بەهۆی نەبوونی زەمینەیەکی گونجاوی ئابووری، هێشتا نەیدەتوانی نوێنەرایەتی بنەمای ئیمپریالیستیش بکات. هەروا تاقمەکەی دیسەمبەر کە سەر بە لویس بۆناپارت بوو، شێوەیەکی دیکەی رێکخراوە گچکە شۆڕشگێڕە نهێنییەکەی چینی کرێکاری فەرەنسای ئەو دەمانە بوو. تالهایمەر گەرەکی بوو بەو جۆرە لەپارتی فاشی بڕوانین، کە هاوچەشنی پارتی فاشی لەگەڵ تاقمەکەی لویس ناپلیۆن لەوەدا دەبینی، کە ئەو پارتە لەسەرەتاوە رێکخراوێکی جەماوەری بوو. ئەم جیاکردنەوەیەشی لەراستیدا ناواقیعی دەمێنێت، چونکە ئەو نەهاتووە بەراوردێکی سیستێماتیکی نێوان جەماوەری راستەقینەی ناپلیۆنی سێیەم، واتە وەرزێڕەکانی (جوتیارە خاوەن زەوییە بچوکەکان)ی فەرەنسای سەدەی نۆزدەیەم‌و جەماوەری توێژی مامناوەند بکات، کە زەمینەی جەماوەریی فاشیزمی سەدەی بیستەمی پێکدەهێنا بەمەبەستی دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان ناوەڕۆکی ئەو دوو شێوەیەی دەسەڵات. تەنها باسکردنی سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکار بەس نییە بۆئەوەی سیمای فاشیزم دەربخەین. چونکە بەم جۆرە ناتوانین فاشیزم لەرژێمە دیکتاتۆرەکان‌و لەشێوازو ئامرازی حوکمڕانی ئەو رژێمانە جیابکەینەوە، پاشان دیدو بۆچوونەکانی تالهایمەر لەمەڕ خەباتی چینایەتی لەدواساتەکانی حوکمڕانیی کۆماری ڤایمەردا جێیی گومانن. چونکە ئەو وای داناوە کە فاشیزم ئەو کاتە خۆی دەردەخات، کە کۆمەڵگەی بۆرجوازی





لەپەلەقاژەی مەرگدا بێت‌و شۆڕشی پرۆلیتاری هەڕەشەی مەرگئامێزبێت بۆ ئەو و گۆڕهەڵکەندنی ئەو بێت، واتە مەرجی سەرەکیی دروستبوونی فاشیزم وەك سیستەمێك، ئەوەیە کە گوڕوتینی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا گورزێکی بەرکەوتبێت‌و پەکخرابێت‌و لەئاکامدا هێزی رێکخراوەیی کرێکاران لەبارێکی ناهەموارو لاوازدا بێت. بەڵام ئەم شیمانەیە، کە گوایە هەڵمەتێکی پرۆلیتاری بەرپەرچ درابێتەوە، لەگەڵ بارودۆخی دواساتەکانی کۆماری ڤایمار بە دڵنیاییەوە یەکنایەتەوەو لەو کاتەدا شتی وا لەئارادا نەبووە، چونکە لەساڵی ١٩١٩ەوە هەڕەشەی شۆڕشێکی پرۆلیتاری لەسەر کۆمەڵگەی بۆرجوازی لەئەڵمانیا نەمابوو. ئەگەر چاو لەهەندێ ناوچە بپۆشین کە حاڵەتێکی تایبەتیان هەبوو، دەبینین کە زۆربەی کرێکاران بەرەو لای تەوژمە ریفۆرمیستییەکەی بزووتنەوەی کرێکاری چوون. لیۆنترۆتسکی زۆر راشکاوانەترو روونتر شیکردنەوەی ئەنجامداوە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی فاشیزم، لەشیکردنەوەکەی تالهەیمەر زۆر بەکەڵك‌و بەپێزترە. ترۆتسکی لەشیکردنەوەکانیدا وای بۆچووە، کە توێژە مامناوەندەکان، لەئەنجامی رادیکاڵبوونیاندا، وەك هێزێکی سیاسی سەربەخۆ دێنە مەیدان. لەمەشدا ترۆتسکی لەگەڵ شیکردنەوەکانی مارکسیزمی سۆڤێتیدا کۆك نییە، چونکە بێچەندو چۆن‌و بێوردبوونەوە لەبابەتەکە، ناکرێ ئەو توێژە بە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی قۆرخکار (احتکاری) ناوزەد بکرێت. ترۆتسکی تێزە سەرەکییەکانی خۆی لەتیۆری فاشیزمدا، لەوەدا چڕدەکاتەوە، کە هەرشیکارییەکی راستگۆیانەی باری سیاسی، دەبێ لەپەیوەندییەکانی نێوان سێ چین بکۆڵێتەوەو لەو روانگەیەوە را بدات. واتە چینی بۆرجوازو وردەبۆرجواز (بە جوتیارانیشەوە)و پرۆلیتاریا. ترۆتسکی زۆر مەبەستی بوو هۆشیارمان بکاتەوە، کە نەکەوینە داوی گەڕان بە دوای کلێشەو ستانداردێك بۆ سیستەمە فاشییەکان. چونکە بە بۆچوونی ترۆتسکی، هەبوونی پێناسەیەکی رواڵەتیی بۆ شێوەی فاشیزم، ئەنگیزەی هاتنە سەرکاری فاشیزم نییە، وەك لەهاوکێشەکەی دیمیترۆفدا هاتووە. بەڵکو هاتنە سەرکاری فاشیزم‌و گرتنی دەسەڵات، پتر بەکۆمەڵێك شتەوە بەندن، لەوانە رەوشی راستەقینەی هێزەکان‌و دژەی بزوێنەری پرۆسەی سیاسییەکان، کە لەناو جەماوەردا رەنگ دەدەنەوەو

بەستراتیژیی پێشەنگی پرۆلیتاریاو بە رەوتی رووداوەکانی ئۆروپای رۆژئاواوە بەندن. ئەوەی لەتوێژینەوەکەی ترۆتسکیدا جێی بایەخە، ئەوەیە کە ئەو وەك تالهایمەر نەهاتووە بەشێوەیەکی بەرفراوان فاشیزم بکاتە هاوشانی پۆناپارتیزم، بەڵکو کاری لەسەر جیاوازییە تایبەتییەکانیان کردووە. ئەگەر دەسەڵاتێکی سەرکوتکار، کە پشت بە بیرۆکراتیو پۆلیسو سوپا دەبەستێت، بەجۆرێك دەسەڵات بەکاربێنێت، کە لەرژێمی بۆناپارتی بچێت، ئەوسا فاشیزم زۆر بەروونی لەچوارچێوەی دیکتاتۆرییەکی تەقلیدی دەردەچێت. ئەو فاشیزمەش کاتێك دەتوانێت لەهەلومەرجی سەرمایەداریی قۆرخکاری پیشەسازیدا ئەرکی خۆی بەجێبێنێت، واتە وەشاندنی گورزێکی کوشندە لەبزووتنەوەی رێکخراوی کرێکاری، کە خۆی لەتوانایدا بێت جەماوەر دژی هێزە پرۆلیتارەکان کۆبکاتەوەو هانیان بدات. ئەمەش رەهەندێکی تری فاشیزممان بۆ دەردەخات، کە لەرەوشێکی گۆڕاندایە لەشێوەیەکی دەسەڵاتەوە بۆ شێوەیەکی تری دەسەڵاتو ئەمەش گرنگییەکی تری ئەداتێ، کە لەرووی شیکاریو پراکتیکی سیاسییەوە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت. لەپێشدا، بۆ قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەیە وا گرنگ دەردەکەوێت، کە هاتنە ئارای بۆناپارتیزم قەیرانێکی دیموکراتی پەرلەمانتاری لەگەڵ خۆیدا دێنێت. چونکە هەر کە هێزە نەیارەکان دژی یەکتر چوونە سەنگەرەوەو هەر لایەکیان جێی خۆی لەجەمسەرێکی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا گرت، زۆر زوو بۆمان روون دەبێتەوە کە دەزگای پەرلەمان هەموو گرنگیو بایەخێکی خۆی لەدەستداوە. لەحاڵەتێکی وادا، پەرلەمان بەراستی دەست لەکار دەکێشێتەوە، چونکە لای روونو ئاشکرا دەبێت کە هەر بەرهەڵستکارییەك بکات، حکومەت دەتوانێت بەبێ ئەویش کارەکانی رایی بکات. ئەو هاوسەنگییە رێژەییەی نێوان بەرەی شەڕەنگێزی شۆڕشی چەواشەو بەرەی بەرگریکاری شۆڕش، کە هەر یەکێك لەو دوو بەرەیە بە نۆرەو بۆ ماوەیەکی کەم بێهێز دەبوو، دەسەڵاتی ناچار کرد کە خۆی لەچینەکانو لەنوێنەرانیان لەپەرلەماندا جیابکاتەوەو بەسەریاندا زاڵبێت. لەبارێکی لەم چەشنەدا، زۆر پێویستە کە لەدەرەوەی پەرلەمانو دەرەوەی پارتەکاندا بەدوای سەرۆکی حکومەتدا بگەڕێین. بەدەربڕینێکی تر، حکومەت وەك دەزگایەکی جێبەجێکاری پەرلەمانی خۆی نیشان نادات، بەڵکو وەك





ناوبژیوانێکی نێوان هەردوو بەرەی شەڕکەر دێتە مەیدان. هەرچەندە سیستەمی بۆناپارتی، بە بۆچوونی ترۆتسکی، بێپشتیوان نییەو لەناچاریدا لەژێر پەردەی پەرلەمانەوە پشتی بە پۆلیسو بیرۆکراتیو سوپاو بەستووە، بەڵام هێشتا سەقامگیریی ئەو لەبنەڕەتدا، بەتایبەتی لەهەلومەرجی سەرمایەداریی درەنگوەختدا، رووبەرووی هەڕەشەیەکی جیدی دەبێتەوە. بەپێی ئەو هاوسەنگییەی لەنێوان بەرەی پرۆلیتاریو بەرەی فاشیدا هەیە، کە زۆر ناسەقامگیرەو لەبارێکدا ناوەستێت، لاسەنگی هێزەکانیش خێرا گۆڕانی بەسەردادێت، ئەگەر کاریگەری باری ئابووری لەلایەكو شێوازی سیاسەتکردنی پێشەنگی پرۆلیتاریا لەلایەکی ترەوە لەو رەوشەدا رەنگبدەنەوە. ئەوساش رووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوان دوو بەرەکەدا دروست دەبێت، کە پتر لەشەڕی ناوخۆ دەچێتو ئاکامەکەشی دیار نابێت ترۆتسکی سوور دەیزانی، کە فاشیزم، وەك شێوەیەکی تری گۆڕانی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانییە بەرەو پۆناپارتیزم، زۆر لەو گۆڕانە زیاتر ئاژاوەو یاخیبوونو نائارامیی کۆمەڵایەتیو توانای شۆڕشگێڕانەی پڕ بەپێستی ئەو دۆخە لەگەڵ خۆیدا دێنێت. ئەم پێشبینییەی ترۆتسکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هاوپەیمانی نێوان بۆرجوازە گەورەو بچوکەکان هەتا سەر نابێت. کاتێك لەتوانای وردەبۆرجوازیی دیموکراتی بەدی نایەت، ناچار دەبێت پەنابەرێتە بەر یەکێك لەم دووانە: بۆرجوازی یان پرۆلیتاریا. کەواتە لای ترۆتسکی ئەگەری ئەوە هەیە کە وردەبۆرجواز ببێتە هاوپەیمانێکی کرێکارانی رێکخراو. بە مەرجێك پرۆلیتاریا نیشانی بدات،کە لەتوانایدایە کۆمەڵگا بەرەو رێگایەکی نوێ بەرێت. ئەمەش تەنها ئەو کاتە دەشێت، کە بزووتنەوەی کرێکاری لەشەڕیدا دژی فاشیزم، دەست لەجیاوازییەکانی خۆی هەڵگیرێتو لەناو خۆیدا گیانی دووبەرەکی وەلانێت. ئەگەر ئەمە رووی نەدا، ئەوەدەم وردەبۆرجوازیش پشت دەکاتە پرۆلیتاریاو بەنائومێدییەوە بەرەو فاشیزمەوە دەچێتو دەستی باڵای دەبێت لەگواستنەوەی شێوەی دەسەڵاتی بۆناپارتی بۆ شێوەیەکی تری دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی فاشی. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆرجواز لەتوانایدا نییە لەرێی ئەو شێوازو ئامرازانەی دەوڵەتی پەرلەمانی لەدەسەڵاتدا بمێنێت. هەرچەندە خۆیشی ئەو دەوڵەتە پەرلەمانییەی دامەزراندووە، بۆیە ناچارە پەنا بۆ فاشیزم بەرێت، کە وەك

چەکێکی بەرگریکردن لەکاتی تەنگانەدا بەکاریدێنێت. هەرچەندە ئەو پێی ناخۆشە ئەرکەکانی خۆی بەم جۆرە ناشایستەیە بەجێبێنێت. پەیوەندی هاوبەشی نێوان بۆرجوازیو توێژە مامناوەندەکان، بەهیچ جۆرێك لەسەر بنەمای لێکچوونو یەکانگیریی بەرژەوەندییەکانیان دانەمەزراوە. بەدیدی ترۆتسکی لەکاتێکدا بۆرجوازی فاشیزم بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاردێنێت، لەهەمان کاتیشدا لێی دەترسێت، چونکە پێیوایە فاشیزم پابەندی ئەو سنوورانە نابێت کە لەسەرەوە بۆی دانراوەو ئەگەری ئەوە هەیە ئەو سنوورانە ببەزێنێت. هەرچی وردەبۆرجوازیشە، بەپێچەوانەوە وەك چینێکی چەوساوەو سەرکوتکراو و زیان لێکەوتوو، بە ئیرەییەوەو زۆرجاریش بەرقو کینەوە لە گەورەبۆرجوازی دەڕوانێت. هەرچەندە ترۆتسکی ئەو تێزەی پەسەند نەدەکرد کە سیمای سوخرەکێشێك بداتە پاڵ فاشیزمەوە، چونکە ئەمە تێڕوانینێکی میکانیکییەو جەوهەری فاشیزمان بۆ دەرناخات. هەروا رەخنەی لەتیۆری سۆشیال فاشیزم دەگرتو بەم دوو هەڵوێستەی وا دەهاتە بەرچاو، کە کۆی دیدەکانی کۆمینتێرن بەرپەرچ بداتەوە. بەڵام لەراستیدا وەك نیکۆس پۆلانتزاس تێبینی کردووە، ترۆتسکی لەدوو خاڵی جەوهەریدا لەگەڵ کۆمنتێرندا یەك بۆچوونی هەبوو. لەلایەکەوە ترۆتسکیو کۆمینتێرن هەردووکیان شێتگەرایانە بارودۆخی دواساتەکانی کۆماری ڤایمار هەڵدەسەنگێنن. چونکە هەردووکیان پێیانوایە کە "فاشیزم شەڕێکی ناوخۆی بێکۆتا بەرجەستە دەکات، کە شەڕی بۆرجوازییە دژی چینی کرێکاری راپەڕیو". هەروا ئەو لێکدانەوە دۆگمایەی ترۆتسکی، تێبینییە رەخنە ئامێزەکەی نیکۆس پلانتزاس پشتڕاس دەکاتەوە، کە گوایە ئەو توێژە مامناوەندییانەی بەرەو رادیکاڵبوون رۆیشتوون، لەهەلومەرجی سەرمایەداریی درەنگوەختیشدا لەبنەڕەتدا ئامادەگییان تێدایە، کە لەگەڵ هەردوو چینە سەرەکییەکەی کۆمەڵگای بۆرجوازیدا کاربکەن. هەروا شیکارییەکانی ترۆتسکی لەگەڵ وانەکانی کۆمینتێرن لەبارەی فاشیزمەوە یەکدەگرنەوە. بەتایبەتی لەو تێزەی کە خەسڵەتێك ئەداتە فاشیزم، کە وەك "سوڕێك" دووبارە دەبێتەوە. چونکە ترۆتسکیش، وەك کۆمینتێرن، راشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە "یەعقوبیەکانو دیموکراتی ریفۆرمیستی (کە سۆشیال دیموکراتەکانیش





دەگرێتەوە)و فاشیزم" هەرسێکیان رێبازی تەوژمگەلێکی وردەبۆرجوازنو هەریەکێکیان لەیەکێك لەو سێ قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگای بۆرجوازی جێیان دەکرێتەوە. واتە لەسەرەتای گەشەسەندنی سەرمایەداریدا، کاتێك بۆرجوازی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، پێویستی بەشێوازی شۆڕشگێڕانە بوو. ئینجا لەقۆناغی گەشانەوەو پێگەیشتنی سیستەمی سەرمایەداریدا، کاتێك بۆرجوازی بەرگێکی یاساخوازی ئاشتییانەی پارێزکارانەی دیموکراتی کردە بەری شێوەی دەسەڵاتەکەیەوە. لەکۆتاییشدا قۆناغی لەناوچوونی سەرمایەداری، کاتێك بۆرجوازی ناچاردەبێت بۆ دژایەتیکردنی پرۆلیتاریا، پەنا بۆ شێوازەکانی شەڕی ناوخۆ بەرێت، بۆئەوەی بتوانێت لەسەر چەوساندنەوەی خۆی بەردەوام بێتو ئەو مافەی لەدەست نەدات. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ترۆتسکی زیرەکانەو وریایانەو رەگەزە جەوهەرییەکانی فاشیزمی شیکردەوە. ئەو نەك تەنها جیاوازیی نێوان کابینەی سەرۆکایەتی سەرکوتکاری بۆناپارتیو فاشیزم، وەك دوو شێوەی زۆر لەیەك جیاوازی دەسەڵات لەسەردەمی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبینی، کە رەنگدانەوەی کردەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە لەناو کۆمەڵگادا زۆر جیاوازبوو، بەڵکو ئەو توانی بە بەرچاوروونییەکی سەرسوڕهێنەرەوە پێشبینیی رەوتی پرۆسەکە لەئەڵمانیا بکات. لەوەش سەیرتر، ترۆتسکی توانی خەسڵەتی بزوێنەری فاشیزم بدۆزێتەوەو شیکردنەوەکانی لەبارەی فاشیزم، وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەریی چینی مامناوەند، تا ئەو کاتەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، زۆر لەواقیعەوە نزیکبوون. لەکاتێکدا ترۆتسکی پێکداданو رووبەڕووبوونەوەکانی نێوان بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکارییو ئەو گروپە وردەبۆرجوازانەی لەناو پارتی کرێکارانی ناسیۆناڵ سۆشیالیستی ئەڵمانیا (NSDAP) رێکخرابوون، وەك مەرجی سەرەکی دروستبوونی دەسەڵاتی فاشی لەقەڵەم ئەدا، ئۆتۆ باوەر بە بۆچوونێکی تەواو جیاوازەوە لەم دۆخەی دەڕوانی. هەرچەندە ئەویش بە پشتبەستن بە مۆدێلی بۆناپارتیزمی مارکسی، ئەو پرسیارەی وەڵامداوەتەوە کە چ هەلومەرجێکی چینایەتی تایبەت دێتە پێشەوە، کە دەبێتە هەوێنی گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ فاشیستەکان. بەڵام باوەر وەك تالهایمەرو ترۆتسکی وای نابینێت، کە هاوسەنگیی نێوان چینەکان گوزارشت

لەرەوشی ناهەمواری تەنگ پێهەڵچنراوی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای بۆرجوازی دەکات، بەڵکو پتر گوزارشت لەرەوشێکی ئاسایی دەکات، کە لەئەنجامی دووبارەبەرهەمهاتنی بێکێشەی سەرمایەداریی رێکخراوەوە دروستبووە، راستە لەدیموکراتی بۆرجوازیدا چینی سەرمایەدار بالآدەستەو لەدەستەڵاتدایە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەدیموکراتی ئەم چینە بەردەوام لەژێر گوشاری کرێکارانی ریفۆرمخوازدایە، کە ناچاری دەکەن هەرجارێك مل بۆ داواکارییەکانیان شل بکاتو تابێت، پتر دەستبەرداری هەندێ ماف بێت لەقازانجی ئەوان لەهەلومەرجی بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووریو رێژەی گەشەکردنی بەرهەمهێناندا، خەباتی نەپساوەی سۆشیالیزمی ریفۆرمخوازو خەباتی سەندیکاکان بۆ بەرزکردنەوەی موچەو کەمکردنەوەی ماوەی کارو فراوانکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانو دەزگا خزمەتگوزارییەکان، نەك تەنها سەرمایەداری دەهەژێنێت، بگرە بۆ ئاستێکی تری تەکنیکیو کۆمەڵایەتیو کولتوریش بەرزی دەکاتەوە. بەڵام ئەم رەوشە لەسەردەمی قەیرانە ئابوورییە قوڵەکاندا، کە لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم سەریهەڵدا، بە تەواوەتیو لەبنەڕەتدا دەگۆڕێت. هۆی ئەمەش، بە بۆچوونی باوەڕ، ناگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی هەلێکی شۆڕشگێڕانە یان بژارێکی شۆڕشگێڕانەی هەنوکەیی، کە جێی بۆرجوازی بگرێتەوە وەك تالهایمەرو ترۆتسکی بۆی دەچوون. بەتایبەتی چونکە دەمێکە پرۆلیتاریا لاواز بووەو گڕوتینی شۆڕشگێڕانە لەمێژە دامرکاوەتەوە. بەڵکو هۆی گۆڕانی ئەو رەوشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە گشتییەی ئێستا لەسایەیدا دەسکەوتە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی ریفۆرمیزم لەچوارچێوەی دیموکراتی پەرلەمانیدا مسۆگەر کراون. بەبۆچونی باوەڕ، لەدواساتەکانی کۆماری ڤایماردا تەنگەژەیەك دروست ببوو، کە زەمینەی بۆ بالآچوونو هاتنەسەرکاری فاشیزم سازکرد. بەپێی ئەو هاوسەنگییە بێوێنەیەی نێوان هێزی چینەکاندا هەیە، لەسەرێکەوە بۆرجوازی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو خولی ئابووری بوو و دەسەڵاتی دەوڵەتیشی لەدەستدا بوو، کەچی گەڕاندنەوەی ئەو قازانجو سوودانەی خۆی، کە بەهۆی قەیرانی ئابووری نێودەوڵەتییەوە کەوتبوونە ژێر مەترسیەوە، یان لەدەستی چوو بوون ، بەسترا بوو بەڕادەی سەرکەوتنی ئەو لەگەڕاندنەوەی ئەو مافانەی بۆ بزوتنەوەی ریفۆرمیستی کرێکاری دەستبەرداریان





ببوو. لێرەدا بۆرجوازی لاوازی بێئەندازەی خۆی دەسەلمێنێت، چونکە ناتوانێت ویستی خۆی لەرێی ئەو ئامرازە ئاینیو ئایدۆلۆجیانەوە بسەپێنێت، کە بەهۆیانەوە لە دیموکراتیدا بۆرجوازیدا حکومڕانی جەماوەری دەنگدەران دەکات. هەروا ناتوانێت بە گرتنەبەری رێوشوێنی یاساییەوە وا لەپرۆلیتاریا بکات، کە ملکەچی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی بێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، وەك باوەڕ تێبینی کردووە، بایی ئەوەندە لەتوانایدا هەیە  کە "سوپای تایبەتی دژە یاساو لەیاسا بەدەری فاشیستەکان بەکرێ بگرێتو پڕ چەکیان بکاتو بیاندات بەگژ چینی کرێکاردا".

لەسەرێکی ئەو هاوسەنگییە چینایەتییەدا سۆشیالیزمی ریفۆرمخوازو چینی کرێکار، کە سەندیاکاکان سەرکردایەتی دەکەن، جێگیر بوون. کێشەی ئەمانەش لەوەدا بوو کە لەلایەکەوە بەرامبەر بۆرجوازی ئەوەندە هێزیان تێدابوو، کە نەهێڵن رادەی چەوساونەوە بەرز بێت، کەچی لەلایەکی ترەوە ریفۆریزم بەرامبەر ئەو هێرشانە زۆر لاواز بوو، کە لەبەر سەرکەوتنی مەزنەکانیو برستی بەرگریکردنی دەکرانە سەری. کارکردی ریفۆرییزم لەو دیموکراتییە بۆرجوازەییەی هەبوو، دەستبەرنەدانی لە دیموکراتی وەك مەیدانێکی شەڕو وەك سەرچاوەیەکی هێز بەخش، وای لێکرد وەك "پارتی سەر بەو سیستەمە" لێی بڕوانێت، کە ناخوازێت جەماوەری شۆڕشگێڕ بەلای خۆیدا رابکێشێت. لەئەنجامی لاوازبوونی ئەو دوو، چینە سەرەکییەش "فاشیزم" توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. فاشیزم ئەو رەوشەی گۆڕی، کە هاوسەنگییەکەی راگرتبوو. بەجۆرە ئەو پارسەنگانەشی لابرد "کە لەدیموکراتی بۆرجوازیدا دەسەڵاتی چینی بۆرجوازیان بەرتەسك کردبوو". گەرچی فاشیزم لەرووی بابەتییەوە لەخزمەتی "ئاساییکردنەوەی" قازانجی سەرمایەداریدا کاری دەکرد، ئەوە ئەمە ناگەیەنێت کەباوەڕ مەبەستی بێت لەم خەسڵەتەی فاشیزم، واتە بێکاریکردن، وەك بەشێکی لێکدانەوەو شیکارییەکانی ماکسیزمی سۆڤێتی تێبگەین.

جگە لەمە، بەربەستێکی گران لەبەردەم بۆرجوازیدایە، کە لەمێژوو نەریتو ئایدۆلۆجی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووەو دەبێت لێی دەرباز بێت، پێش ئەوەی بڕیار بدات، کە بەلای فاشیزمدا بچێت.لەو چرکە ساتەدا تاقمە فاشیستەکان دەداتە گژ

پرۆلیتاریا، بۆ خۆی دەبێتە یەکێك لەزیندانییەکانی ئەو تاقمە فاشیانەی لەو دەمەدا بۆرجوازی ئەو تاقمانە دژی پرۆلیتاریا هان ئەدات، ئیتر ناتوانێت لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، بێئەوەی خۆی نەخاتەبەر رەحمەتی تۆڵە سەندنەوەی پرۆلیتاریا. بۆیە ناچار دەبێت کڕنوش بۆ دیکتاتۆری تاقمە فاشییەکان بەرێت‌و تەنانەت پارت‌و رێکخراوەکانیشی بخاتە ژێر زەبری دەسەڵاتی فاشی. گومانی تێدا نییە. کە باوەڕ لەشیکارییەکانیدا لەبارەی فاشیزمەوە، زۆر لەمۆدێلی پۆناپارتیزمی مارکسی دوور دەکەوێتەوە. پێشموایە بەکارهێنانی ئۆتۆ باوەر بۆ تیۆری هاوسەنگی چینایەتی‌و پیادەکردنی لەسەر هەل‌ومەرجی گەلاڵە بوونی فاشیزمی ئەڵمانی، لەهەموو ئەوانەی تر زیاتر جێی باوەر پێکردنە. چونکە ئەو وەك تالهایمەری نەکردو خۆی لەگەڕان بەدوای لێکچوونی ناتەواودا دوورخستووە. هەروا وەك ترۆتسکی‌و کۆمینتێرنیی نەکرد، کە باس لەهەڵمەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریاو ئامادەگی وەردەبۆرجواز بۆ دۆستایەتی هەردوولا (پرۆلیتاریاو بۆرجوازی) دەکەن. ئەو وردبینانە لەو هەلومەرجە کۆمەلاّیەتییەی کۆڵییەوە، کە وای کرد فاشیزم بێتە سەر کار. توێژینەوە هەرە نوێکانیش بەشێکی زۆری ئەم باس‌و لێکۆڵینەوەیان پشتڕاست کردەوە. جەماوەری پارتی کرێکارانی ناسیۆناڵ سۆشیالیستی ئەڵمانیا لەلایەکەوە خۆبەخۆ دروست دەبوو. ئەو گروپانە دەچوونە پاڵی، کە لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەچینەکانی خۆیان دەرپەڕێنرابوون، واتە ئەو کەسانە بوون کە لە جەنگەکەدا ئەزموونی تریان پەیدا کردووەو شێوەیەکی تری ژیانیان هەڵبژاردووەو بەئایدۆلۆجییەکی تایبەتەوە نووسابوون. بەشێکی تری جەماوەری ئەو، پارتە میلیشیا فاشییەکان بوون‌و ئەو کۆمەڵە چەکدارە میللییانە بوون، کە ئایدۆلۆجییەکی سەیری عەسکەرتاری‌و دژە دیموکراتی‌و ناسۆنالیستییان هەبوو. لەلایەکی ترەوە جەماوەری فاشیزم لەجوتیارو وردەبۆرجوازانە پێکهاتبوو، کە لەسەردەمانی قەیرانە ئابوورییەکەی دوای جەنگ زۆر هەژار ببون‌و بەچەرمە سەری ژیانیان دەکرد. رەهەندێکی تری ئەم پرۆسەیە لەوەدا بوو، کە ئەو فراکسیۆنانەی سەر بە سەرمایەدارە مەزنەکان بوون‌و قسەیان دەڕۆیشت، لەپێشدا بەدوودڵییەوەو پاشان راشکاوانە هاوپەیمانییان لەگەڵ هیتلەردا بەست.





ئەویش دوای ئەوەی پارتەکەی هیتلەر لەساڵی ١٩٢٩وە بەهۆی ئەو وردەبۆرجوازانەی هەڵیان بژاردبوو، ببووە هێزێکی سیاسی گرنگ. هۆی دەنگدانی وردەبۆرجواز بۆ پارتەکەی هیتلەر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. کە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی کرێکاران لەرێگای بەکارهێنانی شێوازی تیرۆریستییەوە هەڵوەشێنرێن. ئەگەر ئەمەش وابێت، کەواتە پرسیارێك دێتە پێش: بەپێی ئەم هاوپەیمانییە، ئایا پارتی کرێکارانی ناسیۆناڵ سۆشیالیستی ئەڵمانیا، پێش‌و بەتایبەتی پاش وەرگرتنی دەسەلاّت، خەسڵەتە وردەبۆرجوازییەکەی خۆی دەدۆڕێنێت یا نا؟

سەرچاوە:

Richard Saage:
Faschismus Theorien
C.H.Beck, 1981, S. 118 FF.

# فردیناند لاسال
# دامەزرێنەری بزووتنەوەی کرێکاری لەئەڵمانیا

ن: ك . هۆلَمكظيست
و.
لةسويديةوة:
عوسمان حةمة رةشيد
طورون

که کۆمەڵەی لاوانی سۆسیال دیموکراتی سوید، لەساڵی ١٩٠٣دا، رۆژنامەی (Fram)ی دەردەکرد، لەلای سەرەوەی رۆژنامەکە، وێنەیەکی گەورەی فردیناند لاسالی لەسەر بوو، کە بەدەستێکی شمشێرێکی گرتبوو، بە دەستەکەی تری ئاڵایەکی بەرزکردبۆوە.

گومانی تیا نییە، کە فردیناد لاسال (١٨٢٥ ـ ١٨٦٤) بۆ ماوەیەکی درێژ گەورەترین ئیلهامبەخش بوو بۆ بزووتنەوەی کرێکاری سویدی، تەنانەت سروودی تایبەتیی ئەم بزووتنەوەیە بەم شێوازە بوو:

**لە دوژمنان زۆر بێباکین**
**هیچ کەسێک ناتوانێت رێگامان پێبگرێت**
**بۆ پێشەوە.. بۆ پێشەوە..**
**لە دوای ئەو ئاڵایەوە**
**لاسال داویەتە دەستمان**







**فردیناند لاسال**

هەروەها دەزگا زانستیو رۆشنبیرییەکانیش وەك گرنگترین سەرکردەی کرێکاران تەماشای لاسالیان دەکرد.. تەنانەت ساڵی ١٩١١ لەکتێبی (Nordiska Familjebok) پێناسەو نووسین لەسەر لاسال چوار ئەوەندەی پێناسەو نووسین بوو لەسەر کارل مارکس. هەروەها ساڵی ١٩٠٦ سۆسیال دیموکراتەکانی سوید نامیلکەیەکیان چاپکرد بەناوی (رەوشی کارو سەردەمی ئێستا)، لە پێشەکییەکەیدا نووسراوە" فردیناند لاسال, لەنێوان سەرکردەی بزووتنەوە کرێکارییە گەورەکاندا، کە دەیان ساڵە هەموو وڵاتانی ئەوروپایان هەژاندووە.. بێ چەندو چوون، لەریزی پێشی پێشەوەیە. دوا گەشتی وتار خوێندنەوە کە ساڵی ١٨٦٤ بوو، وەك خۆپیشاندانی سەرکەوتن بوو. ئەم لەناو ریزەکانی کرێکاراندا گەیشتبووە ئاستێکی وا بەرز کە کەس نە لەپێش ئەو پێی گەیشتووەو نە لەدوای ئەویش کەس پێی دەگات."

لێرەدا باس لەو بیرە سیاسییانە دەکەین کە فردیناند لاسال هێنانیە کایەوە، لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی ئەم لەتیۆرییەکەی کارل مارکس جیا دەکاتەوەو کەمێکیش باسی ئەو کاریگەرییانەی هەیانبووە لەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی گەشەسەندوی ئەڵمانیاییو سکەندناڤی.

## ژیانو بیری لاسال:

فردیناند لاسال ساڵی ١٨٢٥ لەشاری Breslau ی بروسیا (کە ئێستا ناوی شاری (Wroclaw)ەو سەر بە پۆلۆنیایە). لەدایك بووە. ئەمیش وەك کارل مارکس بە بنەچە جوولەکەیە. لاسال وەك پیشە پارێزەر بوو. بەڵام فەلسەفەشی خوێندبوو. کە (کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیا) لەساڵی ١٨٦٣دا دروستکرا، لاسال تیایدا بوو بە سەرۆك. ساڵی ١٨٦٤ لە (duell) بەرامبەرێندا (کە بەهۆی کێشەیەکی دڵپیسییەوە بووە) بریندار بووەو مردووە.

فردیناند لاسال ئەوەندەی مرۆڤێکی چالاكو پرۆپاگەندەکارو وتاربێژ بوو هێندە تیۆریست نەبوو. زۆربەی جارەکان بۆ بڵاوکرنەوەی بیرۆکە سیاسییەکانی خۆی پەنای دەبردە بەر نووسینی کورت کورتو وتار بێژی. ئەو تیۆرییەی ئەم دەربارەی ماتریالیزمی مێژوویی بڵاویدەکردەوە لەگەڵ ئەوەی کارل مارکس جیاوازی نەبوو. چینی بۆرژوا شۆڕشی پیشەسازییان ئەنجامداوەو بەهۆیەوە بەرهەم زیاد بووەو دەسەڵاتیان لەفیوداڵەکان وەرگرتووە. بەڵام ئەمڕۆ ناکۆکییەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە ئەویش لەنێوان چینی بۆرژواو چینی کرێکاراندایە. ئێستا کاتی دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێیە. ئێستا بەرهەم، خۆی بەهۆی بەردەوامی زیادبوونو پێشکەوتنیەوە، ئامرازی نوێی بەرهەمهێنانی دروستکردوە، کە بەحوکمی زەرورەت هەرەس بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەهێنێو چ ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو چ شێوازەکانی بەرهەمهێنان ناتوانن لەژێر سایەی پەیوەندییە کۆنەکاندا گەشە بکەن.

لاسال پێشنیاری تیۆری (یاسای ئاسنینی مووچە)ی کرد، بەو واتایەی لەسایەی شێوازی سەرمایەداری بەرهەمهێناندا، داوای مووچە زیادکردن کارێکی بێهوودەیە، چونکە سەرمایەداران هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان، تا بتوانن بڕی مووچە لەنزمترین ئاستدا رابگرن. تەنیا رێگە چارە بۆ لەناوبردنی هەژاریی کرێکاران، ئەوەیە حکومەت هاوکاریێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی.





لاسال دەستەواژەی (حکومەتی حەسحەس)ی وەك گاڵتەجاڕی بەکار دەهێنا بۆ وەسفکردنی ئەو حکومەتەی لیبرالەکان خەویان پێوە دەبینی. تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە ئەم خۆی دروستکەری ئەم دەستەواژەیە بێ، کە ئێستا لیبرالە نوێیەکان بەکاریدەهێنن. مەبەست لە (دەوڵەتی حەسحەس) دەوڵەتێکە کە خاوەنی کەمترین دامودەزگای کەرتی گشتی بێت، کە لەبنەڕەتدا تەنیا خۆی بە پاسەوانیکردنی خاوەندارێتی تایبەتییەوە خەریك دەکات. "بۆرژواکان وا لەدەوڵەت تێگەیشتوون، کە ئەرکی تەنیا پارێزگارییە لە ئازادیو خاوەندارێتی تاکە کەسان. ئەمە لەبیرۆکەی کاری حەسحەسی شەو دەچێت. کە لایەنگرانی ئەم جۆرە دەوڵەتە تەنیا پێشبینی ئەوەی لێدەکەن لەحەرەسی شەو بچێتو ئەرکی سەرشانی بریتیبێت لەرێگەنەدان بە دزیو راو رووتو ماڵو دوکان بڕین".

بەپشت بەستن بە مافی هەمووان بۆ دەنگدان* دەتوانرێ "دەوڵەتێکی میللی ئازاد " دابمەزرێنرێت. ئەو کاتەی بۆرژواکان داوای دەوڵەتێکی لاوازی شێوە حەسحەسی شەویان دەویست، کرێکاران داوای دەوڵەتێکی بەهێزیان دەکرد.

"ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە، ئەو گەشەکردنەی ئازادی دەستەبەر بکات، واتە گەشەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو ئازادی. دەوڵەت ئەو یەکەیە پێکدێنێ کە هەموو تاکەکان دەگرێتە خۆ. ئەو یەکەیەی لەملیۆنەها کەس پێکهاتووە، توانای تاکەکان زیاتر دەکات، کە لەچوارچێوەی ئەم رێکخراوەدان، ئەم بەیەکەوە بوونەی هەموان، چەند بارە هێزو گوڕ بە تاکەکان دەبەخشێ ".

## لاسالو مارکس

چەندین جار کارل مارکس هێرشی کردۆتە سەر لاسالو لەهەندێ لەو هێرشانەشدا وشەی زۆر زبری لە دژی بەکارهێناوە، بەتایبەتی سەبارەت بەو ناوو ناوبانگەی لاسال بەدەستیهێنابوو. بەڵام هەندێ لەتوێژەران هەوڵیانداوە جیاوازییەکانی نێوان مارکسو

* دەبێ لێرەدا تێبینی ئەوە بکرێ کە ئەو سەردەمە وەك ئێستا هەموو هاوولاتیان مافی دەنگدانیان نەبووە. مافی دەنگدان تەنیا بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکان بووە. (وەرگێڕ) .

لاسال کەمتر پیشانبدەن. بۆ نموونە مارکسیستی ئەڵمانی Franz Mehring کە لەنێوان ساڵانی ١٨٤٦ ـ ١٩١٩دا ژیاوە.

ئەو پارتییە کرێکارییەی لاسال ساڵی ١٨٦٣ دایمەزراند، دوای مردنی، دوو بەرەکیی تێکەوت، بەڵام ئەو دوو باڵە، جارێکی تر، لەکۆنگرەی Gothaی ساڵی ١٨٧٥دا، یەکیانگرتەوە. ئەو بەرنامەیەی لەو کۆنگرەیەدا پەسەندکرا، ناونرا Gotha-program پرۆگرامی گۆتەو گرنگیەکی زۆری بۆ بزووتنەوەی کرێکاری، چ لەئەڵمانیاو چ لەوڵاتانی سکەندناڤی هەبوو. یەکەمین پرۆگرامی سۆسیالیستەکانی دانیمارك، کە ناونرا بوو پرۆگرامی گیملە Gimle-program بەڕادەیەکی گەورە، دەقاو دەق، وەرگێڕانی پرۆگرامی گۆتە بوو. هەروەها پرۆگرامە سەرەتاییەکانی سۆسیال دیموکراتەکانی سویدیش لەبەر رۆشنایی پرۆگرامی گۆتەدا داڕێژرابوون.

کارل مارکس بە پرۆگرامی گۆتە نیگەران بوو. لەبەرامبەردا، بۆ دژایەتیکردن، (رەخنە لەپرۆگرامی گۆتە)ی نووسی، بەڵام تا ساڵی ١٨٩١ ئەم رەخنەیە چاپ نەکرا. لێرەدا مارکس زۆربەی رەخنەکانی بۆ ئەم پرۆگرامە ئاراستەی لاسال کردووە.

گەورەترین جیاوازی نێوان لاساڵو مارکس، لەسەر چۆنییەتی تێڕوانینیان بوو بۆ دەوڵەت. بەلای مارکسەوە، دەوڵەت، هەموو کاتێك، لەکۆمەڵگەی بۆرژوادا دەوڵەتی یەك چینە، دەوڵەت، دەوڵەتی چینی بۆرژوایە، بۆیە پێویستە تێکبشکێنرێت، نەهێڵرێت (ئیتر بەڕێگەی ئاشتی دەبێت یان نا، ئەوە گرنگ نییە). بەڵام فردیناند لاسال پێی وابوو، کە دەکرێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی پاشایەتی پروسیادا ئامانجەکانی کرێکاران بەدیبهێنرێن. (دەوڵەتی ئەڵمانی یەکگرتووی بسمارك لە ١٨٧١دا دامەزرا، واتە دوای مردنی لاسال).

بەلای لاسالەوە، دوژمنی سەرەکی بریتی بوو لە لیبرالەکانی ناو چینی بۆرژوا. بەڵام بەلای مارکسەوە، ئەو بۆرژوازییانە "تا ئەو کاتەی شۆڕشی خۆیان سەرنەکەوتووە" دەتوانن لایەنگری شۆڕش بن، کەواتە تا ئەوکاتە، ئەوان پشتیوانی چینی کرێکارانن.

کێشەیەك، کە رەنگە سیمای تیۆریی پێوەبێ، بەڵام دەرکەوت کە بایەخی پراکتیکی هەیە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٧ لەبەرلین ئەو نامانە دۆزرانەوە کە لەکاتی خۆیدا،





بەنهێنی لەنێوان لاساڵو راوێژکاری پرۆسیا، ئۆتۆ ڤۆن بسمارکدا، ئاڵوگۆڕکرابوون. ئەم نامانە دەریانخست کە گومانەکانی زۆربەی رەخنەگرانی لاسال راست بوون. لەنامەکاندا لاسال بۆ بسمارکی نووسیبوو کە ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی، بەمەرجێك کرێکاران مافی دەنگدانیان هەبێ‌و هەندێ ریفۆرم بکرێ بۆ ئەوەی بزاڤی کرێکاری پشتگیری دەوڵەتی پرۆسی بکات دژ بە لیبرالەکان.

## بزاڤی کرێکاری لەسوید

ساڵانی ١٨٨٠و دواتر، بەمانای وشە، سەردەمی لەدایك بوونی بزاڤی کرێکاریی سوید بوو. هەر وەك چۆن ساڵانی ١٨٦٠ و دواتر لەئەڵمانیا، بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی کرێکاری جودا لەلیبرالەکان دامەزرابوو.

ئەمەش بەمانای دابڕان بوو لەهاونموونەکانی (ئەنتۆن نیستریۆم)ی لیبراڵی رۆشنفکرو دۆستی کرێکاران. بەتایبەتی کە ئەم ئەنتی سۆسیالیستو لایەنگری پۆزیتڤیزمی ئۆگیست کۆمت بوو.

دوای ئەوە، بزاڤەکە چ لەسکەندناڤیاو چ لەئەڵمانیا، بە سۆسیال دیموکراتی ناوی دەبرا. بەو واتایەی بزاڤێکی کرێکاریی سەربەخۆی پشت ئەستوورە بە بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی. هەڵبەتە بەهەمان ئەو واتایەی مارکسو ئینگلس بۆ کۆمۆنیزم بەکاریاندەهێنا. وەك رۆژی لەدایکبوونی سۆسیال دیموکراتی سوید، ٦/ نۆڤەمبەری / ١٨٨١ دانراوە. ئەو رۆژەی ئۆگۆست پالّم August palm وتارە بەناوبانگەکەی (سۆسیال دیموکراتەکان چییان دەوێت؟)ی لەشاری مالمۆ پێشکەشکرد. ئۆگوست پالّم بەرگدروییەکی گەڕۆك بوو، کە پێشتر نیشتەجێی دانیماركو باکوری ئەڵمانیا بوو. لەوێ ئەندامی پارتی کرێکاران بوو.

نووسەرێك بەناوی Knut Bäckström کنوت بێکستریۆم لەکتێبی (بزاڤی کرێکاری لەسوید) دەڵێت:"لەسەرەتادا، سۆسیال دیموکراتی سویدی، بە پێشەوایەتی ئۆگۆست پالّم، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بوو. بەڵام دواتر بەسەرۆکایەتی یالّمەر برانتینگ رەوتی بۆرژوایی گرتۆتە بەر". بێکستریۆم لەو کتێبەدا بەرگری لەوتارەکەی

ئۆگوست پاڵم دەکات، هەر چەندە دانی بەوەدا ناوە، کە لەهەندێ شوێنی وتارەکەدا، هەست دەکرێت پشتگیریی بیرو بۆچوونی لاسالی سەبارەت بە دەوڵەتی سۆسیالیستی تێدایە، کە لەسەرئەنجامدا رێگە خۆشکەر بوو بۆ ریفۆرمیزمو ئوپۆرتونیزم. بەڵام ستین ئو کارلسۆن sten o karlsson لەنامەی دکتۆراکەی خۆیدا، لێکدانەوەیەکی تەواو جیاوازی بۆ وتارەکەی ئۆگۆست پاڵم هەیە. بەلای ئەمەوە، پاڵم زۆر بەلای مارکسیزمدا نەچووە. بەڵکو زیاترکاریگەری (لاسال)ی لەسەرە، بە تایبەتی کە (لاسال) نموونەی باڵای پاڵم بووە. (گەرچی بەلای ئەم نووسەرەوە پاڵم برگەیەکی گرنگی لاسالیزمی فەرامۆشکردوە، کە ئەویش لایەنی ناسیۆنالیستییە).

بەبیروڕای ستین ئو کارلسۆن باکگراوندی سۆسیال دیموکراتی سویدی بە هەڵە راڤەی بۆکراوە. ئەم دەڵێت: هیچ کاتێك مارکسیزم لایەنێکی ئایدیۆلۆجی بەهێزی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی سوید SAP نەبووە. لەبری ئەوە، ئەم سەرچاوە ئایدولۆژییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەتی سۆسیالیزمی ئەڵمانیو فابیەکانی ئینگلاندو پراگماتیزمی ئەمریکی. گەرچی ئەو کاتە هیچکامیان وەك مارکسیزم ئایدۆلۆژییەکی بەناوبانگ و ناسراو نەبوون.

گەر بمانەوێ لەنێوان ئەم سێ رەوتەدا بەدوای خاڵێکی هاوبەشدا بگەڕێین، ئەو خاڵە بریتییە لەتێڕوانینیان بۆ کۆمەڵگە وەك یەك ئۆرگان، یان وەك یەك یەکەی زیندوو. هەروەها خاڵێکی تری هاوبەش خۆ بەدوورگرتنیانە لەخەباتی چینایەتی. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونانە ستین ئو کارلسون، وردبوونەوەیەکی رەخنەگرانەی دەربارەی ئایدۆلۆژیای سەرکردەکانی سۆسیال دیموکراتی سویدی لەسەرتاوە تا ساڵی ١٩٤٤ ئەنجامداوە. وتارە بەناوبانگەکەی یالمەر برانتینگ، کە ساڵی ١٨٨٦ لەشاری یەڤلە Gävle بەناوی (بۆ دەبێت بزاڤی کرێکاریی، سۆسیالیستی بێت؟) پێشکەش کرد، بەلای ئەمەوە مارکسییانە نییە. (کێشە لێرەدا ئەوەیە، کە ستین ئو کارلسون روونی نەکردۆتەوە، مەبەستی لەمارکسی چییە، بەتایبەتی، کە بۆ نموونە مارکس خۆی دژی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بووە).





**سوید وەك ئەڵمانیایەکی باش**

لەنوسینەوەی مێژووی سەرەتاکانی بزاڤی کرێکاراندا، بۆ دانانی فردیناند لاسال، لەریزی هەرە پێشەوە، یەك هۆکار هەیە . وەك دامەزرێنەری یەکەم پارتی سەربەخۆی کرێکاران لەجیهاندا، ئەم سیمبول بوو بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی کرێکاریی، وەك بزوتنەوەیەکی ئازاد، رێکخراوێکی کرێکاری وا کە توانی لەدانیمارکو نەرویژو سویدیش بڵاوببێتەوە. جیاوازییەکی گەورە لەنێوان لاسالو سۆسیالیزمە یوتوپیەکاندا (ئەوانەی مارکسو ئینگلس لەمانفێستی پارتی کۆمۆنیستیدا لە ١٨٤٨دا باسیان دەکەن) هەیە. هەروەها ناشکرێ فردیناند لاسال لەریزی ئەوانەدا دابنرێت کە بە ریڤیژیونیستەکان ناویاندەرکردبوو، لەنموونەی ئیدوارد بیرنشتاین (١٨٥٠ - ١٩٣٢). کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بیری سۆسیال دیموکراتەکانەوە هەبووە بەهۆی "گۆڕانکاری و نوێکردنەوەو چاکسازییەوە لەبیری مارکسیدا".

فردیناند لاسال نە لەپێشو نە لەدوای مارکسەوە بوو، بەڵکوخۆی، مارکسی سەردەمی خۆی بووە. جیاواز لەمارکس، فردیناند لاسال توانی لەکاتی ژیانی خۆیدا بە فراوانی بیرۆکەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

ئەمڕۆ، تا رادەیەکی زۆر، ناوی لاسال لەمێژوو باسکردندا، بزربووە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە کاریگەریەکەی نەمابێت. فردیناند لاسال نەیدەویست "دەوڵەتی بۆرژوا بڕوخێنێت، بەڵکو ئامانجی بەدیهێنانی دەوڵەتی ئازادی گەل" بوو. بەسوود وەرگرتن لەمافی دەنگدان بۆ هەموان دەکرێ کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست ببێت. لەوێدا کرێکاران دەسەڵات ناگرنە دەست. بەڵام شوێنی خۆیان دەبێتو لەگەڵ دەوڵەتدا هاوکار دەبن. کۆمەڵە هەرەوەزییەکان دەبن بە بەربەستی بەردەم سەرمایەداری.

بزاڤی کرێکاری ئەڵمانیا ،بەشێوە سەرەتاییەکەی، لەگەڵ یەکەم جەنگی جیهانیدا مرد. لەگەڵ بەرپابوونی دووەم جەنگی جیهانیشدا ئەڵمانیا بوو بە سیمبولی نازیزمو رەگەز پەرستی "ئەوەی تر" ئەڵمانیا باشە کە، بزاڤی کرێکاری ئەڵمانیای رۆشنگەری، ئەڵمانیای پێشکەوتوو تا هەتایە وردو خاش بوو. بەڵام لەسوید "دەوڵەتی گەل"

دامەزراو ناوی لێنرا "خانەی گەلو بەزیندویی مایەوە". ئەو کۆمەڵگەیەی لەساڵانی سییەکان (١٩٣٠) بەدواوە، دروستبوو، لەڕووی مێژووی بیرەوە، بەرهەمی سەرەتاکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانیا بوو، گەرچی لەکۆتایی هەشتاکانەوە، پلە بەپلە، ئەم پرۆژەی (خانەی گەل)ە بەرەو پوکانەوە دەچێت، بەڵام ئارەزووی گەڕان بەدوای پێشینەکەیدا لەجاران کەمتر نیە.





# سیستمی سیاسیی سویسرا

خەلیل عەبدوڵڵا

## پێشەکی

کۆمەڵگەی سویسری کۆمەڵگەیەکی فرە ئایینو فرە مەزهەبو فرە زمانو فرە رەگەزە. بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیاوازییانە، لەساڵی ١٨٤٨ەوە سیستمی فیدراڵی لەو وڵاتەدا پەیڕەو کراوە. لەسایەی دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی کانتۆنەکاندا، پێشکەوتنی گەورە لەهەموو بوارەکاندا بەدەستهاتووە. ئێستا سویسرا یەکێکە لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهانو ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیان لەئاستێکی بەرزدایە. بەپێویستم زانی تیشك بخەمە سەر سیستمی سیاسی ئەو ئەو وڵاتەو لەچەند روویەکەوە بەخوێنەرانی ئاشنا بکەم.

### یەکەم: ناساندنی سویسرا

### ١ ـ لەرووی مێژووییەوە:

ساڵی ١٢٩١ ناوچەکانی (شفوتز، ئونتر فالدنو ئوری) یەکیان گرتو ئەو وڵاتەیان دروستکرد، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت سویسرا. لەساڵی (١٥١٥)ەوە سویسرا سیاسەتی بێلایەنی پەیڕەوکرد . ساڵی ١٨٤٨ پاش ئەوەی سویسرا لەشەڕدا لەبەرامبەر فەرەنسا شکستی هێنا، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی خۆی راگەیاند. لەهەردوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانیدا، سویسرا بێلایەنی خۆی پاراستو تائێستا ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکات. لەساڵی ١٩٦٠ بووە ئەندامی رێکخراوی بازرگانی ئازادی

ئەوروپا. لەساڵی ١٩٦٣ بووە ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپا. ساڵی ١٩٩٢ گەلی سویسرا لەراپرسییەکدا لەدژی ئەندامبوونی وڵاتەکەیان لەیەکێتی ئەوروپادا دەنگیاندا.

لەساڵی ٢٠٠٢ لەراپرسییەکی تردا گەلی سویسرا دەنگیاندا بۆ ئەندامبوونی وڵاتەکەیان لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**٢ـ لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە:**

سویسرا دەکەوێتە ناو جەرگەی ئەوروپا، هاوسنورە لەگەڵ ئەڵمانیا لەباکورەوە، فەرەنسا لەخۆرئاوا، ئیتاڵیا لەباشوور، نەمساو لشتنشتاین لەخۆرهەڵات.

**٣ ـ لەرووی دابەشبوونی دانیشتوانەوە:**

ژمارەی دانیشتوانی سویسرا (٧٤٥٠٨٦٧) کەسەو لەسەر رووبەری خاکێکی (٤١٢٨٥) کم٢ دەژین. دەستووری سویسرا زمانەکانی ئەڵمانیو فەرەنسیو ئیتاڵی بەرەسمی ناسیوە.

رێژەی دانیشتوان لەرووی زمانەوە بەم شێوەیە (ئەڵمان ٦٣,٧٪، فەرەنسی ٢٠,٤٪ ئیتاڵی ٦,٤٪). دابەشبوونی دانیشتوان لەرووی ئایینییەوە بەم شێوەیەیە (رۆمانی کاتۆلیك ٤٤٪، پرۆتستانت ٤١٪، موسڵمان ٣٪ بێدین ٧٪، ئەوانی تر ٥٪).

**٤ ـ لەرووی داهاتەوە:**

سویسرا، بەیەکێك لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دادەنرێت، بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٥ داهاتی ساڵانەی ئەو وڵاتە بە ٢٢٦ ملیار دۆلار دەخەملێنرێتو داهاتی ساڵانەی تاکیش بەنزیکەی ٣٠٠٠٠ دۆلار دەخەملێنرێت.





**دووەم: سیستمی سیاسی**

کۆمەڵی سویسری کۆمەڵێکی فرە ئایینو فرە مەزهەبو فرە زمانو فرە رەگەزە. پێویستی پاراستنی ئەو رەنگە جیاوازانە وای لەسیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە کردووە، کە سیستمێکی گونجاو بۆ وڵاتەکەیان دابنێینو لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی ١٨٤٨دا سیستمی فیدراڵیان بۆ وڵات هەڵبژاردو لەدەستووردا جێگیریان کردو لەو کاتەوە تا ئێستا سویسرا، وەك دەوڵەتێکی دیموکراسیو فیدراڵی، هەنگاو بەهەنگاو، لەپێشکەوتندایەو بەیەکێك لەدەوڵەتە فیدراڵییە سەرکەوتووەکان دادەنرێت. لەسایەی سیستمی فیدراڵیو دیموکراسی سویسرادا، گەل خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەو بڕیاری کۆتاییە. هەربۆیەش ئەو سیستمە بەسیستمێکی دیموکراسی نیمچە راستەوخۆ ناودێر دەکرێت. لەماوەی ساڵێکدا هاووڵاتیانی سویسرا چوار جار نامەیان لەدەوڵەتی فیدراڵیو کانتۆنەکانەوە پێدەگاتو داوایان لێدەکرێت بیروڕای خۆیان دەربڕن سەبارەت بە مەسەلەیەك، یاخود چەند مەسەلەیەك، کە لەسەرگۆڕەپانی نیشتمانی خراوەتە روو. هەندێك لەکانتۆنەکان، کار بە سیستمی کۆمەڵەی گشتی دەکەنو بەپێی ئەو سیستمە هاووڵاتیان لەگۆڕەپانێکی گەورەدا کۆدەبنەوەو بەدەست بەرزکردنەوە رای خۆیان لەسەر مەسەلەکان دەردەبڕن. یەکێك لەروخسارو سیما دیارەکانی دیموکراسیی سویسری سازدانی راپرسیی گشتییە، لەو بوارەدا هاووڵاتیانی سویسرا دەسەڵاتی سازدانی راپرسییان هەیەو لەساڵی ١٨٧٤ەوە کار بەسیستمی راپرسی راستەوخۆ دەکرێتو لەدەستووری ئێستای سویسراشدا مافی ئەنجامدانی راپرسیی گشتی بۆ هاووڵاتیان زامنکراوە. لەو چوارچێوەیەدا هاووڵاتیانی سویسرا مافی ئەوەیان هەیە داوای هەمواركردنی دەستوور بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت (١٠٠٠٠٠) هاووڵاتیاتی داوایەك پێشکەش بکەنو ئیدی حکومەت رێوشوێنی ئەنجامدانی راپرسیی گشتی بۆ هەمواركردنی دەستوور پیادە دەکات. لەلایەکی ترەوە هاووڵاتیانی سویسرا دەتوانن لەرێی راپرسیی گشتییەوە یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان رەت بکەنەوە. لەو چوارچێوەیەدا (٥٠٠٠٠) هاووڵاتی دەتوانن داوای رەتکردنەوەی یاسا، یان بڕیارێکی پەرلەمان بکەنو راپرسیی بۆ ئەنجام بدەنو رای خۆیان بە بەڵێ یاخود بەنەخێر بخەنە

روو. هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك كەس سیستمی سیاسی سویسرا بە (دیموكراسیی راپرسییەكان) ناو دەبەن. مەسەلەیەكی دیكە، كە جێگەی سەرنجی چاودێرانی سیاسییە، مەسەلەی رێژەی كەمی بەشداری ژنانە لەهەڵبژاردنەكاندا. ئەگەرچی لەسالانی شەستەكانی سەدەی رابردووەوە، هەندێ كانتۆن مافی دەنگدانو خۆپالاوتنیان بەژنان بەخشیبووە، بەلام لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی لەساڵی ١٩٧١ەوە ئەو مافە بە ژنان دراوە. بەوەش سویسرا دوا دەوڵەتی كیشوەری ئەوروپایە ئەو مافەی بە ژنان بەخشیوە. سەرباری ئەوەی كە ژنان لەو كاتەوە مافی دەنگدانو خۆپالاوتنیان هەیە، بەلام رێژەی بەشدارییان لەهەڵبژاردنەكاندا ٥٠٪ی تێنەپەراندووە.

سیستمی سیاسی سویسرا بەم شێوەیەیە:

### ١ـ سیستمی حكومەتی ئەنجومەن

سیستمی حكومەتی ئەنجومەن سیستمێكی جیاوازە، لەسیستمی سەرۆكایەتیو پەرلەمانی.

لەم جۆرە سیستمەدا دەسەلاتی یاسادانانو دەسەلاتی جێبەجێكردن هاوشانو یەكسان نین، بەڵكو دەسەلاتی یاسادانان بەرزو بالاترە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەو دەسەلاتە لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردراوەو متمانەی پێبەخشراوە.

لەم سیستمەدا دەسەلاتی جێبەجێكردن دەستەیەكە، كە لەلایەن دەسەلاتی یاسادانانەوە دیاری دەكرێنو دەسەلاتو پسپۆرییەكانیان دیاری دەكرێتو ئاراستەو چاودێریش دەكرێن. لەم سیستمەدا دەسەلاتی جێبەجێكردن، بەتەواوی لەلایەن دەسەلاتی یاسادانانەوە كۆنترۆڵ دەكرێتو دەسەلات بەدەستەیەك دەدات، كە لەناویاندا یەكێكیان بەسەرۆك دیاری دەكاتو لەژێر چاودێریو رێنوێنیدا كار دەكەن.

بەهۆی پاشكۆیەتی دەسەلاتی جێبەجێكردن بۆ دەسەلاتی یاسادانان، ئەندامانی دەسەلاتی جێبەجێكردن لەرووی سیاسییەوە لەبەردەم ئەو دەسەلاتەدا بەرپرسیار دەبنو دەسەلاتی جێبەجێكردن هیچ هۆكارێكی فشاری بۆ سەر دەسەلاتی یاسادانان نییە وەك نارەزایی لەپرۆژە یاساكان یاخود هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی یاسادانان. وەك لەهەردوو سیستمی سەرۆكایەتیو پەرلەمانیدا روودەدات.





بەپێی دەستووری فیدراڵی سویسرا، لەو ولاتەدا كار بە سیستمی حكومەتی ئەنجومەن دەكرێت، ئەوەش مانای ئەوەیە، كە دەسەلاتی یاسادانان هەژموونی تەواوی بەسەر دەسەلاتی جێبەجێكردندا هەیە. لەو چوارچێوەیەدا كۆمەڵی فیدراڵی كۆنترۆڵی دەسەلاتی جێبەجێكردنی كردووە.

بەپێی مادەی ٧١ی دەستووری فیدراڵی سویسرا، دەسەلاتە بالاكانی فیدراڵی لەلایەن كۆمەڵەی فیدراڵییەوە پیادە دەكرێت، بەمەرجێك زیان بەمافی تاكو كانتۆنەكان نەگەیەنێت. كۆمەڵەی فیدراڵیش لەدوو ئەنجومەن پێكدێت ئەوانیش ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی كانتۆنەكانن.

### ٢ـ دەسەلاتی فیدراڵیو كانتۆنەكان

دەستووری فیدراڵی سویسرا دەسەلاتە فیدراڵییەكانی بەشێوەیەكی حەسری دیاریكردووە. ئەو دەسەلاتانەشی دەمێنێتەوە كانتۆنەكان پیادەی دەكەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەستووری ساڵی ١٨٤٨ سیفەتی دەوڵەتی بەكانتۆنەكان بەخشی بوو، بەوەش كانتۆنەكان دەسەلاتی فراوانو سەربەخۆیان لەبوارەكانی جێبەجێكردنو یاسادانانو دادوەریدا هەبوو، بەلام دەستووری ساڵی ١٨٤٧ ئەو سیفەتەی لەكانتۆنەكان سەندەوە، ئەوەش بووە مایەی زیادكردنی دەسەلاتی فیدراڵیو كەمكردنەوەی دەسەلاتی كانتۆنەكان.

### ٣ـ پسپۆرییەكانی دەسەلاتی فیدراڵی

**١ـ پسپۆرییەكانی دەرەوە:**

**أ ـ دەسەلاتی راگەیاندنی جەنگو ئاشتی:** دەستووری فیدراڵی سویسرا دەسەلاتی راگەیاندنی شەڕو ئاشتی بەكۆمەڵەی فیدراڵی بەخشیوەو هیچ كەسو دەسەلاتێكی تر ئەو مافەی نییە. 

**ب ـ نوێنەرایەتی دەرەوە:**

ئەم بوارە کە تایبەتە بە نوێنەرایەتی سویسرا لەولاّتانی بیانیو رێکخراوە نێودەولّەتیەکانو نوێنەرایەتیو ولاّتانی بیانی لەسویسرا قۆرخکراوە بۆ دەسەلاّتی فیدرالّی.

**ج ـ دەسەلاّتی بەستنی پەیماننامەکان:**

دەستووری فیدرالّی دەسەلاّتی بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەولّەتییەکانی لەگەلّ دەولّەتانی بیانیو رێکخراوە نێودەولّەتییەکان بەدەسەلاّتی فیدرالّی بەخشیوە. بەتایبەت لەبواری رسومی گومرگیو بازرگانی.

**٢ـ پسپۆرییەکانی ناوخۆ:**

**أ ـ دراو:** دەرکردنی دراو بەهەردوو جۆری مەعدەنیو کاغەز، پەیوەندیدارە بەسەروەری دەولّەتو بەرژەوەندی بالاّی ولاّت، لەبەرئەوەی ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بەدەسەلاّتی فیدرالّییەوە.

**ب ـ کاروباری بەگری نیشتمانیو هێزە چەکدارەکان:** سەرباری ئەوەی سویسرا بێلایەنی خۆی لەکێشە نێودەولّەتییەکاندا پاراستووە. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هێزی چەکداری خۆی هەیەو ئەو مەسەلەیەش لەچوارچێوەی دەسەلاّتە فیدرالّییەکاندایە.

**ج ـ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ:** هەر کانتۆنێك ئەرکی پاراستنی ئاسایشی سنورەکەی لەئەستۆی خۆیدایە، لەگەلّ ئەوەشدا هەر کانتۆنێك بۆی هەیە داوای هێزی فیدرالّی بکات، بۆ پاراستنی لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی یاخود ناوخۆیی. بەلاّم کانتۆنەکان نابێت لەناوخۆیاندا پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکداری ببەن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانیان.

**و ـ باجی داراییو بەرژەوەندی ئابووری:** بەپێی دەستوور دەسەلاّتی فیدرالّی مافی ئەوەی هەیە کۆنترۆلّی بواری باجی داراییو بەرژەوەندی ئابووری بکات، بەتایبەت لەبوارەکانی گومرگو کهولو پۆستەو تەلەفۆن.





**٣ـ دەسەلاّتی کانتۆنەکان**

کانتۆنەکان تەنها یەکەیەکی ئیداری ناوخۆیی ئاسایی نین، بەلّکو ژیانێکی سیاسی سەربەخۆو مەیدانێکی فراوانی ئازادی ناوخۆییان هەیە. لەبەرگرنگیو بایەخی کانتۆنەکان مادەی یەکی دەستووری سویسرا ئاماژەی بەوە کردووە، کە سویسرا پێکدێت لە ٢٢ کانتۆنی خاوەن سەروەری. مادەی سێی دەستوریش باسی لەوە کردووە، کە دەسەلاّتی فیدرالّی دەبێت زامنی سنورو سەروەریو دەستوورو مافو ئازادی دانیشتوانی کانتۆنەکان بکات. هەر کانتۆنێك دەستووری تایبەت بەخۆی هەیەو نابێت دەستوورەکەی پێچەوانەی دەستووری فیدرالّی بێتو دەبێت زامنی پیادەکردنی مافە سیاسییەکان بکات بەپێی سیستمی حوکمی کۆماری نوێنەرایەتیو لەلایەن زۆرینەی رەهای هاوولاّتیانی کانتۆنەکەوە پەسەند کرابێت.

سەبارەت بەدەسەلاّتەکانی تری کانتۆنەکان، دەسەلاّتیان لەبواری کاروباری دەرەوەدا زۆر کەمەو لەو روەوە هیچ کەسایەتییەکی یاساییان لەبواری نێودەولّەتیدا نییەو بەوەش مافی بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامەی نێودەولّەتییان نییە، بەلّکو تەنها مافی بەستنی هەندێ رێکەوتنی ئاساییان لەهەندێ بواری وەك گەیاندنو مەسەلەکانی پۆلیسو بازرگانیو ئیداری هەیە کە بابەتی ناوخۆیین، دەبێت بۆ ئەوەش رەزامەندی ئەنجومەنی فیدرالّی وەربگیرێتو دەبێت ئەو رێکەوتنانە لەگەلّ دەسەلاّتی فیدرالّیو مافی کانتۆنەکانی تر ناکۆك نەبێت.

ئەوەش سنورداری دەسەلاّتی کانتۆنەکان لەبواری کاروباری دەرەوەدا نیشان دەدات. چونکە لەبواری کاروباری دەرەکیدا دەولّەتانی تر مامەلّە لەگەلّ دەولّەتی فیدرالّی سویسرا دەکەن.

لەلایەکی ترەوە دەستوری سویسرا، رێگەی بەکانتۆنەکان نەداوە کە لەنێوان خۆیاندا پەیمانی سیاسی یاخود سەربازی ببەستن، بەلاّم کانتۆنەکان دەتوانن لەبوارەکانی یاسادانانو کارگێرِیو دادوەری لەچوارچێوەی پسپۆرِی ناوخۆیی خۆیاندا رێکەوتننامە ببەستن. هەر کانتۆنێك پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەیەو ئەو پەرلەمانە دەتوانێت

لەبواری پسپۆری خۆیدا یاسا دەربکات بەتایبەت لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندنو پەیوەندی نێوان ئایینەکانو ئاسایشی گشتی.

بەزۆری پەرلەمانی کانتۆنەکان لەیەك ئەنجومەن پێکهاتوون، بەپێچەوانەی پەرلەمانی فیدراڵی، کە لەدوو ئەنجومەن پێکهاتووە. هەروەها هەر کانتۆنێك دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆی خۆی هەیەو لەکانتۆنەکان دادگای فیدراڵی نییە، چونکە سویسرا کار بە سیستمی دادوەری دوو سەرە ناکاتو دادگای کانتۆنەکان شانبەشانی جێبەجێکردنی یاسای کانتۆنەکان یاسای فیدراڵیش جێبەجێ دەکەن.

**٤ـ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان**

دەسەڵاتە فیدراڵییەکان پێکدێت لەدەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی (کۆمەڵەی فیدراڵی)و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵی (ئەنجومەنی فیدراڵی)و دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی (دادگای فیدراڵی).

**١ـ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی (کۆمەڵەی فیدراڵی):** کۆمەڵەی فیدراڵی بەباڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانی وڵات دادەنرێت. هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بڕیارو یاساکانی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵبوەشێنێتەوە یاخود کۆسپی بۆ دروست بکات.

کۆمەڵەی فیدراڵی لەدوو ئەنجومەن پێکدێت ئەوانیش ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی دەوڵەتەکان یاخود کانتۆنەکانن.

**١ـ ئەنجومەنی نیشتمانی:** ئەم ئەنجومەنە لە (٢٠٠) ئەندام پێك دێتو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەلی سویسرا لەخۆ دەگرێتو لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان پێکدێت، هەر ئەندامێك نوێنەرایەتی (٢٤٠٠٠) هاووڵاتی دەکات.

هەر کانتۆنێك یاخود نیو کانتۆنیك بەناوچەیەکی هەڵبژاردن دادەنرێت، بەلای کەمەوە دەبێت ئەندامێکیان هەبێت، کە بەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕێژەیی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێن. بەپێی دەستووری سویسرا هەر هاووڵاتیەك کە تەمەنی ١٨ساڵو زیاتر بێت مافی دەنگدانو خۆ پاڵاوتنی هەیە بۆ ئەندامێتی





ئەنجومەنی نیشتمانی. بەڵام لەبواری پراکتیکدا هەر پاڵێوراوێك لەلیستی حیزبێکی سیاسییدا نەبێت ئەستەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

هەرچوار ساڵ جارێك ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێن، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە مووچەیەکی دیاریکراویان نییە، بەڵام لەخەزێنەی دەوڵەت قەرەبوو وەردەگرن. نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی کانتۆنەکان یاخود ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی بن.

**٢ـ ئەنجومەنی دەوڵەتەکان (کانتۆنەکان):**

ئەم ئەنجومەنە لەنوێنەرانی کانتۆنەکان پێکدێتو هەر کانتۆنێك دوو نوێنەرو هەر نیو کانتۆنێکیش یەك نوێنەریان هەیە لەو ئەنجومەنە.

ئێستا ئەنجومەنی دەوڵەتەکان یاخود کانتۆنەکان لە (٤٦) ئەندام پێکدێت.

کانتۆنەکان ئیمتیازاتو ماوەی ئەندامێتیو شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی دیاری دەکات. شێوازی هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانە لەکانتۆنێکەوە بۆ کانتۆنێکی تر جیاوازی هەیە. لەهەندێکیاندا بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو لەهەندێکی تر لەڕێی پەرلەمانی کانتۆنەکەوە دەبێت. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە مووچەیان نییەو قەرەبوو لەلایەن کانتۆنەکانیانەوە وەردەگرن.

لەمەسەلە گرنگەکاندا کۆمەڵەی فیدراڵی بەهەردوو ئەنجومەنەکەیەوە لەژێر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نێشتمانی بڕیار دەدات، ئەوەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ڕۆڵو بایەخی ئەنجومەنی دەوڵەتەکان (کانتۆنەکان) ئەوەش بەهۆی کەمی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەچاو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، کە یەکەمیان (٤٦) ئەندامو دووەمیان (٢٠٠) ئەندامە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ئەگەرچی ئەو دوو ئەنجومەنە لەرووی شێوەی یاساییەوە یەکسانن، بەڵام لەرووی پراکتیکیەوە ئەنجومەنی نیشتمانی بەهێزترو بەدەسەڵاترە.

## ٥- پیسپۆرییەکانی کۆمەڵەی فیدراڵی

### ١- پسپۆرییە سیاسیە باڵاکان:

کۆمەڵەی فیدراڵی دەسەڵاتی زۆر گرنگو گەوهەری هەیەو لەبواری سیاسەتی باڵای وڵاتدا. ئەو کۆمەڵەیە خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە لەراگەیاندنی شەرو ئاشتیو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سوپاو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی سەلامەتیو سەربەخۆییو بێلایەنی سویسراو بەستنو پەسەندکردنی پەیماننامەو رێکەوتننامەکان.

### ٢- پسپۆرییە یاساییەکان:

بەپێی دەستووری فیدراڵی سویسرا، کۆمەڵەی فیدراڵی هەموو دەسەڵاتە تەشریعیە ئاساییەکانی جیهازی پەرلەمانی پیادە دەکاتو دەسەڵاتی یاسادانانی لەهەموو بوارەکاندا هەیە، ئەوانە نەبێت کە بۆ کانتۆنەکان دیاریکراوە.

هەموو یاسایەکی ئەو ئەنجومەنەش دەتوانرێت بخرێتە راپرسییەوە ئەگەر (٥٠٠٠٠) هاووڵاتی سویسری یاخود هەشت کانتۆن لەدژی وەستانەوە، یاساکە گۆرانکاری تێدا دەکرێت. کۆمەڵەی فیدراڵی بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستووریش فیدراڵی بکات.

### ٣- پسپۆرییەکانی جێبەجێکردن:

کۆمەڵەی فیدراڵی هەندێ پسپۆڕی پیادە دەکات، کە لە پسپۆری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. بۆ ئەو مەبەستە هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵە لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشدا بەدەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانیان، بڕیار لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە دەدەن:

١- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی.

٢- هەڵبژاردنی سەرۆكو جێگری سەرۆكی فیدراڵی لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی.

٣- هەڵبژاردنی راوێژكاری فیدراڵی.





٤- هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای فیدراڵی.

٥- هەڵبژاردنی سەرۆكو جێگری سەرۆكی دادگای فیدراڵی.

٦- هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دڵنیایی فیدراڵی.

٧- هەڵبژاردنی سەرکردەی گشتی سوپا لەباری نائاساییدا.

٨- دانانی وەزیفە فیدراڵییە بەردەوامەکانی ترو دیاریکردنی مووچە.

٩- دیاریکردنی مووچەی هەموو ئەندامانی لقە گرنگەکانی فیدراڵی.

### ٤- پسپۆرییەکانی دادوەری

١- ئێستا کۆمەڵەی فیدراڵی هەندێ پسپۆری دادوەری هەیەو چارەسەری کێشەی پسپۆری نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان (دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگای فیدراڵی) دەکات.

٢- سەیری ئەو تێهەڵچونەوانە دەکات، کە دژی ئەنجومەنی فیدراڵی لەمەسەلەکانی یاسای ئیداری پێشکەش دەکرێت.

٣- سەیری ئەو تۆمەتە تایبەتییانە دەکات، کە لەلایەن کانتۆنەکانەوە دژی ئەندامانی هەرسێ دەسەڵاتەکەی فیدراڵی لەهەندێ تاوانی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن.

٤- دەسەڵاتی لێبوردنی هەیە لەوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە تۆمەتبار کراونو ئەوانەی بەلەسێدارەدان لەسایەی یاسای سەربازی حوکمدراون.

## ٢- ئەنجومەنی فیدراڵی

ئەم ئەنجومەنە، کە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پێسپێردراوە، لەحەوت کەس پێکدێتو لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵەی فیدراڵی هەڵدەبژێردرێن. دەبێت ئەو کەسانە پسپۆریو شارەزاییان لەکاروباری گشتیدا هەبێت.

بۆ پیادەکردنی کارەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی، دەبێت بەلای کەمەوە چوار ئەندامیان ئامادە بن. ئەو ئەنجومەنە کارەکانی بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ دەکاتو بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەداتو بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك، دەبێت

بەلایەنی کەمەوە سێ ئەندام ئامادەبێت. ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانن بەشداری کۆبونەوەکانی هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵەی فیدراڵی بکەن بۆ گفتوگۆو راوێژو پێشکەشکردنی پێشنیاز.

کۆمەڵەی فیدراڵی، سەرۆكو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی لەناو ئەندامەکانیدا بۆ ماوەی ساڵێك هەڵدەبژێرێت. بەڵام دەستوور رێگەی نەداوە سەرۆكو جێگری ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ دوو ساڵی یەك لەدوای یەك هەڵبژێردرێنەوە. ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی بەنۆرە پۆستەکانی سەرۆكو جێگری سەرۆك بۆ ماوەی ساڵێك وەردەگرن.

دەسەڵاتەکانی سەرۆك رەمزییەو گرنگترین وەزیفەی سەرۆك، سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی فیدراڵیو کارکردنە وەك سەرۆکێکی رەمزی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

سەرۆك هەندێ دەسەڵاتی دیاریکراوی لەکاتی باری نائاسایی هەیەو رێگە پێدراوە لەهەندێ مەسەلەی دیاریکراودا بڕیار بدات، بەڵام دواتر دەبێت بڕیارەکانی بنێرێت بۆ ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ پەسەندکردنی.

هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی سەرپەرشتی گشتی لەسەر ئەنجومەنی فیدراڵی هەیەو بەرپرسی بەشی راوێژکاری فیدراڵییە. بێجگە لەوانە سەرۆك هیچ جیاوازییەکی نییە لەئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی. هەر وەك سویسرییەکان دەڵێن سەرۆك یەکەمە لەنێوان یەکسانەکاندا.

ئەنجومەنی فیدراڵی لەحەوت بەش پێکدێتو هەر بەشە لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنی فیدراڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەمەش بەشەکانە:

(١- بەشی سیاسەتی دەرەوە، ٢- بەشی ناوخۆ، ٣- بەشی دادو پۆلیس، ٤- بەشی کاروباری سەربازی، ٥- بەشی باجو دارایی، ٦- بەشی پیشەسازیو بازرگانیو کشتوکاڵ، ٧- بەشی پۆستەو هێڵی ئاسن).





## پسپۆرییەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی

### ١- پسپۆرییەکانی یاسادانان:

ئەگەرچی ئەرکی ئەنجومەنی فیدراڵی ئەرکی راپەراندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەئەستۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی یاسادانانیشی هەیە.

دەستووری سویسری ئەنجومەنی فیدراڵی پابەند کردووە بەناردنی پرۆژەی یاساو بڕیاری تەشریعی بۆ کۆمەڵەی فیدراڵیو ئامادەکردنی راپۆرتی سەرەتایی سەبارەت بەو پرۆژانەی، کە ئەنجومەنەکان یاخود کانتۆنەکان دەینێرن. بەوەش ئەنجومەنی فیدراڵی بۆتە ئاراستەکەرو سەرپەرشتیاری پرۆسەی یاسادانان. چونکە هەموو یاسا نوێیەکان لەپێشنیازی ئەو ئەنجومەنە بووە، کۆمەڵەی فیدراڵی لەکاتی پێویستدا هیچ دەستپێشخەریەك ناکات بۆ دەرکردنی یاسا، بەڵکو داوا لەئەنجومەنی فیدراڵی دەکات پرۆژەی یاسای بۆ ئامادە بکات. ئەو ئەنجومەنەش لەرێی پسپۆرە تایبەتمەندەکانیەوە پرۆژە یاساکان ئامادە دەکاتو دەینێرێت بۆ کۆمەڵەی فیدراڵی.

### ٢- پسپۆرییەکانی جێبەجێکردن

ئەنجومەنی فیدراڵی وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم دەسەڵاتو پسپۆریانەی هەیە:

#### ١- کاروباری دەرەوە:

ئەنجومەنی فیدراڵی بەرپرسی بەڕێوەچوونی کاروباری دەرەوەی سویسرایە، لەرێی سەرۆکی فیدراڵی، وتەبێژی رەسمی سویسرایەو پێشوازی لەسەفیرو وەزیرانی دەوڵەتی بیانی لەوڵاتەکەی دەکاتو سەفیرو وەزیرانی سویسری بۆ وڵاتانی بیانی دەنێرێتو لەلایەن کۆمەڵەی فیدراڵییەوە رێگەی پێدراوە گفتوگۆ سەبارەت بە بەستنو پەسەندکردنی پەیماننامەکان بکات.

#### ٢- کاروباری بەرگری

دەستوور دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی فیدراڵی داوە، کە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی سویسراو سەربەخۆییو بێلایەنی بپارێزێت لەکاتی ئاشتیدا ئەم پسپۆرییە بۆ رێکخستنی هێزە سەربازییەکانی سویسرایە. بەڵام لەکاتی نائاساییدا ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانێت ئەو

هێزانە چۆن بەگونجاو دەزانێت بەکاربهێنێت بۆ خامۆشکردنی پشێوی یاخود بەرگری لەسنوری دەرەوە. بەڵام ئەگەر زیاتر لەدوو هەزار سەرباز بەکارهات، یاخود بەکارهێنانیان بۆ زیاتر لەسێ هەفتە بوو، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی فیدراڵی داوای کۆبونەوەیەکی بەپەلە لەکۆمەڵەی فیدراڵی بکات بۆ پەسەندکردنی ئەو رێو شوێنانەی ئەنجامی داون.

### ٣ـ جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان:

١ـ دەستوری سویسرا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکانو بڕیارە تەشریعییە فیدراڵیەکانی بەئەنجومەنی فیدراڵی سپاردووە. ئەنجومەنی فیدراڵیش ئەرکی جێبەجێکردنی هەندێ لەیاساو بڕیارەکانی بەکانتۆنەکان سپاردووەو هەر خۆشی سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە لەکانتۆنەکان دەکات.

٢ـ ئەرکێکی تری ئەنجومەنی فیدراڵی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ناوبژیوانی تایبەت بە کێشەی نێوان کانتۆنەکانە.

٣ـ ئەنجومەنی فیدراڵی هەڵدەسێت بەپشکنینو پەسەندکردنی یاساو فەرمانە دیاریکراوەکانی کانتۆنەکان .ئەگەر کانتۆنێك شکستی هێنا لەپابەندییەکانی یاخود پێشنیازەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی رەتکردەوە، ئەوا ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانێت ئەو مەسەلەیە بخاتە بەردەم دادگا یاخود کۆمەڵەی فیدراڵی ئەگەر پێویستی کرد.

ئەنجومەن دەتوانێت هێزەکانی فیدراڵی وەك دوا چەك بەکاربهێنێت.

لەمەیدانی عەمەلیدا بایەخی ئەنجومەنی فیدراڵی لەسەر حسابی کۆمەڵەی فیدراڵی زیادی کرد، کە هەندێ کەس سیستمی سویسری بە حوکمی بەڕێوەبەری لەجیاتی حوکمی ئەنجومەنی ناو دەبەن. هۆی سەرەکی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی نوێنەرایەتی زۆرینەی پەرلەمانی لەکۆمەڵەی فیدراڵی دەکەن.





### ٥ـ دادگای فیدراڵی

دەسەڵاتی دادوەری لەسویسرا لەدادگای فیدراڵیدا بەرجەستە دەبێت. ئەم دادگایە بارەگای سەرەکی لەشاری لۆزانەو ئێستا لە (٣٠) دادوەر پێکدێت کە کۆمەڵەی فیدراڵی بۆ ماوەی ٦ ساڵ دایاندەمەزرێنێت. سویسرا کار بەدادوەری دوو سەرە (القضاء المزدوج) ناکات، کانتۆنەکان دەسەڵاتی هەرێمیو سەربەخۆیی رێژەیی خۆیان هەیە.

## پسپۆرییەکانی دادگای فیدراڵی

١ـ دادگای فیدراڵی چەندین پسپۆری دادوەری هەیەو سەیری کێشە یاساییەکان بە سیفەتی ئەسڵی یاخود تێهەڵچوونەوە دەکات.

٢ـ لەبواری یاسای مەدەنیدا، دادگای فیدراڵی سەیری هەندێ مەسەلە بەشێوەیەکی ئەسڵی دەکات، بەشێوەیەکی حەسری وەك کێشەی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو کانتۆنەکان یاخود کانتۆنەکان خۆیان یاخود کێشەی نێوان تاکەکان لەلایەكو دەسەڵاتی فیدراڵی یان کانتۆنەکان لەلایەکی تر، بەمەرجێك بەهای بڕی بابەتی کێشەلەسەر لە (٨٠٠٠) فرەنکی سویسری زیاتر بێت. هەروەها دادگای فیدراڵی بەسیفەتی ئەسڵی سەیری ئەو کێشانە دەکات کە لەنێوان تاکەکاندا روو دەدات، ئەگەر هەردوو لایەنی کێشە بەرەسمی داوایان کردو بەهای بابەتی کێشەلەسەر لە (١٠٠٠٠) فرەنکی سویسری زیاتر بێت.

٣ـ دادگای فیدراڵی بەسیفەتی تێهەڵچوونەوە سەیری بڕیارەکانی دادگاکانی کانتۆنەکان دەکات.

٤ـ لەمەیدانی یاسای تاوانکاری، دادگای فیدراڵی خاوەنی پسپۆری ئەسڵییە لەچەند تاوانێکدا، وەك خیانەتی گەورە دژی دەوڵەتی فیدراڵو هەڵگەڕانەوەو تاوانەکانی دژی یاسای نێودەوڵەتیو ئەو کارانەی دەبێتە هۆی دەستێوەردانی سەربازی

لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵیەکانو تۆمەتە ڕەسمیەکان لەدژی فەرمانبەرانی ڕەسمی، کە بنێردرێت بۆ ئەو دادگایە.

٥ـ دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی یاسایی هەیە بۆ سەیرکردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە فێڵو ساختەکاری هەڵبژاردنەکانەوە هەیە.

٦ـ لەبواری یاساکانی دەستووریو ئیداری، دادگای فیدراڵی خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهانییەو بەڵکو دەسەڵاتی دادوەری لەو بوارەدا دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵەی فیدراڵیو ئەنجومەنی فیدراڵیدا بەش دەکات.

٧ـ دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی سەیرکردنی ئەو کێشانەی هەیە، کە پەیوەندیدارن بە پسپۆری نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لەلایەكو دەسەڵاتەکانی کانتۆنەکان لەلایەکی تر، هەروەها کێشەکانی پەیوەندیدار بەیاسای گشتی لەنێوان کانتۆکانەکاندا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە بێجگە لەدادگای فیدراڵی، دوو دادگای تر لەسەر ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵی هەن کە، ئەوانیش: دادگای دڵنیایی فیدراڵیو دادگای تێهەڵچوونەوەی سەربازیین، ئەو دادگایە دوو دادگای تایبەتو سەربەخۆن لەدادگای فیدراڵی.

## سێیەم: ڕۆڵی حیزبەکان لەژیانی سیاسییدا

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی نوێی سویسرا لەساڵی ١٨٤٨دا، تەنها یەك حیزب کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی کردبوو، ئەویش ڕادیکاڵەکان بوو، کە ئێستا حیزبەکەیان بەحیزبی لیبرالی ڕادیکاڵی ناسراوە. ئەم حیزبە لەو کاتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ زۆرینەی پەرلەمانو هەر حەوت کورسییەکەی حکومەتی فیدراڵییان کۆنترۆڵ کردبوو.

ساڵی ١٨٩١ پارێزگاران کە ئێستا حیزبەکەیان بە حیزبی دیموکراسیی مەسیحی ناسراوە توانیان بگەنە حکومەت. ساڵی ١٩٢٩ حیزبی کشتوکاڵی، کە ئێستا بە حیزبی گەلی سویسری ناسراوە، بەشداری حکومەتی کرد. ساڵی ١٩٤٣ حیزبی سۆسیالیستی توانی کورسییەکی حکومەت بەدەست بهێنێ.





لەساڵی (١٩٥٩) ەوە ئەو چوار حیزبە کۆنترۆڵی ژیانی سیاسییان کردووەو پێکەوە نزیکەی ٨٠٪ی دەنگی هاووڵاتیانیان بەدەستهێناوەو پێکەوە حکومەتیان دامەزراندووە. بەپێویستی دەزانم بەشێوەیەکی کورت تیشك بخەمە سەر ئەو چوار حیزبە:

### ١ـ حیزبی ڕادیکاڵی دیموکراتی:

ساڵی ١٨٩٤ بەشێوەیەکی ڕەسمی دامەزرا. وەك میراتی دامەزرێنەرانی دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا لەساڵی ١٨٤٨ سەیری ئەم حیزبە دەکرێت. ئەم حیزبە تا ساڵی ١٩٤٣ کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی کردبوو، تاکە حیزب بوو، کە هەر حەوت کورسییەکەی ئەنجومەنی فیدراڵی داگیربوو. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری وڵات بووە.

ساڵی ١٩٩٩ حیزبی ڕادیکاڵی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانی زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان لەهەردوو ژووری سەرو خواروو بەدەست بهێنێت.

لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەو حیزبە پاشەکشەی کردو حەوت کورسی پەرلەمانی لەدەستداو ژمارەی کورسییەکانی لەپەرلەمانی فیدراڵی لە ٣٦ کورسییەوە بۆ ٣١ کورسی کەمی کرد. ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی کورسییەکانی لەئەنجومەنی کانتۆنەکانیشدا لە ١٤ کورسییەوە بۆ ١٢ کورسی دابەزی. حیزبی ڕادیکاڵی دیموکراتی دوو نوێنەری لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە.

### ٢ـ حیزبی سۆسیالیستی سویسری:

ئەم حیزبە لەساڵێ ١٨٨٨ دامەزراوە. لەسەرەتادا وەك حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن لەدژی حکومەت کاری کردووە ، کە ئەو کاتە حکومەت بە تەنها لەلایەن حیزبی ڕادیکالی دیموکراتییەوە بەڕێوە دەبرا. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٩ حیزبی سۆسیالیست سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناو ژمارەی کورسییەکانی لەپەرلەمان لە ٢٠ کورسییەوە بوو بە ٤١ کورسی. ئەم حیزبە وردە وردە وازی لەبیروبۆچوونی

کۆمۆنیستیو کەسایەتییە کۆمۆنیستیەکان هێناو سیاسەتێکی ریفۆرمخوازی پەیڕەو کرد.

لەساڵی ١٩٤٣ ئاستی جەماوەری ئەم حیزبە گەیشتە لوتکەو پلەی یەکەمی لەهەڵبژاردنەکانی بەدەستهێناو بەوەش بۆ یەکەمجار ڕێگەی پێدرا بەشداری پێکهێنانی حکومەت بکات. ساڵی ١٩٥٩ بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی لەهەڵبژاردن بەدەستهێناو بەشداری کابینەی حکومەتی کرد.

حیزبی سۆسیالیست ماوەی دەساڵ لەپاشەکشەدا بوو، کەمتر ٢٠٪ی دەنگەکانی لەهەڵبژاردنەکانی فیدراڵی بەدەست دەهێنا. بەڵام لەساڵی ١٩٩٥ جارێکی تر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی دەرکەوتەوەو لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣، (٥٢) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

لەدواهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەم حیزبە لەبەردەم حیزبی گەلدا پاشەکشەی کردو نۆ کورسی پەرلەمانی لەدەستدا. ئێستا خاوەنی ٤٣ کورسی پەرلەمانییەو ٩ کورسی ئەنجومەنی کانتۆنەکانیشی هەیە. دوو نوێنەرەشی لەحکومەت هەیە.

## ٣ـ حیزبی دیموکراتی مەسیحی:

ساڵی ١٩١٢ بەشێوەیەکی رەسمی لەسەر ئاستی نیشتمانی دامەزراوە. لەساڵانی ١٩١٩ ـ ٢٠٠٣ بە بەردەوامی دوو کورسی لەحکومەتدا هەبووەو پارێزگاری لێکردووە. لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣دا رێژەی ١٤,٤٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەوەش کەمترین رێژە بوو، کە بووە مایەی ئەوەی کە یەکێك لەکورسییەکانی حکومەتی فیدراڵی لەدەست بدات. لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ توانی تاڕادەیەك متمانەی هاووڵاتیان بەدەستبهێنێتەوەو سەرکەوتنێکی سنوردار بەدەستبهێنێ و پێنج کورسی زیاد لەپەرلەمان بەدەستبهێنێ و ژمارەی کورسییەکانی گەیشتە ٣١ کورسی، وەك حیزبی رادیکاڵی دیموکراتی، بەڵام تا ئێستا ئەو حیزبە داوای کورسیی دووەمی لەحکومەتی فیدراڵی نەکردۆتەوە. ئێستا ٣١ کورسی لەپەرلەمانو ١٥ کورسی لەئەنجومەنی کانتۆنەکان هەیەو یەك کورسی لەحکومەتی فیدراڵی هەیە.





## ٤ـ حیزبی گەلی سویسری:

ئەسڵی ئەم حیزبە بۆ حیزبی جوتیاران دەگەڕێتەوە، کە لەساڵی ١٩١٧ لەکانتۆنی زیورخو لەساڵی ١٩١٨ لەکانتۆنی بێرن دەرکەوت. ئەم حیزبە لەساڵی ١٩٣٧ لەسەر ئاستی نیشتمانی دامەزراو بەحیزبی گەل ناسرا. لەساڵانی ١٩٢٩ ـ ٢٠٠٣ یەك کورسی لەحکومەتی فیدراڵی هەبووە. لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو رێژەی ٢٩٪ ی دەنگەکانو ٦٢ کورسیی پەرلەمانی مسۆگەرکرد، بەوەش توانی کورسییەکی تر لەحکومەتی فیدراڵی بەدەست بهێنێو ژمارەی کورسییەکانی بوو بە دوو کورسی.

ئێستا ٦٢ کورسی پەرلەمانو ٧ کورسی ئەنجومەنی کانتۆنەکانی هەیە.

## سەرچاوەکان :

١ـ الدكتور محمد عمر مولود ـ الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مطبعة وزارة التربية/ أربيل، ٢٠٠٣، الطبعة الثانية.

٢ـ القاضي نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الأتحادية الفدرالية، الجزء الخامس، (السلطة التشريعية)، بغداد، الطبعة الأولى ٢٠٠٤.

٣ـ القاضى نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الاتحادية الفدرالية، الجزء السادس، (السلطة التنفيذية)، بغداد، الطبعة الاولى ٢٠٠٤.

٤ـ القاضى نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الاتحادية الفدرالية، الجزء السابع (السلطة القضائية)، بغداد، الطبعة الأولى ٢٠٠٤.

٥ـ سایتەکانی ئینتەرنێت:

- www. Siwssinfo.org
- www. Lawopibya.com
- www.ingdz.com

# چەند لاپەڕەیەك دەربارەی ناسیۆنالیزمی ئێرلەندی

سلێمان عەبدوڵڵا یونس

بیری نەتەوایەتی ئێرلەندیەکان، بەشێوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆی ئایریشی، مێژووییەکی دێرینی هەیە. مێژوویەک؛ کەهەوڵدەدات، خەونی ئێرلەندیەکان، وەکو یەک خەونی هاوبەشی مەزن، بۆ هەردوو کۆمەڵگا سەرەکییە ئایریشیەکە، (یونیەنیزم و نەشنەڵیزم) لەسەربەخۆیی نیشتیمانیدا، بکات بەواقیع.

نەشنەڵیزم؛ بۆئایرشەکان، لەسەرانسەری نیشتیمانە دووکەرتبووەکەیاندا، بریتییە لەهەستی قوڵی خۆشەویستی و شانازیکردن بەئێرلەندای نیشتیمان و زمانی ئایریشی و گەشەپیدانی کەڵچەر و ڕۆشنبیرییە نەتەوایەتیەکەیان و پاراستنی ناسنامە و شوناسە میژووییەکەی، گەل و نیشتیمانی دێرینی ئێرلەندی.

هەستی نەشنەلیزمی ئایریشی، هەستێکی سەربەخۆخوازانەی زۆرایەتی ئایریشەکانە، لەپیناوی دەرکەوتنی نەتەوەی ئێرلەندی و ئازادبوونی نیشتمانەکەیان لەوابەستەیی و پاشکۆبوونی مێژوویيانەی ئەو نیشتیمان و نەتەوەیە بە بریتانیاوە، چ ئەوکاتانەی، کەهەموو نیشتیمانی ئایریشەکان، لەژیر چەتری ئەو یەکیەتیەدابووە، کەبریتانیا ڕێبەرایەتی کردووە، یان ئەوکاتانەی، لەچەشنی پاشکۆیەکی بریتانیای مەزن، بەشە





باشوورەکەی، بووە بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەشە باکورەکەشی، وەکوو بەشێک لەبریتانیای مەزن ماوەتەوە، کەهەتا ڕۆژگاری ئیمڕۆ بەردەوامە.

بێگومان ئەم دوولەتبوونە، بەشە باکورەکەی نیشتیمانی ئایریشەکانی، لەبەشەکەی دیکەی لەهەموو روویەکەوە دابڕیووە، بەجۆرێک کەهەتا بەئیستاش دەگات، کۆی گشتی ئایریشیە نەتەوەخوازەکان، هەموو هەوڵێکیان، بۆ کۆتایی پێهێنانی، ئەم سیاسەتی دابڕان و دووکەرتبوونەی؛ نەتەوەو نیشتیمانە مێژووییەکەیانە.

نەشنەلیزمی ئایریشیەکان، لەکورترین پیناسەدا، بریتییە لەپڕۆژەیەک بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئایریشەکان، کەلەلایەن ئایریشە نەتەوەیی و سەربەخۆخوازەکانەوە، وەکوو دوارێگەچارەی ئەم کێشە دێرینەی نەتەوەی ئایریشەکان خراوەتەڕوو.

لەڕاستیدا، ئەم پڕۆژەیە، لەڕەهەندە مێژووییەکەیەوە، خاوەنی ناسنامەیەکی کاسۆلیکییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرۆژەیە توانیوویەتی، لەڕەوتی مێژوويانەی خۆیدا، سەرنجی بەشێکیش لەکۆمەڵگای پڕۆتستانتی ئایریشی، بەلای خۆیدا رابکێشێت. چونکە دواجار ئەم پڕۆژەیە، لەودیووی کێشە مەزهەبیەکانی کۆمەڵگای ئایریشیەوە، مەسەلەی سەربەخۆیی نیشتیمان و نەتەوەی ئایریشی، کردۆتە خەم و خەونی هاوبەش و لەپڕۆسەیەکی لەسەرخۆشدا، ڕەنگە دوجار بتوانێت، زۆرایەتی بەرەی هەردوو کۆمەلگا ئایریشییەکە (یونیەنیزم و نەشنەڵیزم) لەگوتارێکی نەتەوایەتی هاوچەرخدا، یەک پێبگرێتەوە.

## ریشەی مێژوویی

سەرەتای بزووتنەوەی نەشنەڵیزم لای ئایریشەکان، لەسەدەی دوازدەیەمینی زاینیەوە دەستپێدەکات. ئەوکاتانەی، کەنیشتیمانی ئایریشییەکان، رووبەرووی داگیرکردن و پەلاماری ئەوسای ئینگلیزەکان بوەوە.

ئەو داگیرکاریە، رووبەڕووی بەرگری جۆراوجۆری ئایریشییەکان هات. ئەمەش وەکو یەکەمین بەرگری نەتەوایەتی ئایریشەکان لەمێژوودا دەرکەوت. سەرکردایەتیکردنی ئەم

بەرگرییە نیشتیمانییە، لەلایەن (ئەنجومەنێکی بچوکی لۆردانەوە) کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنرابوو، بەڕێوە دەبرا.

ئەگەرچی؛ زۆربەی مێژوونوسان پێیان وایە، ئەم بەرگرییەی لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە سەرکردایەتی دەکرا، خاوەنی شوناسێکی نەتەوایەتی روون نەبووە، چونکە نەسەرکردەکانی ئەنجومەنەکە، خاوەنی دیدگایەکی سیاسی ڕۆشن و ئاماجێکی سیاسی و گوتارێکی سیاسی هاوبەشی ئێرلەندی بوون و نەهیچ دروشمێکی نەتەوایەتی، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی ئێرلەندیش لەو بەرگریەدا بەدیارکەوتووە. بەقەدئەوەی، وادەردەکەوێت کەبەرگری ئایریشە کاسۆلیکەکان ترس بووبێت لەو سیاسەتە چاکسازیانەی پرۆتستانیزم بەخۆیەوە بینی بوو لەوسەردەمانەدا، لەسەر دەستی حکومەتی ئینگلاند.

بێگومان ئەم بۆچوونەش زیاتر لەڕاستی نزیک دەبێتەوە، کاتێک دەبینین، لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەدا، سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زارەکانی کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەندا و نیشتەجیکردنی پرۆتسانت مەزهەبەکانی ئینگلتەرە و سکۆتلاند، بەشێوەیەکی چڕوپڕ، لەسەر دەستی ئینگلیزە پرۆتستانت مەزهەبەکان و سکۆتلەندیەکان، لەباکوری ئەو وڵاتە، پەرەدەستێنێت.

دژی ئەم سیاسەتی نیشتەجێکردنەی پرۆتسانت مەزهەبەکانی ئینگلتەرە و سکۆتلاند، یاخیبوونیکی دیکەی ئایریشیەکان، لەنێوان سالانی ( ١٥٩٤-١٦٠٣) بەرچاودەکەوێت، کەئەویش بەجەنگی (٩) ساڵە ناسراوە و بەسەرکردایەتی سەرکردە (ئۆنێیل) بوو. ئەگەرچی ئەم یاخووبوونە، بەشیوەیەکی روون بانگەوازی دەرپەڕاندنی ئینگلیز و سکۆتییە پرۆتستانت مەزهەبەکان و ئیسپانییە داگیرکەرەکانیشی دەکرد، لەسەر خاکی ئێرلەندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، میژوونووسان، ئۆنێیلی سەرکردەی یاخیبوونەکە، بەوە تاوانبار دەکەن، کەلەپشت ئەو ئامانجە نەتەوایەتیانەوە، ئامانجی تاکەکەسی خۆی هەبووە، کەئەویش بریتی بووە لەدەستبەسەراگرتنی ناوچەی (تایرۆن ) کەبەدووەم گەورەترین ناوچە، لە نۆ ناوچەکانی (ئەڵستەر) ئەژمار دەکرا.

بزووتنەوەی نەتەوایەتی راستەقینە، کەئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەل و نیشتیمانی ئایریشی بووبێت، لەساڵی ١٦٤٠ و ئەو میژوەوە بەدواوە دەست پێدەکات،





بەتایبەتی لەدوای یاخیبوونی ئایریشی ساڵی ١٦٤١ . لەدوای ئەم راپەڕینەوە ئایریشە کاسۆلیک مەزهەبەکان وەکو دیفاکتۆیەک جاڕی دەوڵەتیکی سەربەخۆی ئایریشییاندا. راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە، تەکانیکی گەورە بوو، بۆ بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی ئایریشی. چونکە ئەم دەوڵەتە بەرونی جاڕی سەربەخۆبوونی ئێرلەندا و جیابوونەوەی ئەو وڵاتەی لەئینگلتەرە راگەیاند و بەرۆشنی داوای گەڕاندنەوەی، هەموو زەویە داگیرکراوەکانی، کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئەو وڵاتەی، لەژێر چنگی ئینگلیز و سکۆتییە پرۆتستانت مەزهەبەکان کرد. هەروەکو چۆن، بانگەوازی بۆ پێکهێنانی، پەرلەمانێکی نەتەوەیی ئایریشی کرد و داواشی کرد، کە ئەو پەرلەمانە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی ئایریشی، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە دیاری بکات. ئەگەرچی دواتر، ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە، توشی تیکشکان و داگیرکاری و دواجار روخاندن، بوو، بەتایبەتی لەجەنگی داگیرکاری سالانی ١٦٤٩-١٦٥٣ و لەدوای خۆی تەنها چینێکی خاوەن موڵکدارێتی کاسۆلیکی فیوداڵ بۆ ئێرلەندا بەمیرات بەجێدەهێڵێت.

لەنێوان سالانی ١٦٨٠-١٦٩٠ بزووتنەوەیەکی دیکەی نەتەوایەتی ئایریشی دەردەکەوێت، هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە، جیاوازی لەشێواز و داخوازیەکانیدا لە ئەوەی پێش خۆی، بەدی دەکرا، بەوەی کەئەم بزووتنەوەیە، باوەڕی بەبنیاتنانی پادشایەتیەکی ئایریشی کاسۆلیکی هەبوو، کەهاوپەیمانی پادشایەتی پرۆتستانت مەزهەبی بریتانی بێت، بەلام دیسان، بەقۆناغێکی دیکەی هەستانەوەی، هەستی نیشتیمانی ئایریشییەکان ناوزەد کراوە. ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەنداوە، بەناوی بزووتنەوەی (جاکبوتیزم) راگەیاندرا. پەیامی ئەو بزووتنەوەیە، بەپەیامی پشتیوانی لە (جەیمسی دووەم) پادشای بریتانیا دەستی پێکرد و لەهەمانکاتدا داوای گەڕاندنەوەی تەواوی مافە ئایینی و نەتەوایەتیەکانی ئایریشەکانی ئێرلەندای دەکرد، لەڕێگەی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان پێیان. هەروەکو چۆن داوای گەڕاندنەوەی، تەواوی زەوی و زارە دەستبەسەر داگیراوەکانی، ئایریشیە کاسۆلیک مەزهەبەکانی دەکرد و داواشی دەکرد، کەسەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێرلەندا و ئەنجومەنی نوینەرایەتی و بەڕێوەبردنی ئیرلەندا بەئایرشییەکان خۆیان بسپێردرێت و لۆردی نوێنەری بنەماڵەی پادشایەتی بریتانی لە وڵاتی پادشایەتی ئێرلەندا، دەبێت دیسان هەر لەخودی گەلی ئایریشی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، کەداخوازیەکانی ئەم بزووتنەوەیە پادشایەتییە، بریتی نەبوو لەسەربەخۆیی تەواو یان دامەزراندنی سیستمێکی کۆنفیدراڵی، بەڵام دیسان جێگەی ڕەزامەندی بنەماڵەی پادشایەتی پرۆتستانت مەزهەبی بریتانی نەبوو، بەتایبەت، لەمەسەلەی دانانی، لۆردی نوێنەرایەتی بنەماڵەی پادشایەتی بریتانیا لە ئێرلەندا، چونکە لەوسەروبەندەدا، شا جێیمسی دووەم، لەبەرنامەی دامەزراندنی نوێنەرایەتی پادشایەتی سێ قۆڵیدا بوو. لە هەریەک لەهەرێمەکانی ئینگلاند و سکۆتلاند و ئێرلەندا. شا جێیمسی دووەم، رازی نەبوو، ئەو پۆستە بداتە خودی ئایریشەکان و لەبری ئەوە بڕیاری دا کەکچ و زاواکەی بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان بکات. بەمەش ناکۆکی کەوتە نێوان شاجەیمسی سێیەم و بزووتنەوەی بنەماڵەی پادشایەتی کاسۆلیک مەزهەبی ئێرلەندی، کەسەرەنجام جەنگی (ویڵییەمایت لەدژی ئێرلەندا) کەلەهەمانکاتدا بەشەڕی (جاکۆبایت)یش ناسراو لەساڵی ١٦٨٩ — ١٦٩١ ) هەڵگیرسا و شەڕەکەش بەسەرکەوتنی بنەماڵەی پادشایەتی ئینگلیز و تێکشکانی بزووتنەوەی پاشایەتی ئایریشە کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەندا، کۆتایی هات و لەدوای ئەو شەڕەشەوە ئیدی، نیشتمان و موڵک و ماڵ و دەسەڵاتی وڵاتی ئێرلەندا بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتە دەستی پرۆتستانت مەزهەبەکانەوە، بەشێوەیەک کەدواتر جەنکی دژایەتی و پاکتاوکردنی ئایینی لەدژی ئایریشییە کاسۆلیک مەزهەبەکان لەژێر یاسای سزادانی (پێنال لۆوس) بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەستی پێکرد. بەپێی ئەم یاسایە، کەپشتی بەپرۆتستانیزم، بەستبوو، ڕۆمان کاسۆلیکەکان و کەنیسەکانی دیکەی ئێرلەندای، وەکو هەڵگەڕاوە و لادەر لە قەڵەم دەدا و هەموو مافێکی هەڵسوڕانی ئایینی و ئیداری و نوێنەرایەتی کردنیانی لێزەوتکردن. زەوتکردنێک کەنائومێدییەکی گەورەی لای کاسۆلیکە نەشنەڵستەکان دروستکرد. بەم شێوەیە جەنگی پرۆتستانت مەزهەبەکانی ئینگلیز و هێزە سەربازیەکانیان لەدژی ئێرلەندیەکان دڵڕەقانە بەردەوام بوو. بەردەوام بوونێک کەدواتر بووە مایەی نائومێدیەکی بەرین لەنێو کۆی گشتی بزووتنەوەی نەشنەڵیزمی ئایریشی، بەجۆرێک کەدواتر ژمارەیەکی زۆرکەم لە ئایریشیەکان لەدەوری ئەو گروپ و پارت و بزووتنەوانەدا کۆدەبوونەوە، کەبانگەشەی ئازادبوونی گەل و نەتەوی ئایریشییان دەکرد. هەرئەوەش نا، بەڵکو ئەو ژمارە کەمەش کە بانگەشەی داخوازییە





نەتەوایەتیەکان و مەسەلە نیشتیمانییەکانیان دەکرد، لای ڕەشایی بزووتنەوەکەیان زیاتر وادەهاتنە بەرچاو، کەبەشوێن کۆکردنەوەی دەسکەوت و سامان پەیداکردنی دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیانەوە بن.

## لەگڕاتانەوە بۆ ئۆو کۆنێڵ

لەسەدەی هەژدەهەمدا، کاتێک کە پرۆتستانت مەزهەبەکان، بەپشتیوانی بریتانیا و بنەماڵەی پادشایەتی پرۆتستانت مەزهەبی ئەو وڵاتە، پەرلەمانی ئێرلەندایان دامەزراندبوو، ئەو دەرفەتەیان بەهەل زانی و یەکسەر داوای ئۆتۆنۆمی و مافە سیاسیی و نەتەوایەتییەکانی گەلی ئایریشیان بۆ چەند جارێکی لەسەر یەک ئاراستەی پەرلەمانی بریتانیا کرد.

بێگومان پرۆتستانتەکان، لەم داخوازیەیاندا پشت ئەستور بوون، بەئەو قانونە پەرلەمانیانەی لەسەردەمی شا (هێنری حەوتەم) هاتبوونە ئاراوە. ئەو قانونانەی کە بەقانونەکانی (پۆینینجس) ناویان دەرکربوو و وەکو پاشخانی شەڕی ئەهلی ئینگلاند، کەلەنێوان شاری (لانکاستەر) و (یۆرک) لەسەر مەسەلەی دیاریکردنی پادشای ئینگلیز قەومابوون. چونکە ئەو شەڕە هەستی نەتەوەخوازی لای ئایریشەکان بەرز کردەوە و بوو بەبۆنەیەک، بۆ ئەوەی ئەوانیش داوای دیاریکردنی نوێنەرایەتی بنەماڵەی پادشایەتی و بەڕێوەبردنی پەرلەمانی ئێرلەندا بۆخۆیان بکەن. ئەمە وێڕای ئەوەی، کەبەهۆی بڵاوبوونەوەی تێزە سیاسیی و نەتەوایەتی و فکریەکانی و (ولیام مۆڵنیوکس) هەستی نەتەوایەتی بەتەواوی پەرەیان سەندبوو بە تایبەت کاتێک، کە کتێبێکی گرنگی دەربارەی (دەستووری سەربەخۆی ئێرلەندا) نووسی و دواتریش ئەم تێزانە، لەلایەن نوسەر و شاعیر و پیاوی ئاینی ناوداری ئەنگلۆ ئایریشی (جۆناسان سویفتس) پشتیوانیان لێکراو و تێکەڵ بە بیروباوەڕەکانی ناو (نامەکانی دڕابیر) کران.



**هێنری حەوتەم پادشای ئینگلاند**
( ٢٨ January 1457 – 21 April 1509)

بێگومان نامەکانی دڕابیر، کەهەتائێستاش گرنگی خۆیان هەیە و وەکو شۆڕشێکی گەورەی فکری و ئایینی و سیاسیی، توانیان کاریگەری زۆری خۆیان بەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئێرلەندیەوە بەجێبهێڵن. ئەو نامانە لەنێوان ساڵانی (١٧٢٤ و١٧٢٥) بەناوی خوازراوی ( ئێم.بی.دراپیر) نووسراون. لەکاتی نووسینی ئەو نامانەدا (جۆناسان سویفتس) سەرۆکی کەنیسەی (ساینت پاتریکس) بووە، کە بەگەورەترین و بەربڵاوترین کەنیسەی (ئێرلەندا) دادەنرێت. (جۆناسان سویفتس) ئەو نامانەی لەحەوت بەشدا بڵاوکردنەوە و پەناشی بۆ بەبەکارهێنانی ناوی خوازراو برد، لەترسی سزادان و تۆڵە لێکردنەوە. لەونامانەدا بەروونی بانگەشەی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی سامان و دارایی نیشتیمانی و هەبوونی قەوارەیەکی سیاسیی نەتەوایەتی سەربەخۆ و ڕۆنانی





دەستوورێکی ئایریشی سەربەخۆ کراوە. نامەکانی دڕاپیرا، بەقوڵی کاریگەری خۆیان لەسەر هەستی ئایریشە کاسۆلیک مەزهەبەکان جێهێشت و ڕۆنانی سیستمێکی پادشایەتی ئایریشیان کردە خەونی هەرە مەزنی کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەندا، کەزۆرایەتی ئەو وڵاتەیان پێکدەهێنا. هەربۆیە ئەو نامانە جێگەی نیگەرانی و بەرپەرچدانەوەی توندی هەردوو حکومەت و پەڕلەمانی پرۆتستانت مەزهەبی ئینگلاند و ئێرلەندا بوون. ئایریشە نەتەوەییەکان و کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەندا هەتائێستاش نامەکانی دڕاپیرا کەلەساڵی ١٧٣٥ لەلایەن (جۆرج فۆڵکنەر) بۆیەکەم جار بەچاپ گەیەندراون بەپیرۆز و خۆیشی بەباوکی ڕوحی ئایینی و نەتەوایەتی پێناسە دەکەن.



**کەنیسەی ساینت پاتریکس کە لەساڵی ( ١١٩١ ) دروستکراوە**

## هێنری گڕاتان

بزووتنەوەی نیشتیمانی ئایریشی، لەسەردەستی سەرکردەی شۆڕشگێر، (هێنری گڕاتان) زیاتر پەرەی سەند. گڕاتان داوای ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانی بۆ ئێرلەندا دەکرد. یەکێک لەکارە مێژوویەکانیشی لەم پێناوەدا، بریتی بوو لەڕاگەیاندنی داخوازی سەربەخۆیی دەستووری و پەڕلەمانی بەرفراوان بۆ ئێرلەندا لەساڵانی (١٧٨٢- ١٧٨٣). دوای ئەوە گڕاتان و کۆمەڵێک لەهاوڕێ رادیکاڵەکانی لە (ئایریش ویج پارتی) توانیان

ڕێبەرایەتی کامپەینێکی گرنگی نیشتیمانی رادیکاڵ بکەن و بەشێوەیەکی شێلگیرانە، داوای (یەکسانی مافە سیاسییەکانی کاسۆلیکەکان) و (ئەنجامدانی ریفۆرمیان دەکرد لەیاساکانی مافەکانی هەڵبژاردندا) هەروەکو داوای ماف و دەستڕۆیشتنی ئێرلەندیەکانی دەکرد بەسەر (دەریای ئێرلەندی) و داڕشتنەوەی لینکی نێوان بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و ئێرلەندا بەقازانجی بەرژەوەندنی نیشتیمانی هەردوولا.

لەڕاستیدا گڕاتان بنەمایەکی گرنگی بۆ بزووتنەوەی نیشتیمانی ئێرلەندی ڕۆنا و هەرئەویش بوو دەستەواژەی (کەمایەتیەکی کۆڵۆنیال)ی لەنێو بزووتنەوەی رادیکاڵی نیشتیمانی ئایریشی بەکارهێناو بەکۆڵۆنیال بوونی ئێرلەندای بەشێوەیەکی نەترسانە ڕاگەیاند. هەرچەندە بەر لەئەویش هەندێ نەتەوەیی دیکەی لەچەشنی (سامۆئیل نێیلسن) و (سیۆباڵد وۆڵف) و(ڕۆبێرت ئێمێت) ئاماژەیان بەو خێزانە هاوردە ئینگلیزی و سکۆتیانە کردبوو، کەلەساڵانی ١٦٠٠ وە هاتبوونە ئێرلەنداو بەشێوەیەکی نایاسایی زەوی و زار و موڵک و ماڵەکانی ئێرلەندیەکانیان داگیر کردبوو و دەستەواژەی (خێزانی کۆلۆنیال)یان بۆ بەکارهێنابوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بزووتنەوەی نیشتیمانی ئێرلەندی، لە (گڕاتانەوە ١٧٧٠) بۆ (پارنێڵ ١٨٩٠)، لەلایەن پڕۆتستانتەکانەوە ڕێبەرایەتی کراوەو لەهەموو ئەو مێژووانەشدا، سەرکردە نەتەوەیی و جوداخوازەکان، لەنێو بزووتنەوەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی ئایریشی،بەپیچەوانەی ئێستاوە، هەرلەپڕۆتستانتەکان بووە.

بزووتنەوەی مۆدێرنی نەتەوایەتی ئایریشی، بەبانگەشە و داخوازی دیموکراسییەوە لەساڵانی ١٧٩٠ بەدواوە دەستپێدەکات، کاتێک (سیۆباڵد وۆڵف) (کۆمەڵگای پیاوانی ئایریشی یەکیەتیخواز)ی دامەزراند و بانگەوازی نەهێشتنی جیاوازی لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی کرد، کەکاسۆلیک مەزهەبەکانی ئێرلەندا ڕووبەڕووی ببوونەوە، سیۆباڵد لەسەر خەت بوو لەگەڵ گڕاتان و بۆئەوەی (کۆماری سەربەخۆی ئایریشی) دابمەزرێنن، هەروەها (تۆن) و زۆربەی ئەندامانی (کۆمەڵگای پیاوانی ئایریشی یەکیەتیخواز)ی پەیوەندیان کرد بەسەرکردەکانی (شۆڕشی فرەنسا)وە، بۆئەوەی بتوانن کۆتایی بەسیاسەتی جیاوازی ئەتنی و تائیفی لەئێرلەندادا بهێنن. ئەو سیاسەتەی لەلایەن بریتانیاوە پیادە دەکرا و هەوڵی دەدا بەقازانجی بەرژەوەندیەکانی حکومەتی





بریتانیا، یاری بەبزواندنی هەستی مەزهەبی نێوان کاسۆلیک و پڕۆتستانتەکانی ئیرلەندا بکات . هەروەکو چۆن سەرانی ئەو بزووتنەوە مۆدیرنە، دەیانویست کۆتایی بەدەستێوەردان و سیاسەتی دەستنیشانکردنی بەرێوەبەرایەتی وڵات بهێنن لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

ئایریشە یەکێتیخوازەکان، توانیان پشتیوانی سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و دواتریش هەربەپشتیوانی فەڕەنسییەکان، ئایریشەکان توانیان، یاخیبوونێک لەدژی ئینگلیزەکان بەرپابکەن، کەبە (یاخیبوونی ئایریشی ساڵی ١٧٩٨) ناسراوە و تێیدا خوێنێکی زۆر ڕژا و سەرەنجامیش پەڕلەمانی ئێرلەندا لەژێر گوشاری لەندەندا، بڕیاری خۆهەڵوەشانەوە لەساڵی (١٨٠٠-١٨٠١) ڕاگەیاند و ئەندامانیشی هەتا ساڵی ١٨٢٢ لە لەندەن دادەنیشتن.

پاش ئەو هەموو ڕووداوانە، ئەوەی تێبینی دەکرا، بزووتنەوەی نیشتیمانی ئایریشی بەسەر دوو فۆڕم و گروپی لەیەکتر جیاوازدا دابەش بوو. لەهەریەکێک لەوفۆڕمانەشدا، ئەو بزووتنەوەیە، شوناس و ناسنامەی تایبەت بەخۆی وەرگرت. گروپی یەکەم بریتی بوو، لەبزووتنەوەیەکی رادیکاڵی، کە ناسراون بە (ئایریشە کۆماریخوازەکان)، ئەمانە باوەڕیان بەبەکارهێنانی هێز هەبوو، لەپێناوی بنیاتنانی کۆمارێکی ئایریشی سەربەخۆ و دادپەروەر و سکۆلار . ئەمانە، لەلایەن چەند گروپێکی ئێرلەندیەوە پشتیوانیان لێدەکرا، وەکو (لاوە ئێرلەندییەکان)، کەدواتر لەساڵی ١٨٤٨ سەکردایەتی هەڵگەڕانەوە و یاخیبونێکیان، لەدژی حکومەتی بریتانی لەئێرلەندا کرد.

گروپی دووەم بریتی بوو، لەگروپێکی ترادیسۆنی نەتەوەیی میانڕەو. ئەمانە زیاتر هانی ئێرلەندیەکانیان دەدا، کەپەنا بۆ خەباتی ئاشتیانە و هێمنانە بەرن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان. هەروەکو چۆن، داوای تەنازولاتی زیاتریان لەحکومەتی بریتانی دەکرد، بۆ دانپێدانانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی ئێرلەندا. ئەم گروپە بریتی بوون لەنەتەوەییە ترادیسۆنەکان* و ناسیۆنالیستە کاسۆلیکەکان. هەرچی نەریتییەکان بوون، باوەڕیان بەڕیفۆرمێکی ئاشتیخوازانە هەبوو، لەنێو حکومەتی

* ناسیۆنالیستە نەریتییەکان جوانترە.

ئێرلەندی، کەلەلایەن بریتانیاوە دامەزرێنرابوو. بەڵام هەرچی کاسۆلیکەکان بوون، کەلەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکییەوە پشتیوانیان لێدەکرا، ئەوانە؛ ئەگەرچی باوەڕیان بەسەربەخۆیی هەبوو، بەڵام لەگەل ئەوەشدا، دژی بەکارهێنانی هێز و بنیاتنانی کۆمارێکی ئایریشی علمانی بوون.

## دانیاڵ ئۆو کۆنێیڵ

دانیاڵ ئۆو کۆنێیڵ سەرکردەیەکی میانڕەوی ئایریشی بوو، کەتوانی رابەرایەتی بزووتنەوەی نیشتیمانی ئایریشی بکات. کۆنێیڵ سەرۆکی کۆمەڵگایەکی کاسۆلیکی بەهێز بوو، لەساڵی ١٨٢٠ و ١٨٣٠ و ١٨٤٠ سەرۆکایەتی (کۆمەڵەی قارەمانان) ی کرد، کەتوانی؛ بەشێوەیەکی نهێنی، سەرکردایەتی هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی کاسۆلیکەکان بکات، لەپێناوی بەدیهێنانی تەواوی مافە سیاسییەکانیان، لەسەرانسەری ئێرلەندادا. دوای ئەمەش، ئەو کۆمەڵەیە داوای مافی خۆبەڕێوەبردنیان کرد.

لەڕاستیدا کۆمەڵەی قارەمانان، توانی لەهوشیارکردنەوەی کاسۆلیکەکان، بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسییەکانیان، سەرکەوتووبن، بەلام لەهێنانەدی مافی خۆبەڕێوەبردنی ئایریشەکان سەرکەوتوو نەبوون. بزووتنەوەی ئوکۆنێیڵ توانی لەسەدەی هەژدەهەمدا کاسۆلیکییەت بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەپێبدات و پشتیوانی پیاوانی ئاینی و کەنیسەی کاسۆلیکی بەشێوەیەکی فراوان بۆ بزووتنەوەکەی پەیدابکات. ئەم بزووتنەوەیە، هانی هەستی یەکێتی ئایریشیەکانی دەدا و لەهەمانکاتیشدا جەختی لەسەر بەدیهێنانی تەواوی مافە سیاسییەکانی، کاسۆلیکەکانی ئێرلەندا دەکردەوە.



دانیاڵ ئۆو کۆنێیڵ





میژوونوسان، لەشوناسی ئەو بزووتنەوەیەدا، هاوڕان. هاوڕان لەسەرئەوەی کەسەرکردەی ئەو بزووتنەوەیە (دانیاڵ ئۆو کۆنێیڵ ) هەمیشە هەوڵی داوە بزووتنەوەکەی لەهەمانکاتدا خاوەنی شوناسی کاسۆلیکی و نەتەوایەتی ئێرلەندیش بێت.

## کۆمەڵەی قارەمانان و لاوە ئێرلەندییەکان

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەستی نەتەوایەتی ئایرشی بوو بە ئایدلۆجیەکی بەربڵاو و سەرانسەری ئێرلەندای گرتەوە. لەو وەختەدا چەند پارتێکی رادیکاڵ، توانیبوویان کورسییەکانی ئێرلەندا لە پەرلەمانی (وێستمینیستەر)، بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەمەش وای کرد کەجارێکی دیکە بانگەوازی خۆبەڕێوەبردن لەلای ئێرلەندییەکان بەرزبکرێتەوە، سەرەڕای بەرزکردنەوەی ئەم داخوازیەش، ئەو پارتە سیاسییە ئێرلەندییانەی، نێو پەرلەمانی بریتانیا، لەپاڵ داخوازی خۆبەڕێوەبردندا، داوای چاوخشاندنەوەشیان بەیاسای (یەکێتی نێوان بەریتانیا و ئێرلەندا) دەکرد.

لەو ماوەیەدا، بزووتنەوەیەکی میلیتاری و گیانبازی، کۆماریخواز ، دەرکەوت کەناوی (برایەتی ئایریشە کۆماریخوازەکان) بوو و بەکورتکراوەی (ئای.ئاڕ.بی) ناسراوە. لەهەمانکاتدا، رێکخراوێکی ئایریشی کۆماریخواز، کەلەو خێزانانە ئایریشیانە پێکهاتبوو، کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیان، دروست بوو، بەناوی (کلان نا گایڵ). هەروەکو چۆن گروپێکیش لەئەندامانی (لاوە ئێرلەندییەکان) کە دەربەدەرببون و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرسابوونەوە، لقی مەنفای ئەو گروپەیان راگەیاند.

رێکخراوی (کلان نا گایڵ) کەبەسەرکردایەتی (جۆن دیڤۆی) لەئەمریکا دامەزرابوو، توانیان بەشداری شەڕی ئەهلی ئەمریکا بکەن. جۆن دیڤۆی توانی بەشێک لەجەنگاوەرانی بەئەزموونی ئایریشی کۆبکاتەوە و شانبەشانی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێرش بکاتە سەر کەنەدا. لەبری ئەوەش، جۆن داوای پشتیوانی ئەمریکای دەکرد، لەپیناوی کشاندنەوەی هێزەکانی ئینگلیز، لە ئێرلەندادا. لەهەمان کاتیشدا لەناو ئێرلەندادا، کۆمەڵەی برایەتی ئایریشە کۆماریخوازان دامەزرا، کەداوای ڕزگاری نیشتیمانی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی ئێرلەندایان دەکرد.

ئای ئارِ بی، لەناو ئێرلەندادا، سەرکردایەتی هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕینێکیان کرد لەساڵی ١٨٦٧، بەڵام هێزە بریتانیەکان و هێزەکانی پۆلیس، بەشێوەیەکی توند ڕووبەڕوویان بوونەوەو توانیان شکست بەو یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەیە بهێنن.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوەی نیشتیمانی ئایرشی و کەڵچەری ئەو بزووتنەوەیە، هەنگاوی گەورەو گرنگی بەرەو پێشەوە هەڵهێنا. چونکە هەستی ئایریشایەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند، ئەم پەرەسەندنەش بەهۆی بانگەوازی بەردەوامی نوسەران و هونەرمەندان و شاعیران و ڕووناکبیرانی ئایریشی؛ ئینگلیزی زمانەوە بوو، کاتێک داوایان لە ئایریشەکان دەکرد، کەئینتیمایان بۆ ئێرلەندا و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئاینییەکانی کۆمەڵگای ئایریشی هەبێت و لەم پێناوەشدا سەرسەختانە جەختیان لەسەر شوناسی تاکی ئایریشی دەکردەوە. تاکێک؛ کەسۆزی هەبێت بۆ زمان و کەڵچەر و فەرهەنگ و نیشتیمان و نەتەوەی ئایریشی. لەم پێناوەشدا دەیان ڕێکخراوی مەدەنی و دیموکراتی و پیشەیی پەیدابوون، کەبێپەروا، جەختیان لەسەر بەدیهێنانی، ئەو ئامانجانە دەکردەوە.

لەهەموو ئەو ماوانەدا، گوتاری فکری ئێرلەندییەکان، زیاتر جەختی لەسەر بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانی و سیاسییەکانی نەتەوەی ئایریشی دەکردەوە. بەشێوەیەک؛ کەبتوانیت دەسەڵاتیکی خۆبەڕێوەبەرێتی نیشتیمانی راستەقینە بنیات بنێت و هەیمەنەی سیاسی و ئیداری و یاسایی و دادوەری بریتانیا، لەئێرلەندادا، کەمبکاتەوە. بەتایبەت کەلەهەموو ئەو ماوانەدا، وڵاتی ئێرلەندا لەلایەن نوخبەیەکی پرۆتستانت مەزهەبەوە بەڕێوەدەبرا، کەلەلایەن پەرلەمان و حکومەتی لەندەنەوە، دەستنیشان دەکران، ئەگەرچی یاسای خۆبەڕێوەبردنی ئێرلەنداش (حکومەتی لۆکاڵی ئێرلەندا) لەساڵی ١٨٩٨ لەلایەن پەرلەمانی بریتانیا دەرچوو بوو.

## گیانبازە جوداخوازەکان و سەربەخۆیی ئێرلەندا

بەدامەزراندنی شین فێین، لەساڵی (١٩٠٥) لەلایەن (ئارثەر جریفیث )، بزووتنەوەی نەشنەلیزمی ئێرلەندی، دەچێتە قۆناغێکی مێژوویی گرنگی خۆیەوە. چونکە لەدوای ئەو مێژووەوە، بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئایریشی، دەبێتە خاوەن ئایدۆلۆجیایەکی ڕۆشن.





ئایدۆلۆجیایەک، بۆ یەکەمین جار لەمێژوویی خۆیدا کەهێزێکی ڕادیکاڵی سیاسی و سەربازی بەهێز، ، دەبێتە پاڵپشتی.

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩١٨ کەلەبریتانیا و ئێرلەندا لەیەک کاتدا بەڕێوەچوو، (شین فێین) توانی، لەسەدا حەفتای دەنگی دەنگدەرانی ئێرلەندی بەدەست بهێنێت و سەرجەم توانی ٧٤ کورسی بباتەوە. بێگومان ئەمە ئاماژەیەکی بەهێز بوو، بۆ نیشاندانی هەستی سەربەخۆیخوازی لای ئایریشەکان و لەهەمان کاتیشدا، ئاماژەیەک بوو، بۆ حکومەتی بریتانیا، کەدەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیفاکتۆ نوێیەی، کە بزووتنەوەی نیشتیمانی و سەربەخۆییخوازی ئێرلەندی، لەسەر دەستی ڕێکخراوی شین فێین، پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەی لەباری خۆیەوە.

دوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی ڕێکخراوی شین فێین لەوهەڵبژاردنەدا، ئەندام پەرلەمانەکانی شین فێین ڕازی نەبوون وەکو ئەندام پەرلەمانی ئێرلەندی، لەپەرلەمانی بریتانیادا دابنیشن. هەربۆیە بریاریاندا کەلەئێرلەندادا، پەرلەمانێکی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن. ئەوەبوو پەرلەمانی شین فێینیان (Dáil Éireann ) واتە (وڵاتی سەربەخۆی ئایریش) وەکوو دیفاکتۆیەک دامەزراند و لەمانگی (جەنیوەری ساڵی ١٩١٩)ش بانگەوازێکی پێشوەختیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆیی ئایریشی راگەیاند.

ناسیونالیستەکان لەباشووری ئێرلەندادا، خۆشنودی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی حکومەتەکەی خۆیان بوون، لەکاتێکدا کەباکوری ئێرلەنداو ناوچەکانی ئەڵستەر لەقەیران و پشێوی سیاسی و ئاژاوەی مەزهەبیدا دەژیان. ئێرلەندیەکانی باشوور لەو بڕوایەدابوون، کەدرەنگ یان زوو، بزووتنەوەی یونیەنیزمی پرۆتستانت مەزهەبەکان لەئێرلەندای باکور و تەواوی ناوچەکانی ئەڵستەر، دێنە سەر ئەو باوەڕەی، کەتێکەڵ بەحکومەتە باشووریەکە ببنەوە و کۆتایی بەسیاسەتی وابەستییان بەبریتانیای مەزنەوە بهێنن.

لە ڕێکەوتی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ حکومەتی بریتانیا دووپاتی کردەوە، کەپەرلەمانی شین فێین (Dáil Éireann ) پەرلەمانێکی نایاساییە و پێویستە هەڵبوەشێنرێتەوە. بێگومان ناسیۆنالیستەکان، بەسەرکردایەتی شین فێین، نەچوونە ژێر

باری داخوازیەکانی لەندەنەوە و لەئاکامدا شەڕ لەنێوان گەڕیلاکانی شین فێین (سوپای کۆماریخوازی ئایریشی IRA ) و هێزە سکیوریتییەکانی بریتانیا لەهەمان ساڵدا هەڵگیرسا، کەئەمەش بوو بەسەرەتایەکی نوێ بۆ شەڕی سەربەخۆیی ئایریشەکان لەدژی هێزەکانی بریتانیای مەزن.



**کاسڵ پروها**

لەو سەروبەندانەدا، کەمپەینێک بۆ تاوتوێکردن و ئامادەسازی بۆ پێشهاتەکان لەلایەن ڕێبەرانی سەربازی و باڵی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێرلەندی ڕێکخرا، سوپای کۆماریخوازی ئایریشی بەشێوەیەکی تاکرەوانە مامەڵەی دەکرد تەنانەت زۆرجار گوێشی بۆ پەرلەمانەکەی شین فێین نەدەگرت و خۆی یەکلایەنانە هەڵسوکەتی دەکرد. لەناودارترین ئەو سەرکردانەی کەسەرکردایەتی (IRA ) دەکرد، بریتی بوون لەسەرکردە (مایکڵ کۆڵینس ١٦ ئۆکتۆبەری ١٨٩٠- ٢٢ ی ئۆگێستی ١٩٢٢) یەکەم وەزیری دارایی پەرلەمانی شین فێین ساڵی ١٩١٩ و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری (IRA ) و ئەندامی گفتوگۆی ئەنگلۆ- ئایریشی و لەشەڕی سڤیلی ئایریشی کوژرا. هەروها سەرکردە (ڕیچارد موڵکارهی ١٠ی مەی ١٨٨٦- ١٦ دێسەمبەری ١٩٧١).سەرکردەکانی (IRA ) ئەم سەرکردانە سەرکردایەتی سوپای کۆماریخوازی ئایریشییان دەکرد بەڕاوێژ لەگەڵ (کاسڵ بڕوها **Cathal Brugha** ١٨ ی جولای ١٨٧٤- ٧ ی جولای ١٩٢٢ **)**، کەسەرۆکی پەرلەمانی شینی فێین بوو، یەکێک بوو لەسەرکردە ناسراوەکانی IRA کەبەشداری هەڵگەڕانەوەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ و جەنگی ئەهلی ئێرلەندای کرد بوو.





هەروەها بەڕاوێژ لەگەڵ وەزیری بەرگری و سەرۆکی کۆماری ئێرلەندا سەرۆک (ئیمۆن دی ڤالێرا)، ئەمانە وەکوو تیمێک سەرکردایەتی بزووتنەوەی نیشتیمانی و کۆماریخوازی ئایریشیان دەکرد و لەسەر ئاستی ناوخۆش IRA خاوەنی کۆمیتەیەک و سەرکردایەتییەکی لۆکاڵی بوون، کەئەندامەکانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە هەریەک لە (دان بریین، سیین مۆیلان، لییەم لینچ.... هتد).

بەم شێوەیە، لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٢، لایەنگرانی ڕێگەچارەی سەربازی و بەکارهێنانی توندوتیژی لە نێو بزووتنەوەی جوداخوازی ئێرلەندیدا، هەتا دەهات، پەرەیان دەسەند و لایەنگرانی نەشنەلیزم و کۆماریخوازی و سەرکردەکانیان لەدەوری بازنەی پشتیوانی IRA کۆدەبونەوە. هەرچەندە هەشبوون، لەنێو ڕێبەرانی نەشنەلیزمدا، کەداوای ڕێگەچارەی سیاسیانەیان دەکرد، وەکو سەرۆک (ئارسەر گریفیس)ی دامەزرێنەری شین فێین، بەڵام چونکە زۆرایەتی سەرکردەکانی بەرەی نەشنەلیزم، بڕوایان بەسیاسەتەکانی حکومەتی بریتانیا و بەڵێنەکانی نەمابوو، هەربۆیە، بۆچوونەکانی میانڕەوەکانی، نێو بزووتنەوەی نەشنەلیزم، بەهەند وەرنەگیران و دەرگای هەموو ڕێگەچارەکان، بەسەر شەڕدا کرایەوە. شەڕێک کەگیانی هەزارانی کردە قوربانی و نەهامەتی و کاولکاری و وێرانەیی و شەڕی ئەهلی و دابەشکردنی بۆ ئایریشەکان وەکو میرات و کەڵچەرێکی خوێناوی بەجێهێشت.

## دابەشکردنی ئێرلەندا

گەرمبوونی شەڕ و سوربوونی بەرەی نەشنەلیزم و سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا، لەسەر بنیاتنانی کۆماریکی سەربەخۆی ئایریشی و ماندووبوونی سوپای بریتانیا لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆی ئایریشی، قوڵبوونەوەی ناکۆکییە مەزهەبیەکانی هەردوو کۆمەڵگای (یونیەنیزم و نەشنەلییزم) و پەنابردنی ئەو دوو کۆمەڵگایە، بۆ ڕەشەکوژکردنی ئەندامانی یەکتری، قەومانی دەیان کارەساتی خوێناوی، بەهەدەردانی سامانی نیشتیمانی هەردوولا، لەیەکتری دوورکەوتنەوەی هەردوو کۆمەڵگا ئایریشییەکە، یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە بەردەوامەکانی IRA، ئەمانە هەموو بەیەکەوە، حکومەتی بریتانییان ناچاری ئەوە کرد، کەدەسبەرداری بەردەوامیدان

بەسیاسەت و هەیمەنەتی خۆی ببێت، بەسەر تەواوی ئێرلەندادا. هەربۆیە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، حکومەتی لەندەن، ناچاری دانان بوو، بەحکومەتی سەربەخۆی کۆماریی ئێرلەندادا، لەبەشە باشووریەکە، بەپێی ڕێکەوتننامەی ئەنگلۆ-ئایریشی ساڵی ١٩٢١.

لەم سەروبەندەدا، حکومەتی بریتانیا، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک، بۆ ئەو قەیرانانە، (چوارەمین یاسای خۆبەڕێوەبردن)ی دەرکرد، بەناوی یاسای (حکومەت لە ئێرلەندا- یاسای ساڵی ١٩٢٠) بەپێی ئەم یاسایە، شەش ناوچەکەی ئەلستەر، کەزۆرایەتی کۆمەڵگای یونیەنیزمی پرۆتستانت مەزهەبی ئایریشی تێیدا نیشتەجێیە، بەناوی (باکوری ئێرلەندا)، پێویستە بکرێت بەهەرێمێکی ئۆتۆنۆمی سەر بەحکومەتی بریتانیا و (٢٦) ناوچەکانی دیکەی باشووری ئێرلەندا، وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنرێت و ببێتە خاوەن دەستوور و سەروەری خۆی . ئەم یاسایە بەتوندی لەلایەن بەرەی یونیەنیزمەوە بەسەرۆکایەتی (سێر ئیدوار کارسن)، کەئەوکاتە بەنوێنەرایەتی ناوچەکانی ئەلستەر لە پەڕلەمان و حکومەتی لەندەن بەشدار بوو، ڕەتکرایەوە، هەروەکو چۆن لەلایەن بەرەی نەشنەلیزم و کۆماریخوازەکانیش ڕەتکرایەوە، چونکە ئەوان بانگەوازی کۆمارێکی ئایریشی سەربەخۆیان دەکرد لەتەواوی ئێرلەندادا. بەڵام حکومەتی بریتانیای گوێی بەنیگەرانییەکانی بەرەی یونیەنیزم و کارسن و کۆماریخوازەکانی بەرەی نەشنەڵیزمیش نەدا.

هەڵبژاردن بۆ دامودەزگا ئۆتۆنۆمەکانی ئیرلەندای باکور، لە مانگی (مەی) ساڵی ١٩٢١ بەچاودێری ڕاستەوخۆی بریتانیا دەستی پێکرد، ئەم پەڕلەمانەش یەکەمین دانیشتنی خۆی لە ٧ی جونی هەمان ساڵدا ئەنجامدا، ئەندامانی ئەو پەڕلەمانە پەڕلەمانەکەیان وەکو درێژکراوەی پەڕلەمانەکەی شین فێین ( Dáil ) ناساند و وەکو خولی دووەمی ( Dáil )یش دەسبەکار بوون و بڕیاری بایکۆتکردنی دامودەزگاکانی ئەو حکومەتە ئۆتۆنۆمییەیاندا، کەلەلایەن بریتانیاوە بۆ بەڕێوەبردنی ئێرلەندای باکور، بەپێی چوارەمین یاسای ئۆتۆنۆمی دامەزرابوون.

حکومەتی بریتانیا و IRA لە ١١ی (جولای) ١٩٢١کەوتنە دانوستان، سەبارەت بەبەشە باشوورەکەی ئێرلەندا و سەرەنجامیش ئەم دانوستانەی کەبەدانوستان و





ڕێکەوتنی ئەنگلۆ- ئایریشی ناوی دەرکردوو، لەدێسەمبەری هەمان ساڵدا سەری گرت. بەڵام شەڕ و جەنگان لەبەشە باکوریەکە کۆتایی پێ نەهات. چونکە ئەو ڕێکەوتنامەیە، خودی ( شین فێین) و IRA کردبوو بەدووبەشەوە و نوێنەرایەتی باکوری ئێرلەندای ئەم دوو ڕێکخراوە، نەچوونە ژێر باری ڕێکەوتنامەکەوە و بەتوندی هەرجۆرە دابەشکردنێکی ئێرلەندایان ڕەتکردەوە.

بەپێی ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ — ئایریشی، لەدێسەمبەری ساڵی ١٩٢١ ئێرلەندای باشوور، بووە خاوەنی سەربەخۆیی تەواو. بوو بەدەوڵەتێک، کەخاوەنی سوپا و ئابووری نیشتیمانی سەربەخۆی خۆی بوو، خاوەنی ئاڵاو دەستوور و پۆلیس و سنور و شکۆمەندی و سەروەری دانپێدانراوی بریتانی و نێودەوڵەتی بوو.

بریتانیاش وەکو وڵاتێکی سەربەخۆی ئەندامی (کۆمۆنوێڵس)، لەچەشنی (ئوستڕالیا و کەنەدا)، دانی بە شەرعیبوونیدا نا و بەیەکجاری هێزەکانی خۆی لێکێشایەوە.

بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیەی نێوان ئێرلەندای باشوور و حکومەتی بریتانیا، ئێرلەندای باکور لەدەرەوەی ئەم ڕێکەوتنامەیە بوو و وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ و بەشێک لەبریتانیای مەزن مایەوە. لەڕاستیدا ئەم دابەشکردنەی ئێرلەندا بۆ دووبەشی باکور و باشوور، مایەی نیگەرانی و پەژارەیەکی نیشتیمانی قوڵی زۆرایەتی ئایریشەکان بوو، بەتایبەت لای بەرەی نەشنەلیزم و سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا، کەئەمەیان پێ هەزم نەدەکرا و چوونە ژێرباری ڕێکەوتنێکی لەوجۆرەیان، وەکو خیانەتێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی، لە نەتەوە و نیشتیمانی ئایریشی ئەژمار دەکرد.

لەوسەروبەندانەدا، کێشەی سوێندخواردن بۆ سیاسییە ئایریشیەکان لە ئێرلەندای باکور هاتە گۆڕێ. چونکە نەیاندەتوانی بڕیاری سوێند خواردنی یەمینی و دەستووری و لۆیاڵێتی بۆ سیستمی پادشایەتی بریتانی یان بۆ سیستمی پادشایەتی ئێرلەندی بخۆن. ئەم کێشەیە بۆ زۆربەی کۆماریخوازەکان وەکو خیانەتکردن وابوو. هێندەی نەبرد لەپاڵ ئەو کێشەیەشدا، کێشەی دیاریکردنی سنور و دووبارە دیاریکردنەوەی سنوری نێوان هەردوو بەشە ئێرلەندیەکەش هاتە گۆڕێ.

لەڕاستیدا، ترسی زۆری سیاسییەکانی کۆماری ئێرلەندای باشوور، لەوەوە دەهات کەترسیان لەوەبوو، بۆ هەرگیز نەتوانن بەشە باکوریەکە بخەنەوە سەر کۆمارە

ئایریشییەکەی باشووریان، بەتایبەت کەدەیانزانی ئیرلەندای باکوور خاوەنی سامانی نیشتیمانی دەوڵەمەندە و بەئاسانی دەتوانێت وەکو هەرێمێکی زەنگینی سەربەخۆ ئیدارەی خۆی بکات و ئەگەر رۆژێک دەرفەتی سەربەخۆیشی بۆ بڕەخسێت، لەوانەیە بتوانێت وەکو دەوڵەتێکی خاوەن ئابووری بەهێزی نیشتیمانی بژی و مەیلی گەڕاندنەوە و تێکەڵبوونەوەی لەگەڵ بەشە باشووریەکەی نەبێت. ئەم هەستەی سیاسییەکانی، کۆمارەکەی باشوور گەیشت بەوەی، کەسوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا (IRA) بەسەرۆکایەتی (مایکڵ کۆڵینس ) جەنگێکی نهێنی دژی دەسەڵاتدارانی بەشە باکوریەکە، ، لەساڵی ١٩٢٢بەرپا بکات.

دووەمین پەڕلەمان ئایریشی، کەلە ئابی ساڵی ١٩٢١ بەپێی رێکەوتننامەی ئەنگلۆ ئایریشی دامەزرابوو، یەکەمین کارەکانی خۆی بەدەنگدان بۆ ئەو رێکەوتننامەیە دەستپێکرد. ئەوەبوو، ئەو پەڕلەمانە لە (٧) ی جەنیوەری ساڵی ١٩٢٢ لەیەکەمین دانیشتنی خۆیدا دەنگی لەسەر ئەو ڕێکەوتنەدا. لەهەڵبژاردنی گشتیشدا کەلە (جون)ی هەمان ساڵ بەڕێوەچوو، دیسان دەنگدەران دەنگیان بۆ ئەو رێکەوتننامەیەدا. سیاسییە نەیارەکانی رێکەوتننامەکە، لەنێویاندا (سەرۆکی ( Dáil )پەڕلەمانی ئایریشی (ئیمۆن دی ڤالێرا) و دوو وەزیر (کاسڵ برۆها) و (ئاوستین ستاک)، رایانگەیاند کە دەنگدەران لەژێر هەڕەشەی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕدا و لەترسی هەڵنەگیرساندنەوەی شەڕی ئینگلیزەکان لەدژیان، دەنگیان بەو ڕێکەوتننامەیە داوە.



**فۆر کۆرتس**

(Four Courts)





بۆ نزیکردنەوەی بۆچوونەکانی بەرەی دڵخوازی رێکەوتننامەکە و بەرەی نەیارانی، مایکڵ کۆڵینس هەوڵیدا بکەوێتە نێوانەوە و هەوڵی ناوبژیوانی و دانوستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیدا. بەتایبەت هەوڵدان بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو مەسەلەیە بەگوێرەی دەستوور، بەڵام بریتانییەکان دەرفەتیان نەداو سووربوون لەسەر ئەوەی کەدەبێت هەموولایەک پابەند بێت پێوەی و ڕایانگەیاند دەبێت ئەو ڕێکەوتننامەیە بەخێرایی و وەکو خۆی بخرێتە بواری پراکتیزەکردنەوە. لەبەرامبەر ئەوەدا، نەیارانی رێکەوتننامەکە لە (IRA )، پەلاماری چەند یەکەیەکی ئیداری و حکومیان دا و لەشاری (دبلن) دەستیان گرت بەسەر باڵەخانەی سەرەکی فۆر کۆرتس (Four Courts) دادگای باڵای دبلن. ئەم ڕووداوانە بریتانیایان بەتەواوەتی سەخڵەت کرد و مایکڵ کۆڵینسیان ناچار کرد، ڕووبەڕووی یاخیبوانی (IRA ) ببێتەوە، کەئەمەش سەرەنجام شەڕی نێو خۆی ئێرلەندای لەنێوان وڵاتی سەربەخۆی ئایریش و (IRA ) و هەزاران نەیاری دیکەی رێکەوتننامەکە لێکەوتەوە.

لەم جەنگەدا، هەزاران کەس بوونە قوربانی، لەنێویشیاندا، سەرکردەی ناسراوی ئایریشی و (IRA ) (مایکڵ کۆڵینس ) هەبوو. هەروەکو چۆن ئەو شەڕە ناوخۆییە ئابووری ئێرلەندای داوەشاند و شارەکانیشی کردە وێرانە و کۆمەڵگای ئایریشیشی زیاتر دابەشکرد. هەتا ئەوکاتەی لەبەهاری ساڵی ١٩٢٣ کۆتایی هات و هێزە چەکدارە نەیارەکانی رێکەوتننامەکە، لەمانگی (ئایار)دا چەکەکانیان دانا.

لەم جەنگەدا ئەوەی دەستەبەر کرا، وەستاندنی کاتی هەڕەشەکانی سەر ئێرلەندای باکور بوو، کەئەمەش لەهەردوو رووی مرۆیی و ئابوورییەوە، بەگران لەسەر هەردوولا کەوت.

## وڵاتی سەربەخۆ

دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی و کۆتاییهاتنی جەنگی ئەهلی، دەوڵەتی سەربەخۆی ئێرلەندا، لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، سیاسەتێکی کۆنسێرڤەرتیڤانەی پەیڕەو کردو لەبەرامبەر بزووتنەوەی کۆماریخوازەکانیش سیاسەتێکیتوندی گرتەبەر.

شەڕی ئەهلی، بزووتنەوەی نەتەوەیی ئایریشی دابەشکرد و ئەمەش کارێکی وای کرد، سیاسیەکانیشی بەسەر دوو بیرکردنەوەی جیاوازدا دابەشکرد. چونکە دواتر هەندێکیان بەتوندی پشتیوانییان لەسیاسەتی جیابوونەوەی رادیکاڵانە دەکرد و هەندێکیشیان باوەڕیان بەخەباتی سیاسی و دەستووری و پەڕلەمانی هەبوو. دوو پارتی سەرەکی پشتیوانییان لەسیاسەتی دەستووری دەکرد، کە ئەوانیش ( **Cumann na nGaedhael** ) کۆمەڵگای، گالیس کەدواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (Fine Gael) و پارتی کۆماریخواز (**Fianna Fáil** )، کەئێستاش گەورەترین پارتی کۆماری ئێرلەندایە و سەرۆکایەتی حکومەت دەکات. بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی سەوز و پارتی پێشکەوتنی دیموکراتی. بەڵام پارتی (Sinn Féin ) کەدواتر دامەزرابوو لەمارچی ١٩٢٦ بڕیاریدا بەردەوام بێت لە بەشدارینەکردن لەدامودەزگا ئیداریەکانی وڵاتی سەربەخۆی ئایرپیشی.

وەکو کاردانەوەیەکیش لەدژی ئەو سیاسەتەی پارتەکەی گرتییە بەر، (ئیمۆن دی ڤالێرا) بڕیاریدا واز لەسەرۆکایەتیکردنی پارتەکەی بهێنێت و پارتێکی دیکەی نیمچە دەستووری کۆماریخوازی دامەزراند و رایگەیاند کەبەشداری ژیانی پەڕلەمانی و دەستووری وڵاتی سەربەخۆی ئێرلەندا دەکات.

ئەگەرچی لەو ماوانەدا، وڵاتی سەربەخۆی ئێرلەندا، گەشەی کرد و بایەخدان بە کەڵچەری نەتەوایەتی پەرەی سەند و سیستمی خوێندنی ئیلزامی ڕاگەیندرا، بەڵام نەتوانرا ڕەوشتە باوەکانی کاسۆلیکییەت سەبارەت بەتەڵاقدان و رێگری لەخستنەوەی منداڵ ڕیفۆرمی تێدا بکرێت و زمانی ئایریشی لەبری زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانی رۆژانەی خەڵک . هەروەکو چۆن ئارامیش بەشێوەیەکی بەردەوام نەهاتەدی و شەڕی نێوان لایەنگرانی وڵاتی سەربەخۆی ئایرش و نەیارانی، بەتایبەت لەنیوان (IRA ) و (بلوشێرتس)ەکان لەسەر جادە و شارەکان هەتا کۆتاییەکانی ١٩٣٠ هەربەردەوام بوو.





## ئێرلەندا و کۆماری ئێرلەندا

لەساڵی ١٩٣٧ حکومەتی (Fianna Fáil ) گۆڕانکارییەکی (تەشریعی) بەئاکام راگەیاند، کەئەویش بریتی بوو لە نوسینی (دەستوورێکی نوێ) . لەڕاستیدا ڕەشنوسی ئەم دەستووره نوێیە، لەلایەن سەرکردەی ناسراوی ئایریشی، (ئیمۆن دی ڤالێرا)وە بەشێوەیەکی سەرەکی نوسرا. بەپێی ئەو دەستوورە تازەیە، تایتڵی سەرەکی (وڵاتی سەربەخۆی ئایریش ) کرا بە (ئێرلەندا). لەدوا بڕگەشیدا، بانگەوازی تایبەتمەندێتی ئەو دەستوورەی بۆ هەموو دورگەی ئایسلاند کردبوو، کەئەمەش مایەی توڕەبوونی کۆمەڵگای یونیەنیزمی ئێرلەندای باکور بوو، چونکە وەکوو دەستێوەردانێکی دەرەکی بۆ هەرێمەکەیان ئەژماریان دەکرد و ئەمەش وەکو کێشەی میراتێکی مەدەنی و دەستوور باشووری درێژەی کێشا، هەتا لەڕێکەوتنی مێژوویی بێڵفاست (گود فرایدەی)ساڵی ١٩٩٨ یەکلایی کرایەوە.

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، حکومەتی ئێرلەندا توانی مافی خاوەندارێتی بەندەرە ئاوییەکانی ("Treaty Ports" ) لەحکومەتی لەندەن وەربگرێتەوە، ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو بۆ ئێرلەندا، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان، گرنگییەکەی لەوەدابوو کەسەروەری نیشتیمانی زیاتری بۆ ئێرلەندا گەڕاندەوە. دووەمیشیان گرنگییەکەی لەوەدابوو کە حکومەتی ئێرلەندا، توانی خۆی بێلایەن بکات لەجەنگی جیهانی دووەمدا. لەهەمانکاتیشدا بۆ بەدوورگرتنی وڵاتەکەی لەهەڕەشە و بیانوەکانی بریتانیا، سەرۆک (ئیمۆن دی ڤالێرا) هەڵمەتی دەسگیرکردن و راوەدوونانی گەڕیلاکانی (IRA)، ئەوانەی هێرشی چەکدارییان لەناو بەشە باشووریەکەی ئێرلەنداوە دەکردە سەر بەشە باکوریەکەی، دەستپێکرد.



## نێڤڵ چامبەرلاین

لەساڵی ١٩٤٠ (نێڤڵ چامبەرلاین ١٨٦٩/٣/١٨- ١٩٤٠/١١/٩) سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧- ١٩٤٠ و سەرکردەی پارتی کۆنسێرڤەتیڤ بەڵێنیدا کاربکات بۆ یەکخستنەوەی ئێرلەندا بەمەرجێک حکومەتی ئێرلەندا، بێتە پاڵ بریتانیا لەجەنگی جیهانی دووەمدا، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن (ئیمۆن دی ڤالێرا)ی سەرۆکی ئێرلەنداوە رەتکرایەوە.

لەساڵی ١٩٤٨ سێزدەهەمین حکومەتی (Dáil )، ئێرلەندای لەئەندامێتی (کۆمۆنوێڵس) دەرهێنا و بەشێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاند، کە وڵاتی ئێرلەندا (کۆمارییە). لەبەرامبەر ئەو لێدوانەشدا، حکومەتی بریتانیا بۆ دڵنیاکردنەوەی ئێرلەندای باکور، ڕایگەیاند، کە گرنتی سیاسی دەدات بەئێرلەندای باکور، کەهەرگیز بەبێ ڕەزامەندی ئەوان، ئەو بەشەی ئێرلەندا، نادادتەوە بە کۆماری ئێرلەندا.

### کۆماری ئێرلەندا

لەوەتەی دەوڵەتی سەربەخۆی ئایریشی دروست بووە، بەتایبەت لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئایریشی گۆڕانێکی دراماتیکی بەخۆیەوە بینیوە. بوژانەوە و گەشەکردن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دەرکەوتووە. کەرتی کشتوکاڵی گەشەی کرد و باری ئابووری نوێ هاتە ئاراوە و مافەکانی هاووڵاتیان





پەرەیان سەند. بێگومان شانبەشانی کۆماری ئێرلەندا، هەمان گۆڕان و پێشکەوتن و بوژانەوە ئێرلەندای باکوریشی گرتەوە.

سەبارەت بە پارتی شین فێین و هەڵوێستی ئەو پارتە سەبارەت بەکۆماری ئێرلەندا هەتا سالی ١٩٨٦ هەڵوێستی بەشداری نەکردن و دانەنیشتنی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی ئەو پارتە بوو، لەدەزگای یاسادانانی کۆمارەکەیان. ئەگەرچی لەدوای ئەو مێژووەوە ئەوانیش دەسبەرداری سیاسەتی دوورەپەرێزی خۆیان بوون.

سەبارەت بەچوونە ناو (یەکێتی ئەورووپا)شەوە، هەڵوێستی سیاسییەکانی ئایریشی ئەرێنی نەبوو، بەڵکوو پێیان وابوو کە چوونە ناو ئەو یەکێتییە، سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئێرلەندیەکان نییە، بەڵکو ئەوان چوونە ناو ئەو یەکێتیەیان وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەروەری و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان لێکدەدایەوە. بیگومان ئەم ترسەش سەرچاوەکەی لەدوو هۆکارەوە هاتبوو: هۆکاری یەکەم ئەوان لەو باوەڕەدا بوون لەچوونە ناو یەکێتی ئەورووپا، ئێرلەندا بەهیچ شێوەیەک سوودمەند نابێت. هۆکاری دووەمیش بریتی بوو لەوەی، کەچوونە ناو ئەو یەکێتیەوە، مانای ئەوەیە کە ئێرلەندا لەرووی سیاسی و ئابووریەوە کەمتر پشت بەبریتانیا دەبەستێت.

دەربارەی کۆچبەران و ئەو پەنابەرانەی رووی تێدەکەن، پارتە نەتەوەییەکانی ئێرلەندا لەزۆربەی پارتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئەورووپا زیاتر سیاسەتی کراوەو میانڕەوانە و مرۆییانەیان لە ولاتەکەیاندا پەیڕەو کردووە، ئەمە لەحالەتێکدا پارتە نەتەوەییەکانی وڵاتە ئەورووپاییەکان بەگشتی، دژی هاتنی پەنابەران و پیدانی ڕەگەزنامە بەبیانییەکان بوون بۆنموونە، پارتی نەتەوەیی فەڕەنسا بەسەرۆکایەتی (Jean Marie Le Pen ).

لەساڵی ١٩٩٨ وە بەپێی دەستوور، هەرمنداڵێک لە ئێرلەندا لەدایک ببوایە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مافی وەرگرتنی رەگەزنامەی ئیرلەندایی وەردەگرت، هەرچەندە ئەم برگە دەستووریە دواتر لەساڵی ٢٠٠٤ دا بەهۆی لێشاوی پەنابەران بۆ ئەو وڵاتە، لەڕیفراندۆمیکدا، ئەم برگە دەستوورییە هەڵوەشێندرایەوە. کەئەمەش ئێرلەندای رووبەڕووی رەخنەی توندی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە بەرگریکارەکان لەمافەکانی مرۆڤ کردەوە، لەوانەش (رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی).

## نەشنەڵستەکان لە ئێرلەندای باکوور

ئەگەرچی هەتا رۆژگاری ئەمڕۆ ئێرلەندای باکور هەرێمیکە لەو چوار هەرێمانەی (شانشینی یەکگرتووی بریتانیا)یان پیکهێناوە، بەڵام لەنێو ئەو هەرێمەدا کەمایەتییەکی چالاک هەیە، کەخەون بەوەوە دەبینێت، رۆژێک لەڕۆژان ئێرلەندای باکوور بەشێک بێت لەئێرلەندایەکی یەکگرتوو.

لەئێستادا زاراوەی نەشنەڵیستەکان، لە ئێرلەندای باکور، بۆ کاسۆلیک مەزهەبەکانی ئەو هەرێمە بەشێوەیەکی سەرەکی بەکاردێت، یان بۆ ئەندامان و هەواداران و هاریکارانی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران بەسەرۆکایەتی (جۆن هیوم) وەرگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و پارتی شین فێین بەسەرکردایەتی سەرکردەی ناسراو (جێری ئادەمس).



**جێری ئادەمس**



**جۆن هیوم**

بیری ناشناڵیزم لای ئەوانە وەکو سیاسەتێکی نەریتی، کە ئامانجی سەربەخۆیی یەکێتیی ئیرلەندایە بەشێوە ئاشتیخوازانەکەی، پێناسە دەکرێت. جونکە ئەوانە پێیان وایە ئەوە رێکخراوی شین فێین بوو بەناوی بانگەشەی کۆماریخوازیەوە، پەنای بۆ توندوتیژی و هێز برد، نەک خودی بزووتنەوەی نەشنەلیزم.

لەقوڵایی مێژووییەوە نەشنەڵیزم لە ئێرلەندای باکور ناسنامەیەکی کاسۆلیکی هەیە، لەراستیدا پڕانی کاسۆلیکەکانی ئیرلەندای باکور، خاوەنی هەستی نەتەوایەتی و ئایریشین. ئەگەرچی نەشنەڵستەکانی ئێرلەندای باکور لەو هەرێمەدا کەمایەتین و





زۆرایەتی لەو هەرێمەدا سەربەکۆمەڵگای یونیەنیزمن و پڕۆتستانت مەزهەبن. هەرچی پڕۆتستانتە یونیەنیستەکانن، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کەهەریمەکەیان ناسنامەیەکی پڕۆتستانی هەیە و کاسۆلیکە نەتەوەخوازەکانی ئەو هەرێمەش هەبوونیان سروشتی نییە، لەبەرامبەریشدا کاسۆلیک مەزهەبەکان دەڵێن، لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٨ دەرکەوت کە زۆرایەتی خەڵکی هەرێمەکە لایەنگری بزووتنەوەی نەشنەلیزمن، کاتێک زۆرایەتی دەنگدەرانی ئێرلەندای باکور دەنگیان دا بەشین فێین.

شین فێین، هەتا ساڵانی شەشتەکانی سەدەی رابردوو، تاکە پارتی زلهێز بوو، کە دەیتوانی زۆرایەتی دەنگی دەنگدەرانی بەرەی ناشنەڵستەکانی ئێرلەندای باکوور بەدەست بهینێت. ئەگەرچی لەدوای ئەو میژووەوە و هەتا ٢٠٠١، جەماوەری دەنگدەرانی ئەو پارتە، بەهۆی تۆمەتبارکردنیان بەتێوەگلانیان لەکاری توندوتیژی و هەماهەنگی و هەبوونی لینکی رادیکالیان لەگەڵ (IRA )، رووی لەکزی کرد، بەتایبەت دوای دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران (SDLP ) لەلایەن سەرکردەی ناسراوی نەشنەڵیستەکان (جۆن هیوم) لەساڵی ١٩٧٠.

لەساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، دیوی سەربازی نەشنەڵیستەکان واتە سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا، بەهۆی تێڕوانینی جیاوازیان بۆ فەلسەفەی مارکسیزم، توشی دوولەتبوون (ئینشیقاق) هاتن و بەسەر باڵی چەپ (Official IRA) و باڵی راست (Provisional IRA )دا دابەش بوو . لەو ماوانەدا باڵی چەپ لەنێو خوێندکارە رادیکاڵەکاندا، بەشێوەیەکی ئەکتیڤ بڵاوبوەوە و باڵی نەریتیش کەوتنە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان، کەلەئەمریکا سەری هەڵدابوو،هەر لەژێر ئەوکاریگەریشدابوو کەچالاکەکانی باڵی نەریتی کەمپەینێکیان لەپێناوی ناساندن و بەدیهێنانی مافە مەدەنییەکانی کاسۆلیکەکانی هەریمەکە دەست پێکرد لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨ وە. هەرچەندە دواتر ئەم کەمپەینە لەلایەن IRA خراپ مامەلەی لەگەڵدا کراو بۆکاری توندرەوانە و هێرش لەدژی یونیەنیستەکان وەرسوڕا، کەهەتا سالانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بەشێوەیەکی دژوار بەردەوام وەکو مۆتەکەی سەرسنگی ئاشتی و سەقامگیری هەرێمەکە وابوو.

لێرەدا ئەوەی کەپێویستە ئاماژەی پی بدرێت، ئەو گۆرانە ریشەییە قوڵەبوو، کە بەسەر بزووتنەوەی نەشنەلیزمی ئیرلەندای باکوردا هات بەهۆی لەدایکبوونی پارتی سۆسیال دیموکرات و کریکارانەوە، کەئەویش بریتی بوو لەشکاندنی تەلیسمی ئەو بایکۆتکردنەی کە نەشنەڵیستەکان، بەڕێبەرایەتی شین فێین لەدژی دەسەڵاتداریێتی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکە و دامەزراوەکانی باویان کردبوو، باوکردنێک کەلەچەشنی کەڵچەرێکی پیرۆزکراو، بەشداریکردنی نەشنەڵیستەکانی لەئیدارەکردنی هەرێمەکەدا حەرام کردبوو. بەڵام ئەوان لۆژیکانە ماناکانی ئەو حەرامکردنەیان لەپەیرەوکردنی سیاسەتێکی واقیعیانەدا پوچەڵ کردەوە.

لەدوای ڕێکەوتنامەی هەیینی مەزن (گود فرایدەی) هەردوولا گەیشتنە سەر ئەو بروایەی، کە پێویستە کێشەکانیان لەسەر بنەماکانی سەرەتاکانی سازان (تەوافق) چارەسەر بکەن ،هەربۆیە هەردوولا ڕێکەوتنیان لەسەر بەهاوبەشی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە کردو هەرچی پڕۆتستانتە یونیەنیستەکان بوون، وازیان لەبیرۆکەی بەلاوەنان و پەڕاویزکردنی نەشنەڵیستەکان هێناو دوای میژوویەکی دوورودرێژ لەچەوساندنەوەی تائیفی، وازیان لەبەشێکی دەسەڵاتی هەرێمەکە هێنا بۆ کاسۆلیکە نەشنەڵیستەکان و لەبەرامبەریشدا نەشنەڵیستەکان، بەڕێبەرایەتی ڕێکخراوی شین فێین و پارتی سۆسیال دیموکرات و کریکاران بیرۆکەی یەکگرتنەوەی وڵاتی ئایریشیان بۆ ئایندەیەکی لەبار دواخست و لەگەڵ پڕۆتستانتە یونیەنیستەکان هاتنە ژێر چەتری دەسەڵاتێکی نیشتیمانیی هاوبەشەوە.

ئێستا لەنێو بریتانیادا بۆچوونێک هەیە، کەپێی وایە لەئایندەدا، دواجار ڕای گشتی کۆمەڵگای ئێرلەندای باکوور، بەقازانجی کاسۆلیکە نەشنەڵیستەکان دەشکێتەوە. چونکە هەتاکوو دێت، مەیلی یەکگرتنەوەی وڵاتی دووکەرتبووی ئایریشی، لای کۆمەڵگای یونیەنیزمی پڕۆتستانت مەزهەب، لەئێرلەندای باکوور پیهەڵا دەچێت و هەرچی نەشنەڵستەکانی هەردوو بەشەکەشە، بەشێوەیەکی ژیرانە و هێواش کار بۆ سەرخستنی ئەو ستراتیژە نەتەوەییەیان دەکەن.





## ئەو گرفت و ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی نەشنەڵیزمی ئایریشی بوونەتەوە

یەکێک لەو ڕەخنانەی کەرووبەڕووی نەشنەڵیزمی ئایریشی کرایەوە، بریتی بوو لەوەی کەئەو بزووتنەوەیە، نەیتوانی لەهەمەچەشنکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی کەڵچەرو ئاییندا، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەتایبەت لە ئیرلەندای باکوردا.

گەورەترین رووبەرووبونەوە کەچەمکی نەشنەڵیزم رووبەڕووی هات، لەئێرلەندای باکور بوو، لەسەر دەستی پرۆتستانتەکان ،چونکە هەرچەندە نەشنەڵستەکان هەستێکی برایانەیان هەبوو بەرامبەر بەئەوان، وەکو ئایریشی، بەڵام ئەو هەستە لای پڕۆتستانتەکان زۆر کز بوو. چونکە هەرچی ئەوان بوون، زیاتر شانازییان بە (بریتانی بوون) یان (ئەڵستەری بوون)ی خۆیانەوە دەکرد. لەم بارەیەوە توێژینەوەیەکی ساڵی ١٩٧١ دەریخستووە کە تەنها لەسەدا بیستی (٢٠٪) پرۆتستانت مەزهەبەکانی ئێرلەندای باکور خۆیان وەکو (ئایریشی) ناساندووە. هەرلەمبارەیەوە راپۆرتێکی (مونتەدای ئیرلەندای نوێ) کەیانەیەکی نەشنەڵستەکانە، لەساڵی ١٩٨٤ ئەوەی خستۆتەڕوو کەزۆرایەتی یونیەنیستە پڕۆتستانتەکانی ئێرلەندای باکور، حەزدەکەن بریتانی بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەرووی نەتەوەییەوە خۆیان بەئایریشی دەزانن.

لەچوار پڕۆسەی ناونووسیندا کەلە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٤ لەئێرلەندای باکور ئەنجامدراون و تیایاندا داوا کراوە کە ناسنامەی (ئایدێنتیتی) خۆیان بنوسن، زیاتر لە (٧٩٪) یونیەنیستە پڕۆتستانت مەزهەبەکانی ئێرلەندای باکور، خۆیان وەکو (بریتانی) یان (ئەڵستەری) تۆمارکردووەو کەمتر لە (٣٪) ناوی خۆیان بە ئایرشی تۆمار کردووە. لەڕاپرسییەکیشدا کەلەساڵی ١٩٩٩ ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کەلە (٧٨٪) پڕۆتستانتەکان بەشێوەیەکی بەهێز خۆیان بە بریتانی دەزانن و لە (٥١٪) بەهیچ شێوەیەک خۆیان بە (ئایریش) نازانن لەبەرامبەریشدا تەنها لە (٤١٪) بەشێوەیەکی لاواز خۆیان بە ئایریشی دەزانن. لە داتایەکیشدا ( data) کەپشتی بەچەند راپرسییەک بەستووە، کەهەتا ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجامدراون، دیسان دەرکەوتووە کەهێشتا زۆرایەتی پڕۆتستانتەکانی ئیرلەندای باکور هەستی بریتانی بوون بەسەریاندا زاڵە، نەک هەستی ئایریش بوون . ئەمە وێڕای ئەوەی، کەهەموو کاسۆلیک مەزهەبەکانی

ئیرلەندا خۆیان بەئایریش لەقەڵەم نەداوە، چونکە ئێستا لەنێو کاسۆلیکەکانیشدا هەیە خۆی بەبریتانی دەزانێت، نەک بەئایریشی.

لەڕێکەوتننامەی بێڵفاستی ساڵی ١٩٩٨، کەلەلایەن هەردوو پارتە سەرەکییە نەشنەڵستەکەی ئێرلەندای باکورەوە ( سۆسیالدیموکرات و کریکاران) و (شین فێین)و پارتە سەرەکییەکانی (کۆماری ئێرلەندا) پشتیوانی لێکرا، ڕەوایەتی بەلۆیاڵێتی بۆ ئەڵتەرناتیڤی دیکە درا، کەتیایدا هاتووە ((بەفەرمی ناسینی مافی لەدایکبوون بۆ هەموو دانیشتوانی ئێرلەندای باکور، وەک ئەوەی کەخۆیان دەیخوازن، دەستەبەر دەکرێت، جا ئەو خواستنە بریتانی بێت یان ئایریشی، هەروەکو چۆن مافیشیان هەیە خاوەنی رەگەزنامەی بریتانی یان ئایریشی یان هەردووکیان بن بەیەکەوە)). ئەم مافانەش لەلایەن هەردوو حکومەتەوە، بەشێوەیەکی یاسایی دانیانیان پێدانراوە. هەروەکو چۆن هەردوو حکومەت بەڵێنیان داوە، کەئەم مافانە وەکو خۆیان بپاریزرێن، ئەگەر لەئایندەشدا هەر جۆرە گۆڕانێک بەسەر شێوە ژیانی سیاسی و ئیداری ئەو هەرێمەدا هات.

لەڕاستیدا کێشەی ناسنامە (ئایدێنتیتی) هەتا ئێستاش گەورەترین کیشە و خاڵی جێگەی ناکۆکی و مشتومری بەردەوامی نێوان هەردوو کۆمەڵگەی یونیەنیست و نەشنەلیستی ئایریشییە. کێشەیەکە، کەپرسی لایەنگیری و لۆیاڵیتی لای تاکی ئایریشی بەدواادادێت. لەم پیناوەشدا، پارتە سیاسییەکانی هەردوو کۆمەڵگاکە، لەساڵی ١٩٩٧ کەوتوونەتە دایەلۆگێکی دیموکراتیانەوە، کەبەدوای خۆیدا چەندین دیکۆمێنت و راگەیەنراوی فەرمی لێکەوتۆتەوە، کەهانی گیانی لێبووردەیی و یەکترقبوڵکردنی نێوان هەردوو کۆمەلگاکە دەدات و هەوڵدەدات، مۆدێرنیزەی چەمک و مانا و تێگەیشتنەکانی ئایریشایەتی بکات و لەنەژادپەرستی جیابکاتەوە، بەتایبەت کەلەئیستادا، لای هەندێک لەتوندڕەوەکانی بیری ئایریشی هەستی پێدەکرێت، ئەو توندڕەوانەی، کەبەهیچ شێوەیەک ناخوازن، یەکێتیخوازەکان یان بریتانییەکان لەئێرلەندادا، وەکو خەڵکی ئەو وڵاتە قبوڵ بکەن.





## ڕێکخراوە نەشنەڵیستەکانی ئێرلەندا لەسەدەی نۆزدەیەمدا

- کۆمەڵەی یەکیەتی پیاوانی ئایریشی (Society of the United Irishmen)
- کۆمەڵگای قارەمانان (Repeal Association)
- کۆمەڵگای کاسۆلیکی (Catholic Association)
- لاوانی ئێرلەندا (Young Ireland)
- کۆنفیدراڵێتی ئێرلەندی (The Irish Confederation)
- برایەتی ئایریشی کۆماریخواز (فێنیەن (Irish Republica Brotherhood-Fenian Brotherhood)
- کلان نا گێیڵ (Clan na Gael)
- پارتی سەربەخۆی ئێرلەندا (Irish Independence Party)
- کۆڵنەدەرانی نەتەوەیی ئایریش (Irish National Invincibles)
- پارتی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن (Home Rule Party)
- ڕابیتەی نیشتیمانی ئێرلەندی ((Irish National League (INL))
- پارتی پەڕلەمانتاری ئایرش (Irish Parliamentary Party)
- رابیتەی خاکی ئێرلەندی (Irish Land League)

## ڕێکخراوە نەشنەڵیستەکانی ئێرلەندا لەسەدەی بیست و یەکدا

- ڕێکخراوی شین فێین (Sinn Féin)
- ڕێکخراوی خۆبەخشانی ئایریش (Irish Volunteers)
- سوپای هاووڵاتیانی ئێرلەندی (Irish Citizen Army)
- ڕێکخراوی خۆبەخشانی نیشتیمان (National Volunteers)
- پارتی سۆسیالیستی کۆماریخوازی ئایریشی (Irish Socialist Republican Party)
- سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا ((Irish Republican Army (IRA))

- کۆمـەڵگای گێیلـز ( "Society of the mann na nGaedhael ( Gaels"),
- پارتی نیشتیمانی ( ئێرلەندا) (Nationalist Party (Ireland) )
- ڕێکخـراوی خانـەوادەکانی کۆمـار ( Clann na Poblachta = : Family of the Republic )
- پارتی ئێرلەندای ئازاد (Saor Éire )
- پارتی ئازادی ئەڵستەر (Saor Uladh )
- کۆنگرێسی کۆماریخوازان (Republican Congress )
- پارتی شین فێینی کۆماریخوازان (Republican Sinn Féin )
- پارتی دیموکراسی گەل (People's Democracy )
- سـوپای کـاتی کۆمـاریخوازی ئێرلەنـدا ( Provisional Irish Republican Army )
- سـوپای فـەرمی کـاتی کۆمـاریخوازی ئێرلەنـدا ( Official Irish Republican Army or Official IRA )
- پارتی سۆسـیال دیمـوکرات و کرێکـاران ( Social Democratic and Labour Party (SDLP)
- پارتی کریکاران لە ئێرلەندا (Workers Party of Ireland )
- پـارتی سۆسیالیسـتی کۆمـاریخوازی ئێرلەنـدا ( Irish Republican Socialist Party (IRSP)
- سوپای رزگاری نیشتیمانیی ئایریش ( Irish National Liberation Army )
- ڕێکخراوی بەردەوامکردنی سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا ( Continuity Irish Republican Army)
- سـوپای راسـتەقینەی کۆمـاریخوازی ئێرلەنـدا ( Real Irish Republican Army )



نۆڤین

- بزووتنـەوەی شـکۆمەندی سـی و دوو ناوچـە ( ٣٢ County Sovereignty Movement )



**ئیمۆن دی ڤاڵێرا**

جـۆرج ئیمـۆن دیڤـاڵیرا یـەکێک لەفیگـەرە هـەرە کـارا و ناسـراوەکانی بزووتنـەوەی نەتەوایەتی ئایریشییە. سەرکردەیەکی سیمبوڵی و کەسایەتییەکی کاریزمایی نێو خـەباتی دژواری سـەدەی بیسـتەمی بزووتنـەوەی نیشـتیمانی و سـەربەخۆیی ئێرلەندایـە. ئـەو سـەرکردەیەی ڕێبـەرایتی شۆڕشـێکی نیشـتیمانی ئێرلەندییـەکان دەکـات و دواتـریش لەبەئاکامگەیانـدنی ئـەو شۆڕشـەدا وڵاتێکـی سـەربەخۆیی ئایریشـی لـەژێر سـەرۆکایەتی مێژووییانەی خۆیدا رادەگەیەنێت.

دی ڤاڵێرا لە ١٤ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٢ لەشاری نیـۆرک وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکێکی ئایریشـی (Catherine Coll de Valera Wheelwright ) کەبەنازناوی (کەیت) بانـگ کـراوە و بـاوکێکی شـێوەکاری (ئیسـپانی – کـوبی) (جـوان ڤیڤۆن دی ڤاڵێرا) لەدایک بووە. لەساڵی ١٨٨٥ باوکی دی ڤاڵیرا کۆچی دوایی دەکـات و دی ڤاڵێرا و دایکی لەهەلومەرجێکی زۆر دژواردا لـەرووی داراییـەوە بەجێـدەهێڵێت. دوای مردنی باوکی خاڵی دیڤـاڵێرا (نێـد) لەبـەر نـەداری، دی ڤـاڵیرا دەباتـەوە بـۆ ئیرلەنـدا و تەنانەت دوای ئەوەی کە دایکی شوو دەکاتەوە، دی ڤاڵێرا ناگەڕێنرێتەوە بـۆ لای دایکـی و لەلایەن (نەنک)یەوە (ئەلیزابێس کۆڵ) پەروەردە دەبێت لە ناوچەی (لیمێریک) .

لەتەمەنی شازدەساڵیدا دی ڤالێرا چووەتە کۆلیجی (بلاکرۆک)، هەرلەوێشدا بەشداری تیمی کۆلیجی کردووە بۆ یاریکردنی (رۆگبای)و دواتریش وەرزشوانێکی سەرکەوتووی لێ دەرچووەو لەبوارەدا سەرکەوتنی بەرچاوی بۆ ئەو تیمانە تۆمارکردووە، کەیاری بۆ کردوون. دی ڤالێرا زۆر خولیای ئەم یارییە بووەو هەتا دواساڵەکانی تەمەنیشی، کە نیمچە کوێر بووە، هەردەسبەرداری ئەو یارییە نەبووە.

لەخوێندنیشدا دی ڤالێرا خوێندکارێکی چاپوک و درەوشاوە بووە، تەنانەت لەیەکەمین ساڵی خوێندنی کۆلیژدا وەکو یەکەمین خویندکاری ساڵی کۆلیژەکەی دەستنیشان دەکرێت . لەساڵی ١٩٠٣ لەکۆلیجی (رۆکوێڵ) دەبێت بەمامۆستا و هەرلەو کۆلیجەشدا لەلایەن مامۆستاکانی هاوڕێیەوە نازناوی (دێڤ)ی لێ دەنرێت. دی ڤالێرا مامۆستای هەندێک لەسەرکردە ناسراوەکانی بەرەی نەشنەلیزم بووە، کەڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەڕێوەبردنی جەنگی سەربەخۆیی ئێرلەندا، لەدژی ئینگلیزەکان، لەوانە (کیڤین بارری) کەسەرکردایەتی هەڵگەڕانەوەی بەناوبانگی ئیستەری کرد، لەدژی هیزەکانی بریتانیاو دواتر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەسیدارە درا.

خەباتی سیاسی دی ڤالێرا، خەباتێکی زۆرو زەوەندە. خەباتیکە بۆماوەی زیاتر لەنیو سەدە لەنێو میژوویی سیاسی ئێرلەندیەکاندا، وەکو شانازییەکی نەتەوەیی سەدەی بیستەمی ئەو گەلە دەردەکەوێت. ژیانی سیاسی دی ڤالێرا لەساڵی ١٩١٧ دەستپێدەکات و لەساڵی ١٩٧٣ کۆتایی دێت. لەمیژووی پرشنگداری تیکۆشانی سیاسی خۆیدا، بۆ چەند جارێک پۆستی سەرۆکایەتی شۆرش و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی وڵاتی ئێرلەندای وەرگرتووە.

لەسەر دەستی دی ڤالێرا، (دەستووری ئێرلەندا) نوسراوە. لەسەر دەستی ئەو، خەباتی سەربەخۆیی نیشتیمانی ئێرلەندا، لەدژی بریتانیای مەزن هەنگاوی پراکتیکەڵ و مێژوویی هاویشتووە. یەکێک لە نەیارە سەرسەختەکانی رێکەوتنی (ئەنگلۆ – ئایریشی) بوو، ئەو رێکەوتنەی کە نیشتیمانی ئایرشەکانی کرد بەدووبەشەوە. دووبەشبوونێک، کە هەتا ئیستاش بەردەوامە.

ئیمۆن دی ڤالێرا دامەزرینەری پارتی (Fianna Fáil)، کەپارتێکی کۆماریخوازی کۆماری ئێرلەندایە و لەلایەن سەرۆک دی ڤالیراوە لەساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە و هەتا





ئێستاش گەورەترین پارتی کۆماری ئێرلەندایە، کەبەهاوبەشی چەند پارتێکی دیکە لەئێستادا سەرکردایەتی حکومەتی ئەو وڵاتە دەکات. لەهەموو ئەو ساڵانەی تێکۆشانی سیاسی دی ڤالێرادا، ئەوەی بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بریتییە لەوەی کە ئەو وەکو سەرکردەیەکی شۆرشگێڕی نیشتیمانی دەست بەسیاسەت دەکات و دواتریش وەکو سەرکردەیەکی گەلی و کۆمەڵایەتی و خودان کەڵچەری کۆنسێرڤەتیڤی نەتەوایەتی دەناسریتەوە.

## دی ڤالێراو سەرەتاکانی دەستپێکردنی چالاکی سیاسی

وەکوو گەنجێکی زمان پاراو، سەرەتای چالاکییە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بەبایەخدان بەبڵاوکردنەوەو گرنگیدان بەزمانی ئایریشی دەستپێدەکات. لەساڵی ١٩٠٨ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخراوی (the Gaelic League) هەرلەنێو ئەو رێکخراوەدا (شینید دی ڤالێرای) هاوسەری ناسی، کەلەساڵی ١٩١٠ ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ پێکهینا. دی ڤالێرا هەستێکی شۆڕشگێڕانەی بەرامبەر بەکەڵچەرو زمانی ئایریشی هەبوو، هەرئەو هەستەش وای لێکرد لەساڵی ١٩١٣ پەیوەندی بکات بەگروپێکی نیمچە سەربازی بەناوی (خۆبەخشانی ئایریش)، کە لەدژی سێیەمین یاسای ئۆتۆنۆمی، بەشێوەیەکی نهێنی کەوتبوونە جموجۆڵی رادیکاڵانە دژی حکومەتی بریتانیا. ئەو یاسایەی لەلایەن (جۆن ریمۆند)ی سەرۆکی پارتی پەڕلەمانی ئایریشییەوە، کەئەوکاتە ئەو پارتە پارتی براوەی پەڕلەمان بوو، هاتبووە واژۆکردن لەدوای وەستانی جەنگی جیهانی یەکەم.

## هەڵگەرانەوەی ئیستەرو فەرمانی لەسێدارەدانی دی ڤالێرا

دی ڤالێرا یەکێک لەسەرکردەکانی سەرپەرستیکردنی هەڵگەڕانەوەی ئیستەری ساڵی ١٩١٦ بوو، کەلەدژی حکومەتی بریتانیا لە ئێرلەندادا (شاری دبلن) لەلایەن سوپای کۆماریخوازی ئێرلەنداو رێکخراوی شین فێینەوە. ئەنجامدرا دی ڤالێرا گرتنی تەلاری (Boland's mill) پێسپیردرابوو، کەکەوتبووە (Grand Canal Dock)و

بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەش توانی دەستی بەسەردا بگرێت. لەبەرامبەر ئەو بەشداریکردنەداو دوای شکستپێهێنانی هەڵگەڕانەوەکە لەلایەن هێزەکانی بریتانیاوە، دی ڤالیرا پاش یەک هەفتە بەرگری، بەدیل گیراو دواتر وەکو هەموو سەرکردەکانی ئەو هەڵگەڕانەویە لەلایەن بریتانیاوە، فەرمانی لەسیدارەدانی بۆ دەرچوو. سەرکردەکانی هەڵگەڕانەوەکە لەدوو ناوچەی لەیەکتر جیاوازدا زیندانی کران و لەلایەن دوو دادگای جیاوازەوە، فەرمانی لەسیدارەدانیان بۆ دەرچوو. لەنۆبەی جێبەجێکردنی فەرمانی لەسێدارەدانی دی ڤالیرادا، دادگا بەشێوەیەکی کتوپر فەرمانەکەی گۆڕی بۆ زیندانی هەتا هەتایی.

جێبەجێنەکردنی فەرمانی لەسێدارەدانەکەی دی ڤاڵێرا، پەیوەندی بەدوو هۆوە هەبوو، یەکەمیان ئەوەبوو کە دی ڤاڵێرا، بەر ئەو زیندانە کەوتبوو، کە فەرمانی لەسێدارەدانەکەی تێدا دواکەوتبوو، بەتایبەت دوای گوللەبارانکردنی ( جێیمس کۆنۆڵی) کەیەکیک بوو لەسەرکردە سۆسیالیستە بەشداربووەکانی هەڵگەڕانەوەکە. دووەمیشیان لەبەرئەوەی دی ڤاڵێرا لەدایکبووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو و خاوەنی هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونی ئەو وڵاتە بوو. بۆیە حکومەتی بریتانیا نەیتوانی لەسیدارەی بدات، چونکە لەسیدارەدانی هاوڵاتییەکی ئەمریکی بوو و حکومەتی بریتانیا لەکاردانەوەی حکومەتی ئەمریکا دەترسا. دی ڤاڵێرا دەڵێت: (کات و شوێنی گیران و شوێنی لەدایکبوونم، ژیانی منیان لەمردن و گەردنی منیان لەپەتی قەنارە رزگارکرد).

هەواداران و ئەوانەی لەهەڵگەڕانەوەی ئیستەردا لەگەڵ دی ڤاڵێرا بوون، بەسەرسامی و سەرسوڕمانەوە باس لەئازایەتی و لێهاتوویی و فەرماندەیی ئەو لەپلاندانانندا دەکەن. باس لەوەدەکەن کە خۆی هەمیشە لەدەستەی هەلمەتبردن بووە. هاوڕێکانی بینیویانە کەچۆن بەزامداری و لەکاتی هەڵبڕانی دەمارێکیەوە بەهۆی پێکرانیەوە، لەهیرشبردن نەکەوتووە و لەکاتێکیشدا کە دکتۆر ویستوویەتی تیماری بکات و داوی لێکردووە پشوو بدات، بەڵام ئەو ئەم داخوازییەی دکتۆرەکەی رەتکردۆتەوە. چیرۆکی ئازایەتی دی ڤالێرا، چیرۆکێکی بەردەوامی سەرزاری هاوڕێکانی بووە.





لەمانگی (جون)ی ساڵی ١٩١٧ حکومەتی بریتانیا ناچار بوو لەژێر گوشاری رێکخراوی ئەمنیستی، دی ڤاڵێرا و هاوڕێکانی لەزیندان ئازاد بکات. دوای ئازادکرنی لەزیندان دی ڤاڵیرا بوو بەسەرۆکی شین فێین و لە (١٠) جوڵای ساڵی ١٩١٧ وەکو ئەندامی پەڕلەمان بەنوینەرایەتی ناوچەی (ئیست کلێر) هەڵبژێردرا، ئەو ناوچەیەی، کەهەتا ساڵی ١٩٥٩ هەرئەوی بۆ نوینەرایەتی لەپەڕلەمانی بریتانیا تیادا هەڵبژیردرا.

## دی ڤاڵێرا و سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێرلەندا (Dáil Éireann )

لەسێدارەدانی سەرکردەکانی هەڵگەڕانەوەی ئیستەری سالی ١٩١٦، نارەزایەتیەکی گەورەی لای ئیرلەندیەکان لیکەوتەوەو سۆزی ئایریشییەکانیشی بەلای ریکخراوی شین فێیندا راکیشا. هەربۆیە ئەو پارتە لەهەڵبژاردنی گشتی سالی ١٩١٨ توانی زۆرایەتی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات و (٧٤) کورسی بباتەوە.

لەجەنیوەری سالی ١٩١٩ (٢٧) ئەندام پەڕلەمانی شین فێین کۆبوونەوەیەکیان کردو دواتر لە (مانشن هاوس) لەشاری (دبلن) (ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێرلەندایان ( Dáil Éireann) دامەزراندو ئەو پەڕلەمانەش ئەنجومەنێکی وەزیرانی دروستکرد بەسەرۆکایەتی (**Cathal Brugha**).

لەساڵی ١٩١٨ دی ڤاڵێرا جارێکی دیکە زیندانی کرابووەوە لەلایەن حکومەتی بریتانییەوە، هەربۆیە ئەو نەیتوانی بەشداری یەکەم دانیشتنی پەڕلەمانی پارتەکەی بکات و لەبری ئەو، (**Cathal Brugha**) بەسەرۆکی پەڕلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژیردرا بوو. دوای دەربازبوونی دی ڤالێرا لەزیندان، یەکسەر شوینی (**Cathal Brugha**)ی گرتەوەو بوو بەسەرۆکی پەڕلەمان. لەماوەی سەرۆکایەتی بروگادا، بریار لەسەر دەستووری ئێرلەندا درا بوو، بەگویرەی ئەو دەستووره دەبوو ئیرلەندییەکان سەرک وەزیران، نەک سەرۆکی وڵات دیاری بکەن.

بەئومیدی دانپێدانانیکی نێودەوڵەتی بە حکومەت و پەڕلەمانی ئێرلەندا، دی ڤاڵێرا، نوێنەریکی، بەنوینەرایەتی کێشەی ئێرلەندا رەوانەی پاریس کرد، بۆ بەشداری لە (کۆنفرانسی ئاشتی) کەلەپاریس بەسترا. بەتایبەت کە دی ڤاڵێرا دەیزانی ئەم کۆنفرانسە، کۆنفرانسیکی بەدەسەڵاتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییە. دوای ئەم

کۆنفرانسە دی ڤالێرا بریاریدا خۆی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات. لەو سەردانەیدا دی ڤالیرا چەند مەبەستێکی هەبوو، کەئەوانیش بریتی بوون لە:- یەکەم . داواکاری بۆ دانپێدانانی پەڕلەمان و حکومەتی ئێرلەندا لەلایەن ئەو وڵاتەوە بەشێوەیەکی فەرمی و دووەم پەیداکردنی کۆمەکی دارایی و پێدانی قەرز بەئێرلەندا لەلایەن ئەمریکاوە، بەمەبەستی بەڕیوەبردنی وڵاتی ئێرلەنداو ڕێکخستنەوەو گەشەپێدانی سوپای ئەو وڵاتە و سێیەمیش بریتی بوو لەداخوازی پشتیوانیکردنێکی مسۆگەری گەل و حکومەتی ئەمریکا بۆ گەل و حکومەتی ئێرلەندا. لەدێسەمبەری ساڵی ١٩٢٠ دی ڤالێرا سەردانێکی سەرکەوتووی بۆ ئەمریکا ئەنجامدا و لەو سەردانەدا، توانی کۆمەکێکی دارایی باش بۆ حکومەتەکەی وەربگرێت و بنەمای هاوپەیمانییەتیەکی گرنگیش لەگەڵ هەندێک لەسەرکردە لاوەکانی ئەمریکا بۆ ولاتەکەی دابڕێژێت.



**جۆن دیڤۆی**

لەسەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا، دیڤالێرا نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئێرلەندا و سەرجەم ئەو گەشتە بۆ ئەمریکا، زیاتر لەهەژدە مانگی لەولات دابڕی. هەرچەندە لەماوەیەدا بانگەشەی زۆری بۆ ناساندنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی کرد، بەڵام لەو سەروبەندانەدا دی ڤالێرا توشی ناکۆکی هات، لەگەڵ هەندێک لەو سەرکردە ئێرلەندیانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیان، بەتایبەت لەگەل (جۆن دیڤۆی) و(جۆگ کۆلۆنا) کەئەمیان دەیویست هەرلەپۆستی نوینەرایەتی دەرەوەی ئیرلەندادا بمینیتەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەکو چۆن لەناوخۆشدا لەلایەن یەکێک لەنزیکترین هاوڕێکانی خۆیەوە کە (مایکڵ کۆڵینس)ی تەمەن بیست و نۆ ساڵی وەزیری دارایی حکومەتەکەی خۆی بوو ڕکابەری زۆری کرا.







**مایکڵ کۆڵینس**

لەو ماوانەدا، حکومەتی بریتانیا، بۆچەند جارێک، نایاساییبوونی پەڕلەمان و حکومەتی ئیرلەندای دووپات کردەوە، کەئەمەش بۆ دواجار شەڕی نێوان بریتانیا و حکومەتەکەی دی ڤالێرای بەدوای خۆیدا هینا، کە بە (شەڕی ئەنگلۆ – ئایریشی) یان شەڕی سەربەخۆیی ئێرلەندا لەمێژوودا ناوی دەرکردووە.

## سەرۆکایەتیکردنی کۆمار

لەجەنیوەری ساڵی ١٩٢١ و لەیەکەمین دانیشتنی پەڕلەمانی ئێرلەندادا، کەلە دوای گەڕانەوەی دی ڤاڵیرا ئەنجامدرا، دیڤالێرا ویستی ولات لەو نەهامەتییانە دەرباز بکات، کەبەهۆی شەڕی سەربەخۆییەوە توشی هاتبوو. هەربۆیە لەو دانیشتنەدا دی ڤالێرا وەکوو تاکتیکێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پروپاگەندانەی دژی (IRA ) دەکرا لەلایەن حکومەتی بریتانیاوەو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گوتانەی کەدەیانگوت (IRA ) تیرۆریستەو بۆ دروستکردنەوەی متمانەش لەنێو ئێرلەندیەکاندا، رایگەیاند، کە (IRA ) پشتیوانی لەسوپای کۆماری ئێرلەندا دەکات و گوتی ( ئێستا وادەی دەسپێکردنی ئەو هەنگاوانەیە کەپیویستن بۆ ئێرلەندا). جگە لەمەش دی ڤالێرا بەهاوکاری هەردوو سەرکردەی هاوڕێی (کاساڵ بروگا) و (ئاوستین ستاک) هەوڵیدا، هەیمەنەتی خۆی بەسەر حکومەتی ئێرلەنداوە بنیات بنێتەوە، بەتایبەت دوای ئەو دابرانە هەژدە مانگییەی

کەبەهۆی گەشتەکەی بۆ ئەمریکاوە هاتبووە ئاراوەو لەوماوەیەدا (مایکڵ کۆڵۆنیس) توانیبووی بەتەواوەتی بارودۆخەکە بەقازانجی کەسایەتی و سەرکردایەتی خۆی بگۆڕێت.

دی ڤالێرا ویستی هەرچۆنێک بێت، مایکڵ لەوڵات دووربخاتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بیت. هەربۆیە لەگەڵ هاوڕێکانیدا پێشنیاری ئەنجامدانی گەشتێکی سیاسیان بۆ مایکڵ کرد بۆ ئەمریکا، بەبیانووی تەواوکردنی هەنگاوەکانی دی ڤالێرا، بەڵام مایکڵ لەو پلانە باش حاڵی بوو، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەک، نەچووە ژێر باری ئەو گەشتەو ئامادەنەبوو وڵات بەجێبهێڵێت.

لەهەڵبژاردنی مەی ساڵی ١٩٢١ هەموو کاندیداکانی پێشووتری ئێرلەندای باشوور گەڕانەوە مەیدانی هەڵبژاردن، بەبێ ئەوەی هیچ کاندیدێکی دیکەی نوێ دەرکەوێت. لەو هەڵبژاردندا شین فێین توانی هەندێک لەکورسییەکان بباتەوە. دوای ئاگربڕو ڕێکەوتنی مانگی جولای ساڵی ١٩٢١، کەبەهۆیەوە کۆتایی بەشەڕی سەربەخۆیی ئێرلەندا هات، لە (١٤) ی جولای هەمان ساڵدا (دی ڤالێرا) بەرەو لەندەن بەڕێکەوت بۆ بینینی (دەیڤید لیۆید جۆرج)ی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، کەئەوسا سەرۆکایەتی حکومەتی هاوبەشی نیوان لیبڕال دیموکراتەکان و کۆنسیرڤەتیڤەکانی دەکرد، گەرچی ئەم دیدارە بەئاکام گەیشت، بەڵام هیچ جۆرە (ڕەزامەندیەکی) ئەگریمێنتێکی سیاسی لێنەکەوتەوە. بەڵام لەدوای ئەو دیدارە، پەڕلەمانی ئێرلەندای باکوور توانی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات.



**شا جۆرجی پێنجەم**

لە ئۆگەستی ساڵی ١٩٢١، دی ڤالێرا داوای لەپەڕلەمانی وڵاتەکەی کرد، کە بڕیاری گۆڕین و نوێکردنەوەی دەستووری ساڵی ١٩١٩ بدات. یەکێک لەداخوازییە سەرەکییەکانی ئەو بریتی بوو لەگۆڕینی ناو و دەسەڵاتەکانی ئۆفیسەکەی، کەئەوکاتە سەرۆک وەزیران





بوو، بۆ ناوی ئۆفیسی سەرۆکایەتی وڵات، دوای ئەوەش خۆی وەکو سەرۆکی وڵات ڕاگەیاند و ڕایگەیاند لەمەودوا پیادەی هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات وەکوو سەرۆکی وڵات و ئیدی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی نوێنەری (شا جۆرجی پێنجەم)ی شای بریتانیا بۆ وڵاتەکەی.

هەرلەو ماوانەدا کۆنفرانسی ئاشتی پاریس بەسترا، ئەگەرچی دی ڤالێرا خۆی بەشداری تێدا نەکرد، بەڵام نوێنەرایەتییەکی وڵاتەکەی بەشدار بوو. لەو نێوەندەشدا دوای ڕێکەوتن لەنێوان هەردوو حکومەتی بریتانیا و ئێرلەندا، کۆمیتەی دیاریکردنی سنور بۆ دیاریکردنی سنور لەنێوان هەردوو بەشەکەی ئێرلەندا، پێکهات. ئەگەرچی هیچ کام لەسەرکردەکانی باشوور هیچ ناڕەزاییەتێکیان لەسەر ئاستی فەرمی دەرنەبڕی، بەڵام لەدڵەوە ئارەزوویان دەکرد، کەخاکی بەشە باکوریەکە ئەوەندە نەبێت کەتوانای بەڕێوەبردن و خۆژیاندنی خەڵکی هەرێمەکەی هەبێت. سەبارەت بەبەشەکەی خۆشیان لەباشوور، خەونیان بەسنوری نیشتیمانێکی پانوپۆڕەوە دەبینی. لەڕاستیدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لەوادەی دابەشکردنەکەدا، ئەگەرچی لەسەر ئاستی گەلی ناڕەزایی لێکەوتەوە، بەڵام سەبارەت بەسەرکردەکانی نەشنەڵیستەکان، چ ئەوانەی لایەنگری ڕێکەوتنی ئەگلۆ —ئایریشییەکە بوون، چ ئەوانەی نەیاری ئەگریمێنتەکە بوون، هیچ جۆرە هەڵویستێکی دژیان نیشان نەدا، چونکە هەموویان لەسەر ئەو باوەڕەبوون کەتەمەنی ئەو دابەشکردنە کورت دەبێت.

## چارەسەری ئەنگلۆ ـ ئایریشی

چارەسەری ئەنگلۆ ئایریشی نەشنەڵیستەکانی ئێرلەندای باشوور بەگشتی و ڕێکخراوی شین فێینی بەتایبەتی کرد بەدوو بەشەوە. بەرەیەک بەسەرکردایەتی دی ڤالێرا، کەدژی ئەم چارەسەرە بوون و بەرەی دووەمیش بەسەرکردایەتی (ئارسەر گریفیس) کەبەرەی پشتیوانیکردن بوون لەڕێکەوتنەکە.



ئارسەر گریفیس

سەرکردەکانی شین فێین (ئارسەر گریفس) و (ڕۆبێرت بارتن) و (مایکڵ کۆڵینس) لەڕێکەوتی (٦) ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٢١، دوا ڕەشنوسی ئەو ڕێکەوتنەیان واژۆ کرد بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێرلەنداو بەبێ ڕاوێژکردن بەسەرۆکی وڵات، دی ڤاڵێرا. ئەم هەڵوێستە دی ڤاڵێرای تووڕەکرد، بەجۆرێک، نەک ئامادەی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە نەبوو، بەڵکو دواتر ئامادەش نەبوو، لەڕۆژنامەکانیشدا هەواڵی واژۆکردنەکە بخوێنێتەوە.

دی ڤاڵێرا گوتی: (ناچم بۆ وتووێژ، چونکە دەرەنجامەکانی دەزانم ...واژۆی ئەو ڕێکەوتنە ناکەم، چونکە نامەوێت لەدوایدا توشی سەرزەنشتی گەلی ئێرلەندا ببمەوە...گوتی ئێمە دەتوانین وڵاتی خۆمان بەبێ ئەو چارەسەرەی ئینگلیزەکان، زۆر باشتر بەڕیوە بەرین...) لەدوای ئەو هەڵوێستەی وتووێژکارە دەستڕۆیشتووەکانی حزبەکەی و وەکو ناڕەزایەتییەک لەدژی هەڵوێستی تاکڕەوانەی ئەوان و ناوەرۆکی خودی ڕێکەوتنەکەش، سەرۆک دی ڤاڵێرا وازی لەپۆستی سەرۆکایەتی وڵات هێناو لەگەڵ گروپێکی بەرچاویشدا ریزەکانی شین فێینی جێهێشت.

دوای ئەوەش کە خودی ڕێکەوتنی ئەنگلۆ – ئایریشی لەئێرلەندادا دەنگی لەسەر دراو هاووڵاتیان لەڕێگەی دەنگدانەوە شەرعیەتیان بەو ڕێکەوتنامەیە بەخشی، لەبەرامبەر چەند لێدوانێکی سەرکردەکانی شین فێین کە لایەنگری ڕیکەوتنەکە بوون دی ڤاڵێرا گوتی: (ئەگەرچی دەنگ بەو ڕێکەوتنە درا ... بەڵام ئێمە لەسەر شەڕی سەربەخۆیی یەکجارەکی بەردەوام دەبین.... بەردەوام دەبین لەکوشتنی سەربازە داگیرکەرەکانی





بریتانیا .... بەردەوام دەبین لەچوونەوە بەگژ ئەوانەشدا، کەلەژێر چاودێری بریتانیادا دەچنە ریزەکانی سوپای ئێرلەنداو وەکو هاوپەیمانی ئەوان کۆنترۆڵی ئێرلەندا دەکەن).

دی ڤاڵێرا لەبەر دووخاڵی سەرەکی، دژی ڕێکەوتنەکە بوو. خاڵی یەکەم لەوەوە بوو کە دەبوو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئێرلەندا هەموو بڕیارەکانیان بۆ شای بریتانیا بەرزبکەنەوە بۆ بەدەستووریکردنیان . خاڵی دووەمیش سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوە بوو، چونکە بەگویرەی ڕێکەوتنەکە، ئێرلەندا بوو بە یەکیک لەئەندامەکانی (کۆمۆنوێڵس)و بەمەش مافی سیاسەتی سەربەخۆیی دەرەکی نابێت. بەتێگەیشتنی دی ڤاڵێراش، ئەمە دەبوو بەهۆی دواخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی تەواو، بەتایبەت کە بەندەرە ئاوییەکانی ئیرلەنداش هەرلەدەستی حکومەتی بریتانیادا مابوونەوە.

## ئیمۆن دی ڤاڵێرا و شەڕی نێوخۆی ئێرلەندا

بەهۆی ڕێکەوتنی ئەنگلۆ – ئایریشیەوە ئاڵۆزی کەوتە نیوان حکومەتی ئێرلەندی و گروپەکەی دی ڤاڵیراوە، کە بەتوندی دژی ڕێکەوتنەکە وەستابوونەوە. ئەمەش دواجار بەشەڕی نێوان هێزەکانی حکومەتی سەربەخۆی ئایریش و هێزەکانی سوپای کۆماریخوازی ئێرلەندا (IRA ) دەستی پێکرد لەمانگی (جونی) ساڵی ١٩٢٢. لەڕاستیدا سەرەتا هەردوولا ویستیان خۆیان لەشەڕی نێوخۆی بەدوور بگرن، بەڵام ئەوەی کەڕێگەی لەبەردەم حکومەتی ئایریشیدا نەهێشتەوە و ناچاری هەڵگیرساندنی شەڕی کرد، گرتنی بارەگای ( Four Courts ) بارەگای دادگای باڵای شاری دبلن بوو، لەلایەن هەندێک لەهەوادارانی گروپەکەی دی ڤاڵێراوە، کەبەگروپی ئەنتی ڕێکەوتنەکە ناسرابوون.

حکومەتی بریتانی بەسەرۆکایەتی (وینستن چێرچڵ ) فەرمانیدا بەحکومەتی ئێرلەندا، کەبەزوویی لەدژی هێزە یاخیبووەکانی (IRA ) بێنە وەڵام و بارەگای سەرەکی دادگای باڵای دبلنیان لەدەست دەربهێننەوە، چێرچڵ هەڕەشەیەکی توندی ئاڕاستەی (مایکڵ کۆڵینیس )کرد، بەوەی کە گوتی ئەگەر هێزەکانی ئیرلەندای سەربەخۆ بەخێرایی لەدژی یاخیبوان نەیەنەدەست، ئەوا فەرمان بەهیزە چەکدارەکانی بریتانیا دەدات، کەتەواوی ئێرلەندا بخەنەوە ژێر ڕکێفی حکومەتی بریتانیای مەزن. لەترسی ئەو

هەرەشەیە، مایکڵ کۆڵینیس فەرمانی بەهیزە نوێیەکەی حکومەتی ئێرلەندا دا، کەهێرش بکەنە سەر چەکدارەکانی (IRA )و بارەگای دادگای باڵای دبلنیان لەدەست دەربهێننەوە، بەمەش یەکەمین پڕشکی ئاگری شەڕی نێوخۆی ئێرلەندا هەڵگیرسا. چونکە لەکاتێکدا کە هێزەکانی حکومەتی ئێرلەندا پەلاماری چەکدارەکانی (IRA )دا، هیزەکانی (کۆماریخوازەکان) پشتیوانیان لە (IRA) کردو لەدژی هێزەکانی حکومەتەکەیان وەستانەوە. ئەگەرچی دی ڤالێرا لایەنگری هەڵگیرساندنی شەڕ نەبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا خاوەنی پیگەیەکی بەهێزی سەربازی نەبوو، بۆیە هیچ ڕێگەچارەیەکی نەبوو، جگە لەپشتیوانیکردنی هەڵوێستی کۆماریخوازەکانی هاوڕێی. هەرچەندە لەپێناوی راگرتنی شەڕەکەدا چەند هەوڵێکی گرنگی دا، لەوانە بینینی (ریچارد مولکاهی) سوپاسالاری هێزە نیزامییەکانی حکومەتی ئایریش، بەشێوەیەکی نهێنی، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن. دەربارەی ئەو هەوڵە بێئەنجامانەی خۆی، دی ڤالێرا گوتوویەتی: ((ئەوسا هیچ زەمینەکی ئاگربڕ نەبوو، هەموو دەرفەتەکان بەسەر شەڕدا ئاوەڵابوون)).



**ریچارد مولکاهی**





بەهۆی دیاریکردنی سەرۆکێک بۆ سەرکردایەتیکردنی هێزەکانی گروپی دژە ڕێکەوتنەکە، دی ڤالێرا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو بەسەر ئەو گروپەدا. جگەلەوەش، بەهۆی ئەوەی کە دیڤالێرا بەشدارییەکی کردەیی نەبوو لەهیچ یەکێک لەو شەڕانەدا، دیسان زۆر گوێی لێنەدەگیراو دەسەڵاتیشی بەسەر هێزەکانی کۆماریخوازەکان زۆر کەم بوو، بەتایبەت کەلەو کاتەدا (ڵیەم ڵینچ) وەکو سەرۆکی ئەو هێزە دەسنیشان کرابوو.

لە (٢٥) ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢، دی ڤالێرا بەهاوکاری ئەندامانی خانەی خوارەوەی پەڕلەمانی ئێرلەندا (**Teachta Dála**)، کەدژی ڕێکەوتنەکە بوون، بڕیاری پێکهینانی حکومەتێکیان دا بەناوی (حکومەتی کۆماریخوازەکان). ئەم حکومەتە رایگەیاند کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و سەرۆکایەتیکردنی وڵات بەڕێوە دەبات، هەتا ئەوکاتەی هەڵبژاردنێکی ئازاد لەسەرانسەری ئێرلەندا بۆ پەرلەمانێکی ئازاد ئەنجام دەدرێت. یان هەتا ئەوکاتەی هیزە داگیرکەرە بێگانەکان، لەوڵات دەردەچن و خەڵکی ئێرلەندا ئازادانە بریار دەدەن، کەچۆن شێوە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان هەڵدەبژێرن.

ئەگەرچی دی ڤالیراو ئەندامانی (**Teachta Dála**) کاتێک ئەو حکومەتەیان دامەزراندو لەڕووی مەعنەویەوە پشتیوانییەکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازی ئێرلەندییە سەربەخۆخوازەکان، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە، ئەم حکومەتە هیچ دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەبوو. چونکە لەناوچەیەکی زۆر بەرتەسکدا فەرمانڕەوایی دەکرد.

لە (٣٠) مەی ساڵی ١٩٢٣، دوای کوژرانی (ڵیەم ڵینچ)، سەرۆکێکی تازە بۆ هێزەکانی کۆماریخوازەکان دەستنیشان کرا، ئەویش (فرانک ئایکن) بوو . دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە، (فرانک ئایکن) یەکسەر بڕیاری ئاگربڕی ڕاگەیاند. دی ڤالێرا کەدەمێک بوو، لەهەلێکی لەوچەشنە دەگەڕا، یەکسەر بە وتارێکی گرنگ پشتیوانی خۆی بۆ ئەو بریارەی (فرانک ئایکن) راگەیاندو روو لەجەنگاوەرانی دژی ڕێکەوتنەکە ووتی: ((ئەم شەڕە هیچ شتێک پێشکەش بەوڵات ناکات، جگە لە بەردەوامیدان بە قوربانیدان و بەخشینی گیانی ئێوە نەبێت.... باچەکەکان بێدەنگ بکرێن و چیدی بیر لەساتەوەختی دوای سەرکەوتن بەسەر ئەوانەدا نەکەینەوە، کەوڵاتیان وێران و دەوڵەتەکەیان

خاپورکردین )). دوای ئەو وتارە میژووییەی دی ڤالێرا، بەشێکی زۆر لەجەنگاوەران چەکەکانیان دانا. ئەگەرچی دواتر بەشێکی زۆریان ئەوانەی گەڕابوونەوە ماڵەکانی خۆیان، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی حکومەتەکەی ئێرلەنداوە دەسگیر کران، خودی دی ڤالێرا یەکێک بوو لەو دەسگیرکراوانەی لە ناوچەی (**County Clare** ) دەسگیرکراو هەرلەوێش دەسبەسەر کراوبوو هەتا ساڵی ١٩٢٤.

## دی ڤالێرا و دامەزراندنی ( Fianna Fáil ) و چونە ناو پەرلەمانی وڵاتی ئازادی ئایریش

دوای وەستانی شەڕی ئەهلی ئێرلەندا، ئیمۆن دی ڤالێرا بڕیاریدا جاریکی دیکە پەنا بباتەوە بۆ گرتنەبەری میتۆدە سیاسییەکە لەتێکۆشانی خۆیدا، لەپێناوی دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی ئایریشی. لەسالی ١٩٢٤ جارێکی دیکە دی ڤالێرا دەسگیر کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی چوونە ناو (ئێرلەندای باکوور) بوو بەشێوەیەکی نایاسایی، بەو پێیەی کەپێشتر داوای وەرگرتنی مۆڵەتی نەکردبوو لەدەسەڵاتدارانی خۆجێیی ئەوێندەرێ لەکاتی ئەنجامدانی ئەو سەردانەیدا. لەبەرامبەر ئەوەشدا، دی ڤالێرا توشی دەسگیرکردن هات و لەزیندانی بەناوبانگی ( **Crumlin Road Gaol**)، کەدەکەوتە (باکوری شاری بێڵفاست)ەوە، بۆ ماوەی (١) مانگ لەزیندانێکی تاکەکەسیدا دەسگیرکرا.

دی ڤالێرا، دوای ئەوەی نەیتوانی لەو دەنگدانەی حزبەکەی پێشوویدا (شین فێین) سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کەلەنێو ئەو حزبەدا بەڕێوەچوو سەبارەت بەمەسەلەی سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئێرلەندا، بەگویرەی رێکەوتنی (ئەنگلۆ —ئایریشی)، وازی لەسەرکردایەتیکردنی (شین فێین) هێناو لەساڵی ١٩٢٦ پارتێکی نوێی دامەزراند، بەناوی (خەمخۆرانی ئێرلەندا) ( Fianna Fáil ) .

ئەم پارتە تازەیەی دی ڤالیرا، ئەگەرچی پارتێکی نەتەوەیی ئایریشی بوو و بەقوڵی باوەڕی بەیەکێتیی نیشتیمانیی وڵاتی ئێرلەندا هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا دی ڤالێرا نەیتوانی ریکخستنی پارتەکەی لەسەرانسەری ئێرلەندادا، بەتایبەت لە (ئیرلەندای باکوور) دابمەزرێنێت. ئەم پارتە تەنها لەسنوری ئێرلەندای باشووردا هەڵسوڕانی سیاسی خۆی





بەڕێوەبرد هەتا ئەوکاتەی لە (٧) دێسەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ بەشێوەیەکی فەڕمی لەسیستمی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی ئەو هەرێمەدا لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە تۆمارکرا.

## دی ڤالێرا و سەرۆکایەتی ئە نجومەنی را پەڕاندن

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٢ دا، پارتە تازەکەی دی ڤالێرا (Fianna Fáil) زۆرایەتی دەنگەکان و (٧٢) کورسی لەپەڕلەمانی ئێرلەندا (Dáil ) بردەوە، بەمەش ئەو پارتە بوو بەگەورەترین پارتی نێو ئەو پەڕلەمانە. دوای ئەو سەرکەوتنە پەڕلەمانیە (دی ڤالێرا) بوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن (حکومەت) لەئێرلەندای باشوور.

لەجەنیوەری ساڵی (١٩٣٣)، دی ڤالێرا جاڕی هەڵبژاردنی گشتی نوێیدا. لەم هەڵبژاردنەدا، پارتەکەی دی ڤالێرا توانی سەرکەوتنێکی بەرچاوی دیکە بەدەستبهێنێت، کاتێک زۆرایەتییەکی بەرچاوتری دەنگەکانی بەدەستهێنا. چونکە لەو هەڵبژاردنەدا توانی (٧٧) کورسی بباتەوە. بەم جۆرە، دی ڤالێرا توانی سەرکەوتنی پارتەکەی و بنکەی جەماوەری خۆی پێهەڵا ببات و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵانی (١٩٣٧، ١٩٣٨، ١٩٤٣، ١٩٤٤) زۆرایەتی کورسییەکانی ئەو پەڕلەمانە لەمشتی خۆیدا بهێڵێتەوە.

لەگەڵ بوونی بەسەرۆکی حکومەت، (دی ڤالێرا) یەکەمین کارەکانی خۆی بەگۆڕین و ئەنجامدانی گۆرانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەستپێکرد. بۆ سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەو گۆرانکارییانەش، لەپاڵ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتدا، پۆستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەشی خستە مشتی خۆی، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆئەوەی بتوانێت بەنوینەرایەتی وڵاتەکەی بۆ یەکەمجار بەشداری کۆبوونەوەی رێکخراوی کۆمەڵی گەلان (**League of Nations** ) بکات لەساڵی (١٩٣٣). لەوکۆبوونەوەیەدا، (دی ڤالێرا) وتاریکی گرنگی خویندەوەو رایگەیاند کەوڵاتەکەی پابەند دەبێت بەهەموو بەندەکانی (رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان)ەوە، ئەم وتارەی دی ڤالێرا سەرنجی هەموو دنیای بەلای مەسەلەی ئێرلەنداو کارایی دی ڤالیرا بەسەر سیاسەتی جیهانیدا راکێشاو هەرلەو کۆبوونەوەیەشدا وڵاتەکەی وەکو ئەندام لەڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان وەرگیرا.

لەساڵی ١٩٣٤، (دی ڤالێرا) پشتیوانی لەبەئەندامبوونی (یەکیەتی سۆڤیەت) لەنێو ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان کردو لەساڵی (١٩٣٨)یش توانی ناوبانگێکی جیهانی بۆخۆی و وڵاتەکەی بەدەستبهێنێت، کاتێک ئەو ڕێکخراوە گرنگە نێودەوڵەتییە (دی ڤالێرا)ی وەکو سەرۆکی خۆی هەڵبژارد.

لەوماوەیەدا (دی ڤالێرا) لەسەر ئاستی نێوخۆش هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوەو هەموو هەوڵێکیشی بۆ بەهێزکردنی سوپای وڵاتەکەی بوو، لەم پێناوەشدا هەولێکی زۆریدا هەتا ئەندامانی (IRA) ڕازی بکات کەبێنە پاڵ سوپای نیشتیمانی وڵاتی ئازادی ئیرلەنداوە.

## دی ڤالێراو نوسینی دەستوورێکی نوێ

هەرلەگەڵ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی ئێرلەندا، (دی ڤالێر١) هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ گۆڕینی دەستووری وڵاتەکەی، کەلەلایەن کۆمیتەیەکی ئێرلەندی، بەسەرۆکایەتی (مایکڵ کۆڵۆنیس)ی ڕکابەری سەرسەختی دی ڤالێراوە نوسرابوو. دی ڤالێرا، دەیویست گۆڕانکاری لەم دەستوورەدا بەئەنجام بگەیەنێت، چونکە لەزۆر ڕووەوە ئەم دەستوورە سەربەخۆیی وڵاتەکەی ڕێژەیی کردبوو، بەڕادەیەک، ئەگەرچی ئەو وڵاتە بەڕواڵەت وڵاتێکی ئازاد بوو، بەڵام لەڕاستیدا لەزۆر بواردا ئەم وڵاتە هەرلەژێر ڕکێف و هەیمەنەتی شانشینی بریتانیای مەزندا بوو.

لەمانگی جولای ساڵی ١٩٣٦، دی ڤالیرا وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێرلەندا نامەیەکی فەڕمی نوسی بۆ (شا ئیدوارد) لە لەندەن و تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کەنیازیەتی دەستوورێکی دیکە بۆ ئێرلەندا رابگەیەنێت. خاڵی سەرەکی لەدەستوورە نوێیەکەدا بریتی بوو لەگۆڕینی تایتڵی سەرەکی دەوڵەت و تایتڵی ئۆفیس و باڵاکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی لەئۆفیس و دەسەڵاتی سەرەک وەزیرانەوە بۆ دەسەڵاتەکانی کۆشکی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی، لەوڵاتێکی خاوەن سەروەریدا.

لەو دەستوورە نوێیەدا، ریفۆرمێکی بنەڕەتی بەرچاو دەکەوێت، کەهەموویان پەیوەندیان بەشکۆمەندی و سەربەخۆیی نیشتیمانیی ئێرلەنداوە هەبوو . لەگرینگترینی ئەو هەنگاو و ریفۆرمانەی کە ئەو دەستوورە بەدوای خۆیدا هێنانی، بریتی بوون لە:-





- گۆڕینی ناوی دەوڵەت لە (وڵاتی ئازادی ئایریش)ەوە بۆ (ئێرلەندا).
- کردنی زمانی ئایریشی بەزمانی نیشتیمانی و زمانی فەڕمی یەکەم لەسەرانسەری ئێرلەنداو دامەزراوە فەڕمییەکانیداو کردنی زمانی ئینگلیزی بەدووەم زمانی فەڕمی دەوڵەت.
- ناساندنی هەڵبژاردنێکی گەلی بەناوی (هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی)ەوە (President of Ireland) لەبری هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی بنەماڵەی پادشایەتی بریتانی کە تا ئەوکاتە بەناونیشانی (پارێزگاری گشتی- the Governor-General ) لەو وڵاتەدا هەڵدەبژێردرا.
- داننان بە (هەلومەرجی تایبەتی کاسۆلیکەکان)، کەلەسەردەمی فەرمانرەوایی بریتانییەکاندا توشی بێبەشکردن و سەرکوتکردن و جیاوازی مەزهەبی هاتبوونەوە.
- دانانی (کەنیسەی کاسۆلیکی) بەمەسەلەی هاوسەرێتی مەدەنیدا .
- داواکاری بۆ هینانەوە ژێر ڕکیفی نیشتیمانی و خۆماڵیکردنی هەموو بەندەرە ئاوییەکانی ئێرلەندا، کەلەژێر ڕکێفی بریتانیادا بوون.

## دی ڤالێراو سیاسەتی بێلایەنبوون لەجەنگی جیهانی دووەمدا

هەرلەگەڵ بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم، لەنیوان هێزە ئەوروپییەکاندا لەسێپتەمبەری ساڵی ١٩٣٩، لەکۆبوونەوەیەکی پەڕلەمانی ئێرلەندادا، دی ڤالێرا ڕایگەیاند کەدروسترین سیاسەت بۆ وڵاتەکەی، بریتییە لەپەیڕەوکردنی سیاسەتی بێلایەنی لەلایەن ئێرلەنداوە لەوجەنگەدا.

ئەم سیاسەتەی دی ڤالێرا مایەی پشتیوانییەکی زۆرینەی گەلی ئێرلەندی و سیاسیەکانی ئێرلەندا بوو. ئەگەرچی هەبوون پشتیوانییان لەوەدەکرد کە وڵاتەکەیان شانبەشانی (بەرەی هاوپەیمانەکان) بچێتە جەنگەوە، و هەشبون بەتایبەت کۆماریخوازەکان دەیانخواست بچنە بەرەی ئەڵمانەکانەوەو لەدژی ئینگلیزەکان بجەنگن. بەڵام حکومەت سیاسەتی بێلایەنی هەڵبژاردو خۆی بۆ هەرحاڵەتێکی نائاسایی و ئیمێرجنسی ئامادەکردو پلانێکی تۆکمەی سیاسی و ئابووریشی بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی هەرپێشهاتێکی کتوپڕ داناو بەوردیش هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و دەزگاکانی راگەیاندن

و چاپەمەنیشی خستە ژێر چاودیری خۆیەوە . ئەگەرچی دەبوو حاڵەتێکی نائاسایی و ئەمیمێرجێنسی لەڕێکەوتی (٢) ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ کۆتایی بهاتبوایە، بەڵام دیسان بەپشتبەستن بەدەستوور، ئەو حاڵەتە ئیمێرجنسییە لەئێرلەندادا بەردەوام بوو هەتا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو.



**وینیستن چێرچڵ**

سیاسەتی بێلایەنی لەلایەن حکومەتی دی ڤالێراوە بەردەوام بوو بەدرێژایی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم، سەرەڕای گوشارو بەڵێنەکانی (چێرچڵ)ی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، لەسەر دی ڤالێرا. هەرچەندە چێرچڵ، بەڵێنی بە دی ڤالێرا دا، کەپشتیوانی بکات لەسیاسەتی ستراتیژی دی ڤالێرا (یەکێتی و یەکگرتنەوەی ئێرلەندا)، بەمەرجێک حکومەتی ئیرلەندا هاوکاری حکومەتی بریتانیا بکات لەو شەڕەدا، بەڵام دی ڤالێرا گوێی بەبەڵێنەکانی چێرچڵ نەداو سور بوو لەسەر سیاسەتی بێلایەنی وڵاتەکەی لەو جەنگەدا. ئەگەرچی دواتر دی ڤالێرا بەدەنگ بانگەوازی ئێرلەندای باکورەوە چوو، کاتێک داوای هاریکاری و کۆمەکیان لەهیزەکانی ئاگرکوژاندەوەی کۆماری ئێرلەندا کرد، تا بەهانای خەڵکی سڤیلی (شاری بێلفاست)ەوە بچن، کەبەهۆی هێرشێکی ئاسمانی چڕوپڕی نامرۆڤانەی نازیەکانی ئەڵمانیاوە، لەشەوی ئیستەر، رێکەوتی ١٩٤١/٤/١٥ توشی کارەساتێکی مرۆیی گەورە ببونەوەو زیاتر لە١٠٠٠٠٠ کەس لەوشارەدا بێماڵ و حاڵ بوون.





## دوا وێستگە گرنگەکانی

## ژیانی دی ڤالێرا لەسەردەمی راگەیاندنی کۆماری ئێرلەندا

لەساڵی ١٩٤٨، پارتەکەی دی ڤالێرا بەهۆی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە، دەسەلاتی بەسەر حکومەتی ئێرلەنداوە کۆتایی هات، کەئەمەش بۆیەکەمین جاربوو ئەو پارتە رووبەڕووی شکستی ئاوها ببێتەوە لەمێژووی نوێنی ئێرلەندادا. بەهۆی ئەو شکستەوە، دی ڤالیرا پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی بۆ (جۆن ئەلۆیستس کۆستێلۆ ١٨٩١-١٩٧٦) بەجێهێشت.

یەکەمین کار کەجۆن لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا کردی، گۆڕینی ناوی دەوڵەت بوو لە (ئێرلەندا)وە بۆ (کۆماری ئێرلەندا). لەڕێکەوتی (١٨) ئێپرەیلی ساڵی ١٩٤٨، لەسەردەستی (جۆن ئەلۆیستس کۆستێلۆ) گەورەترین ڕووداوی مێژوویی لەمێژوو ئێرلەندای دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ڕوویدا، ئەویش راگەیاندنی سیستمی کۆماری بوو، کەکۆتایی بەناوی (ئێرلەندا) وەکو ناوی دەوڵەت هێناو، ئەم ناوەی گۆری بۆ (کۆماری ئێرلەندا) ئەو خەونەی کە دی ڤالێرا، شۆڕشی نیشتیمانی ئێرلەندی لەپێناویدا خولْقاند. بەڵام سەرەنجام لەسەر دەستی ئەو و لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەودا نەهاتەدی.

دی ڤالێرا جارێکی دیکە توانی بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنی گشتی کۆماری ئێرلەندادا لەساڵی ١٩٥١ توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. بەڵام لەساڵی (١٩٥٤) جارێکی دیکە دی ڤالێراو پارتەکەی توشی شکست هاتن و سەرۆکایەتیکردنی حکومەتیان لەدەستدا. هەرچەندە دواتر لەساڵی (١٩٥٧) جارێکی دیکە توانیان لەکێبڕکییەکی سیاسی هیواش و لەسەرخۆدا دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بەقازانجی خۆیان بگۆڕن و بۆ خولێکی دیکەش دی ڤالێرای سەرۆکیان بگەڕێننەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی ئێرلەندا.

لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیشدا، دی ڤالێرا توانی خولی سەرۆکایەتیکردنی وڵات لەساڵانی (١٩٥٩) و (١٩٦٦) بباتەوەو لەو ساڵانەدا سەرۆکایەتی کۆماری ئێرلەندا بکات .

لەساڵی (١٩٧٣) و دوای تەمەنیکی دووردیژ لەتێکۆشانی نیشتیمانی، دی ڤالێرا خانەنشین کراو لە (٢٩) ئۆگەستی ساڵی ١٩٧٥ ئەم ئەستێرە پرشنگدارەی خەباتی رزگاری نێشتیمانی و نەتەوایەتی ئێرلەندییەکان، بەجەستە ئاوا بوو، بەڵام مێژووی تێکۆشانی زۆرو زەوەندو خەباتی هاوچەرخی ئەو، لەپێناوی یەکگرتنەوە و راگەیاندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئایریشی، هەر لەگەشانەوەدایە.

## سەرچاوەکان

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە، سوودم لەم سەرچاوەو وێبسایتانەی لای خوارەوە وەرگرتووە:-


١ -The Green Flag: A history of Irish nationalism. By Robert Kee published by penguin Ltd, London 1972 .

٢ Michael Collins: The Man Who Made Ireland. By Tim Pat Coogan . published by Plagrave, Newyork,2002.

٣ Modern Ireland: 1600-1972 (Penguin history) by R. F. Foster. published by penguin Ltd, London 1989.

٤ The Secret Army: A History of the I.R.A. 1916-1970. ., By Bell, J. Bowyer, published By London: Sphere Books, 1972.

٥ . Land and the National Question in Ireland, 1858-82. By Bew, Paul. Atlantic Highlands, N.J.: Humanities Press, 1979.

٦ Irish Nationalism: A History of Its Roots and Ideology. By Cronin, Sean. Dublin: Academy Press, 1980

٧ Ireland: A Social and Cultural Hisory, 1922 to the Present. Brown, Terence. Ithaca and London: Cornell University Press, 1990.







٨ The Roman Catholic Church and Irish Politics, By Murray, Patrick 1922-37. Dublin: University College Dublin Press, 2000.

٩ The Road to Europe: Irish Attitudes 1948-61. By Miriam, Hederman. Dublin: Institute of Public Administration, 1983.

١٠ Twentieth-Century Ireland: Nation and State. By Keogh, Dermot. Dublin: Gill & Macmillan, 1994.

١١ Irish Nationalism and British Democracy. By Strauss, Eric. New York: Columbia University Press, 1951.

١٢ Religion in Ireland: Past, Present and Future. By Carroll, Denis. Dublin: Columbia Press, 1999.

